حامید گەوهەری

# ٥٦ ساڵ خەیانەت

**لە**

**ئیبراهیم ئەحمەدەوە تا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد**

ستۆکهۆڵم: ٢٠١٧

ناوی کتێب : ٥٦ ساڵ خەیانەت  لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە تا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد
نوسین : حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەبڕ: کەمال گروێسی
دیزاین : هەژار گەوهەری
ڕازاندنەوە و دیزاینی بەرگ: موزەفەر نامداری
چاپی یەکەم : لە دیسمبەڕی ٢٠١٧ دا ئامادە کراوە
بڵاوکراوەی: ستۆکهۆڵم ، سوید
ئەم کتێبە تا چاپ و بڵاودەکرێتەوەی، سەرەتا لە ئینتەرنێت دا بڵاودەکرێتەوە

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێرست | 3 |
| چەند وتەیەک | 5 |
| سەرەتا | 7 |
| خەیانەت لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد | 20 |
| یەکەم خەیانەت | 83 |
| خەیانەتی دووەم | 88 |
| خەیانەت لە ڕیزی حیزب دا | 106 |
| خەیانەت بۆ داسەپاندنی دەسەڵات | 111 |
| خەیانەت بە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان | 137 |
| خەیانەت بەردەوامە | 150 |
| ڕووداوەکانی بەرلە خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر | 161 |
| گشتپرسی بیانوویەک بۆ خەیانەت | 170 |
| پشتیوانی کردن لە کورد و ئەزموونەکەی | 215 |
| دوا وتە | 229 |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر | 252 |

# چەند وتەیەک

تەمەنم لە ٧٣ ساڵ تێپەڕی. ٣١ کتێبم نوسیوە و ٩ کتێبیشم وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. ڕەنگی پیریی و بێتوانایی لە خۆمدا دەبینم و بڕیارمدابوو دوای بڵاوکردنەوەی سێ کتێبی ترم کە بۆ چاپ ئامادەن، دەست لە نوسین هەڵگرم و پاشماوەی ژیانم لە خزمەت خۆم و هاوژین و منداڵ و نەوەکانمدا بم.

گشتپرسی کورد بۆ سەربەخۆیی لە باشوری کوردستان، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، کردەی سیاسیی و موزایدەی حیزبیی بۆ سەربەخۆیی کورد و کوردستان لە ناخی نەتەوەی کورددا گۆڕی بۆ مافێکی مەدەنی و مرۆڤایەتی. لە گشتپرسییەکی سەرتاسەریدا کە ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ لە باشوری کوردستان بەڕێوەچوو، ٩٢/٧٣%ی دانیشتوانی باشوری کوردستان، دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق دا. بڕیاری گشتپرسی و شێوازی بەڕێوەچوونی بە شێوەیەکی ئازاد و نهێنی و پێشوازیی کردنی دەنگدەران لێی، پاداشی نزیکەی پەنجا ساڵ خەبات و هەوڵ تێکۆشانەکانمی لە شار، لە شاخ و لە تاراوگە دامەوە و بەو ئاواتەی گەیاندم کە نەتەوەکەم سەدان ساڵ بوو ئاواتی بۆ دەخواست و منیش بە چەک و بە قەڵەم و بە خەباتی مەدەنی بۆی تێکۆشابووم.

ئەو دەستکەوتە مەزنە، کە گەلی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و تاراوگە، لە داهێزانێکی سەرتاسەریی ڕزگار کرد و بەرەو جوڵەیەکی نوێ و هیوابەخشی برد، بە خەیانەتێکی لە ناکاوی چەند ئەندامی بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە ڕیزی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا تاساند و منیشی ناچار کرد کە سەرلەنوێ دەست بدەمەوە قەڵەم و دوا نوسینی ژیانم بە دیکۆمێنت کردنی بکەر و بکەرانی ئەو خەیانەتە لە لایەک و خزمەتکردن و گیانفیدایی گەلەکەم لە لایەکەی تریدا تۆمار بکەم.

ناو هێنانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە کۆی ئەم دیکۆمێنتانەدا، بە واتای خەیانەت کردنی هەموو یەکێتییەکان بە کورد و کوردستان نییە. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان خاوەنی دەیان شانازیی و هەزاران شەهید و دەیان

هەزار کادیر و پێشمەرگەی نیشتمانپەروەرە. ئەوانە، بە درێژایی مێژووی حیزبەکەیان خزمەتی گەل و نیشتمانیان کردوە. مەبەست لە هێڵێک، یان باشترە بڵێم لە باڵێکە لە نێو یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا کە ساڵی ١٩٦١ و لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە سەرچاوەی خەیانەتن و لە ڕیزی یەکێتیدا شێوازی پەروەردەیی بەخۆیەوە گرتووە و بە درێژایی ٥٦ ساڵ، تا دەگاتە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەردەوام بووە و بەشێک لە بنەماڵەی تاڵەبانیشی لەخۆ گرتووە.

حامید گەوهەری
ستۆکهۆڵم: ٢٠١٧

# سەرەتا

شەڕی چاڵدران لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سەفەویی و عوسمانییدا، بە گۆڕانێکی گرنگی مێژووی نەتەوەی کورد و کوردستان دەژمێردرێت. لەو شەڕەدا کە ڕۆژی ١٥١٤/٨/٢٣ بە هێرشکردنی لەشکری سوڵتان "سەلیم عوسمانی" بۆسەر لەشکری شا "ئیسماعیل سەفەوی" دەستیپێکرد، کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان دەوڵەتانی سوننەی عوسمانیی و شیعەی ئێران کە دامەزرێنەرەکەی شا ئیسماعیل سەفەویی بوو. چونکە کوردەکان سوننە بوون و شەڕەکەش لە هەرێمی ئەواندا ڕوویدابوو، زۆربەی سەرۆک خێڵە کوردەکان لەو شەڕەدا پشتی عوسمانییەکانیان گرت و لە ئاکامدا سوڵتان سەلیم توانی لەشکری سەفەویی بشکێنێت. شکانی سەفەوییەکان لەشەڕی چاڵدران، سەرەتای دابەشبوونی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد بوو بەسەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانییدا.

هەرچەندە ئێران لە شەڕی چاڵدراندا شکا، بەڵام بە ئاسانیی ملی نەدا و شەڕەکەش بە زوویی کۆتایی نەهات و هەردوو دەوڵەت بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی پتری خۆیان بەسەر کوردستاندا، دەیان ساڵ بەربەرەکانیی یەکتریان کرد، تا سەرئەنجام سوڵتان "موراد"ی چوارەم توانی بەسەر شا "سەفیەدین"ی یەکەمدا زاڵ ببێت و ساڵی ١٦٣٩ لە شارۆچکەی "زەهاو" کە ئەمڕۆ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە، پەیمانی دابەشکردنی کوردستانی پێ واژۆ بکات. لە ڕاستیدا، سوڵتان سەلیمی گەورە ساڵی ١٥٥٥، ئەم پەیمانەی بەسەر شا "تەهماسب"ی یەکەمدا سەپاندبوو. بەپێی پەیمانی زەهاو، سێ لەسەر چواری خاکی کوردستان کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی سوننەی عوسمانیی و یەک لەسەر چواریشی چووە ژێردەستی دەوڵەتی شیعەی ئێران(١) و کوردستان دوو بەشکرا.

دوای شەڕی چاڵدران، هەوڵ و کۆششی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانیی بۆ دەستەمۆ کردنی سەرۆک خێڵە کوردەکان و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا، بە ئاسایی نەکرا و کوردەکان ئامادەنەبوون بە ئاسانیی خۆیان

بەدەستەوە بدەن و دەست لە ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆیان هەڵبگرن. لەبەر ئەوە، هەردوو دەوڵەت بۆ بەچۆکدادانی خێڵەکان، توشی زۆر شەڕی دژواری ناوچەیی بوون. لە هەموو ئەو شەڕانە گرنگتر، ڕاپەڕینی "خانی لەپ زێڕینی برادۆست" بوو کە ساڵی ١٦٠٨ دژی دەسەڵاتداریی شا "عەباسی سەفەوی" لە قەڵای دمدم ڕوویدا. ڕاپەڕینی قەڵای دمدم کە بەیتەکانی لە لایەن "ئۆسکارمان"ی ئەڵمانی لە ناوچەی مهاباد کۆکراوەتەوە، بەشێوەی بەربڵاو و یەکنەگرتوو هەستی کوردایەتی تێدا دەبیندرێت.

هەستی کوردایەتی لە نێو خێڵە کوردەکاندا لە سەدەی حەڤدەی زاییینیدا سەریهەڵداوە و بووە بە هۆی بزواندنی هەستی نەتەوایەتی ژمارەیەک نوسەری کورد، لەوانە: "فەقێ تەیران" و "مەلای جەزیری" بۆ نوسینەکانیان لە زمانی زگماکیی کوردی کەڵکیان وەرگرت و "ئەحمەدی خانی" داستانی مەسنەویی مەم و زینی نوسی. مەم و زینی ئەحمەدی خانی یەکەم نوسراوەی کوردییە کە هەستی ناسیۆنالیستیی کورد زەق دەکاتەوە، بەڵام بیری پاشکەوتووی دەرەبەگایەتی لە قۆناخی ئەو سەردەمی کوردستاندا و بەهێز بوونی بیری ئیسلامیی لەنێو کوردە دەسەڵاتدارەکاندا، پێشی بەگەشەکردن و هەڵدانی تەندروست و بەجێی ئەو هەستە نەتەوایەتییە داڕێژراوە گرت و نەیهێشت بەشێوەی سروشتیی گەشە بکات و بگاتە ئاستی وشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد، لەو قۆناخ دا.

کوردستان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لەلایەن سەرۆک خێڵە کوردەکانەوە بەڕێوەدەچوو. میرەکانی "هەکاریی"، "بۆتان"، "بادینان"، "سۆران"، "بابان"، "ئەردەڵان" و "موکری"، بەشی هەرە زۆری کوردستانیان لەژێر دەسەڵاتدا بوو. هەرکام لەو میرانە، بە داب و نەریتی ئەوکاتە، خاوەنی دامەزراو و دەزگای بەڕێوەبەریی حکومەتی و هێزی پارێزەر بوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەسەر دەسەڵاتێکی گشتیی نەتەوەیی یەک بگرن و دەوڵەتی کورد دامەزرێنن و بچنە ژێرفەرمانی چوارچێوەداری دەوڵەتییەوە. ئەوان بە بەردەوامیی بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان، تێدەکۆشان و ئەگەر ژیان و سەربەستیی ناوچەکەیان کەوتبێتە مەترسییەوە، ماوەیەک دژی نەیاران

بەربەرەکانییان کردوە، تا سەرئەنجام دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورک و ئێران بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندی حکومەتەکانیاندا، کۆتاییان بە ژیانی ئەو میرنشینانە و دەسەڵاتیان لە کوردستاندا هێنا.

گرنگترین بزووتنەوەی کورد بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ "عوبەیدوڵای نەهریی" لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا بوو. شێخ کە ڕێبەرێکی ئایینی و کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی کورد بوو، ساڵی ١٨٨٠ بە هاوکاریی "بەحری بەگ بەدرخان" توانی سەرۆک خێڵەکانی زەرزا، گەورک، مامەش، پیران و مەنگوڕ لە یەکتر نزیک بکاتەوە و بە دروشمی ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، ناوچەکانی ماکۆ، خۆی، سەلماس، ورمێ، شنۆ، مهاباد و مەراغە ڕزگار بکات. لەشکری شێخ گەیشتە تەورێز، بەڵام لەوێ دەوڵەتی ئێران شکاندی و ناچاری کرد بەرەو سنوری باکوری کوردستان و تورکیا بکشێتەوە کە تورکەکان دەستبەسەریان کرد. شێخ عوبەیدوڵا سەرەتا لە ئستەمبوڵ دەستبەسەر کرا و دواتر بۆ مەککە دوور خرایەوە و ساڵی ١٨٨٢، لەوێ کۆچی دوایی کرد[٢].

شکانی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵا نەهری، هۆزە کوردەکانی بۆ بەدەستخستنی مافی چارەنوسی نەتەوەیی سارد نەکردەوە و بە دوای ئەودا چەندان بزووتنەوەی تر لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا کە گرنگترینیان بزووتنەوەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو کە سەری خۆی بۆ ڕێبازەکەی دانا و تورکە عوسمانییەکان ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ شێخ عەبدولسەلامیان و سێ هاوڕێکانی لە موسڵ لە سێدارە دا.

بە شەهید کردنی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی بارزان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا جێی گرتەوە و لەسەر ڕێباز و ڕێنوێنییەکانی شێخ چووە پێشەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە سوپای ئینگلیز هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٤دا خاکی عێراق و باشوری کوردستانی داگیرکرد. لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهان، لە مانگی مای ساڵی ١٩١٦دا، ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بوو، بە پێشنیازی دوو نوێنەری بریتانیا و فەرەنسا بە ناوەکانی "مارک سایکس" و "فەرەنسوا ژۆرژ

پیکۆ"[٣]، کرا بە سێ بەش. بەشی گەورەی خاک و نەتەوەی کوردیان لەگەڵ تورکیا هێشتەوە و دوو بەشەکەی‌تریان بەبێ ڕەزامەندیی کورد، بەسەر دوو دەوڵەتی هێشتا پێکنەهاتووی عێراق و سوریادا بەشکرد و بەم دابەشکردنە، کورد و کوردستان کرا بە چواربەش.

نەتەوەی کورد دژی ئەو پەیمان و دابەشکردنە بەزۆر داسەپاوە وەستا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچار کرد ساڵی ١٩٢٠، پەیمانێکی‌تر لەژێر ناوی پەیمانی "سێڤەر" پەسەند بکات کە ئامانجی بەشێک لە نەتەوەی کورد بێنێتەدی. بەندی ٦٤ی پەیمانی سێڤەر دەڵێت: **(لە ماوەی ساڵیک بە دوای ئەم پەیماننامەیەدا ئەگەر کوردی ناوچە باسکراوەکان لە بەندی ٦٢، داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ سەربەخۆیی و ئەگەر سەلماندیان زۆربەی کوردەکان خوازیاری سەربەخۆیین و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەوەدانا کورد شیاوی سەربەخۆیین، تورکیا لە ئێستاوە بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو ڕاسپاردەیە دەدات و هیچ مافێکی بەسەر ئەو ناوچانەوە نامێنێ. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانە، تورکیا و هاوپەیمانەکان ڕێکدەکەون و ڕێگە لەو کوردانە ناگرن کە تا ئێستا سەربە موسڵ بوون، بێنە نێو ئەم دەوڵەتە کوردییە[٤].)**

هەرێمی باشوری کوردستان کە سەر بە پارێزگای موسڵ بوو، لەگەڵ بەشێکی زۆری باکوری کوردستان بەتێکڕا دەکەوتنە نێو ئەو پرۆژەوە، کەچی دواتر کە مستەفا کەمال دەسەڵاتی بەدەست گرت، هاوپەیمانان پشتیان لە پەیمانی سیڤەر کرد و ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ پەیمانێکی تریان لەژێر ناوی پەیمانی "لۆزان" لەجێی پەیمانی سێڤەر دانا و کەمال ئاتاتورکیش بەرامبەر بە کورد خۆی کۆکردەوە و بە هاوکاریی هاوپەیمانان، هەموو ئاواتی کوردیان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای سەربەخۆیی پوچەڵکردەوە. بڕگەی دووەم لە بەندی سێیەمی پەیمانی لۆزان دەڵێت: **(ئەگەر تا نۆ مانگ لە مێژووی پەیماننامەکە، ناکۆکیی سنوریی نێوان عێراق و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ ڕوو بدات و تورکیا و بریتانیا ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ کێشەکە نەدۆزنەوە، کێشەکە دەدرێت بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.)**

ئەو گفتوگۆیانە بە یادداشتێکی بریتانیا و لەژێر چاودێریی سێر "پرسی کاکس" و "ڕ. ف. جاردین" جێگری ئیداریی پارێزگای موسڵ لە ڕۆژی ١٩٢٤/٥/١٩ دەستی پێکرد، بەڵام ئاکامیان لێوەرنەگیرا و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ١٩٢٤/٩/٣٠ ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ و لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پێکهێنا کە ئەندامانی بریتی بوون لە: ئا.ف. ڤێرسۆن A.af. wnrsen لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئا. پاولس A. Pauli لە بلژیک. هەروەها سینیۆر ڕۆدۆلۆ Signor Roddolo لە ئیتالیا و کۆنت هۆراس دوپرتالن Count Horacede Portales لە سویس بۆ نوسینی پرۆتکۆڵی لیژنەکە دیاریکران.

لیژنەی چارەسەرکردنی سنوری نێوان تورکیا و عێراق ڕۆژی ١٩٢٤/١٢/١٦ گەیشتە بەغدا و ڕۆژی دوایی چووە موسڵ و دوای دوو مانگ گەڕان بە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا و وەرگرتنی بیروڕای خەڵکی ناوچەکە، ڕاپۆرتێکی ئاراستەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و داوای کرد ناوچەکانی خوار هێڵی برۆکسل(٥) بدرێت بە عێراق، بەو مەرجەی عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێردەستی بەریتانیادا بمێنێتەوە و حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق بەرژەوەندیی کورد بپارێزێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا و زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی لە خوێندن و نوسین و ئیدارە و دادگاکاندا کە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پرۆژەیەی پەسەند کرد و حکومەتی تورکیا دوای ململانییەکی زۆر سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٢٦/٦/٥ دادنی بە واژۆ کردنی پەیمانێکی سێ قۆڵی لەگەڵ عێراق و بریتانیا دانا. بەو پەیمانە بوو کە دوو پارچەی تریان لە کوردستان کردەوە، بەشێکیان دا بە سوریا و بەشەکەی تریشی خرایە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، بەڵام ئەو دابەشکردنە جێی ڕەزامەندی کورد نەبوو و قەبووڵی نەکرد.

لە ڕەوتی ئەو ململانییە نێودەوڵەتییەدا شێخ مەحمودی حەفید ساڵی ١٩١٩ بە دژی دەسەڵاتدارییەتی ئینگلیز ڕاپەڕی و ڕۆژی ١٩٢٤/٩/١٤ خۆی وەک مەلیکی کوردستان ناساند، هێزەکانی ئینگلیز ساڵی ١٩٣١ بزووتنەوەکەیان

لەنێو برد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەزاشا بە فێڵ سمایل ئاغای سمکۆ سەرۆکی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کوشت.

شێخ سەعیدی پیران سەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی کوردی باکوری کرد کە ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٨ لەماڵی عەبدولرەحمانی برای شێخ سەعید لە گوندی پیران بە تێکهەڵچوونێک سەریهەڵدا. لەو تێکهەڵچوونەدا دوو ئەفسەری تورک بە ناوەکانی "حەسەن حوسێن ئەفەندی" و "مستەفا عاسم" و ١٥ ژاندارمی تورکیا کوژران. دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرکوتکردنی هێزی چەکداری کورد لە لەشکرەکانی ٢ و ٣ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٧ی پیادە و لەشکرەکانی ١و ١٤ ی سوارە و گوردانەکانی ٣ و ٤ ی ژاندارمە و بەشێک لە لەشکرەکانی ٧ و ٩ و ١٤ی پیادە و هێزی هەوایی کەڵکیوەرگرت. بەپێی ڕاگەیاندنی "ئیسماعیل هاکی" یەکێک لە بەشداربووانی بزووتنەوەکە، ژمارەی هێزەکانی دوژمن ٢٠٠ هەزار چەکدار بوون. هەروەها دەوڵەتی فەرەنسا بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوەیە، دەستی بەسەر سوریادا گرت و ڕێی بۆ سوپای تورکیا خۆشکرد کە بە خاکی سوریادا گەمارۆی کوردەکان بدات. جگە لەوە، دەوڵەتی تورکیا ٨٠٠٠ لیرەی تورکی بۆ گرتن، یان کوشتنی شێخ سەعید تەرخان کرد. شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵا، شێخ غالب، ڕەشید ئاغا، محەمەد ئاغا، تەیمور ئاغا و ٢٦ کەسی تر، بەهۆی خیانەتی "قاسم جبرانلی" کە یەکێک بوو لە ئەندامانی بزووتنەوەکە، لەسەر پردی "موراد چایی" بەدیل گیران و ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٣٠، شێخ سەعید و ٤٦ کەس لە سەرکردەکانی بزووتنەوە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە لە شاری دیاربەکر لە سێدارە دران.

لە عێراق، دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بە هاندانی ئینگلیزەکان ڕۆژی ١٩٢٨/٣/٩ ویستی ئاسورییەکان بەرێت لە ناوچەکانی برادۆست، ڕەواندز، ئاکرێ و دۆڵی نەهلە نیشتەجێیان بکات و بەرە بەرە جوەکان و نەستورییەکانیش بەرێتە ناوچەی بارزان و بەهۆی ئەوانەوە بەسەر ئەو ناوچانەدا زاڵ بن. شێخ ئەحمەد هۆزی بارزانی دژی ئەو پلانەی ئینگلیز ئامادەکرد. جگەلە شێخ ئەحمەد و کوردەکان، عەرەبەکانیش ئەو هەڵوێستەیان بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ناوچەکانیان زانی. لەو پێوەندییەدا ژمارەیەک ئەفسەری کورد وەک:

جەمال عارف، مەحمود جەودەت و لەنێو عەرەبەکانیشدا وەک مەهدی ئەحال و ژمارەیەکی تر، پشتیوانیان لە شێخ ئەحمەد کرد. هەڵوێستی شێخ ئەحمەد و پشتیوانیی کردنی ئەفسەرە کورد و عەرەبەکان، بە نێوبژیی کردنی خەلیل شەوقی و جەمال عارف و عەبدولڕەحمان ئەتروشی و کۆکردنەوەی ئێمزا لەلایەن سەرۆک هۆزە کوردەکانەوە و ئاراستە کردنی بۆ مەلیک فەیسەڵ و پەرلەمانی عێراق و هەروەها هەڕەشەی شێخ ئەحمەد لە دۆخی پێکهاتوو، هەوڵی دەوڵەتی ئینگلیز و عێراقی بۆ هێرش بردن بۆسەر ناوچەی بارزان پوچەڵ کردەوە. ئەم هەڵوێست و ئاکام وەرگرتنە و پاشەکشەی ئینگلیز و عێراق لەو پلانە.

لە هاوینی ١٩٣١دا، هۆزی برادۆست بە هاندانی ئینگلیزەکان، پەلاماری هۆزی شێروانیی ناوچەی بارزانیاندا و گوندەکانی "کرکاک، کۆلەل و بابکێ"یان تالان کرد و سوتاندیانن. لەو سەردەمەدا مستەفا بارزانی سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد و چەند کەسێکی کۆکردەوە و وەشوێن تالانچییەکان کەوت و ئەوانی لە دەشتی "هێرت" لە داو خست و پاش لێدانێکی کتوپڕ، ماڵ و ماڵاتی گوندە تالانکراوەکانی سەندەوە. ئەو پەلامار و تالان کردنانە دوو جاری تریش لە ڕۆژانی ١٩٣١/١١/٢٥ و ١٩٣١/١١/٢٧ دووپات کرایەوە، بەڵام تالانچییەکان بەتوندی شکان. پاش تێکشکانی برادۆستییەکان، قایمقامی زێبار "بلێ" بە ناوی حکومەتی عێراقەوە پێوەندی بە شێخ ئەحمەدەوە گرت کە حەز دەکات ناکۆکی نێوان برادۆستییەکان و بارزانییەکان نەمێنێ. شێخ ئەحمەد ئەو داخوازەی حکومەتی قەبووڵ کرد. هەرلە ساڵی ١٩٣١ دا، حکومەتی عێراق بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز پەلاماری سلێمانیاندا. شێخ ئەحمەد بە نامەیەک سەرۆک هۆزەکانی ئاگادارکردەوە کە یارمەتی شێخ مەحمود بدەن و بۆخۆشی هێزێکی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بۆ یارمەتیدانی شێخ ڕەوانە کرد. مەلا مستەفا بە دوو هێڵی "باڵەک"و "دۆڵی پیاو"دا بۆ یارمەتی شێخ مەحمود بەڕێکەوت. هەردوو هێز دوای تێپەڕین لە چەند کەمین، خۆیان گەیاندە سلێمانی، بەڵام بینییان ئینگلیزەکان شێخ مەحمودیان لە دەربەندی بازیان بەدیل گرتووە و شۆڕش تێکچووە. مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ بارزان و لەژێر

فەرمانی شێخ ئەحمەددا درێژە بە پێشمەرگایەتیدا. ئەم جارەیان، سوپای عێراق ڕۆژی ١٩٣١/١٢/٩ لە سەربازگەی "بلێ"وە هێرشی کردە سەر گوندی بارزان و لە ئەنجامدا شیخ ئەحمەد لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستا و هێزی دوژمن شکا، تا ڕۆژی ١٩٣٢/٢/١٩ بە هێزێکی پۆشتە و بە هاوکاریی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئینگلیز سەرلەنوێ پەلاماری گوندی بارزان و گوندەکانی دەوروبەریان دایەوە. بە نوسینی "عەبدولعەزیز عوقەیلی" لە کتێبی "یەکەم پەلاماری سەربازیی"، حکومەتی عێراق بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی R.A.F ی ئینگلیز ڕۆژی ١٩٣٢/٢/١٩ پەلاماری گوندی بارزان و گوندەکانی دەوروبەری دا. لە درێژەی ئەو پەلاماردانەدا کە "عەقید حاجی سڕی ئەحمەد" سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی ١٩٣٢/٤/٣ لە گوندەکانی "ماميسک، ژاژۆک، ڤاژی، بیرسیاف، بنی بیاو، کۆرکی و بانی" لە نێوان مێرگەسور و شێرواندا، شەڕێکی سەخت بەڕێوەچوو. لەو شەڕەدا حکومەت جگە لە ژمارەیەکی زۆر بریندار، ٢٥٣ کەسی لێکوژرا و ژمارەیەکیش لە لایەن بارزانییەکانەوە بەدیل گیران. لە بارزانییەکانیش ١٢ کەس بەم ناوانەی خوارەوە شەهید و ٣٤ کەسیش برینداربوون: عەبدوڵا میرخان مێرگەسوری، چاوشین کوورانی، حوسێن محەمەد هۆستانی، بابەکر بێخشاشی، شەریف کانی دێری، عەزۆ سپینداری، محەمەد کۆری مامیسکی، مستەفا حەیدەری دۆڵەمەر، خدر خەرەجی، مەلا سەلیم کۆرکەیی، ئیبراهیم شاوەلی کۆرکەپی، شیخ وەسمان دۆڵەمەری.

لە بەردەوامیی ئەو شەڕ و پەلاماردانانە و هەرەشەی توندی ئینگلیزەکاندا، شێخ ئەحمەد هەموو لێپرسراوانی هۆزی بارزانی وەکوو: "وەلی بەگ، خەلیل خۆشەوی، ئەحمەد نادر، عەبدوڵا کرکەمۆیی و حەسەن محەمەد ئەمین"ی بانگ کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٣٢/٦/١ بەڕێوەچوو، بڕیاریاندا ژمارەیەکیان بە خێزانەوە ناوچەی بارزان بەجێبهێڵن و پەنا بۆ تورکیا بەرن کە بە هاودەنگی لەگەڵ تورکیا، ڕۆژی ٢١ و ١٩٣٢/٦/٢٢ چوونە نێو خاکی تورکیا، بەڵام حکومەتی تورکیا لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣دا، شێخ ئەحمەدی گرت و دایەوە بە حکومەتی عێراق و مستەفا بارزانی و شەڕکەرەکانی بارزان، خاکی تورکیایان بەجێهێشت و خۆیانگەیاندەوە ناوچەی بارزان و لە چیای شیرین و

ناوچە سەخت و شاخاوییەکاندا خۆیان حەشاردا. حکومەتی عێراق نەیدەویست شەڕیان لەگەڵ بکات و هەوڵیدا کە ئەو ژمارەیە بگەڕێنێتەوە گوندەکانیان، بەڵام ڕایانگەیاند تا شێخ ئەحمەد نەگەڕێتەوە بارزان، ئەوانیش ناگەڕێنەوە. لە ئەنجامدا حکومەتی عێراق لە کۆتایی مانگی ئاوگۆستی ١٩٣٣دا، شێخ ئەحمەدی بە ڕێگەی هەولێر و مێرگەسوردا گەڕاندەوە بارزان.

دوای ماوەیەک، حکومەتی عێراق داوای لە شێخ ئەحمەد کرد سەردانی موسڵ بکات کە شێخ چوو. بە دوای ئەودا مستەفا بارزانیی و دواتریش شێخ محەمەد سدیق و شێخ بابۆ و منداڵەکانی شێخ عەبدولسەلام و هەموو خێزانەکانیان برد بۆ موسڵ. بە دوورخستنەوەی شێخانی بارزان لە ناوچەکە و ڕاگرتنیان لە موسڵ، هێمنی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و ئەم جارە حکومەت ویستی چەند سەرکردەی بارزانی بگرێت کە خەلیل خۆشەوی و ئەحمەد نادر و عەبدوڵا کرکومۆیی ڕایانکرد و پەنایان بۆ چیاکان برد. حکومەت بۆ گرتنی ئەو ژمارەیە خەڵاتی دیاریکرد و سەرئەنجام لە فیبرواری "شوبات"ی ساڵی ١٩٣٦، خەلیل خۆشەوی و چەند هاوڕێیان شەهید کردن. هەروەها لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٣٦دا موتەسەریفی موسڵ، مستەفا بارزانی بانگ کردە دایرەکەی خۆی و لەوێ ژەهری بۆ لەنێو قاوە کرد کە بارزانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە مردن ڕزگاریبوو، و پاش دوو هەفتە و بەیارمەتی شێخ عەجیل یاوەری سەرۆک هۆزی شەمەر و بنەماڵەی کەشمولە و عەباوی، تەندروستی بۆ گەڕایەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ دا حکومەتی عێراق، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بانگهێشتکراوەکانی بۆ موسڵ، گواستەوە بۆ بەغدا. ئەوە هەلێکی باشبوو بۆ پێوەندیی نێوان شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لەگەڵ شێخ مەحمود، بەڵام حکومەت گومانی لەو پێوەندییە کرد و شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لە بەغداوە دوورخستەوە بۆ ناسریە(٦).

ساڵی ١٩٣٩ کە جەنگی دووەمی جیهان هەڵگیرسا حکومەتی عێراق، شێخ ئەحمەد و خێزانەکانی لە ناسرییەوە گواستەوە بۆ ئاڵتون کۆپری و کفری و دوای ماوەیەکی کورت بردنی بۆ سلێمانی. شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لە سلێمانی ئازادیی پتریان دەستکەوت و توانیان تێکەڵاوییەکی زۆر لەگەڵ گەورە

پیاوانی سلێمانی و ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا پەیدا بکەن و سەرلەنوێ پێوەندی بە ئەندامانی هۆزی بارزانەوە بگرنەوە. لە هەمانکاتدا، مستەفا بارزانی بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ بارزان. بەم مەبەستە لە مانگی مای "ئەیار"ی ١٩٤٣ بە یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا و کوردانی نیشتمانپەروەری سلێمانی توانی سلێمانی بەجێبهێڵێت و لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی "مستەفا عەبدوڵا ئاکرەیی" و "سلێمان سور" خۆی بگەیەنێتە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم بارەیەوە بارزانی بۆخۆی دەڵێت: **(کاتی ماڵئاوایی کردن لە شێخ ئەحمەد، داوام لێکرد کە هەندێ ئامۆژگاریی پێویستم بکا، فەرمووی کاتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ خەڵک، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە. هەرگیز لەخۆ بایی بوون نەچێتە دڵتەوە. هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن و هەتا بۆت دەکرێ خۆت لە لێکدان لەگەڵ حکومەت بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستیان دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە[٧].)**

بارزانی بە بەرگی مەلایەتییەوە چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەیشتە ناوچەی شنۆ. ژمارەیەک لە بارزانییەکان لە دەست ڕاوەدوونانی پۆلیسی عێراق، لە ناوچەی بارزان ڕایانکردبوو، و بە یارمەتی کاک مامەند ئاغای گوندی "کویچ" سەرۆکی دەستەی قادری لە هۆزی مامەش لەوێ دەژیان. بارزانی لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە دیوەخان دانیشتبووم، قەرەنی ئاغای مامەش- مەبەست لە قەرەنی ئاغای پیرانە. نوسەر- هات و هەواڵی ڕاکردنی منی لە سلێمانییەوە بە کاک مامەند ڕاگەیاند و گوتی هەرکام لە حکومەتەکانی عێراق و ئێران خەڵاتێکی پەنجا هەزار دیناریيان داناوە بۆ هەرکەسێ کە مەلا مستەفا بە زیندوویی یان بە مردوویی بگرێت. داوای لە مامەند ئاغای کرد ئەگەر من بە ناوچەی ئەودا تێپەڕیم، ئەو دەرفەتە لەکیسی خۆی نەدات. دیاربوو قەرەنی ئاغا منی نەدەناسی. کاک مامەند وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەوە ئابڕووچوونە بۆ هەرکەسێ بیرلە شتی وا بکاتەوە، ئەو کەسە هێشتا لە دایکی خۆی نەبووە کە بتوانی بارزانی بگرێ[٨].)**

بارزانی و هەڤاڵانی لە شنۆوە بە ڕێگەی کێلەشین دا خۆیان گەیاندە مێرگەسور و لەوێوە چوونەوە بۆ بارزان. بە گەڕانەوەی بارزانی جەژن و شادی

هەموو ناوچەکەی داگرت. لاوەکان پۆل پۆل گەیشتنە لای و بە دوو هەفتە ژمارەیان گەیشتە ٧٥٠ کەس کە هەندێکیان چەکیان هەبوو و ئەوانی تریش بێچەک بوون. لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئومەر شانەدەری یەکێک لە هەڤالانی مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(هەرکە بارزانی گەڕایەوە ناوچەی بارزان، سەرەتا ئەم خەباتکارانە لەگەڵی کەوتن: محەمەد ئەمین میرخان، ڕەشۆ مەلا، میرزا ڕەشۆ، محەمەد عیسا، حەسۆ محەمەد کەکشان، حەسەن مەلا محەمەد کە هەموویان مێرگەسوری بوون لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی، شەریف لەشکری، عومەر عەبدوڵا، شێخ یەزدین محەمەد، عەلی بەگ سەعید، حوسێن جرگیس، شینۆ حوسێن جەرگیز، عەبدوڵا حوسێن جرگیس، ئارەب قەتران سێلکی، تەیمەز ئارەب قەتران، ڕەشید حەمۆ حاجی و ژمارەیەکی تر. بە گشتی لە ماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٦٠٠- ٧٠٠ کەسی لەگەڵ کەوت کە جگەلە چەند کەسیان، ئەوانی تر بێچەک بوون و بە خەنجەر و داس دەچوون بۆ چەککردنی پۆلیسخانەکان.)**

دەرچوونی مستەفا بارزانی لە سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ بارزان لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا دەنگی دایەوە و هەرکامەیان بە جۆرێک لە ئازایەتی بارزانی دوان. دوو ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز و هێراڵد تریبوون" مستەفا بارزانییان بە شەڕکەر و پاڵەوان ناساند. محەمەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی مێژوویی هۆزی بارزان، دەڵێت: **(مستەفا بارزانی پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو. زمانەکانی کوردی، عەرەبی و فارسی باش دەزانی و ئاشنایی لەگەڵ زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی هەبوو. کەسایەتییەکی دروستکار و ڕاست بێژ بوو. بەبێ پێچ و پەنا و بە ڕاشکاوی قسەی دەکرد. باوەڕی زۆری بە نەتەوەکەی هەبوو. تێگەیشتوو، و بە مەنتقەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبۆوە و تا ئەو جێیەی بۆی بکرایە، دەیویست کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکات[٩].)**

بە کورتی، گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ ناوچەی بارزان، شۆڕشی دووەمی بارزانیی لە ڕۆژی ١٩٤٣/١٠/٢ و دامەزراندنی پارتی ئازادی "لیژنەی ئازادی"

بەدوادا هات، بەڵام شۆڕشی دووەم بارزانیش وەک شۆڕشی یەکەمی بارزانی لەلایەن ڕژێمی عێراق و بە هاوکاریی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئینگلیز و هاوکاریی جاشە خۆماڵییەکان تێلشکا و بنەماڵە بارزانییەکان لە ١٩٤٥/١٠/١١ بەرێگای کێلەشین و مەرگەوەڕ و چیای دالانپەڕدا خزانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە مانگی فیبروادی "شوبات" ١٩٤٦، بارزانی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خوشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خیروڵا عەبدولکەریم و عیزت عەبدولعەزیز لە شاری شنۆ کۆبۆوە و بە گوێرەی هەلومەرجی ئەوکاتی ناوچەکە و جیهان، بنەمای پارتییەکی سیاسیی چەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان داڕشت.

ڕۆژنامەی کوردستان، لە لاپەڕەی ٣ی ژمارەی ٢٣ دا دەنوسێت: مستەفا بارزانی و بارزانییەکان لە ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨وە بە ڕێککەوتنێکی دوولایەنە هاوکاریی کۆماری کوردستانیان کرد. ڕێککەوتنی پێشەوا قازی محەمەد و بارزانی بریتی بوو لەو چوارخاڵانەی کە ڕۆژنامەی کوردستان لە وتاری مستەفا بارزانی دا ئاماژەی بۆ کردوە. کۆماری کوردستان سەربەخۆ بێت، کۆماری کوردستان بە ئاشتی دیموکراتی بەرێوە بچێت، کۆماری کوردستان هەوڵی ئازاد کردنی بەشە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستان بدات و کۆماری کوردستان خزمەت بەفەرهەنگ و بەرزکردنەوەی ئابووریی و بژیوی خەڵکی کورد بکات[١٠].

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧، کۆماری کوردستان هەرەسیهێنا و بارزانییەکان بەناچار پەنایان بۆ نەغەدە و شنۆ و گوندەکانی نزیکیان برد و دوای زنجیرە شەڕێکی دژوار لەگەڵ سوپای ئێران و جاشەکانی و شەهیدبوونی ٢٧ پێشمەرگە، لە ڕۆژانی ١٩٤٧/٦/١٧ و ١٩٤٧/٦/١٨ لە ڕوباری ئاراس پەڕینەوە و پەنایان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت برد.

ڕۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، سوپای عێراق بە کودەتایەکی سەربازیی، ڕژێمی مەلیک فەیسەڵی ڕوخاند. عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف دوو فەرماندە لە سوپای عێراقدا، سەرۆکایەتی کودەتای ١٤ی تەموزیان کرد. بارزانی، ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ بە ڕێککەوتنێکی پێشوەختە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم لە سۆڤیەتەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا و بەشێوەی ڕەسمی پێشوازیی کرا. لە

کوردستان و لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە دەیان هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی گەل گەیشتنە بەغدا و لە فڕۆکەخانەی "موسەننا" پێشوازییان لە بارزانی وەک قارەمانێکی نەتەوەیی کرد بۆ نیشتمان.

---

١- کورد تورک عەرەب، نوسینی سیسیل ج ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپ بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢- کوردەکان، لاپەڕەی ٥٠، نوسینی حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ,٢٠٠٧

٣- ڕێککەوتنی سایکس- پیکۆ پەیمانێکی نهێنی بوو لەنێوان بریتانیا و فەرەنسادا کە بە هاودەنگیی لەگەڵ ڕوسیا بۆ دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی لە ڕەوتی جەنگی یەکەمی جیهان دا لە مانگی مایساڵی ١٩١٦ واژۆ کرا. لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتنەدا، عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین و ئەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەستی ئیمپڕاتۆریی عوسمانیدا بوو، بەشکرا و بەو پەیمانە کوردستان لە دوو بەشەوە بوو بە چواربەش. ئەو پەیمانە لە دوو ناوی مارک سایکسی بریتانیایی و فەرەنسوا ژۆرژ پیکۆ فەرەنسیی پێشکەشکەری ڕێککەوتنەکە وەرگیراوە.

٤- بەندی ٦٢: لیژنەیەک لە سێ ئەندامی دیاریی کراوی حکومەتەکانی بریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا لە شاری ئەستەمبوڵ پێکهات. ئەم لیژنەیە دەبووایە لە ماوەی شەش مانگ پاش مۆرکرانی ئەم پەیمانە، پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دابنێت کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی فورات و خوار سنوری خوارووی ئەرمەنیا کە دواتر بڕیار دەدرێ، لەگەڵ باکوری سنوری تورکیا لەگەڵ سوریا و وڵاتی میزوپۆتامیادا.

٥- هێڵی برۆکسل: پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەیەکی لە برۆکسل پێکهێنا بۆ کێشانی سنور لە نێوان تورکیا و عێراق. دوای پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تری لە سێ ئەندام بەناوەکانی: ئا.ف. ڤێرسۆن A.af. wnrsen لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئا. پاولس A. Pauli لە بلژیک، دامەزراند و ئەرکی ئەو لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لە کێشەی سنوری نێوان تورکیا و عێراق.

٦- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، مەسعود بارزانی، لاپەڕەی ٥٤، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٨، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٩.

٩- دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی مێژوویی هۆزی بارزان، محەمەدعەلی سوڵتانی، لاپەڕەی ٥٩.

١٠- محەمەد مەحمود قودسیی وتارەکەی بارزانی خوێندەوە.

## خەیانەت لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٩ و ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٣ ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو. بەهۆی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەوە هەرێمی کوردستانیان بەڕێوەدەبرد. هەروەها لەسەر ئاستی عێراق لە پەرلەمانی عێراقو خولی یەکەم و دووەمی پەرلەماندا لە ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠١٠ و ٢٠١٠- ٢٠١٤ خاوەن فراکسیۆنێکی هاوبەشیان بوون. نەوشیروان مستەفاو ژمارەیەک لە کادیرانی یەکێتی دژی ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی لەگەڵ پارتی بوون و زۆریان هەوڵدا کە ئەو ڕێککەوتنە پوچەڵ بکەنەوە کە مام جەلال ڕازی نەبوو، و ئەوانیش دەرەقەتی نەهاتن.

سەرئەنجام، نەوشیروان مستەفا دوای بێ هیوا بوونی لەوە کە ناتوانێ ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی لەگەڵ پارتی هەڵوەشێنێت، ساڵی ٢٠٠٦، بە فەرمی خۆی لە یەکێتی کشاندەوە و لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی خەریکی کاری ڕاگەیاندن بوو. ساڵی ٢٠٠٧، دە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە جەلال تاڵەبانی وەرگرت بۆ بنیاتنانی کۆمپانیای وشە کە بریتی بوو لە "سایتی سبەی، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، دەنگی گۆڕان و تەلەفزیۆنی KNN ". دواتر، ئەو کۆمپانیایەی گەورە کردەوە و گەیاندییە دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان(١).

ساڵی ٢٠٠٧، زۆربەی هاوفیکرانی نەوشیروان مستەفا، وەک: عومەر سەید عەلی، قادر حاجی عەلی، عوسمان حاجی مەحمود، جەلال جەوهەر، مستەفا سەید قادر، سالار عەزیز، حەمەتۆفیق ڕەحیم، شۆڕش حاجی، جەمال حاجی محەمەد، مام ڕۆستەم، کوردۆ قاسم و ...تد دەستیان لە یەکێتی هەڵگرت و لەگەڵی کەوتن و تەنانەت کۆسرەت ڕەسوڵیشی لەگەڵ بوو کە دواتر ئاشکرا بوو، مام جەلال خۆی داوای لێکرد و بە پێدانی پارەیەکی زۆر و هێنانە پێشەوەی کوڕەکانی لە یەکێتیدا، ناوبراوی لە چوون بۆ نێو بزووتنەوەی گۆڕان پەشیمان کردەوە.

نەوشیروان مستەفا و هەڤاڵانی لە بزووتنەوەی گۆڕان کە ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، لە ٢٠٠٩/٩/٢٥ دا بەشداریی هەڵبژاردنی خولی حەوتەمی

پەرلەمانی کوردستانیان و توانیان لە ١١٠ کورسی، ٢٥ کورسی پەرلەمان بەدەست بێنن[٢]، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٢٠١٣/١٠/٢١دا ڕێژەی کورسییەکانی دابەزی بۆ ٢٤ کورسی.

بزووتنەوەی گۆڕان، لە خولی حەوتەمی پەرلەماندا، قەوارەیەک بوو لە دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و لەژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆندا دژی حکومەت خەباتی دەکرد و زیانێکی زۆری بە ئەزموونی کوردستان گەیاند. هەرچەندە یەکێتی هاوبەشی پارتی بوو لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەڵام گۆڕان لە ناوچەکانی زۆنی سەوزی یەکێتی دا بەرەنگاری پارتی دیموکرات بۆوە. بەردەرگای سەرای سلێمانی کرد بە شوێنی ئاژاوە نانەوە بە دژی پارتی دیموکرات و بە هاندانی لاوانی کەم تەمەنی بێ ئەزموون و کەسانی توندڕەو، پەلاماری لقی چواری پارتی لە سلێمانی و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی لە قەڵادزی، ڕانیە و هەڵەبجە دا و کۆمەڵێک خەڵکی مەدەنی بە کوشت دا.

لە ڕەوتی ئەو ئالۆزیی و ئاژاوە گێڕییانەدا، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی ناچارکرد بە کردەوە، ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی لەگەڵ پارتی دیموکرات سڕ بکات و بەو ئاواتەوە بوو کە ئەگەر زیاتر دژایەتی پارتی و بنەماڵەی بارزانیی بکات، لە هەڵبژاردنی خولی داهاتوودا، بە ڕێژەیەکی زیاتر دەنگ دێنێتەوە و دەسەڵاتی کوردستان دەگرێتە دەست.

بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بەو شێوازە خەباتە، خۆیان گەیاندە هەڵبژاردنی ٢٠١٣/٩/٢١ی پەرلەمانی کوردستان. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنەی کرد. ١١٢٩ کەس بەشداریی ئەو کێبڕکێیەی کرد بۆ ١١١ کورسیی پەرلەمانی کوردستان. لەو ژمارەیە، ٣٦٦یان ئافرەت بوون. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕۆژی ٢٠١٣/١٠/٢ ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی بە شێوەی خوارەوە ڕاگەیاند:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان: ٧٤٣٩٨٤ دەنگ و ٣٨ کورسی
٢- بزووتنەوەی گۆڕان: ٤٧٦٧٣٦ دەنگ و ٢٤ کورسی
٣- یەکێتی نیشتمانیی کوردستان: ٣٥٠٥٠٠ دەنگ و ١٨ کورسی

٤- یەکگرتووی ئیسلامی: ١٧٦٨٤١ دەنگ و ١٠ کورسی
٥- کۆمەڵی ئیسلامی: ١١٨٥٧٤ دەنگ و ٦ کورسی
٦- بزووتنەوەی ئیسلامی: ٢١٨٣٤ دەنگ و ١ کورسی
٧- پارتی سۆسیالیست: ١٢٥٠١ دەنگ و ١ کورسی
٨- ئازادی: ١٢٣٩٢ دەنگ و ١ کورسی
٩- ئاڕاستەی سێیەم: ٨٦٨١ دەنگ و ١ کورسی
١٠- حزبی کۆمونیست "لیستی ئازادی": ١ کورسی
١١- حزبی شیوعی کوردستان: ١ کورسی

یازدە کورسی کۆتا بەم شێوەیە دابەش کران: پێنج کورسی بۆ تورکمانەکان، پێنج کورسی بۆ ئاشورییەکان، یەک کورسی بۆ ئەرمەنییەکان.

سەبارەت بە دابەشکردنی کورسیەکان بەسەر پیاوان و ژناندا، کۆمسیۆن ڕایگەیاند: ٧٧ کورسی بۆ پیاوان و ٣٤ کورسیش بەر ژنان دەکەوێت.

هەروەها، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٢١ ڕایگەیاند، نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەر لە هەرێمی کوردستان بەشداری دەنگدانیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرد.

هەروەکو، ڕێژەی دەنگەکان ئاشکرایان کرد، یەکێتی بەو ئامانجە نەگەیشت کە بە خۆدزینەوە لە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی، ئارەزووی دەکرد و بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕێژەی کورسییەکانی لە ٢٥ کورسی پەرلەمانەوە دابەزی بۆ ٢٤ کورسی. لە ئاکامدا هەردوویان ناچار بوون تەسلیمی ڕای گشتی دەنگدەران و خواستی هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بن و لەگەڵ پارتی دیموکراتدا بەشداریی کابینەیەکی بنکە فرەوان بکەن.

لە کابینەی هەشتەمدا کە کابینەیەکی هاوبەشی بنکە فرەوان بوو، پارتی دیموکرات لە پلەی قەوارەیەکی براوە لە هەڵبژاردندا، لەسەر بنەمای هاوبەشی کردنی ڕاستەقینە لەسەر ئاستی ئەرک و پێداویستییەکانی ژیانی سیاسیی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان، ڕووی لە بزووتنەوەی گۆڕان کرد کە دووەم لیستی براوەی کوردستان بوو، بە ٢٤ کورسی پەرلەمان و بە ڕێککەوتن لەگەڵی، پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و پێنج وەزیری، لەوانە وەزیری

دارایی و پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێسپارد، لەگەڵ چەندان پلەی بالا لە حکومەتی عێراق و کوردستاندا، بەڵام یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان کە لە لایەک بە ژیانی دیموکراتی لە بەڕێوەبردنی وڵات و ڕێککەوتنی هاوبەشیان نەدەزانی و لە لایەکی تردا دژایەتی پارتی دیموکراتیان بە ئامانجی سەرەکی خۆیان دەزانی، بە ڕاسپاردەی جفاتی نیشتمانیی گۆڕان، چەندان جار خەریکی تێکدانی سیستەمی بەڕێوبەرایەتی کوردستان بوون و دژی ئەو ڕێککەوتنانە وەستانەوە کە خۆیان واژۆیان کردبوو. ئەوان بەو خەیاڵە کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیان لەگەڵە، ڕێککەوتنەکەیان لەژێر پێ نا و ڕایانگەیاند: **(شێوازی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستاندا دەگرنەبەر و گوێ بە ڕێککەوتنەکان نادەن.)** بەو هەڵوێستەیان، لە یەکەم هەنگاودا بە گژ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دا هاتن.

ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٢٣، یەکێتی نیشتمانی، بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکگرتووی ئیسلامی بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی پشوویان لەگەڵ پارتی و بڕیاری یاسایی خۆیان، خوێندنەوەیان بۆ پرۆژە یاسایەک کرد کە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم کەم بکرێتەوە و سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، نەک لەلایەن گەلەوە.

شەوی ٢٠١٥/٨/١٨ هەموو پارتە سیاسییەکان بە نوێنەری ئەمریکاشەوە، بڕیاریاندا ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٩ دانیشتن نەکرێت و ئەو کێشەیە نەوروژێنن، بەڵام یوسف محەمەد سەرۆک پەرلەمانی کوردستان گوێی بۆ ئامۆژگاریی حیزبەکان شل نەکرد و دانیشتنی بەڕێوەبرد کە لە ئاکامدا نەیتوانی نیسابی یاسایی پەرلەمان بەدەست بێنێت و پرۆژەکەی جێبەجێ بکات. بەم بۆنەیەوە ئەو، و بزووتنەوەی گۆڕان دەستیان کرد بە گیرەشێوێنی و ئاڵۆز کردنی دووبارەی کوردستان و پەلامار دانی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات لە ڕانیە و قەڵادزێ و سوتاندنی بارەگاکانیان و کوشتنی ئەندام و لایەنگرانی پارتی. کردەوەی گۆڕان قین و تووڕەیی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی لە کوردستان بەرز کردەوە و لە ئاکامدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/١٢، ڕێی لە یوسف

محەمەد گرت کە بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و لەوە ترسا لە بەرامبەر گێرەشێوێنییەکانی ئەو، و بزووتنەوەی گۆڕاندا، خەڵک و لایەنگرانی پارتی دەستدرێژی بکەن بۆسەر گیانی و بەوەش پەرلەمانی کوردستان لە خەباتی پەرلەمانیی وەستا.

لە کار کەوتنی پەرلەمانی کوردستان، زیانێکی زۆری بە ئەزموونی دیموکراتیی کوردستان گەیاند. بزووتنەوەی گۆڕان بەو تێبینییەوە کە نەمانی پەرلەمانی کوردستان بە زیانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، نەک بە زیانی گەلی کورد و ئەزموونەکەی، ئامادە نەبوو هاوبەشی بکات لە کارا کردنەوەی پەرلەماندا و هەر جارەی بیانوویەکی دەهێنایەوە.

سەرئەنجام بزووتنەوەی گۆڕان ئامادە بوو بەبێ مەرج پەرلەمان کارا بکرێتەوە. کاتێک، پارتی بە مەبەستی پێکهێنانی یەکریزیی لە نێوان گەل و ڕێکخراوە کوردستانییەکان ڕازی بوو بەبێ مەرج پەرلەمان کارا بکرێتەوە و یوسف محەمەد بگەڕێتەوە سەر پۆستەکەی، ئەم جارەیان گۆڕان مەرجی بۆ پارتی دانا و ڕایگەیاند کاتی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بە کۆتا هاتووە و واژۆی ئەوی لەژێر بڕیارەکانی پەرلەمان قبوڵ ناکات[٣].

کردەوەکانی گۆڕان و پەرلەمانتارەکانی، بەدڵی باڵێکی نێو یەکێتی نیشتمانی بوو، ئەو باڵە کە ڕێککەوتنی ستراتیژیی یەکێتی لەگەڵ پارتی بە هەڵوەشاوە ناو دەبرد، ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٦/٥/١٧، ڕێزدار جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کە بەهۆی جەڵتە لێدانەوە لەسەر عارابانە بوو، و تەنانەت قسەشی بۆ نەدەکرا، لە دەباشان ئامادە کرد و لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری یەکەمی تاڵەبانی ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد. بەو ڕێککەوتنە، باڵێکی یەکێتی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دەیانویست ڕێکخراوەکەیان بە دژی پارتی بخەنە بەرەیەکی نوێوە و دواتریش ڕێککەوتنە سیاسییەکەیان بگەیەننە ڕێککەوتنی ستراتیژی و تەنانەت یەکگرتنەوەی دوو ڕێکخراوەکەیان. پارتی دیموکرات خۆشحاڵیی خۆی لەو هەنگاوەیان دەبڕ، بەڵام ئەوان بەهۆی باڵ

باڵێن و کێشەی نێوخۆیی هەرگیز نەیانتوانی بەو ئاواتە بگەن و سەرلەنوێ یەکێتی لە پارتی دیموکرات نزیک بۆوە(٤).

نزیک بوونەوەی یەکێتی لە پارتی ئەم دەستکەوتەی لێکەوتەوە کە ڕۆژی ٢٠١٧/٦/٧، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کۆبوونەوەیەک بکات کە ئەم پازدە ڕێکخراوی سیاسییانەی کوردستان تێیدا بەشدار بوون: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستانی، حیزبی زەحمەتکێشان کوردستان، بەرەی تورکمان و کەمایەتییەکانی کریستیان. لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەو حیزبانە بڕیاریاندا ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ لە باشوری کوردستان گشتپرسییەکی دیموکراتیی و سەرتاسەری بکرێت کە لەودا گەلی کوردستان سەبارەت بە چارەنوسی خۆیان بڕیار بدەن کە ئایا دەیانەوێت لەگەڵ عێراق بمێننەوە، یان دەیانەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت.

بڕیاری بەڕێوەبردنی گشتپرسی، لە پلەی بڕیارێکی دیموکراتی بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بۆ ئەو کۆمەڵە پێشێلکارییانە دەگەڕایەوە کە ڕژێمی عێراق لە ڕۆژی دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٩٢٣دا، سەبارەت بە کورد بەڕێوەی برد بوو. بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٥ وە بە لەژێر پێنانی دەستوری نوێی عێراق و دواتریش لە ٢٠١٤وە کە داعش بەشێک لە خاکی عێراق و ناوچە کێشەلەسەرەکانی کوردستانی خستەژێردەستی خۆی و سوپای عێراق لەو ناوچانە ڕایانکرد. لە هەمانکاتدا، بەغدا کوردستان و نەتەوەی کوردی توشی قەیرانێکی هەمەلایەنە کرد. لەم بارەیەوە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا باسی بەشێک لە مێژووی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا کرد و ڕایگەیاند:

- (بڕیار بوو ئێمە هاوبەش بین لە بەڕێوەبردنی عێراقدا، بەڵام پشکی ئێمە لەو هاوبەشییەدا ئەوە بوو، کە ٤٥٠٠ گوندی ئێمەیان وێران کرد، ١٨٢ هەزار کەسی ئێمەیان ئەنفال کرد کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، کیمیابارانی هەڵەبجە تا زاخۆ، ١٢ هەزار گەنجی فەیلی لە تەمەنی ١٨ تا ٣٠ ساڵی و

هەشت هەزار بارزانی، لە هەردوو قۆناغدا ئێمە وەک خەڵکی کوردستان، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتە، ئێمە ئامادەبووین بچینەوە بەغداو لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە و بەیەکەوە بە برایەتی و دیموکراتی بژین، بەڵام ئەوان ئێمەیان وەک هاوبەش قبووڵ نەبوو. ڕیفراندۆم مافی هەموومانە دەبێت خۆمان داوای مافی خومان بکەین، نابێت هیچ کات چاوەڕێی کەسێک، یان وڵاتێک بین بۆ دابینکردنی مافەکانمان، چونکە هیچ گەلێک ناگاتە ئامانجەکانی ئەگەر خۆی داوای نەکات، ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش بڕیاری گەلی کوردستانە ئێمەی کورد بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان دەدەین.

هەموو حیزب و لایەنەکانی کوردستان جگە لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی و "بزووتنەوەی نەخێر"(٥) کۆکن بوون لەسەر بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ دا. بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامییش لە دوا ڕۆژدا هاتنە سەرخەت و بە هەڵەی خۆیاندا چوونەوە. عەلی باپیر و عومەری سەید عەلی ڕایانگەیاند بەشداریی ڕیفراندۆم دەکەن، بەڵام شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی بزووتنەوەی نەخێر بە ڕاسپاردەی بەغدا، درێژەی بە دژایەتی کردنی خۆیدا(٦).

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠١٧/٩/٢٤ ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە و لە ڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە ڕیفراندۆمی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ ئاشکرای کرد چوار بڕیار لەبارەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم درا، بڕیاریش دراوە لە هەرێمی کوردستان و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕیفراندۆم بەڕێوەبچێت. ئەوەی خوارەوە دەقی ڕاگەیەندراوی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆمە:

**ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٧/٩/٢٤ لە سەلاحەدین ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی کۆبۆوە.**

**لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا باسی دوایین پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کرا و بەڕێز مەسعود بارزانی باسی ئەو کۆبوونەوە و پەیوەندییانەی کرد کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان هەبووە.**

دواتر شاندی کوردستان کە ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٣ سەردانی بەغدایان کردبوو، ئەنجامی سەردانەکە و گفتوگۆیان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان خستەڕو، و ڕوونیان کردەوە کە بەغدا بەهیچ شێوەیەک، ئێستا و لە داهاتووشدا، ڕیفراندۆم قبوڵ ناکات و بە تەواوی دژی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوون و دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز سەرۆککۆماری عێراق و هەموو هەوڵە نێودەوڵەتییەکانیشیان ڕەت کردۆتەوە و ئامادە نەبوون لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان هیچ گفتوگۆیەک بکەن.

شاندەکە ئەوەشی خستەڕو کە بە لایەنە سیاسییەکانی عێراقیان ڕاگەیاندوە کە ئەوە بڕیاری گەلی کوردستانە و ڕیفراندۆم لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، لە هەرێمی کوردستان و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەڕێوەدەچێت.

دواتر لیژنەی ئامادەکردنی بەڵگەنامەی سیاسیی گرێنتی کردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان، بەڵگەنامەکەی خستەڕو.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا تەئکید کرایەوە کە کوردستان لە ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش بەردەوام دەبێت و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دژی تیرۆر درێژەی دەبێت. دوای شی کردنەوەی سەرجەم پێشهات و هەڵوێستەکان، کۆبوونەوەکە ئەم بڕیارانەی دا:

یەکەم: ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٧/٩/٢٥، ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەڕێوە دەچێت.

دووەم: کۆبوونەوەکە، بەڵگەنامەی سیاسیی گرێنتی کردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی پەسند کرد و دەستخۆشیی لە لیژنەی ئامادەکاری بەڵگەنامەکە کرد.

سێیەم: دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ عێراق کراوە دەبێت. بە ئەجێندایەکی کراوەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و سەرجەم بابەتەکان بۆ بوون بە دوو دراوسێی باش.

چوارەم: ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم دەستخۆشیی لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد بۆ بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و سووربوونیان و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا و جەختیش کرایەوە کە بە یەکڕیزی بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ دەبین.

ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم
٢٠١٧/٩/٢٤

هەموو دوژمنە داگیرکەرەکانی کورد و کوردستان، هەوڵەکانیان دژی بەڕێوەچوونی گەشتپرسی چڕکردەوە، سەرچاوەیەک ئاشکرایکرد ئێران باوەڕی بە جەلال تاڵەبانی هێناوە حزبەکەی پشتگیری پرۆسەکە نەکات. لەو بارەیەوە "غەدپرێس"ی عێراقی ڕایگەیاند:

سەرچاوەیەکی باڵای کوردی، ئاشکرایکردوە: (بەم دوایانە، ئێران دەستی بە جموجوڵەکانی کردوە کە ڕێگری لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکات و هۆکاری بردنی تاڵەبانیش بۆ ئێران، پەیوەندی بە پرسی ڕیفراندۆمەوە هەبوو، و بەرپرسانی ئێران توانیویانە قەناعەت بۆ جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی دروست بکەن بۆ ئەوەی حزبەکەی پشتگیری لە ڕیفراندۆم نەکەن.)

سەرچاوەکە بۆ هەمان پێگە ئاشکرای کردوە کە هۆکاری بردنی جەلال تاڵەبانی و بانگێشتکردنی شاندێکی یەکێتی بۆ تاران و سەردانی بالیۆزی ئێران لە عێراق بۆ هەرێم و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لە چوارچێوەی ئەو جموجۆڵانەی ئێرانن بۆ پەکخستنی پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و قەناعەتیشیان بۆ مام جەلال دروستکردوە تاوەکو حزبەکەی پاشەکشە لە گشتپرسی بکات.

ئەمە لەکاتێک دایە هەفتەی ڕابردوو جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی، هەرچەندە باری تەندروستی تەواو نییە و چەند ساڵێکە لە گۆڕەپانی سیاسی دوورکەوتۆتەوە، بردرایە ئێران و ڕاگەیەندرا بردنەکەی "تەنیا بۆ پشو وەرگرتن بووە."

سەرچاوەکە بۆ "غەدپرێس" ئەوەشی ئاشکرا کردوە کە ئێران داوای لە بەرپرسانی یەکێتی کردوە، لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان "ڕێگری بکەن لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە پارێزگای سلێمانی"، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ شکست پێهێنانی پرۆسەکە.

لە بەرامبەریشدا شوان حاجی شرۆڤەکاری سیاسی بە ڕۆژانە هەواڵی ڕاگەیاند: (بە گوتەی ئەو بەرپرسە باڵایەی کورد بێت، بردنی تاڵەبانی بۆ ئێران لەلایەن هێرۆی خێزانی کە باڵی دەست ڕۆیشتوی حزبەکەیەتی و نزیکە لە ئێران و مالیکی بە بیانوی گەشتوگوزار، بۆ ئەوە بووە تاوەکو باوەڕێک لەنێو جەماوەری خۆیان دروست بکەن پاشەکشە لە بەشداریکردنی گشتپرسیدا بکەن، بۆیەش سەرەتا بە بیانوی گەشت بردیان بۆ تاران، تاوەکو بۆ ڕۆژێکی وا بە ناوی مام باس لەوە بکەن کە مامیش لەگەڵ گشتپرسی نیە لە کاتێکدا ئەو بەهۆی نەخۆشیەکەی توانای زۆری لە دەستداوە.)

ئەو شرۆڤەکارە گوتیشی: (ئەو گوتانەی باس لەوە دەکەن کە ئێران قەناعەتی بۆ مام جەلال دروستکردوە تاوەکو حزبەکەی لە پشتیوانی کردنی گشتپرسی بکشێتەوە، هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە و درۆیەکی تری باڵی دەست ڕۆیشتوو، و ئێرانە کە بەناوی ئەو پیاوە دەیکەن، هەروەک چۆن ڕێککەوتنی دەباشانی پێ واژۆ کرا بەبێ ئەوەی لە ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکە ئاگادار بێت.) دەشلێت: (ئەمە خواستی هێرۆ و باڵەکەیەتی دژی گشتپرسی، پێشتریش دژی وەستاونەتەوە و چونەتەوە بەغدا و سەردانی مالیکیشیان کردوە، بەڵام هێرۆ دەیەوێ ئەو خواستەی خۆی کە دژایەتی گشتپرسیە بیخاتە ئەستۆی تاڵەبانی و لەسەر شانی خۆی هەڵی بگرێ، کە ئەمەش گەمەیەکی نوێی سیاسی یەکێتیە، کە لە ئێران ئێرانین و لە بەغداش مالیکی و لە پیرمامیش لەگەڵ سەربەخۆیین و لە قەندیلیش پەکەکەن.)

بردنی مام جەلال تاڵەبانی بۆ تاران، بە دوای ئاشکرابوونی کاتی ڕیفراندۆم لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا، بۆ هەموو لایەک ڕوون بوو کە مام جەلال لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢وە توشی نەخۆشیی ببوو، و لە سێ ساڵی ڕابردوودا، تەنیا بە جەستە زیندووە، مێشکی تووشی شەلەل بووە و ناتوانێ تەنانەت خواستەکانی

سەرەتایی خۆشی بەیان بکات. ئەو دۆخەی مام جەلال تێی کەوتبوو، بۆ ئەوە نەدەبوو کە بیبەنە بەر شاشەی تەلەفزیۆن و وەک لایەنێکی ڕێککەوتن، یان کەسێکی بڕیاردەر کەڵکی سیاسی لێوەربگرن، وەک ئەوەی لە نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە دەباشان کرا بۆ خۆڵ لە چاو کردنی لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.

بۆ هەموو لایەک ڕوون بوو، بردنی مام جەلال بۆ تاران، بۆ پێڕاگەیشتنی پزیشکی و پێشاندانی بە پزیشکەکانی ئێرانی نەبوو. چونکە ئەگەر مام جەلال پێویستیی بە پزیشک هەبێت، ئەوە دوکتۆری ئەڵمانیی هەیە و لە ئەڵمانیا چارەسەریی پزیشکی بۆ کراوە و چارەسەریی بۆ دەکرێت، نەک لە ئێران. بردنی مام جەلال بۆ پشوودانیش نەبوو، چونکە کەش و هەوای تاران بۆ نەخۆشێکی وەک ئەو شایستە نییە و ئەگەر بە دەباشان ڕازی نەبوون، باشترین جێ بۆ پشوودانی ئەو ئەڵمانیایە و دەبووایە بیبەن بۆ ئەڵمانیا. کەوابوو، سناریۆیەک لە پشت ئەو گەشتەی مام جەلال دایە کە داڕێژەکەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێرۆ خانی هاوسەرییەتی و گومانیش لەوەدا نییە بردنەکەی پێوەندی بە ڕیفڕاندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە هەیە. لەبەرئەوە، دەبێت یەکێتییەکان و هەموو نەتەوەی کورد لەو پیلانە ئاگادار بن و ئەگەر شتێک بەناوی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە تاران واژۆ کرا، بە بەڵگەیەکی ساختەی دژ بە نەتەوەی کوردی بزانن، نە بە خێر و چاکە و مەسڵەحەتی کورد و کوردستان. هەر لەو بارەیەوە، عەبدوڵا حاجی سەعید یاریدەدری جەلال تاڵەبانی بۆ کاروباری بازرگانی کە لە ساڵی ۲۰۰۰وە ئەو پۆستەی هەیە، سەبارەت بە تەندروستیی مام جەلال، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "باس" گوتی: (**مام جەلال ئاگای لە کێشەی موچەی فەرمانبەران و قەیرانی دارایی نییە.**) واتا کەسێکی ناتەندروستە و بۆخۆی بڕیاری چوونی بۆ تاران نەداوە.

بەهەرحاڵ، یکە شتێکی تری وەک ئەوە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرینتر و مەترسیدارتر ڕوو دەدات کە ئەویش بردنی مام جەلالە بۆ تاران. بردنی مام جەلال بۆ تاران، بۆ پێڕاگەیشتنی پزیشکی و پێشاندانی بە پزیشکەکانی ئێرانی

نییە. چونکە ئەگەر مام جەلال پێویستیی بە پزیشک هەبێت، ئەوە دوکتۆری ئەڵمانیی هەیە و لە ئەڵمانیا چارەسەریی پزیشکی بۆ کراوە و چارەسەریی بۆ دەکرێت، نەک لە ئێران. بردنی مام جەلال بۆ پشوودانیش نییە، چونکە کەش و هەوای تاران بۆ نەخۆشێکی وەک ئەو شایستە نییە و ئەگەر بە دەباشان ڕازی نەبوون، باشترین جێ بۆ پشوودانی ئەو ئەڵمانیایە و دەبووایە بیبەن بۆ ئەڵمانیا. کەوابوو، سناریۆیەک لە پشت ئەو گەشتەی مام جەلال دایە کە داڕێژەکەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێرۆ خانی هاوسەرییەتی و گومانیش لەوەدا نییە بردنەکەی پێوەندی بە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە. لەبەرئەوە، دەبێت یەکێتییەکان و هەموو نەتەوەی کورد لەو پیلانە ئاگادار بن و ئەگەر شتێک بەناوی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە تاران واژۆ کرا، بە بەڵگەیەکی ساختەی دژ بە نەتەوەی کوردی بزانن، نە بە خێر و چاکەی کورد و کوردستان. هەر لەو بارەیەوە، عەبدوڵا حاجی سەعید یاریدەدری جەلال تاڵەبانی بۆ کاروباری بازرگانی کە لە ساڵی ٢٠٠٠وە ئەو پۆستەی هەیە، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ (باس) گوتی: مام جەلال ئاگای لە کێشەی موچەی فەرمانبەران و قەیرانی دارایی نییە.کاتژمێر ٠٨:٠٠ی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥، کوردستان دیمەن و ڕەنگ و بۆنێکی جیاوازتری لەگەڵ ڕۆژانی پێشوی هەبوو. هەموو چین و توێژەکانی گەل بە دڵێکی فرەوان و پڕلە ئومێدەوە، بە کەرنەڤاڵی هەمە ڕەنگی جلو بەرگەکانیان، چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە شەوق و خۆشحاڵییەکی لەبن نەهاتوو،و بە هەزاران ئومێدو ئارەزووەوە بۆ ڕۆژانی دوای دەنگداو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان، دەنگی خۆیان خستە نێو سندوقەکانی دەنگدانەوە. لە هەمانکاتدا، ژمارەیەک خایین کە بەرژەوەندییان لە نۆکەرایەتی کردنی کورد بۆ بێگانە دەبینی، خەڵکیان هاندەدا کە لە سندوقەکان نزیک نەبنەوە. ئەوان، کێشە بچووکە نێوخۆیەکانیان کردە بیانوو بۆ دەنگ نەدان، یاخۆد دەنگدانی بە نەخێر بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕایاندەگەیاند:

- (ئەگەر پارتی و بنەماڵەی بارزانی سەربەخۆیی کوردستانمان بۆ مسۆگەر بکەن، ئێمە قبووڵی ناکەین.)

ئەو خاییننانە، سەربەخۆیی کوردستانیان لە دژایەتی کردنی حیزبێک و بنەماڵەیەکدا کورت کردبۆوە. لەم لاشەوە، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان، هەرچەندە لەگەڵ پارتی دیموکرات و مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبوون، بەڵام دەنگی "بەڵی بۆ سەربەخۆیی کوردستانیان" خستە نێو سندوقەکانی دەنگدان و سوپاسی مەسعود بارزانی و ئەو ڕێکخراوانەیان کرد کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، سەربەخۆیی کوردستانیان لە مافی سیاسییەوە گواستەوە بۆ مافی مەدەنی و مافی تاک و مرۆڤی کورد و هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان لە دروشم و موزایەدەی سیاسیی حیزبەکان دەرهاویشت کە هەر مرۆڤ و نەتەوەیەک مافی خۆیەتی خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت.

دوای پەسندکردنی ئەنجامەکانی ڕاپرسی لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەنجامی بەرایی گشتپرسیی باشووری کوردستانی بۆ سەربەخۆیی بەفەرمی ڕاگەیاند. بەپێی ئەنجامەکە ٧٢:١٦% ی دەنگدەران بەشداریی ڕاپرسیان کرد کە دەبێتە ٩٢:٧٣%ی بەشداربووان بە دەنگی بەڵێ و ٧:٢٧% بەشداربووانیش بە دەنگی نەخێر. لە پێنج پارێزگای باشووری کوردستان "هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک و هەڵەبجە" و شار و شارۆچکە کوردستانییەکانی سەر بە سێ پارێزگای عێراق (موسڵ، دیالە و سەلاحەدین) و کوردستانیانی دەرەوەی عێراق، بەگشتی چوار ملیۆن و ٥٨١ هەزار و ٢٥٥ کەس مافی بەشداریکردنیان لە دەنگداندا هەبوو. لەو ژمارەیە، ٣ ملیۆن و ٣٠٥ هەزار و ٩٢٥ کەس، واتە ٧٢,١٦% ی دەنگدەران بەشدارییان لە ڕاپرسی کرد.

بەپێی ئەنجامەکەی کۆمیسیۆن، لەو ژمارەیە ١٧٠ هەزار و ٦١١ دەنگ دوور خراونەتەوە، ٤٠ هەزار و ١١ دەنگ پووچەڵ کراونەتەوە، ٩ هەزار و ٣٦٨ دەنگیش بە سپی دراون. بەو پێیە، ٣ ملیۆن و ٨٥ هەزار و ٩٣٥ دەنگ دروست دراون، لەو ژمارەیە ٢ ملیۆن و ٨٦١ هەزار و ٤٧١ دەنگ بە بەڵێ واتە ٩٢:٧٣%

ی بەشداربووان، ٢٢٤ هەزار و ٤٦٨ دەنگیش واتە ٧:٢٧% ی بەشداربووان بە نەخێر دەنگیان داوە.

گەلی کورد، چ ئەوانەی سەربە باشوری کوردستان بوون و چ ئەوانەش کە سەربە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان بوون، بەرلە هەڵبژاردن و دوای وەرگرتنی ئاکامی هەڵبژاردن، لە کەرنەڤاڵی جیاوازدا، لە کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا و تەنانەت شارەکانی ڕۆژهەڵات، باکور و ڕۆژئاوای کوردستاندا، خۆشحاڵیی خۆیان لە ڕاپرسی دەربڕی و هەموولایەک پیرۆزبایی یەکتریان کرد و هیوایان خواست، ڕژێمی عێراق ڕێز لە ڕای گەلی کوردستان و دەنگەکانیان بگرێت و هاودەنگی لەگەڵ خواستی گەلی کورد بکات. بەڵام، بە داخەوە لە یەکەمین ڕۆژی بڕیاردان لەسەر ڕاپرسی، تا کۆتایی و بڵاوکردنەوەی ئاکامی ئەرێنی ڕاپرسییەکە، دژی وەستا و ڕاپرسی کوردستانی بە نادەستوریی وەسف کرد و ڕایگەیاند: (**دەبێ هەموو خەڵکی عێراق لەسەر جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، دەنگ بدەن و ڕازی بن.**) بەو واتایە، دەبووایە خەڵکی بەسرە و نەجەف و کەربەلا و شار عەرەب نشینەکانی تری عێراق ڕازی بن لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان.

لەو چوارچێوەیەدا، کاربەدەستانی ڕژێمی عێراق لە دەوڵەتی یاسا و لایەنەکانی تری شیعە و تەنانەت بەشێک لە سوننەکانیش، هەرلەو ڕۆژەوە کە سەرکردایەتی کورد، ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ بۆ ڕاپرسی دیاریی کرد، بە هاوکاریی ئێران و تورکیا و کۆمەڵێک خایین کە ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوون لەسەر لیستی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، دەنگی خۆیان دژی ڕاپرسی هەڵبڕی[٧].

هاوکات، هەڕەشەی بەغدا لەسەر کورد و کەرنەڤاڵی خۆشیی هاووڵاتیان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بەردەوام بوو کە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٣ هەواڵی کۆچی دوایی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی لە برلینەوە گەیشت. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو کادر و ئەندامانی پارتی دیموکرات بەوپەڕی دڵفراوانییەوە پرسەی مام جەلالیان بە هی خۆیان زانی و بۆ مەرگی مام جەلال ماتەمیان گرت. دەزگای

پرۆتکـۆڵی حکـومەتی هەرێمــی کوردســتانیان بەرپــرس کــرد لە گەڕانــدنەوەی تەرمی مام جەلال بۆ سلێمانیو لە ڕێوڕەسمێکی بە شکۆدا لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی لە دەباشان بە خاکی پیرۆزی کوردستانیان سپارد و بە باشترین شێوە ڕێوڕەسمیان بۆ بەڕێوەبرد.

هەمــوو ئەوانە، لەنێــوان شــک و گومانێکــدا بەڕێوەچــوون کە بەرپرســانی کوردستان، بە یەکێتییە نیشتمانپەروەرەکانیشەوە هەستیان پێکرد. هەستێک کە لەو ترسەوە دەهات کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و باڤڵ تاڵەبانی کوڕی لە دوو نــامەی جیــاوازدا، دژی گشتپرســــــی هەڵوێســتیان وەرگــرت. ئەو گومــانە، بە هــاتنی قاســــم ســــلێمانی فەرمانــدەی فەیلەقــی قودســــــی ســــوپای پاســدارانی ئێــران بــۆ




سلێمانی بە بیانووی چوونە سەر مەزاری مام جەلال و دیداری لەگەڵ بنەماڵەی مــام جەلال و گەڕانەوەی فوئــاد مەعسـوم ســەرکۆماری عێــراق لە بەغــداوە بــۆ سلێمانی، قورسایی خستە سەرمێشکی سەرۆکی هەرێم و بەرپرسانی ترەوە کە هێرۆ، باڤڵی کوری، لاهور شێخ جەنگی فەرماندەی دژە تیرۆری یەکێتی و ئــاراس شـێخ جەنگــی بە هاوکــاریی بەشێک لە کــادیران و پەرلەمانتــارانی یەکێتــی و گۆڕان لە پشت پەردەدا، لە بەغدا و کوردستان، خەریکی بەڕێوەبردنی پلانێکـی مەترسیدارن.

بەم بــۆنەیەوە، ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٥ کۆبــوونەوەیەکی بەرفــرەوان لە نێــوان پــارتی دیمـوکرات و یەکێتــی نیشـتمانیی لە هــاوینە هەواری دوکــان پێکهــات. پارتی دیموکرات هەمــوو قورسایی خــۆی خستە سەر ئەو کۆبوونەوەیە. ڕێـزدار مەسعود بــارزانی ســەرۆکی پــارتی، نێچیرڤــان بــارزانی جێگــری ســەرۆک، فــازل میرانــی سکرتێری پــارتی و چەنــد ئەنــدامی بــاڵای مەکتەبــی سیاسیی پــارتی

بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا، پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی کە فوئاد مەعسوم سەرکۆماری عێراق و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش بەشدارییان تێدا کردبوو، لەسەر پێنج خاڵ ڕێککەوتن و ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەیان بڵاوکردوە:

**ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ( ١٥ـ ١٠ـ ٢٠١٧ دوکان)**



**لە ١٥/ ١٠/ ٢٠١٧ لە دوکان، بارەگای هاوینە هەواری سەرۆک مام جەلال، کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدرا و لەودا دۆخی عێراق و ناوچەکە و کوردستان، هەڵسەنگێندرا. لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:**

**یەکەم: جەخت لەسەر یەکڕیزی گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان کرایەوە، کە دەستەبەری ڕاپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشەکان، لەم قۆناغەدا.**

**دووەم: کۆبوونەوە، سووربوونی خۆی لە سەر چارەسەرکردنی تێکرای کێشەکان، بە دیالۆگێکی بێ مەرجی بەرپرسیارانەی بونیاتنەر، لە نێوان هەولیر- بەغدا ڕادەگەیەنێ.**

**سێهەم: هێزە کوردستانییەکان، ئێستاش هەر ئامادەن گفتوگۆیەکی بێ مەرجی کراوە و بونیاتنەر، لە سەر بنەمای بەرژەوەندی بەغداد و هەولێر و پرنسیپە دەستوورییەکان، ئەنجام بدەن.**

چوارەم: کۆبوونەوە، لە بەرژەوەندی هەموو لایەکی دەزانێ، لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق و کوردستان، بەشداری دانوستاندنی نێوان هەرێم و بەغدا بکەن. هەروەها لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش چاوەدێری پرۆسەکە بکەن.

پێنجەم: لە سەر کێشەی سەربازیی و ئاسایش، لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یان هەر شوێنێکی دیکە، هەموو چەشنە دەستتێوەردانێکی سەربازی، یان جوڵاندنی هێز و هەڕەشە و گورەشە، جگە لە مەترسییەکانی لە سەر پەیوەندی هەرێم و بەغداد، هەڕەشەشە لەسەر هەر جۆرە هەوڵێکی ڕاستگۆیانە، بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان. هەروەها، ڕاستەوخۆ پێشێلکردنی یاسا و ڕێسایە کە بڕیاریان لێ دراوە، هێزە چەکدارەکانی عێراق، بۆ یەکلایی کردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان، بەکار بهێندرێ.

لە کۆتایشدا، هەردوولا، سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرین، کە لە شەڕی تێکشکاندنی داعشدا، پێناسەی پارێزەری ئازادی جیهانیان وەرگرت و ئێستاش، سەنگەری پێشەوەی بەدیهێنانی ئامانجەکانمانن.

پارتی دیموکراتی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان[8]

کاتژمێر ٧:٠٠ی ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦ بەکاتی هەولێر، واتا ڕۆژی دوای کۆبوونەوەی دوکان کە تەلەفزیۆنم کردەوە، لەگەڵ هەواڵی کارەساتێکی مەترسیدار ڕووبەڕوو بوومەوە. بە چاوی


راگەیەندراوی کۆبوونەوەی هاوبەشی
پارتی دیموکراتی کورستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
(٢٠١٧/١٠/١٥ - دوکان)

لە (٢٠١٧/١٠/١٥) لەدوکان، بارەگای هاوینە هەواری سەرۆك مام جەلال، کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی- پارتی) ئەنجامدراو، دۆخی عێراق و ناوچەکەو کوردستان، هەڵسەنگێندرا. سەرەنجام:

یەکەم: جەخت لەسەر یەکریزی گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان کرایەوە، کە دەستەبەری راپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشەکانن، لەم قۆناغەدا.

دووەم: کۆبوونەوە، سووربونی خۆی لەسەر چارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکان، بەدیالۆگێکی بێ مەرجی بەرپرسیارانەی بونیاتنەر، لەنێوان هەولێر- بەغداد، رادەگەیەنێ.

سێهەم: هێزە کوردستانییەکان، ئێستاش، هەر ئامادەن گفتوگۆیەکی بێ مەرج و کراوە و بونیاتنەر، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەغدادو هەولێرو پرنسیپە دەستورییەکان، ئەنجامبدەن.

چوارەم: کۆبوونەوە، لەبەرژەوەندی هەموولایەکی دەزانێ، لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق و کوردستان، بەشداری دانوستاندنی نێوان هەرێم و بەغداد بکەن. هەروەها لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش چاودێری پرۆسەکە بکەن.

پێنجەم: لەسەر کێشەی سەربازیی و ئاساییش، لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یان هەر شوێنێکی دیکە، هەموو چەشنە دەستتێوەردانێکی سەربازی، یان جوڵاندنی هێزو هەڕەشەو گورەشە، جگە لەمەترسییەکانی لەسەر پەیوەندی هەرێم و بەغداد، هەڕەشەشە لەسەر هەر جۆرە هەوڵێکی راستگۆیانە، بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان. هەروەها، راستەوخۆ پێشێلکردنی یاسا و رێسایە کە بڕیاریان لێ دراوە، هێزە چەکدارەکانی عێراق، بۆ یەکلایی کردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان، بەکار بهێندرێ.

لەکۆتایشدا، هەردوولا، سڵاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرین، کە لەشەڕی تێکشکاندنی داعشدا، پێناسەی پارێزەری ئازادی جیهانیان وەرگرت و ئێستاش، سەنگەری پێشەوەی بەدیهێنانی ئامانجەکانمانن..

پارتی دیموکراتی کوردستان      یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

خۆم بینیم، فەرماندە و پێشمەرگە ڕاپاندەکرد و بەرەکانی شەڕی کەرکوکیان بەجێدەهێشت. کۆمەڵێک لە خەڵکی کەرکوک پێشیان پێدەگرتن کە بیانگێڕنەوە، بەڵام کار لە کار ترازابوو. چونکە باڵێک لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە ڕێککەوتنێکی نهێنی و ژێربە ژێری هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، باڤڵ تاڵەبانی کوڕی، لاهور شێخ جەنگی، ئاراس شێخ جەنگی، وەستا ڕەسوڵ، ئاسۆ مامەند و ژمارەیەکی تر لەگەڵ ڕژێمی عێراق و تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران، خەیانەتیان بە یەکێتی نیشتمانی و گەلی کوردستان کرد و کەرکوکیان سپاردەوە بە بەغدا و سوپای عێراق، حەشدی شەعبی[٩] و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە فەرماندەیی قاسم سلێمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران و هادی عامردی فەرماندەی حەشد و ئەبو مەهدی موهەندیس[١٠]، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و تیرۆریستەکانی حیزبوڵای لوبنان و بەبێ بەرەنگار بوونەوە ڕاپانکرد و بوونە هۆی ڕاکردن و بەرەی شەڕ بەجێهێشتنی ئەو پێشمەرگە نیشتمانپەروەرانەی کە ئاگاداری خەیانەتەکە نەبوون.

ڕۆژ ٢٠١٧/١١/٢٦، سەرتیپ قەشقە، وەک خۆی نوسیویەتی، بۆ ماوەی مانگێک لێکۆڵینەوی لە ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر کردوە و ئاکامەکەی بڵاوکردۆتەوە و لە بەشێکیدا لەژێر ناوی "ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەر، چۆن ڕوویدا؟ و نهێنی ڕووداوە کان لە ١٥ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژانی دواتر" دەڵێت:

لە ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبەرە، فشارەکانی بەغدا و هێزە عێراقییەکان بەتەواوی زیادیکردوە، پارتی و یەکێتی هەریەکەیان لە ڕێگەی کەناڵی جیاوازەوە پەیامیان بۆ هاتووە، لە بارەی هێرشکردن بۆ سەر ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان. چەند کۆبوونەوەی ژێر بەژێر بەر لە هێرشەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری سەر کەرکوک ئەنجامدراوە، بە تایبەت لە نێوان گروپێکی نێو یەکێتی، لەگەڵ بەغدا و کۆماری ئیسلامی ئێران.

دوای دروستبوونی مەترسی ڕاستەقینە لەسەر هەرێمی کوردستان، فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق، بە پەلە دەگاتەوە مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی، بە ئامانجی کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی و یەکێتی و گەیاندنی

پـەیامی بەغـدا و حەشـدی شـەعبی بـۆ هــەرێمی کوردسـتان و گەیشـتن بــە ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا. لەم لاشەوە کۆبوونەوەی بەردەوام لـە نێوانی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی، لەگەڵ هێزە عێراقییەکان بەردەوامە.

کۆبوونــەوە بــاڵا و بەرفرەوانــەکــەی دوکـان، لــە ئێـوارەی ١٥ی ئۆکتۆبــەر دەستپێکرد، دوای ئــەوەی بـارزانی و فوئـاد مەعسوم و کۆسـرەت ڕەسـول قسـەی خۆیان لە بارەی بارودۆخەکە کرد، دواتر مـەلا بـەختیار داوا لـە ئامـادەبووان دە کـات قسـە بکـات، دوای ڕێگەپێدان، دەڵێت: (**بـەر لـەوەی بچمـە نـاو باسـەکەوە دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، هەست دەکەم ڕێککەوتنێکی ژێر بە ژێری هەبێت لە بارەی هاتنەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ چەند ناوچەیـەکی کـەرکوک.**) مـەلا بەختیار، لەو بارەیەوە ئاماژە بۆ باڤڵ تاڵەبانی دەکات.

بە دوای قسـەکـانی مـەلا بـەختیاردا، باڤـڵ تاڵــەبانی، بــە ئامـادەبووانی کۆبوونـەوەکـە ڕادەگەیـەنێت: (**هـیچ ڕێککـەوتنێکی ژێـر بـە ژێـری نییـە، ئـەوەی هەیــە تــەنها ڕەشنوسـی پرۆپۆزەڵێکـە بـۆ بـەڕێوەبردنی چەنـد شـوێنێک لــە کەرکوک، بە هاوبەشی لە نێوان بەغدا و هەرێم، بەڵام تاوەکو ئێستا پێنشیازە و نەبۆتە ڕێککەوتن.**)

هەر لە کۆبوونەوەکەدا، نێچیرڤان بارزانی، ڕوو لە باڤڵ تاڵەبانی دەکات و دەڵێت: (**ئەگەر پرۆپۆزەڵێکتان لەگەڵ بەغدا تاوتوێ کردوە، کەواتـە ڕێککـەوتن کراوە. ئێوە بـەچ سیفەتێکی ڕەسمی ئـەو کارەتـان کـردوە.**) لـە وەڵامیدا، بافـڵ دەڵێت: (**ڕاستە من هیچ سیفەتێکی ڕەسمیم نییە، بەڵام پەیوەندی باشم هەیـە لەگــەڵ لایــەنی عێراقیــی، بــەڵام بــەهیچ شـێوەیەک ڕێککــەوتن نــەکراوە.**) ئــەم قسـانەی بافـڵ تاڵــەبانی، گومانــەکـانی مەسعود بـارزانی و ئامـادەبووان دەڕەوێنتەوە و کۆبوونەوەکە درێژەی دەبێت، تـاوەکو دەگەنـە ڕێککـەوتن لـەسـەر چەنـد خاڵێـک، دواتـر دەکرێتــە پـاکێج و دەدرێتــە سـەرۆک کۆمـاری عێـراق، بـۆ ئــەوەی لــە مـاوەی ٢٤ کـاتژمێر بگـەیـەنێتـە حەیدەر عیبـادی، سـەرۆک وەزیرانــی عێراق.

ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی پارتی و یەکێتی بریتی بوون لە:

* دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەبێ هیچ مەرجێک؛ واتە دانیشتن لەگەڵ حەیدەر عیبادی، بە پێی داواکارییەکانی عیبادی ئەگەر بە هەڵپەساردنی ڕیفراندۆمیش بێت.

* کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، دوای ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، لە چەند شوێنێک، بەپێی گفتوگۆ دواتر لەسەر ئەو شوێنانە قسە بکرێت.

* گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەسەر ئیدارەدانی چەند ناوچەیە کی کەمی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە نێوان هەردوولا، بە پێی ڕێککەوتنێکی واژووکراو لە نێوان هەردوولا "بەپێی دەستووی عێراقی".

* لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی "فرۆکەخانەی کەرکوک و سەربازگەی کەیوان، بیرنەوەکان" تاک لایانانە لە لایەن عێراقەوە، ڕەتکرایەوە.

دوای ئەوە، بارزانی دووبارە تەئکید دەکاتەوە لەسەر پابەند بوون بە ڕێککەوتنەکە، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، دەست لەسەر شانی بارزانی دادەنێت، بارزانیش دەڵێت: (**هەتاوەکو ئێستا قەڵەق بووم، بەڵام بۆ لە مەودوا، تۆ وەکو ژنێک "فێمەنیستێک"، بەتەواوی باوەڕم پێت هەیە، چونکە دڵنیام خاوەنی بەڵێنی خۆتی.**)

بە چەند خولەکێک بەر لە کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە، بارزانی، بە پەنجەی دەستەکانی ئامازە بۆ باڤڵ دەکات و دەڵێت: (**باڤڵ دڵنیا بم هیچ ڕێککەوتنێک لە ئارادا نییە.**) لە وەڵامیدا کوڕە گەورەکەی تاڵەبانی، دەڵێت: (**دڵنیابە هیچ شتێک لە ئارادنییە.**)

دوای ئەوە، کۆبوونەوەکە کۆتایی پێدێت و داواش لە فوئاد مەعسوم دە کرێت ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەیان بگەیەنەتە حەیدەر عیبادی. مەعسوم بەوە ڕاناگات لەگەڵ حەیدەر عیبادی دابنیشێت و لایەنی عێراقی داوای سەرۆک کۆمار بۆ دانیشتن لەگەڵ حەیدەر عیبادی دوا دەخەن و بە جددی وەریناگرن، چونکە لەگەڵ لایەکی تر ڕێککەوتنیان کردبوو.

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە هەیە، هەریەک لە ئاراس شێخ جەنگی، لاهور تاڵەبانی و ئالا تاڵەبانی، هانی باڤڵ تاڵەبانیان داوە، ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقی و حەشدی شەعبی بکات، چونکە پێیانوابووە، هەرەشەکان گەورەن و ئەو ڕێککەوتنەش دەبێتە دەستکەوت بۆ ئەوان و دەتوانن شەڕ لە کەرکوک دوور بخنەوە، بەو مەرجەی ڕێککەوتنەکە تەنها بریتیبێت لە: ڕادەستکردنی فرۆکەخانەی کەرکوک و سەربازگەی کەیوان، بیرنەوتەکان، بەبێ هاتنە ژوورەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ نێو سەنتەری پارێزگای کەرکوک و هەندێ قەزاو ناحیە لەم ناوچانە، بەڵام دواجار ڕێککەوتنەکە لە دەست دەرچوو، هێزی عێراقی و حەشدی شەعبی ڕێککەوتنەکەیان شکاند چوونە نێو ئەو شوێنانە.

لە بارەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە، ئەو کەسانەی سەرەوە چەند سەرەقەڵەمێک بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد باس دەکەن، بەڵام ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بە تەواوی بۆ ناوبراو ڕوون ناکرێتەوە، تەنها ئاماژە بەوە دەکەن کە هێزە عێراقییەکان تەنها دێنە چەند ناوچەیەک، لەوانە فڕۆکەخانە و سەربازگەی کەیوان، بەمەش کورد لە شەڕکردن دوور دەخەنەوە. ڕێککەوتنەکە تەم و مژاوی بوو بۆ هەمووان، تەنانەت یەک سەرکردەی یەکێتیش لە کەرکوک ئاگاداری ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە نەبووە و تەنها گومانیان کردبوو، کە ڕووداوگەلێک دەگوزەرێ و ئەگەر فەرمانیان بۆ بێت، دەبێت پابەندبن پێوەی.

شەوی ١٥ی ئۆکتۆبەر، ڕەفعەت عەبدوڵا، لە بوونی ڕێککەوتنەکەی ئەو سەرکردانەی یەکێتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام ناوبراو پێشتر بە هەڵە لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە تێگەیاندرابوو، بۆیە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد گوێی پێنادات. .....

لە جێیەکی تردا، سایتی ڕۆژانە هەواڵ لە زاری نوری مالیکی جێگری سەرۆککۆماری عێراقەوە بڵاویکردەوە: **(گەر پاڵپشتی و ئاسانکاری ئەو باڵەی یەکێتی و ئەو کەسایەتیانەی ئەو پارتە نەبوایە هەرگیز نەماندەتوانی بچینە نێو شاری کەرکوکەوە.** هاوکات مالیکی گوتویەتی: **"کەسایەتی قاسم سلێمانی و**

پەیوەندییەکانی بە یەکتییەوە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ئەم گۆڕانکاریانە بووە." ئەو پێیوایە ڕۆڵی قاسم سلێمانی لەم دۆخە یەکلاکەرەوەیە.

شایانی باسە ١٦ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەسەنگەری بەرگری دژی حەشدی شیعە و پاسداری ئێران بۆ پاراستنی کەرکوک وەستابوون لەناکاو خەیانەتی ڕێکەوتنی شوم کە بریتی بوو لە فرۆشتنی کەرکوک لەنێوان "لاهور تاڵەبانی، باڤڵ تاڵەبانی، وەستا ڕەسوڵ و ئاسۆ مامەند" جێبەجێ کرا و بەمەش پێشمەرگەی یەکێتیان بەزۆر پاشەکشە پێکرد و حەشد و پاسداری ئێرانی داخڵی ناو کەرکوک بوون.)

دوکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک، نهێنییەکانی ئاشکرا کرد. ناوبراو ڕایگەیاند: (پێشتر هەڕەشەی لێکرابوو.) پارێزگاری کەرکوک ڕاشیگەیاند: (ئێستاش ئەگەر بگەڕێتەوە کەرکوک مەترسی لەسەر ژیانی هەیە، بۆیە شارەکەی جێهێشتووە.) نەجمەدین کەریم بە ئاژانسی "بلوومبێرگ"ی ڕاگەیاند: (ئەو شەوەی میلیشیا شیعەکان هەڵیانکوتایە سەر کەرکوک، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو.) هەروەها ڕایگەیاند: (حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە هیچ قوربانییەک لە ڕووداوەکەدا نییە، بەلاّم تەرمی دەیان کەس بەرچاو کەوتوون و گوازراونەتەوە نەخۆشخانەکان.) نەجمەدین کەریم ئاشکرای کرد: (شەوێک پێش کارەساتەکە، باڤڵ تاڵەبانی کوڕە گەورەی مام جەلال، لەگەڵ لاهور و ئاراس شێخ جەنگی و نوێنەری قاسم سلێمانی هاتوونەتە لای و هەڕەشەیان لێکردوە و پێیانگوتووە: "دەبێت پاشەکشە لە هەڵوێستەکانتدا بکەی، ئەگەرنا هێرشت دەکەینە سەر". ئاژانسی بلوومبێرگ ئاماژەی بەوەشکردوە، لە ڕووداوەکانی ٧٢ کاتژمێری ڕابردوودا، قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. ئاشکراشی کرد، بڕیارە ڕۆژی یەک شەممەی داهاتوو، قاسم سلێمانی، ڕێککەوتنەکەی، لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری مام جەلال تەواو بکات. بە گوێرەی ئەو ئاژانسە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتاوە لە ئێران نزیکبووە، تەنانەت شەوی هێرشەکەش، بەشێک لە هێزەکانیان هیچ بەرگرییەکیان نەکرد و لە بەردەم

هێزەکانی حەشدی شەعبی پاشەکشەیان کرد. هەرچەندە لە سەرەتادا چەند یەکەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە شەڕیان کرد، بەڵام بە کشانەوەی ئەو هێزە سەرەکییانە وایکرد، حەشد بە ئاسانی کەرکوک کۆنترۆڵ بکات. نەجمەدین کەریم بە ئاژانسەکە دەڵێت: **"شەرم لە حکوومەتی ئەمریکا دەکەم کە هەڵگری وڵاتنامەی ئەمریکام، چونکە من ساڵانێک لە عێراق، یەکێک بووم لەوانەی پشتگیری سیاسەتەکانی ئەمریکام دەکرد"**. هەروەها دەڵێت: **"ڕۆژێک هەر دەگەڕێینەوە کەرکوک".)**

ڕژێمی عێراق، لە بەرامبەر خۆڕاگریی دوکتۆر نەجمەدین کەریم دا، ناوبراوی لە پۆستی پارێزگای کەرکوک لابرد و فوئاد مەعسوم کە لەسەر پشکی کورد کراوە بە سەرۆک کۆماری عێراق، لەسەرکار لابردنی نەجمەدین کەریم ی لە پۆستی پارێزگای کەرکوک پەسەند کرد و ڕۆژنامەکان نوسیان:

**بەپێی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەمڕۆ چوارشەممە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆماری عیراق لەسەر کار لادانی نەجمەدین کەریم ی لە پۆستی پارێزگاری کەرکوکی پەسەند کردوە.**

ئەو نوسینگەیە ڕوونی کردەوە مەرسومێکی سەرۆکایەتی لەو بارەیەوە لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرکراوە. ئەوەش لەکاتێکدایە ئەمڕۆ دادگای ئیداری عێراق، سکاڵایەکی نەجمەدین کەریم پارێزگاری پێشووی کەرکوکی لە دژی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە تانە دان لە بڕیاری لابردنی لە پۆستەکەی وەکو پارێزگاری کەرکوک ڕەتکردەوە.

لە بەشێکی بڕیاری ئەو دادگایە لە دژی نەجمەدین کەریم هاتووە، **(ناوبراو پارێزگای کەرکوکی ڕووبەڕووی نائارامی کردوە و زیانی گەیاندوە بە یەکێتی نیشتیمانی عێراق، هەروەها بە ئەنقەست کەمتەرخەمی کردوە لە بەجێهێنانی ئەرکی و بەرپرسیاریەتی خۆیدا لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاڵای هەرێمی کوردستان لەسەر باڵەخانە ڕەسمییەکانی عێراق، سەرەڕای ئەوەی ئەمە پێچەوانەی مادە و برگەکانی یاسایە لەوانەش بڕیاری دادگای ئیداریی ژمارە ٧٩٩- ٢٠١٧ لە ڕۆژی ١٦ی ئابی ٢٠١٧ دا.)**

هاوکات، پاڤڵ تاڵەبانی لە بڵاوکراوەیەکدا ناوی بەشێک لە هاودەستە خەیانەتکارەکانی خۆی کە ٢٧ کەسن، بڵاو کردەوە کە لە بەدەستەوە دانی کەرکوکدا لەگەڵی هاوڕا بوون و واژۆی خەیانەتەکەیان بۆ کردوە. ناوی ئەم کەسانەی لەگەڵ ئەو خەتانەتە بوون، بە نوسینی باڤڵ تاڵەبانی بریتین لە:

**هەرێم کەمال ئاغا، نوعمان وسمان، سیروان کوێخا نەجم، ڕەفعەت عەبدوڵا، حەمید حاجی غالی، ئاڵا تاڵەبانی، ڕزگار عەلی، خالید شوانی، فەرید ئەسەسەرد، جەمیل هەورامی، قادر عەزیزی، بلیسە جەبار فەرمان، ڕابەر سەید ئیبراهیم، ئارێز عەبدوڵا، لەتیف شێخ عومەر، وەستا ڕەسوڵ، مەحمود سەنگاوی، خەسرەو سەید گوڵ "بە تەلەفۆن"، وەستا حەسەن "بەتەلەفۆن"، حەمەی حەمە سەعید "بە تەلەفۆن"، عەدنان حەمەی مینا "بەتەلەفۆن"، عومەر فەتاح، بێگەرد تاڵەبانی "بەتەلەفۆن"، فریاد هیرانی "بەتەلەفۆن"، سامان گەرمیانی، ئاسۆ مامەند، هەڵۆ پێنجوێنی.**

دوای ئەو خەیانەتە گەورەیە، هەتا ئەم کاتە کە خەریکی نوسینی ئەم دێڕانەم، هیچ ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمی لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام چەند ئەندامێکی ئەو حیزبە، لە لایەن خۆیانەوە ئاماژەیان بەو خەیانەتە کرد، کە چەند بەرپرسێکی یەکێتی لە نێو بنەماڵەی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەددا، بێ ئاگاداریی کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی، پارێزگای کەرکوکیان ڕادەستی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق و ئێران کرد و ئەو هێزانەیان گەڕاندەوە بۆ ناوچە کوردستانییە کێشەلەسەرەکان و داگیریان کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەند ئەندامی هاوکاری خایینەکان لە بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، لەوانە شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بە هەڕەشەوە نوسی: (ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کۆدەبێتەوە و بڕیاری بەستنی کۆنگرە چاوەڕوانکراوەکە دەدات، بەرەو کۆنگرە... بەرەو نوێ بوونەوە و گۆڕانکاریی، بەرەو ڕێبازەکەی مام... بەرەو ڕیسواکردنی ڕیسواکەرانی یەکێتی.)

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن: لاهور شێخ جەنگی کە بەرپرسی دەزگای زانیاری و دژە تیرۆری بنەماڵەی تاڵەبانییە لەگەڵ ئاراس شێخ جەنگی برای،

ڕۆڵـــی ســـەرەکیان هەبـــووە لـــە ڕێککەوتنـــە ژێربەژێرەکـــەی بەدەســـتەوەدانی کـەرکوک. لاهـور بـە ئاشـکرا بـاس لـە بەسـتنی کـۆنگرە دەکـات و گوتوویـەتی: (لـەماوەی دوو مانگدا کۆنگرە دەبەستین و تەواوی سـەرکردایەتی و مەکتەبـی سیاسـی بە کۆمـەڵێک گـەنـج و خـوێنی تـازە، نـوێ دەکەینـەوە و لـەمەوبەدواش ئـەنجومەنی ناوەنـد چالاکتر دەکەیـن .... و جـارێکیتر لـەنێو یەکێتیدا متمـانـە نادەینـەوە ئـەو هەڤاڵانـەی ڕیفراندۆمیان کرد.)

تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤ ڕایگەیاند: (ئێستا ئـەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی لـە دەرەوەی باڵـەخانەکـەی خـۆی دەسـتی بـە کۆبوونـەوە کـردوە و چـاوەڕوان دەکرێـت بڕیـار بـدەن لـە مـاوەی دوو مـانگی داهـاتوودا کـۆنگرە ببەسـترێت، کۆنگرەیەک کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دووچاری دابەشبوونێکی گـەورە دەکات. چونکە وەک لە قسەکانی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و لاهور شێخ جەنگی دا دیارە، دەیانەوێت لە کۆنگرەی داهاتوودا بە ئارەزووی خۆیان سەرکردایەتی دروست بکەن و ئەو سەرکردانەی حزبەکەیان کە دەڵێن: لە پارتییـەوە نـزیکن، لە حیزبەکەیان دەردەکەن.)

کوردستان ٢٤ لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (بەگوێرەی قسەکانی لاهور شێخ جـەنگی بێـت، ئـەوانـەی لـەگـەڵ ڕیفراندۆمدا بـوون متمانـەیان پێنادەنـەوە، کە مەبەستی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یـەکێتی و عـەدنان مـوفتی و نـەجمـەدین کـەریم و شـێخ جەعفـەر و ژمـارەیـەکی دیکـەی سەرکردایەتی ئەو حزبەیە کە لە دەرەوەی باڵی دەستڕۆیشتووی حزبەکەدان.)

ســـەبارەت بەو خـەیـــانەتەی کە بنەمـــاڵەی ئیبـــراهیم ئـەحـــمەد و جەلال تاڵەبـانی کردیـان، چەنـد ڕوونکـردنەوەیەک لە ڕۆژنـامەنووس و بەڕێـوەبەری چەندین ماڵپەڕ و سۆسیال میدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڵاوکرایەوە و کە ناوی یەکێتیە نیشتمانپەروەرەکان نەچێتە پاڵ ناوی خایینەکان و نوسیان:

- (لەبەر ئەوەی بە پیلانی هێرۆ ئیبراهیم، باڤڵ تاڵەبـانی، لاهـور و ئـاراس جەنگی، هاونیشتیمانیان و بەشێک لە خـاکی پیـرۆزی کوردستان کە کەرکوکی قودسی کوردستانی تێدا بـوو، فرۆشرا بە حکومەتی عێراق و ئێران، بۆیە بە پێویستمان زانـی لە چەنـد دێڕێکدا بە ئـەرکی نیشـتیمانی و نەتەوەی خۆمـان

هەستین، بۆ ئەوەی ناومان نەچێتە بەرەی خەیانەت و خۆمان لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی خەیانەتی کۆمەلانی خەلکی کوردستان بپارێزین.

بەڕێزان، لەبەر ئەوەی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەستان بە ڕێککەوتن و دەست تێکەلکردن لەگەل ئێران لە ڕێگای قاسم سلێمانی و حشد الشعبی لە ڕێگای هادی عامری، و زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی مادەی ١٤٠ لە بەر پاراستنی بەرژەوەندی کەسی خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کرد، لەم بارەوە دەبێت بەلای کۆمەلانی خەلکی کوردستانەوە ڕوون بێت، کە فەرماندە سەربازییەکانی سەر بە یەکێتی، هەمان ئەو فەرماندانەن کە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانیان هەلگیرساندەوە و ڕاپەڕینیان ئەنجامدا و چەکدارە دڕندەکانی داعشیان لە ناوبرد، کاری فەرماندە و سەرباز ئەوەیە کە فەرمانی سەروتری خۆی جێبەجێ بکات، بەداخەوە لەم دۆخەدا ناچاریان کردن کە بە دل شکاوی و ڕاڕاییەوە پاشەکشێ بکەن، کە ئەمەش بووە هۆی شکاندنی غروری سەدان فەرماندە و هەزاران پێشمەرگەی گیان لە سەر دەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

کۆمەلانی خەلکی کوردستان، دلنیابن مێژوو خۆی ناپارێزێت لە نووسینەوەی خەیانەتی ئەو چەند سەرکردەیە و خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی پێشمەرگەکانی یەکێتی، هەر بە ئامانجی خۆی دەگات.

بەداخەوە کە ئەم ڕێککەوتنە ژێربەژێرە خەیانەتکارانەیەی بنەمالەی ئیبراهیم ئەحمەد و خوالێخۆشبوو هەڤال مام جەلال تالەبانی، بووە هۆی ئەوەی کە ڕێبازی زیاتر لە نیو سەدەی هەڤال مام جلال تالەبانی بشێوێنێت، چونکە هەر ئەو ڕێککەوتنە بوو، بوویە هۆی ئەوەی بە هەزاران خێزانی کوردی کەرکوک و دووز خورماتوو ئاوارە بن و مال و حالیان بسووتێت و تالان بکرێت، هەر ئەو ڕێککەوتنە بوو کە بووە هۆی شکاندنی شکۆ و کەرامەتی تاکی کورد، بۆیە لە ئێستاشدا ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە یەکێتی ناکشێینەوە و دەچینە بەرەی خەباتگێرە دێرینەکانی یەکێتییەوە.

سەربەرزین بەوەی بەڕێز هەڤال کۆسرەت ڕەسول جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیمان و بەڕێزان شێخ جەعفەر شێخ مستەفا و مەلا بەختیار و

دوکتۆر نەجمەدین کەریم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیمان دژی ئەو ڕێککەوتنە خەیانەتکارییەن، بۆیە لێرەدا داوا دەکەین کە هیچ کادرێک و پێشمەرگەیەکی یەکێتی هەست بەوە نەکات کە یەکێتی چووەتە بەرەی خەیانەتەوە، چونکە ئێمەمانان دەتوانین بەردەوامی بە ڕێبازی خوالێخۆشبوو هەڤاڵ مام جەلال تالەبانی لە پاڵ ئەم سەرکردە بەشەرەف و چاونەترس و کوردپەروەرانەدا بدەین، چونکە ئێمە خاوەنی سەدان و هەزاران شەهیدی سەربەرزین و خەڵکی کوردستان شانازیان پێوە دەکەن، وەک شەهید لیوا حوسێن مەنسور و شەهید عمید شێرکۆ فاتح شوانی کە بە خەیانەتی خەیانەتکارانی ناو یەکێتی شەهید کران.)

لە هەمانکاتدا، ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٧ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم پەیامەی خوارەوەی بۆ ڕای گشتی گەلی کوردستان و جیهان ڕاگەیاند:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

جەماوەری خۆشەویستی کوردستان

ڕای گشتیی کوردستان و عێراق و جیهان

بە درێژایی مێژوو گەلی کوردستان لەژێر هەڕەشە و زوڵمدا بووە و مافەکانی پێشێل کراوە. لەو مێژووەدا گەلی کوردستان بەرگریی لە ناسنامەی خۆی کردوە و تووشی جینۆساید و کۆمەڵکوژی هاتووە کە دواییینیان پەلاماری دڕندانەی تیرۆریستانی داعش بووە بۆ سەر کوردستان و جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی. لەگەڵ ئەوەیشدا گەلی کوردستان هەمیشە لە ڕوانگەی چارەسەری ئاشتیانەدا هەنگاوی ناوە و هیچ کاتێک شەڕمان نەویستووە، بەڵکو شەڕمان بەسەردا سەپێندراوە و هەموو هەوڵێکمان بۆ چارەسەری ئاشتیانە داوە بۆ مانەوەمان و گەیشتنمان بە ئامانجەکانمان. ئامانجی سەرەکیشمان هەمیشە ئاسایش و مافەکانی گەلی کوردستان بووە.

هاوولاتیانی خۆشەویست

ئەوەی لە شاری کەرکوک ڕووی داوە، دەرئەنجامی بڕیاری تاکلایەنەی چەند کەسێک لەنێو لایەنێکی سیاسیی ناوخۆی کوردستان بوو، کە دواجار بووە هۆی

ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەو شێوەیەی کە دیترا پاشەکشە بکەن و لە دەرئەنجامی ئەم پاشەکشەیە، هێڵی تەماسی پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ لە ٢٠١٦/١٠/١٧ لەنێوان بەغدا و هەولێر بووە بە بنەمای لەیەکگەییشتن لە چۆنیەتیی بڵاوە پێکردنی هێزەکانی عێراقی و هەرێمی کوردستان.

جەماوەری کوردستا ن دڵنیا دەکەینەوە ئەوەی پێویستە و دەکرێ، لەپێناو پاراستنی دەستکەوتنەکانمان و ئارامی و ئاساییشی خەڵکدا ئەنجامی دەدەین. ئێستایش داکۆکی لەسەر پاراستنی یەکڕیزی و خۆڕاگریی گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکان دەکەینەوە و، داوایش لە دەزگەکانی ڕاگەیاندن دەکەم بە گشتی لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و نیشتیمانی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی هەستیاری کوردستان و عێراقدا بکەن. گەلی خۆڕاگری کوردستان، جەماوەری دڵسۆز و خۆبەخشەکان، پێشمەرگە قارەمانەکان، کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانمان، ئەو خوێنەی ڕۆڵەکانتان لەڕێگەی ئازادیی کوردستان بەخشیویانە و ئیمڕۆش هەر دەبەخشرێ، ئەو دەنگە زوڵاڵە بەرزەی کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خستانەڕو و گەیاندتانە گشت گەلان و وڵاتانی جیهان، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە فیڕۆ ناچێت و بەفیڕۆیش نایدەین.

گەلی کوردستان بە هیمەتی هێز و ڕۆڵە قارەمانەکانی زوو یان درەنگ هەر دەگاتە ئامانجە ڕەوا و پیرۆزەکانی. ئیمڕۆ ڕۆژی باوەڕبوونە بە هێز و یەکڕیزیی گەلەکەمان.

مسعود بارزانی ٢٠١٧/١٠/١٧

هەروەها، ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٨، ڕێزدار محەمەدی حاجی مەحمود، بەیاننامەیەکی سەبارەت بە خەیانەتی ئەو تاقمە لە نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند:

کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان.

ئەوەی کە نەدەبوو ڕوو بدات لە ٢٠١٧/١٠/١٦دا بەداخەوە لەشاری کەرکوک دا ڕووی دا و کاریگەریەتی خراپی کردە سەر دەسکەوتەکانی گەلەکەمان کە

بەدرێژایی مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو گەلە سەربەرزەکەمان بەدەستی هێنابوو، واتە بە گیان فیداکاری و خەبات و تێکۆشانی بەردەوام و بەخوێنی هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە و بە خــۆراگری گەلەکەمـــان لەبەردەم کـــۆمەڵ کـــوژی هێنراوەتەدی.

جەماوەری تێکۆشەری گەلەکەمان بەدرێژایی بیست و شەش ساڵی ڕابردوو گەلەکەمان دەسکەوتی لە مێژینەی بۆ ڕەخسا و وەک پێویست نەیتوانی سودی لێوەربگرێت لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ەوە دواتر دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێوە بردنی هەرێمی کوردستان تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە٢٠٠٣دا، سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوکات دەبوو بیری لە دیاریکردنی سنوری کوردستان بکردایەتەوە، بەڵام لەبەر هەل و مەرجی ئەوکات فیدراڵیەتی بۆ ئەو قۆناغە بە دەسکەوتێکی تری گەلەکەمانی زانی، دوای سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی پانتایەکی زۆری خاک و ناوچەی سنوریەکانی عێراق، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەگیانبازی خۆی ئەو ناوچە کوردستانیانەی گرتەوە دەست، بەڵام بەداخەوە بەرچاو تەنگی و ململانێی نادرووستی حیزبی و سیاسی گەیشتە ئەو ئاستەی دوژمن پەلکێش بکرێت بۆ ناو شاری کەرکوک ئەوەی لە سەد ساڵی ڕابردوو بەدەستمان هێنابوو لەچەند ساتێکدا لەباربرا. بەڵام ئێمە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سوورە لەسەر داواڕەواکانی گەلەکەمان و بەردەوامە لە خەبات و تێکۆشان تا مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان بەدەست دێت، هێزە عێراقییەکان بە چاودێری ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە کەرکوکیان داگیر کردەوە، بەڵام ناتوانن ئیرادەی پێشمەرگە و ویستی گەل داگیر بکەن، بۆیە پێشمەرگە هەمیشە زیندووە و بەردەوام دەبێت. وە ئەو دەنگۆیانەش ڕەتدەکەینەوە کە پێیانوایە داگیرکردنی کەرکوک بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە بوو بێت بەڵکو پرۆسەی ڕاپرسی کارێکی ڕاست و دروست بوو لە کاتێکی گونجاو و شایستە دا ئەنجامدرا، ئەوەی جێی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە کە ئەو هێرشەی کرایە سەر شاری کەرکوک بەچەکی ئەمریکی و بە ئاگاداری ئەمریکا ئەنجام درا. بەڵام گەلی کورد بە دیرێژایی

مێژوو سەر نەوی نەکردوە و مێژووش ئەو ڕاستییەی سەلماندوە و ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەردەوام دەبن لە خەبات و تێکۆشان، هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا بە جورێکی تر هەڵدەسوڕێ و دەبێ ئەمجارە سەرکردایەتی سیاسی کورد، سوود وەربگرێ لە معادلە نێودەوڵەتییەکاندا کە لەناوچەکەدا تۆختر دەبێتەوە و ئاسۆی سەربەخۆی دێتەدی.

سەربەرزی بۆ جەماوەری خۆڕاگری کەرکوک

سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان

محمدی حاجی محموود

سلێمانی: ٢٠١٧/١٠/١٨

پێشمەرگەی کوردستان، بە فەرماندەیی ڕێزدار مەسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٤وە لێبڕاوانە کوردستانی لە دەستی داعش پاراست و توانی کەرکوک، شەنگال. مەخمور و ئەو شوێنانەش کە داعش داگیری کردبوون، بە خوێنی نزیک بە یازدە هەزار شەهید و برینداد ڕزگار بکاتەوە. کوردستان لە کاتێکدا بە هەنگاوی خێرا بەرەو پێشەوە دەچوو، کێشە ناوخۆییەکان کە بەشێکیان پاشماوەی پەروەردە کردنەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و بنەماڵەکەیەتی، لەگەڵ توندڕەویی بەشێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی و باڵی سەربە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە بەستراوەیی نزیکیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتدارانی بەغداوە هەیە، نەیدەتوانی سەقامگیریی تەواو بەدەست بێنن. کێشەکانی نێو باڵەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و ڕاڕابوونیان لە بڕیار و خەباتیاندا کە هەر ڕۆژەی بە لایەکدا دەکەوتن، هەرگیز نەیاندەهێشت پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرک و پرۆژەکانی خۆی بە دروستی بە ئەنجام بگەیەنێت و لە جیاتی هاوکاریی حکومەت بکەن لە ئەرکەکانیدا، لەمپەر بوون لە بەرامبەر بەرەوپێشبردنی ئەرکەکانی، تا سەرئەنجام خەیانەت وەک کەلتورێکی کۆن لەنێو بەشێک لە یەکێتیدا سەریهەڵدا و کەرکوک و خورماتوو و خانەقین-یان کە پێشتر خۆیان حەشدی شەعبییان تێدا جێگیر کردبوو، ڕادەستی حەشدی شەعبی و پاسداری ئێرانیی کرد. لەو بارەیەوە مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە پەیامێکی ئاواڵەدا باس لەو خەیانەتە و سزادانی بکەرانی دەکات و دەڵێت:

پەیامی ئاواڵە مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

دۆخی کوردستان، گەیشتۆتە هەڵدێرێکی مەترسیدار. دەمەوێ بەم پەیامە، گەلە دڵسۆزەکەمان و پێشمەرگە قارەمانەکان و کەسوکاری شەهیدان و تەواوی لایەنە سیاسییەکان ئاگادار بکەم کەوا بەش بەحاڵی خۆم، چاوەڕێ دەکەم پەرلەمانی کوردستان، یان هەر کۆمیتەیەکی شارەزای بێلایەن، هەڵسەنگاندێکی قوڵی هەمەلایەنە، بە بەڵگەوە، لەسەر کۆی ڕوداوەکان بکات، بە ڕوداوی کارەساتباری کەرکوکیشەوە، لەسەر هەرکەس و گروپ و لایەنێک، هەر تاوانێک سەلمێندرا، ئەوکاتە دەبێ دادگا توندترین سزایان بدات. لەناو یەکێتیشدا، بەهەمان شێوە، هەڵسەنگاندن لەسەر هۆکارە ڕاستەقینەکانی کێشەو ڕوداوەکانی ناو یەکێتی، بکرێ. هەتا سەرئەنجامی هەڵسەنگاندن، بەبەڵگەی تەواوەوە، ڕوداوە کارەساتبارەکان، ساغ نەکاتەوە، پێشوەخت، تومەت دابەشکردن لە ڕاگەیاندن و لە چاوپێکەوتنەکاندا، کارێکی ناشایستەیە. کە بێگومان، ئەم ڕوداوانە، لەخۆڕا ڕویان نەداوە. هەرلایەک بەپێی سەنگی خۆی و هەموو کاربەدەستێکیش، بەپێی پێگەکەی، پشکی کارەسات و ڕوداوەکانی بەردەکەوێ. بەش بەحاڵی خۆم، نەک لەم دوو هەفتەیەدا، بەڵکو لە دوای نەخۆشکەوتنی جەنابی مام جەلالەوە، ڕەنجی فەرهادم داوە، هەم لەناو یەکێتیدا و هەم لەنێوان یەکێتی و پارتی و لایەنەکانی تریشدا، هاوکات نێوان هەرێم و بەغداد و دەوڵەتانی ناوچەکە، سیاسەتێکی ئەقڵانی هاوسەنگ بگیرێتەبەر. بەڵام مەخابن، لەبەشێکی بەرچاوی ئەو سیاسەتەدا، بەهۆی هەلپەرست و هەرزەکارانەوە، شکستمان خوارد! سەبارەت بە ڕیفراندۆمیش، پاساوم بۆ ڕەخنە فرۆشان نەهێشتۆتەوە تانە بخەنە سەر هەڵوێستەکانم. بۆ یەکەمین جارە دەیڵێم: من، بەردەوام لە کۆبونەوەی دووقۆڵی یەکێتی و پارتی و سێقۆڵی لەگەڵ پارتی و یەکگرتوشدا، هەروەها لە کۆبونەوەی لیژنەی باڵای ڕیفراندۆمیشدا، سور بووم لەسەر ئەوەی بەدیلی ڕیفراندۆم قبوڵ بکەین و

لەگەڵ ئەمریکا، بەریتانیا، دەوڵەتانی ئیقلیمی، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و حکومەتی عێراق، گفتوگۆیەکی بەرپرسانە بکەین. بەڵام لەناو ڕای گشتی گەلەکەشماندا، دڵی یەک هاوڵاتی کوردستانیشم، لە داکۆکی بۆ مافە دیموکراسیەکان، سارد نەکردۆتەوە. چەند هەڵە و چەندیش لەو سیاسەتە ڕاست بوبین، وەکو یەکێتی، با ئەمەشیان جێبهێڵم بۆ هەڵسەنگاندن و توێژینەوە. جەماوەری سەربەرزی کوردستان! بەم پەیامە ئاواڵەیە، هەموو لایەک ئاگادار دەکەمەوە کەوا: یەکەم: مەترسییەکی گەورە لەسەر باشور و هەرێمی کوردستان هەیە، کە ببێتە دوو ئیدارەیی و دوو ئیدارەییش، لێکەوتەی شەڕی ناوخۆ و دەستێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی نەخوازراوی لێ چاوەڕوان دەکرێ. دووەم: یەکێتی، سەرەنجامی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال (پێشتریش) گیروگرفتەکانی نزیک کەوتونەتەوە لە بنبەست و مەترسی جیابونەوەیەکی گەورە، هەڕەشە لە یەکێتی دەکات. هەلپەرست و هەرزە ئەقڵەکانی ناو یەکێتی و فەیسبوک بازەکانیش کە هەر خەریکی شێواندنی زهنیەتی خەڵکن، وەکو پێشینان وتویانە: "دز بازاڕی شێواوی هەیە".. ئەمانەش، لەناو هەموو ڕەوت و جەمسەرەکاندا، زۆر نابەرپرسیارانە، لە ڕابوردودا بەگشتی و لە دوو مانگی ڕابوردودا بەتایبەتی، دەستیان هەیە، لەم دۆخەی یەکێتی تێیکەوتووە. کە بەداخەوە بەشێک لە ئامانجە گڵاوەکانیان هێناوەتەدی! گەلی لێقەوماومان! دوو ئیدارەیی و جیابونەوەی ناو یەکێتی، یان جیابونەوەی ناو یەکێتی و دوو ئیدارەیی، لەم هەلومەرجەی دوای کارەساتی کەرکوک، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە. هەر کوردێکی بەشەرەف و هەر یەکێتیەکی دڵسۆز، ئەگەر بیەوێ، دوای کارەساتی عەسکەری کە لە ناوچە کێشەلەسەرەکاندا (بە شارە ئازیزەکەشمەوە خانەقین) بەسەرماندا هاتووە، ڕاماننەکێشێت بۆ کارەساتی سیاسی ترسناکتر، هەق وایە، دڵسۆزان چەند دژی جیابونەوەی هەرێمن، هێندەش پەرۆشی یەکڕیزیی یەکێتی ناو یەکێتی بن.

بەندە، ڕایدەگەیەنم، دژی جیابونەوەم لەناو یەکێتیدا و دژی دوو ئیدارەییم. بەتوندی دژی ئەوەشم جگە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو یەکێتی، هیچ

ڕێگەیەکی تر بگیرێتەبەر. بۆیە پێدادەگرم لەسەر ئەوەی ئۆڕگانەکانی یەکێتی، تەواوی دەسەڵاتی حزبی و سیاسییان هەبێ. هیچ کەسێک و هیچ بنەماڵەیەک، بۆی نەبێ، لەباتی ئۆڕگانە ڕەسمییەکانی یەکێتی، بڕیار بدات. یان کۆبونەوە لەگەڵ هیچ لایەکدا بکات. هەڤاڵە دێرین و نوێکان دەمناسن، لە هیچ قۆناغێکدا، خۆم لە بەرپرسیارێتیی نەدزیوەتەوە. بەڵام دۆخەکەی کوردستان و بەداخەوە هی ناو یەکێتیش وایلێهاتووە بڵێم: چیکە، ناتوانم ئاژاوە لە ئاژاوەگێڕان قبوڵ بکەم. هەتا ئێستا لەبەر خاتری کەسوکاری شەهیدان و سەرۆک مام جەلال و پێشمەرگە و مێژووی یەکێتی خۆم بە نیمچە بەرپرسیار لەناو یەکێتی و لە ویژدانی خۆمدا زانیووە، ئەوەی لە تواناشمدا بوبێ، هەوڵم داوە بۆ چارەسەر، بەڵام لەمەودوا ئەو نیمچە بەرپرسیارێتیەش کاریگەری نەماوە لەناو هاوکێشەکاندا، بۆیە پێشکەشی ئەوانەی دەکەم، لەناو هەموو جەمسەرەکاندا، هەڵپەیانە مەرام و نەخشەکانیان دوای مردنی سەرۆک مام جەلال بەدیبهێنن. تەنها بەیاننامەکان و چاوپێکەوتنی داهۆڵەکان بژمێردرێ، ئیتر ساغ دەبێتەوە چ نەخشەیەکی شاردراوە، لە ئارا دایە. ڕەخنە تێکەڵ بە ڕق و ڕقیش پیلانی تۆڵەسەندنەوەی بۆ داڕێژراوە.

جەماوەری گەلەکەمان هەرچی ڕەخنە و ناڕەزاییان هەیە بەرامبەرمان، هەقیانە. بەڵام هەلپەرست و بازرگان و ئاژاوەگێڕان، لەباتی ئەوەی دەست بە کڵاوی شکستەکانیان بگرن، نەکا ڕەشەبای توڕەیی خەڵک بیبات، کەچی هێشتا زمانیان پاراوە و پاساویان سازە و تەلەفزیۆنەکانیشیان داگیر کردوە! لەکۆتاییشدا، جەخت دەکەمەوە، لە هیچ کۆبونەوەیەکدا بەشداری ناکەم، ئەگەر کۆبونەوەکە شەرعیی نەبێ و دوا دەسەڵاتی سیاسی و حزبی، نەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی. هەرگیز هەژمونگەری هیچ کەسێک و هیچ بنەماڵەیەک و هیچ دەستەگەرییەک، قابیلی قبوڵ نییە بۆم. چونکە کولتوری سیاسی یەکێتی وابووە. نەک ئەمەی دەگوزەرێ. داوای لێبوردنیش دەکەم لەم کاتەدا، کە گەلەکەمان دوچاری باری نالەبار هاتووە، بەندە، ئەم پەیامە بڵاودەکەمەوە. بەدڵنیاییەوە، ئەگەر پەیامەکەم زۆر بە پێویست نەزانیبا، وەکو ساڵانی ڕابوردوو، خۆمم دەخواردەوە و

ئەرکەکانیشم ڕادەپەڕاند. بەڵام ئێستا، بەش بەحاڵی خۆم، ئیتر قسە نەکردن بە تاوان دەزانم، دیارە قسەی ئێجگار زۆرترم پێیە لەسەر ڕوداوەکان و کێشەکان و دیاردە دزێوەکان، لە سەرانسەری کوردستاندا. بەڵام نامەوێ بە کار و کاردانەوە هیچ بڵێم، پێشینان گوتەنی: قسە لەکاتی خۆی و لەجێی خۆی. تەنها شانازیشم ئەوەیە کە هەرکاتێک بێمە دەنگی تەواو، نە قەرزاربارى حکومەتم و نە هیچ کەسێکی تر. منەتی هیچ لایەکیش نازانم بۆ ئەستۆ پاکی. خۆم تەنها بەقەرزارباری کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە غەدرلێکراوەکان دەزانمو بەس.

مەلا بەختیار ٢٠١٧/١٠/١٨

هاوکات لەگەڵ ئەو هەڵوێستانە، سەبارەت بە ڕادەستکردنی کەرکوک و خورماتو و خانەقین بە دوژمن، جفاتی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبۆەوە و ئەویش بۆ ئەوەی لە ڕێگای سیاسییەوە، دەستکەوت و ئەزموونەکانی کورد پوچەڵ بکاتەوە و ئاسەواری لێ نەهێڵێت، داوای کرد پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و لە جیاتی ئەوانە "حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانیی" دابمەزرێت کە کێشەکان یەکلا بکاتەوە. پارتی دیموکرات و باڵی نیشتمانپەروەری یەکێتی نیشتمانیی داخوازەکەیان ڕەت کردەوە و ڕایانگەیاند دانانی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانیی پێویستیی بە دەنگی دوولە سێی پەرلەمان دەکرێت، فەرموو بگەڕێوە پەرلەمان دەنگی بۆ وەربگرە.

لە لایەکی ترەوە، بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە قەوارەیەکی سیاسییە و دوکتۆر بەرهەم ساڵحە بۆ بەشداریی کردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان پێکیهێناوە، لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا کە تەلەفزیۆنی ڕووداو بڵاویکردەوە، خەیانەتی کەرکوکیان بە قەیران و شکستی سیاسیی و سەربازیی ناساند و داوایان کرد پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و پێنج داواکارییان خستەڕو:

هەرسێ لایەنەکە لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی کەرکوک و دەوروبەری بە "قەیران و شکست و کارەساتی سیاسی و

سەربازی" ناودەبەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە، پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکان، ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی پرۆسەی سیاسی و دانانی ڕێگەچارەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی خورماتوو و کەرکوک و خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان داوا دەکەن:

١- قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و یەکڕیزی گەلی کوردستان پارێزراو بێت، میللەتەکەمان لە مەترسییەکانی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆ ڕزگار بکەین.

٢- لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لە ڕێگای پەرلەمانەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی مەلەفی گفتوگۆی هەمەلایەنە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بە چاودێری ڕێکخراوە بیانییە تایبەتمەندەکان، تەواوکردنی ڕەشنووسی دەستوور بە جۆرێک سیستەمی پەرلەمانی تێدا جێگیر بکرێت و ئامادە بکرێت بۆ ڕاپرسی، دانانی بەرنامە و پلان بۆ چاککردنی بژێوی خەڵک.

٣- حکومەتی عێراق مامەڵەی لە ناوچە جێناکۆکەکان بەپێی دەستوور بێ و کار بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە بکات و ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر جێگای خۆیان.

٤- دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵبووەشێتەوە و دەسەڵاتەکانی بەپێی یاسا بدرێنە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان.

٥- پەرلەمانی کوردستان سەرچاوەی بڕیار و یاسادانان بێ و هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی لە سەروی پەرلەمانەوە نەبێت.

بڵاوکراوەی ئەو سێ لایەنە، لە کاتێکدایە کە خودی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بە هاودەستیی کردن لەگەڵ خەیانەتکاران تاوانبارن. لەو بارەیەوە وەفیق سامەرایی دەڵێت: **(گۆڕان و کۆمەڵ پشتیوانییان لە پاڤڵ تاڵەبانی و ئاراس و لاهور جەنگی کردوە.)**

سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی عێراق لە سەردەمی بەعس کە دواتر ڕاوێژکاری جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بوو، ئەوەی ئاشکرا کرد کە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، "ناڕاستەوخۆ" پشتیوانییان لە باڵێکی یەکێتی کردوە بۆ ڕادەستکردنی کەرکوک.

وەفیق سامەرایی لە وتارێکیدا کە لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی "فەیسبووک" بڵاوی کردۆتەوە، جارێکی دیکە کارەساتی ئەنفالکردنی گەلی کوردستانی ڕەت کردۆتەوە و بە تۆمەتی وەسف کردوە کە لە سەردەمی کارکردنی خۆیدا لە دەزگای هەواڵگریی عێراق ڕووی داوە.

هاوکات لەبارەی ڕووداوەکانی کەرکوکیش نووسیویەتی، **(مانۆڕ و بوێری و حیکمەتی تیمی تاڵەبانی "پاڤڵ تاڵەبانی، ئاراس و لاهور جەنگی" و هاورییەکانیان، هەروەها بەدەمەوە هاتنی سەرکردە و فەرمانگەکانی پێشمەرگەی یەکێتی "ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕادەستکردنی کەرکوک هەبووە.)**

وەفیق سامەرایی کە بە دژایەتیکردنی بۆ پرسی کورد و خواستەکانی گەلی کوردستان ناسراوە، لە نوسینەکەیدا ئەوەشی ئاشکرا کردوە کە ئەو کارانەی پاڤڵ تاڵەبانی، ئاراس و لاهور جەنگی، **"لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامییەوە پشتیوانییان لێ کراوە"**. ئەو پشتیوانییەی بە "ناڕاستەوخۆ" داناوە.

پێشتر، چەندان سەرچاوە ئەوەیان ئاشکرا کرد کە کشانەوەی هێزەکانی سەر بە یەکێتی لە باشوری کەرکوک و ڕادەستکردنی "کەرکوک، خورماتوو، جلەولا و خانەقین" بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران، بەپێی ڕێککەوتنێکی نهێنیی نێوان هەریەک لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، سوپای پاسداران و باڵێکی یەکێتی بووە کە دیارترین سەرکردەکانی ئەو باڵەی یەکێتی بریتین لە "پاڤڵ تاڵەبانی، لاهور و ئاراس شێخ جەنگی، ئالا تاڵەبانی، ئاسۆ مامەند و وەستا ڕەسوڵ". لەمبارەیەشەوە کۆسرەت ڕەسول عەلی، جێگری یەکەمی یەکێتی لە پەیامێکیدا پێشتر ئەو باڵەی یەکێتی بە "کاڵفامەکانی نێو یەکێتی" وەسف کرد.

ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦، عەسایبی ئەهلی حەق کە باڵێکی تیرۆریستە لە حەشدی شەعبیدا و ئایەتوڵا عەلی خامنەیی بە مەرجەعی خۆی دەزانێت سوپاس و ڕێزی خۆی بۆ وەفاداریی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە یەکپارچەیی خاکی عێراق پێشکەش کرد.

هەروەها ڕۆژنامەی "اعتماد" کە ڕۆژنامەیەکی ئێرانییە، لە ژمارەی ٣٩٣٢، ٢٠١٧/١٠/١٨دا بە ڕاشکاوی باسی لە ڕێککەوتنەکەی پاڤڵ تاڵەبانی و هادی

عــامری بەرپرســی حەشــدی شــەعبی لە عێــراق و ســەردار قاســم ســلێمانی فەرمانــدەی فەیلەقــی قودســی ســوپای پاســداران کــردو ڕایگەیانــد: (ڕێککەوتنەکەیان لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی حەیدەر عیبادی ئەنجامدراوە.) ئەو ڕۆژنامەیە، لەو بابەتە دەدوێت کە مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری عێراق لە لیستی بزووتنەوەی گۆڕان نێوەڕۆکەکەی بڵاوکردەوە کە دەڵێت:

یەکەم: گەڕانەوەی هێزەکانی عێراق بۆ ناوچە دابڕاوەکان و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بەبێ شەڕ

دووەم: تەسلیمکردنی ١٧ یەکەی ئیداری "قەزا و ناحیە و ناوەندی کەرکوک" بە دەسەڵاتی ئیتحادی کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی دەکات. ئەگەر ئەوانە تەسلیم نەکرێت ئەوا عێراق داوای ١١ یەکەی ئیداری دیکەش دەکات کە پاش ٢٠٠٣ هەرێم ئیدارەی دەدات. کۆی گشتی دەبێتە ٢٨ یەکەی ئیداری.

سێیەم: ناوەندی کەرکوک ئیدارەی هاوبەش دەبێت، ١٥ گەڕەکی کوردی لەلایەن کوردەوە ئیدارە دەکرێت و ٢٥ گەڕەکی تری پێکهاتەکانی تر خۆیان ئیدارەی دەکەن و ئەم حاڵەتە بۆ شەش مانگ بەردەوام دەبێت.

چوارەم: جێگا ستراتیژییەکانی کەرکوک لەلایەن حکومەتی ئیتیحادی بەڕێوە دەچێت، موعەسکەر کەیوان و فڕۆکەخانە و بیرە نەوتەکانی کەرکوک.

پێنجەم: کردنەوەوی فڕۆکەخانەی سلێمانی بەڕووی گەشتی نێودەوڵەتی.

شەشەم: پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی سنوری سلێمانی و کەرکوک لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە.

حەوتەم: پێدانی مووچەی پێشمەرگەی سنوری سنوری سلێمانی بەپێی لیستی ئامادەکراو لەلایەن بافڵ تاڵەبانی.

هەشتەم: درووستکردنی هەرێمی هەڵەبجە- سلێمانی- کەرکوک.

نۆیەم: پێکهێنانی حکومەتێک بۆ ئەم هەرێمە نوێیە.

لەلایەکی تردا، ڕۆژنامەی "قانون" کە یەکێک لە ڕۆژنامە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، لە لاپەڕەی دووەمی ژمارە ١٠٤٩ی ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٨، بەشی سیاسەتدا، لە لایەن ڕیپۆرتەرەکەوە بە ناوی "علی ڕەزا شاکر" ئاماژەی

بۆ سیاسەتی سەرکردەکانی ئێران لە عێراق کردوە و لەژێر ناوی "ناوبژیوانی حاجی قاسم بۆ ڕێگریکردن لە براکوژی"، دەڵێت: (کەرکوک بەبێ خوێنڕشتن ئازاد کرا.) و لەو بوارەدا بە درێژی باس لە ڕۆڵ و ئەرکی قاسم سلێمانی لە عێراق و ئەفغانستان و چالاکییەکانی دەکات. دواتر لە بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکەیدا باس لە ڕۆڵی قاسم سلێمانی بۆ هێرش کردن بۆ سەر ناوچە جێ ناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکات بە مانشێتی "غروری شکێنەر" دەڵێت: (وایلێهاتووە کە پیاوەکی وەکوو مەسعود بارزانی بگاتە ئاستێک کە گویی بۆ ڕێنوێنی جیرانەکان و هاورێی کوردەکانی شڵ نەکات و وا بیر بکاتەوە کە بە پشتبەستن بە پێشمەرگەکان دەتوانیت دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکات و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی پێ ئاڵۆزی بکات کە ئەو خەیاڵەی لە کەرکوک تێکشکێندرا. چونکە قاسم سلێمانی تەنیا بە یەک دانیشتن توانی ئەو بوەستێنێ. لەو ڕۆژدا کە وێنەکانی قاسم سلێمانی لەسەر مەزاری جەلال تاڵەبانی بلاوکرانەوە، ئەو لەگەڵ پاڤڵ تاڵەبانی کوڕی خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی دانیشت و داوای لێکرد کە هەر وەکوو باوکی لە بەرەی هاورێیانی عێراقی یەکگرتوودا بێت و ڕێگا نەدات کە بارزانی شەڕ و ناکۆکی بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات.) لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: (هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەکاتی پێشرەوی هێزەکانی عێراقی بۆ کەرکوک لە کێڵگە نەوتییەکان و شوێنەکانی تری کەرکوک پاشەکشەیان کرد و کەرکوک بەبێ خوێنڕشتن گەڕایەوە باوەشی عێراق.)

سەبارەت بەو خەیانەتە مەزنەی بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی، قوباد تاڵەبانی کوڕی بچووکی جەلال تاڵەبانی، ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦، لە ئەنجومەنی وەزیران ڕایگەیاند: (من شەرمەزارم لە کارەکانی باڤڵ و لاهور و ئاراس کە یەکێتی بە ئەقارێکی خەراپدا دەبەن و خاکی کوردستانیان بە ئێرانییەکان فرۆشتوە.) هەروەها گوتویەتی: (من داوای لێبوردن دەکەم هیچ هێزێکم بەسەر کەس و کارەکەمدا ناشکێت لەم کارە خۆفرۆشیانەی کە

ئەنجامی دەدەن، لە کوردستان کە کەرکوکی قودسی مام جەلالیان فرۆشت بە پارەیەکی زۆر کەم.)

قوباد تاڵەبانی دەڵێت: (زۆر هەوڵمداوە جڵەوگیریان بکەم بەڵام بەداخەوە لە دەستی من دەرچونە و من وەک کوڕی بچووکی مام جەلال بەشدار نیم لەو کارانەی کە ئەوان دەیکەن کە شەرمەزاری بۆ خەباتی کوردایەتیمان دەهێنن.)

ڕۆژنامە بیانیی و نێوخۆیەکان بە درێژی سەبارەت بە خەیانەتی بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی نوسیان. ڕۆژنامەی گاردیان نوسی: (باڤڵ تاڵەبانی و حاجی قاسم سلێمانی ڕێککەوتن بۆ تەسلیم کردنی کەرکوک بە حەشدی شەعبی.) ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی ڕایگەیاند: (باڤڵ تاڵەبانی و قاسم سلێمانی لەسەر تەسلیم کردنی کرکوک بە حەشدی شەعبی ڕێکەوتن.) ڕۆژنامەکانی ئێران ڕایانگەیاند: (بنەماڵەی تاڵەبانی خەونی دروستبونی دەوڵەتی کوردستانیان پوچەل کردەوە و شکستیان بە بارزانی هێنا.) کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی گوتی: (هەندێک کاڵفام و هەرزەکاری ناو یەکێتی خەیانەتیان کرد!) وەستا ڕەسوڵ کە خۆی یەکێک بوو لە هاودەستانی باڤڵ لە خەیانەتەکەدا، ڕایگەیاند: (بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕێکەوتین بۆ تەسلیم کردنی کەرکوک بە حەشدی شەعبی.) کەرکوکییەکان بە گریانەوە هاواریان کرد: (یەکێتی ئێمەی فرۆشت. بڕۆن پەرۆیەکی ڕەشی شەرمەزاری بە ڕوتان دادەن. مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات. نفرت لە کوردستان فرۆشانی یەکێتی.) فەرموون لەگەڵ دەقی ڕاگەیندنەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ:

جەماوەری دڵسۆز و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان پێشمەرگە ئازا و گیان لەسەردەستی کوردایەتی

لای هەمووان ئاشکرایە کە کوانووی خەباتی گەلەکەمان لە مێژووی دەیان ساڵەی تەمەنیدا لەپێناوی دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد و شەرەفمەندانە بە بەردەوامی بڵێسەی سەندووە و نەوە لە دوای نەوە پەیامی پیرۆزی خۆی گەیاندووە، هەتا ئەمرۆ کە گەیەندراوەتە دەستی ئێمە لەو پێناوەشدا چەندین

سەرکردەی جوامێر و دەیان هەزار لاو و مێرخاسی خۆی کردۆتە قوربانی و بە سەربەرزی یەوە لاپەڕەکانی مێژووی پێ نەخشاندووە.

تا ئەو ئاستەی ئەوە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە گەلی کوردستان لەجیاتی هەموو ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستانی دونیا لە بەرامبەر دڕندەترین گروپی تیرۆریستی وەستایەوە و هەرەسی بەو پلانە گڵاوەیان هێنا کە دەتوانن ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتی بوەستێنن و بمانگێڕنەوە بۆ چاخی بەردین وسەردەمانی جاهیلیەت. ئێستا لە کاتێکداکە ناو و ناوبانگی جوامێرانەی پێشمەرگەی کوردستان بە جوانی لە گوێ ی تەواوی مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانی دونیا دەزرنگێتەوە و کەسانێک نەماوە لەم جیهانە بەرینەدا ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەسەر زار نەبێت، لە پاداشتی ئەوەدا گەلی کوردستان لە چاوەڕوانی ئەوەدابوو کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دۆست و هاوپەیمانەکانمان لە جیهان و ناوچەکە بۆ بونیادنانی ئایندەیەکی گەشتر بۆ نەوەکانی داهاتوومان، گوێمان لێبگرن و ڕێز لە ئیرادەی میللەتەکەمان بگرن، بەڵام مەخابن لە بڕی ئەوە ڕووبەڕووی گەلەکۆمەیەکی هەمەلایەنەیان کردینەوە و جارێکی تریش ئەو ڕاستیەیان سەلماندەوە کە (نەتەوەی کورد بێجگە لە چیاکانی خۆی هیچ دۆستێکی تری نیە.)

بەجێهێشتنی گەلەکەمان بە تەنها لەبەردەم هێرش و پەلاماردانەکانی میلیشیای حەشدی شەعبی و یەکەکانی سوپای عێراق و ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابووردوو لە کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکانی تر و قەتلوعام کردنی هاوڵاتیانی کورد لە شاری دوزخورماتوو و جێگاکانی تر و دەرکردنیان و سوتاندنی ماڵوحالیان و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانیان بێجگە لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالێکی تری کورد لەسەر زێدی باب و باپیری خۆی هیچ خوێندنەوەیەکی تر هەڵناگرێت. بەڵام ئەوەی زیاتر برینەکە بە سوێ دەکات ئەوەیە کە چەند کەسێکی لادەر لە ڕێبازی یەکێتی بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی حیزبەکەمان لەم ڕووداوانەدا بە مەبەستی چەند دەستکەوتێکی کاتی شەخسی دەبنە هاوکار و دەستکێشی داگیرکەران و بەم کارە قێزەونەیان سەرشۆڕانە خۆیان دەخزێننە ناو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی گەلەکەمانەوە.

دڵسۆزان و غەمخۆرانی کوردایەتی ئێمە وەک خۆمان بە شاهیدی هەموو لایەک لەوەی هێزمان بەسەریدا شکا و لە دەستمانهات بۆ پاراستنی سەر وماڵی هاوڵاتیان و خاکی پیرۆزی کوردستان لە کەرکوک و جێگاکانی تر و بە ئامانجی لەدەست نەدانی دەستکەوتە ستراتیژیەکانی گەلەکەمان ئەنجاممان داو درێغیمان نەکرد، بەڵام دیارە سەرەڕای گەلەکۆمەکێی دەوروبەر، نابەرابەری لە هێز و دڕندەیی شێوازی لەشکر کێشیەکە لە پاڵ ڕۆڵی ناجوامێرانەی دەستە ڕەشەکانی ناوخۆ کە بوو بە هۆکاری چۆلکردنی بەشێکی کاریگەر لە سەنگەرەکان و چۆلکردنی پشتی هێزەکان بە قازانجی دوژمن کارێکی وایکرد کە ئەمجارەش ڕووداوەکان بە قازانجی گەلەکەمان و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییە کانمان نەشکێتەوە و بەشێکی گرنگ لە دەستکەوتە بەدیهاتووەکانی گەلی کورد لەدەست بچێت. سەرباری هەموو ئەوانەش ئەگەرچی زیانەکان لە ڕووی لەدەستدانی دەستکەوتی نەتەوەییەوە لە ئێستادا زۆر گەورەن و ئۆباڵی کارەساتەکانی کەرکوک و دوز و هەموو زیانە گیانی و مادی و مەعنەویەکانی تری گەلەکەمان ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو کاڵفامانەی ناو یەکێتی، بەڵام پێمان وایە کە ئەمە کۆتایی ڕێگا نیە و ئیرادەی ئازادیخوازانەی کورد لەگەڵ ئەم جۆرە کەوتنانە دەست و پەنجەی نەرمبووە بۆیە هەڵسانەوە و چوونەوە پێش کارێکی زەحمەت نیە، ئێمەش بۆ ئەو ئامانجە هەمیشە پێشمەرگەی بەوەفای ڕێبازی شەهیدانین و ورەمان ورەی ڕۆژگارە سەختەکانی خەباتە و لە هەر کاتێکی تر جەسوورانەتر و دڵسۆزانە تر و بە بیر و هۆشێکی کراوەترەوە شان دەدەینە بەر ئەو ئەرکە مێژووییەی کە خەباتی گەلەکەمان و خوێنی بەناهەق ڕژاوی شەهیدەکانمان پێیان سپاردووین. لێرەشەوە بانگەشەی تەواوی هێزو لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان دەکەم هەرچی زووە هیممەت بکەین و ناوماڵی خۆمان ڕێکبخەینەوە و عیبرەت لە ڕووداوەکان وەربگرین، یەکڕیزی گەلەکەمان بپارێزین و تۆکمەی بکەین، چونکە تەنها و تەنها ئەوە تاکە ڕێگای هێزدانەبەری خەبات و کوردایەتییە.

درود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان. سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکان بژی کورد، بژی کوردستان.

کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
٢٠١٧/١٠/١٨

نوری مالیکی جێگری سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا: **(دانی بەوەدا هێنا کە ئەگەر هاوکاریی باڵێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبوایە، نەیاندەتوانی بچنە نێو شاری کەرکوک.)** لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە بە فرەوانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە، نوری مالیکی باس لەو بارودۆخە دەکات کە بەهاوکاری باڵێکی یەکێتی لە کەرکوک دروست بووە و دەڵێت: **(ئەگەر پەیوەندی باڵێکی یەکێتی بە قاسم سلێمانی و ئێران و ئاسانکاریی ئەو باڵەی یەکێتی نەبوایە، هەرگیز نەماندەتوانی بچینە نێو شاری کەرکوک.)** مالیکی دەڵێت: (پەیوەندی سیاسی و بازرگانی نێوان یەکێتی و ئێران کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ڕژێمی پێشوو، ئەگەر ئەوە نەبوایە هیچ کاریگەرییەک دروست نەدەبوو، و ئەگەر لە ڕێگەی "قاسم سولەیمانی" نەبوایە، بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەدەبوو.)

ڕۆژنامەی ڕوسی ئیزڤیستیا، لە وتارێکیدا ڕۆڵی قاسم سلێمانی لە هێنانی سوپا و حەشدی شەعبی بۆ کەرکوک خستەڕو، و بڵاویکردەوە: **(سلێمانی کارەکتەری سەرەکی پیلانگێڕییەکانی دژ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانییە.)**

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی ڕایگەیاند: **(باڤڵ فێڵی لێکردین.)** هەندێ لە فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی، دژایەتیی خۆیان بۆ بەدەستەوەدانی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە حەشدی شەعبی دەربڕی و گوتیان: **(فێڵمان لێکراوە، چونکە پێمان گوترا هێزێکی هاوپەیمانان بە هاوئاهەنگیی پێشمەرگە و سوپای عێراق دێتە بنکەی سەربازیی کەیوان.)** سەرکردەیەکی یەکێتی دەڵێت: **(بە چ پێوەرێک ئەوە قبووڵ بکەم کە هێرش بکرێتە سەر میللەتەکەم و ئەو ناوچە ئازادکراوانە داگیر بکرێن.)** باڤڵ تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکدا، لەگەڵ تەلەفزیۆنی فرانس ٢٤ ڕایگەیاند: **(بۆ هێنانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق بۆ سنوری کەرکوک، لە کۆی ٥٠ سەرکردەی یەکێتی، ڕەزامەندیی ٣٨ سەرکردەیان وەرگیراوە.)** حامیدی حاجی غالی ئەندامی

سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە بە وتەی باقڵ تاڵەبانی لەگەڵ خەیانەتەکە هاودەنگیی کردوە، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: (پێش هێرشەکانی حەشدی شەعبی پێیان گوتم، دەمانەوێ لەگەڵ حکومەتی عێراق هاوئاهەنگی بکەین بۆ ئەوەی لیژنەیەکی هاوپەیمانان بێتە بنکەی سەربازی کەیوان، کورد و عێراقی هاوئاهەنگی لەگەڵ بکەن، کە لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان هیچ شەڕ و ناکۆکییەک نەبێت.) ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی یەکێتی قسەی باقڵ تاڵەبانی بە درۆ دەخاتەوەو دەڵێت: (تەنیا ئەمە بەمن گوتراوە و منیش گوتوومە ئەمەم زۆر پێ باشە و پشتیوانی لێ دەکەم. جگە لەوە هیچ شتێکی دیکە بەمن نەگوتراوە و ئەویش تەنیا بە تەلەفۆن بووە.) هەروەها، حامیدی حاجی غالی دەڵێت: (کە پرس بەمن کرا، نە باسی حەشدی شەعبی کرا، نە باسی کورد کرا، نە باسی پێشمەرگە و نە باسی ئەنفالی دووزخورماتوو، من لە ساڵی ١٩٧٦ەوە پێشمەرگەم، بە چ پێوەرێک ئەوە قبووڵ بکەم کە هێرش بکرێتە سەر میللەتەکەم و ئەو ناوچە ئازاد کراوانە داگیر بکرێن.)

هێرشی هاوبەشی سوپای عێراق، حەشدی شەعبی و سوپای قودسی سەربە سوپای پاسدارانی ئێران بە پلان و ڕێککەوتنی نهێنی و پێشوەختە لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، باقڵ تاڵەبانی، لاهور و ئاراس شێخ جەنگی، وەستا ڕەسوڵ، ئاسۆ مامەند و ژمارەیەکی تر، بە فەرماندەیی قاسم سلێمانی و هادی عامری بۆ سەر کەرکوک و خورماتوو، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی تری کوردستانی تاساند. سەرۆک بارزانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژان بێدەنگ مایەوە. خەڵک نیگەران و ئەویش خەریکی پلانی خۆی بوو کە نەکات هاوکات لەگەڵ ئەو خەیانەتەی بۆسەر کەرکوک کرا، ڕژێمەکانی ئێران و عێراق، پلانی دووەمیان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژیی لە کوردستاندا جێبەجێ بکەن. بارزانی ڕێی لەو پلانە گرت و فەرمانی بە پێشمەرگەکانی کوردستاندا هێرشکەر مەبن، بەڵام لە هەرجێیەکی تر، دوژمن دەستدرێژیی بکات، بە توندترین شێوە وەڵامی بدەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموو دەزگا و بەرپرسانی مەکتەبی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و

دۆستانی کوردی سپارد، دەنگی حەقخوازیی کورد بە دنیا ڕابگەیەنن و هێرشی هێرشکەران شەرمەزار بکەن.

لە هەمانکاتدا، حەشدی شەعبی پەروەردە کراوی دەستی مەلاکان و پاسدارە تاوانبارەکانی ئێران، بە هەموو شێوەیەک بەربوونە گیانی خەڵکی کەرکوک، خورماتوو، جەلەولا و خانەقین کە زۆربەی دانیشتوانیان سەر بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوون. ئەوان، ڕەحمیان بە خەڵکی مەدەنی نەکرد و بە چەشنی پاسدارەکانی ئێران خەڵکیان قەتڵی عام کرد وماڵەکانیان تالان کردن و سوتاندیانن. لەم بارەیەوە حەسەن بارام، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی حەمرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە کوردستان ٢٤ی ڕاگەیاند:

**- (ئەوەی لە خورماتوو کرا لە ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ خراپتربوو، خورماتوو خەڵکەکەیان بە تەنیا جێهێشت و چەندین شەهید و بریندرمان هەیە، ئەگەر ڕێککەوتنیان دەکرد با ئێمەیان ئاگادار بکرایەوە، سێ ڕۆژە ئێمە ئەنفالکراوین، بەبێ نان و ئاو دەژین، کوا پاڵەوانەکانی شاشە بۆ لێمان ناپرسنەوە. .... ئێستا حەشدی شەعبی لە خورماتوو، خەریکی تەقاندنەوە و تالانکردنی ماڵی کوردەکانە و سوکایەتی بە خەڵک دەکەن. من سێ ساڵ پێش ئێستا گوتم حەشد دوژمنی کوردە، لەسەر ئەوە لێپرسینەوەم لەگەڵ کرا، ئێستا دەکەوت قسەکەی ئێمە ڕاست بوو. .... ئەگەر بەسەر بەرزی دەمانگەڕێنەوە خورماتوو باشە، ئەگەرنا لەگەڵ خەڵکی خۆمان دەچینەوە ناو خورماتوو، با لەوێ بکوژرێین ژیان هیچ بەهایەکی نەماوە بۆ ئێمە.)**

ئازاد جەباری، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی و سەرۆکی لێژنەی ئەمنی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە "باسنیوز"ی ڕاگەیاند: **(لە ناو شاری کەرکوکدا شتی زۆر ڕوو دەدەن و حەشدی شەعبی لە زۆرێک لە شوێنەکانی ناوشار بازگەیان داناوە و کۆمەڵێ کاری نایاسایی دەکەن، لە ڕاستیشدا نازانین دۆخەکە بە کوێ دەگات.)** سەرۆکی لێژنەی ئەمنی کەرکوک، جەختی لەوەش کردەوە، کە ژیانی هاووڵاتییانی کەرکوک پارێزراو نییە و دەڵێت: **(ئەگەر ماڵەکانیان تالان بکرێ و یاری بە کەرامەتیان بکرێ، چۆن ژیانیان پارێزراو دەبێ، بەڵام پێویستە لەسەرووی ئەمانەشەوە بەرگە بگرین.)**

ئـازاد جـەبـاری ئـەوەشـی خستـەڕو: (لـەم ڕۆژانـەدا پارێزگـاری نـوێ بـۆ کـەرکـوک هەڵدەبژێردرێ، داواشمان کردووە کە حەشدی شەعبی لە کەرکوک نەمێنێت، بۆ ئـەوەی خـەڵک بگـەڕێتەوە سەر ماڵ و حاڵـی خۆیـان، چونکە ئـەگـەر وانـەبـێ ئـەو خەڵـکە تووشـی دەیـان کێشـە دەبـن، لـەگـەڵ ئـەوەشـدا یـەکێتـی ئێستـا لـە نـاو کەرکوکدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە.)

لـەگەڵ هـەمـوو ئـەو کێشـانـەدا، ڕۆژی پێـنج شـەممە ٢٠١٧/١٠/١٩ دادگـای لێکۆڵینـەوەی ڕەسافـەی بـەغدا بڕیاری گرتنی بۆ ڕێزدار کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری گشـتیی سـکرتێری یـەکێتیـی نیشـتیمانی کوردسـتان دەرکـردوە بـە تـۆمـەتی دەربڕینـی ڕای خۆی لەسەر ڕووداوەکانی کەرکوک.

ڕێزدار مەسعود بارزانـی، لـە هـەمان ڕۆژدا، ٢٠١٧/١٠/١٩ ئـەم بڕیارەی دادگای ڕەسـافـەی بـە بڕیـارێکی سیاسیی وەسـف کـرد و ڕایگـەیـانـد: (بـە ڕوونـی پێشـان دەدات کە عەقلیەتی باڵادەست لە بەغدا بە چ شێوەیەکە. گەلێک ڕای خۆی بە ئاشتیانە دەربڕێت دەبێ سزای بەکۆمەڵ بدرێت. کەسێک ڕای خۆی دەربڕێت دەبـێ بگیرێت. هـەر ئـەو عـەقلیـیـەتـەیـە وای کـردوە کـەس نـەتـوانـێ لـەگـەڵیـانـدا بژیێت. با دەستەڵاتدارنی بەغدا ئازاد بن چ بڕیارێک دەدەن با بیدەن، بەڵام با بشزانن تێکۆشەرێکی وەک کاک کۆسرەت و تێکۆشەرەکانی تریش بەوان ناگیرێت و بۆشـیان نیـیـە بیگـرن.) هەروەهـا، ڕێـزدار مەسـعود بـارزانی لە پەیامێکیـدا ئامـاژەی بـە هێـرش و پەلامـاری حەشـدی شـەعبی و زیانـەکـانی لـە کوردسـتاندا کرد، ئـەمـەش دەقی پەیامـەکەی مەسعود بـارزانـی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

جەماوەری سەربەرزی کوردستان

کوردستانیانی دەرەوەی وڵات

ڕای گشتی جیهان

پاش ئـەوەی گـەلی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە تەعبیری لە ڕای خۆی کرد لـە دیاری کردنـی چارەنووس، کە مـافێکی ئـاسایی و سروشـتی هـەر گـەل و نـەتـەوەیـەکە، ئێسـتا گـەلـەکـەمـان کـەوتـووەتـەوە بـەر هـەڕەشـە و ئـابلوقە و سزادانی بە کۆمەڵ. حکومەتی عێراقیش بە ناوی فەرز کردنی یاسا وا خەریکی

سزادانی میللەتێکە کە تەنیا ڕای خۆی دەربڕیوە و هیچ تاوانێکی نەکردووە. ئەو سزادانەی کە لە دژی گەلەکەمان هەیە پێشێلکردنی هەموو سنورەکان و یاسا و دەستوری عێراقە و هاوکات بە گەلەکۆمەکی دەیانەوێت ئیرادەی خۆیان بەزۆری چەک و شەڕ بەسەر گەلەکەماندا بسەپێنن و شکۆی گەلەکەمان بشکێنن. ئەوەش بووەتە هۆی تێکدانی ژیانی خەڵک و ئاوارەبوونی زیاتر لە سەد و پەنجا هەزار کەس.

لێرەدا موخاتەبەی ویژدانی گەلانی جیهان و ڕای گشتی و ئازادیخواز و ڕۆشنبیرانی سەرتاسەری جیهان دەکەم کە پشتیوانی گەلی کوردستان بن و ڕێگە لە جینۆساید و کارەساتێکی تازە بگرن کە بەسەر گەلەکەماندا دێت و گوشار بخەنە سەر حکوومەتەکانتان و ناوەندەکانی بڕیار بۆ ئەوەی بێنە دەنگ لەسەر ئەو ستەمەی کە لە گەلی کوردستان دەکرێت. چونکە حکوومەتەکان لەبەر بەرژەوەندییەکانیان، قوربانیی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەیان لە بیر چووە کە لە شەڕی تیرۆرستانی داعش بەخشیویانە و لە جیاتی هەموو جیهان بەرسینگی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیان گرتبوو و هەزاران شەهید و بریندارمان لەو پێناوەدا. بۆیە داوا دەکەم ڕێگە لەم شەڕ فرۆشتن و کوشتار و پێشێلکاری و ئاوارەکردنی خەڵک بگرن کە حکوومەتی عێراقی لە ڕێگەی میلیشیا و هێزەکانییەوە بە هاوکاری و ڕێنمایی دەرەکی لە دژی کوردستان ئەنجامی دەدات.

هەر لێرەدا داوا لە هەموو کوردستانیانی دانیشتووی ئەوروپا و ئەمەریکا دەکەم کە بە شێوەیەکی یاسایی و ئاشتییانە بۆ پاڵپشتیکردنی گەلەکەمان، خۆپێشاندان و چالاکی مەدەنی ئەنجام بدەن و داوای هاوکاری گەلانی ئەو وڵاتانە بکەن کە تیایدا نیشتەجێن کە ئەم شەڕ و ئابلوقەیە لە دژی گەلەکەمان بە زووترین کات ڕابگرن. داواکارم دەنگی مەزلومییەتی کوردستان و پەیامی ئاشتیخوازانەی گەلەکەمان بە جیهانییان بگەیێنن.

مسعود بارزانی: ٢٠١٧/١٠/٢٠

دەستدرێژییەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کوردستان، بە کەرکوک، خورماتوو، جلەولا و خانەقین بەکۆتا نەهات، بەڵکوو ڕۆژی هەینی

٢٠١٧/١٠/٢٠، لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق چەندان جار لە پردێوە هێرشی بەربڵاویان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە هێنا، بەڵام هەموو هێرشەکانیان تێکشکێنرا و زیانێکی گەورەیان پێگەیندرا. هێزەکانی بەرەی ڕۆژئاوای کەرکوک- پردێ، لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی چوار خاڵییان بڵاوکردەوە.

یەکەم: پێش هەموو شتێک، بەرلە پەلامارەکەی دوێنێی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، پردێ شارۆچکەیەکی ئارام و جێی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی کورد و تورکمان بووە و بەهیچ شێوەیەک جگە لە دامودەزگە فەرمییەکان، هیچ هێزێکی لێ نەبووە و ئەوە درۆیەکی شاخدارە کە گوایە هێزی بیانی لێ بووە و دانیشتوانی داوای هاتنی هێزی عێراقییان کردبێت و بەو بیانووە پەلاماری ئەو شارۆچکەیان داوە.

دووەم: هێزی پێشمەرگە لە شوێنەکانی خۆی بووە و دەستپێشخەری شەڕ نەبووە و تەنها بەرگریی کردوە و توانیویەتی ڕێگە لە پەلامار و پێشڕەوی ئەوان بگرێت و هێرشەکەیان تێکبشکێنێت.

سێیەم: وەک دوێنێش ناوی هێزە بەشداربووەکانی ئەو پەلامارەمان ڕاگەیاند، ژمارەی زۆری کوژراو و بریندارەکانیان بەڵگەن و دەری دەخەن کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سەرپەرشتیار و بەشداری سەرەکیی ئەو پەلامارە بوونە و بەو جۆرە بەیاننامانە ناتوانن شکستی ئەو هێزەیان بشارنەوە و بیخەنە ئەستۆی هێزی تری عێراقی.

چوارەم: تۆمەتی بەکارهێنانی چەکی میلان ڕەت دەکەینەوە، بەڵام ئێمە دەپرسین: میلیشیایەکی وەک حەشدی شەعبی، تانکی ئابرامز و T٧٢ و هەمەر و چەکی پێشکەوتووی ڕۆژئاوایی لەکوێ بوو، و بە چ مافێک دژی گەلی کوردستان بەکاری دەهێنێت. لە کۆتاییشدا جارێکی دیکە تەئکید دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستپێشخەری شەڕ نابێت، بەڵام بە ئامادەیی تەواو لە حاڵەتی بەرگریدایە و ڕێگە لە دەستدرێژییەک دەگرێت.

فەرماندەیی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوک – پردێ

٢٠١٧/١٠/٢١

گورزی گورچوبڕی پێشمەرگەکانی کوردستان لە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی کە دەیان کەلاک و هەمەر و کەرستەی جەنگیان لە مەیدانەکانی شەڕدا بەجێهێشت، شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە ئەگەر پێشمەرگەکانی هێزی ۷۰ی یەکێتی نیشتمانیی کە سەربە وەزارەتی پێشمەرگە بوون، خەیانەتیان پێنەکرابا، دوژمن فیکری لە پەلاماری کەرکوک و خورماتوو نەدەکردەوە و ئەگەریش توشی ئەو هەڵەیە ببوایەن بە سەدان کوژراو، پاشەکشەیان دەکرد. ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەم ڕاگەیاندنەوەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆ شەڕ و ئاژاوەکانی سوپای عێراق و میلیشیاکانی شیعە کرد:

ئەمڕۆ سوپای عێراق و میلیشیا شیعییەکان کە ئێران پاڵپشتیان دەکات و بە چەکی ئەمریکی پڕچەککراون، هێرشێکیان بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر ڕێگەی کەرکوک و هەردوو قۆڵەکەی ئاڵتون کوپری دەستپێکرد، کە بە پردێ ناسراوە، لە ڕۆژئاوای ڕێگەی دوبز- هەولێر و لە ڕۆژهەڵاتیش لە نزیک گوندی قەرەباغ. ئامانجی ئەو هێزانە چوونە ناوەوەی قوشتەپە بووە لە باشوری هەولێر.

هێزەکانی پێشمەرگە ئازایانە پارێزگاریان لە کوردستان کرد لە بەرامبەر هێرشەکان، ڕاپۆرتە سەرەتاییەکانمان ئەوە دەردەخەن کە ۱۰ هەمڤی ئەمریکی و ۲ تانک و تانکێکی جۆری ئابرامز ئێم وەن، تێکشکێندراون. ئەو چەکانە بۆ ئەو ئامانجە بە هێزەکانی عێراق درابوون تا لە دژی داعش بەکاریان بهێنن، کەچی ئێستا لەلایەن هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە دژی خەڵکی کوردستان بەکاردێن.

هێرشەکە بەشێکە لە هێرشە بەرفرەوانەکەی سەر کەرکوک کە لە ۱٦ تشرینی یەکەم دەستی پێکرد، تەنها لە پێنج ڕۆژی ڕابردوو هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی سێ لە ئارامترین پارێزگاکانی عێراقییان ناسەقامگیر کردوە، لانیکەم تا ئێستا ۱۰۰,۰۰۰ هاووڵاتی ئاوارەی هەولێر و سلێمانی بوون و پێویستیان بە خۆراک و شوێنی مانەوە هەیە.

میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەستدرێژیان کردوەتە سەر ماڵ و حاڵی هاووڵاتیانی کورد و تورکمان و کەلوپەلەکانییان بردون، لە هەر یەکە لە

شارەکانی کەرکوک، دوزخورماتوو و خانەقین، ترس و دڵەراوکێیان لەنێو هاووڵاتیان بڵاوکردوەتەوە. لە خانەقین، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئەو خۆپێشاندەرانیان گوللەباران کرد کە داوایان لەو میلیشیایانە دەکرد، خاکی کوردستان بەجێ بهێڵن، لە ئەنجامدا ژمارەیەک لەو خۆپێشاندەرانە کوژران و بریندار بوون.

زانیارییەکانمان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، ئەم میلیشیایانەی خوارەوە کە ئێران پاڵپشتیان دەکات لە دژی پێشمەرگە جەنگاون لە شەڕی ١٦ تشرینی یەکەم، بریتین لە: عەصائیبی ئەهلول حەق، میلیشاکانی بەدر، کەتائیب حیزبوڵڵا، یەکەکانی عەباس، فەوجی عەلی ئەکبەر، یەکەکانی خۆراسان و بەتالیۆنەکانی ئیمام عەلی.

بێدەنگی و چاوپۆشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وره و هێزی بە عێراق و وڵاتانی دراوسێ داوە، کە هێرش بکەنە سەر کوردستان. ئەو سوپایەی کە ئامادەکراوە خەڵکی عێراق بپارێزێت، ئێستا هێرش دەکاتە سەر خەڵکی کوردستان.

هێرشە بەردەوامەکانی عێراق وایکردوە مەترسییەکانی ڕژدتر دەربکەون لەسەر داهاتووی گەلەکەمان لە عێڕاق، پێویستە ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی خۆی نیشانبدات و ئەو هێرشە دوژمنکارانەیە شەرمەزار بکات.

هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام دەبن لە پاراستنی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییەکانیان، داواش لە دەسەڵاتدارانی عێراق دەکەین بەزووترین کات خواستە دوژمنکارانەکانیان لە دژی گەلی کوردستان ڕاگرن و لە ناوچە داگیرکراوەکانیش بکشێنەوە.

ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

٢٠١٧/١٠/٢٠

لە جێیەکی تردا، چــــوار کۆنگرێسمانی ئەمریکا نامەیەکیان ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرد و داوایان لە ڕێکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کرد کە هەموو دەسەڵاتەکانی بەکاربێنێت بۆ ئەوەی کۆتایی بە هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی پشتیوانی لێکراو لەلایەن ئێرانەوە بۆسەر ناوچەکانی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنێت.

ڕاشیانگەیاند، پێویستە ئەمریکا ڕێگە نەدات ئەو چەکانەی کە بۆ شەڕی دژ بە داعش بە هێزە عێراقییەکان دراون، لەدژی کورد بە کار بهێندرێن. هەروەها گوتیان: ئەم دۆخە، کاریگەری لەسەر شەڕی داعش دروستنەکات. ئەمەش دەقی نامەکەیان بۆ ڕێکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا:

بەڕێز ڕێکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئێمە هەستمان بە مەترسییەکی گەورە کرد و بەهۆی دوایین ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق بە هاوئاهەنگی لەگەڵ میلیشیا شیعەکانی پشتیوانلێکراو لەلایەن ئێران، لە هێرشکردنە سەر هێزە کوردییەکان بۆ بە دەستهێنانەوەی ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵ و ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

ئێمە داوات لێدەکەین کە هەموو سەرچاوە بەردەستەکان بەکار بێنیت بۆ ئەوەی بەخێرایی کۆتایی بەم هێرشە دووژمنکارانەیە بێنیت، هەروەها بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرێکی درێژخایەنی دیپلۆماسیش. وەک خۆشت دەزانی، ڕێگەدان بە هێزێکی چەکداری هێرشکار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لە دژی هەرێمی کوردستان بەتەنیا ناسەقامگیری زیاتر لە ناوچەکە دروستدەکات و، هەروەها لەمەش گرنگتر، سەرنجەکان "لەسەر شەڕی داعش" لادەبات و "کاریگەریشی" لەسەر ئەو سەرچاوە گرنگانەش دەبێت کە ئەمریکا بۆ ئەو هێزانە دابینیکردوون لەسەرەتای ئامانجی تێکشکاندنی داعش.

حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوبەشی گرنگن لە شەڕی دژ بە تیرۆر، بۆیە داوات لێدەکەین پەیوەندی بە هاوتا کورد و عێراقییەکانت بکەیت بۆ ئەوەی دڵنیابیت شەڕی دژ بە داعش بەبێ دواکەوتن بەردەوامدەبێت. چاوەڕێی وەڵامێکی خێراین.

لەگەڵ ڕێز

ڕالف ئەبراه، ئەندامی کۆنگرێس
جارید پۆلیس، ئەندامی کۆنگرێس
مارشاڵ بلاک بەرن، ئەندامی کۆنگرێس
مایک گالاگزێر ، ئەندامی کۆنگرێس

وەزارەتــی دەرەوەی ئـەمریکـا، ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢١ بـەیاننـامـەیەکی سـەبارەت بە ڕەوشـــــی دەوروبەری کەرکـــوک بڵاوکـــردەوە. ئەوەی خـــوارەوە دەقـــی بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکایە:

ئـەمـەریکـا زۆر نـیگـەرانـە سـەبارەت بـە هـەواڵــی کـەوتـنـەوەی تونـدوتیژی لـە دەوروبـەری ئـاڵتون کـۆپرێ لـە بـاکووری عێـراق. ئـێمـە لـە نـزیکەوە چـاودێری ڕەوشـــەکە دەکەیـــن و داوا لـە هەمـــوو لایەنەکـــان دەکەیـــن چـــالاکییە سەربازییەکانیان بوەستێنن و ئارامی بپارێزن.

بۆ دوورکەوتنـەوە لـە هـەڵـە تێگـەیشتن و پێکدادانی زیاتر، داوا لـە حکـومـەتی ناوەند دەکەین ڕەوشەکە ئارام بکاتەوە بەوەی سنورێک بـۆ جووڵـەکـانی هێـزە فیدراڵییەکان دابنێت لـە نـاوچـە جێناکۆکەکانـدا تـەنـهـا بـۆ ئـەوانـەی کـە لـەگـەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێکخراوە. ئێمە پشت قایمین بەو ڕێنماییـانـەی سەرۆک وەزیری عێراق عیبادی داویـەتـی بـە هێـزە فیـدراڵییەکان بـۆ پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق و ئەنجام نەدانی کـاری وروژێنـەرانـە کـە ببێتـە هۆی پێکدادان.

کۆنترۆڵ کردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکـان لـەلایەن هێـزە فیـدراڵیـەکانـەوە بـە هــیچ شـێوەیەک پـێگەی ئەو شـوێنانـە ناگۆڕێـت و هـەر بـە نـاوچـە جێنـاکۆکی لەسـەرەکان دەمێنـنـەوە هـەتـا بـەپێـی دەستووری عێـراق پێگەکـەیـان یـەکلایـی دەکـرێتەوە. هـەتـا لایـەنـەکـان دەگـەنـە چارەسـەرێک، ئـێمـە داوایـان لێـدەکەین بـەتـەواوەتــی ئـاسـایش و بـەڕێـوەبردنی ئـەو نـاوچـانـە ڕێکـبخـەن. بـۆ گـەیشـتن بەوەش، هەموو لایەنەکان دەبێت ئێستا دەست بکەن بە گفتوگۆکردن بەپێـی بنەماکـانی دەستوری عێراقـی، وەکـو چـۆن سـەرۆک وەزیـری عێـراق عیبـادی پێشنیاری کردوە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە ئاشکرا قبوڵی کردوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەند دەمێنێتەوە بە عێراقێکی یەکگرتووی فیــدراڵی دیمــوکراتی یەکگرتــووەوە و هەروەهــا پابەنــدیش دەمێنێــتەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی وڵاتەکە. ئێمە بەردەوام دەبین لە کارکردنمان لەگەڵ بەرپرسانی هەردوو حکومەتی ناوەند و

هەرێمدا بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و دوورکەوتنەوە لە پێکدادانی زیاتر و هانی گفتوگۆکردن دەدەین.

هەروەها سوورین لەسەر تەواوکردنی شەڕی دژ بە داعش لە عێراق و داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین هەوڵەکانی دوو هێندە بکات لەگەڵ هاوپەیمانێتی جیهانیدا هەتا ئەرکەکە تەواو دەبێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ناوەڕۆکی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد کە داوای دانووستان و گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدای کردبوو، و خۆشحاڵی لەوە دەربڕی کە بەبێ هیچ پێشمەرجێک گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکات و گرفتی ناوچە کێشەلەسەرە داگیرکراوکان، بە ئاشتی و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات. ئەمەش دەقی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

ڕۆژی هەینی ٢٠١٧/١٠/٢٠ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەیاننامەیەکی بە ناوی حکومەتی ئەمەریکا لەبارەی بارودۆخی ناوچە کێشە لەسەرەکان و گرژی و پێکدادانەکانی نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقی لە پردێ بڵاو کردوەتەوە و تێیدا بە مەبەستی ڕاگرتنی گرژییەکان، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی عێراقی ڕووی داوە، هانی هەردوولا دەدات کە بکەونە گفتوگۆ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکات. هەروەها پێشوازی لە دەستبەجێ ڕاگرتنی گرژی و پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراقی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکات و ڕەزامەندیشە کە ڕاگرتنی شەڕ و گرژی بە هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق و هێزی هاوپەیمانان ئەنجام بدرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکان پێشوازی لە دەستپێکردنی دانوساندن لەگەڵ بەغدا دەکات بە زووترین کات و لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی و بەبێ هیچ پێش مەرجێک.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

٢٠١٧/١٠/٢١

لە بەرامبەردا، حەیدەر عیبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق بە ئامۆژگاریی و ڕاسپاردەی کۆماری ئیسلامی ئێران، داواکەی ئەمریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی پەسند نەکرد. وەڵامی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکای دایەوە و ڕایگەیاند، هیچ لایەنێک بۆی نییە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات و بڕیار بدات عێراقییەکان دەبێ چی بکەن.

لە هەمانکاتدا، ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە گەشتێکیدا بۆ سعودیە، ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٢ لە ڕیازی پایتەختی سعودیە گوتی: **(بە دڵنیاییەوە میلیشیا ئێرانییەکان لە عێراقن، ئێستا کە شەڕی دژ بە داعش خەریکە کۆتایی دێت، دەبێت ئەو میلیشیایانە بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان و لە عێراق بچنە دەرەوە.)** لە بەرامبەریدا عیبادی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لێدوانەکانی ڕیکس تیلەرسن لەبارەی حەشدی شەعبییەوە سەیرن.

بەپێی بەیاننامەیەکی نوسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق: **(چەکدارانی حەشدی شەعبی، عێراقی و نیشتمانیین، قوربانی‌یان لە پێناو بەرگریکردن لە وڵات و گەلی عێراق داوە و ئەوان لەژێر فەرماندەیی عێراقن و بەپێی ئەو یاسایەی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەرکراوە.)** ناوبراو، هەروەها ڕایگەیاند: **(هیچ لایەنێک بۆی نییە دەست لە کاروباری عێراق وەربدات و بڕیار بدات کە دەبێت عێراقییەکان چی بکەن، عێراقییەکان لەسەر خاکی عێراق لە شەڕدان و هیچ هێزێکی بیانیی شەڕکەر لەنێو عێراقدا نییە.)**

حەیدەر عیبادی، هەروەها مەرجی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دانا و ڕایگەیاند: **(بەو مەرجە ئامادەیە وتووێژ لەگەڵ هەولێر بکات کە ڕیفراندۆمی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ هەڵبوەشێنێتەوە.)** وەڵامی حکومەتی کوردستان، بۆ حەیدەر عیبادی و هەموو داگیرکەرانی کوردستان ئەوە بوو: **(خەڵک دەنگی بەو ڕیفراندۆمە داوە و تەنیا خەڵکەکە دەتوانێ لە ڕیفراندۆمێکی دیکەدا دەنگەکانیان وەرگرنەوە، ئەگەرنا هیچ کەس توانای هەڵوەشاندنەوە ڕیفراندۆمی نییە.)** لەگەڵ ئەوەشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکان، لە بڵاوکراوەیەکی ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٤دا، بەو ڕاگەیەندراوەی خوارەوە، ئاکامی ڕاپرسییەکەی سڕ کرد:

ئەو بارودۆخە گرژ و مەترسیدارەی ڕووبەڕووی عیراق و کوردستان بۆتەوە، هەمووان ناچار دەکات لە ئاستی بەرپرسیاریەتیی مێژووییدا بین و ڕێگا نەدەین بارودۆخەکە زیاتر بەرەو شەڕ و پێکدادان بچێت لەنێوان هێزە عیراقییەکان و پێشمەرگەدا. پەلامار و بەریەککەوتنی هێزەکانی عیراق و پێشمەرگە لە ٢٠١٧/١٠/١٦وە تا ئەمڕۆ، زیانی بە هەردوولا گەیاندوە، لەوانەشە ببێتە هۆی خوێنڕشتنێکی بەردەوام و لە ئاکامیشدا تێکدانی ڕایەڵە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عیراق.

بێگومان شەڕ لە نێوان هەردوولادا نابێتە هۆی سەرکەوتنی هیچ لایەک، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وڵات بەرەو هەڵدێری گشتی دەبات، بۆیە لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر گەلی کوردستان و عیراق، پێشنیار بۆ حکومەت و ڕای گشتیی عیراق و جیهان دەکەین:

١- ڕاگرتنی دەستبەجێی تەقەکردن و هەموو جۆرە کردارێکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان.

٢- سڕکردنی ئاکامی ڕیفراندۆم کە لە کوردستانی عیراق ئەنجام درا.

٣- دەستپێکردنی دیالۆگی کراوە لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرال لە سەر بنەمای دەستوری عیراق.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

٢٠١٧/١٠/٢٤

لە ڕاستیدا، عیبادی و ڕژێمەکەی کە کەرکوک و بەشێکی زۆری ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستانیان داگیر کردوە، ئامادە نیین تەنانەت بە گوێرەی دەستوری عێراقیش، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وتوویژ بکەن و دەیانەویست پەیڕەوی لە سیاسەتەکانی سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی بکەن و بە یارمەتی وەرگرتن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیا و قەتلی عام و دەست نەپاراستن لە گەلی کورد، هەموو کوردستان بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان. کەچی، شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەکانی مەخمور، زومار، مەحمودیە، تلسقۆف، ڕەبیعە و پردێ و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر دوژمندا و هاوکاریی و پشتیوانیی کوردانی دەرەوەی وڵات لە

ئەزموونی کوردستان و هاتنە سەر خەتی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ پێکهاتنی ئاشتی و بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکانی بەغدا و هەولێر بە گوێرەی مادەی ١٤٠، بەڵانسی چارەسەرییەکان بە قازانجی کورد گۆڕا، بەڵام کێشەی وتوویژ نەکردنی بەغدا لەگەڵ هەرێم و نەدانی موچە و بودجەی کوردستان لەجێی خۆی ماوەتەوە. لەو بارەیەوە سیامەند سیلکی لە وتارێکیدا دەڵێت:

تاران و بەغدا بەهاوکاری ماڵی تاڵەبانی و کۆمەڵ و گۆڕان دژی پارتی لەسەر بنەمای پلانی C B A دارێژرابوو. ئەمەش بۆ ئەوەبوو ئەگەر پلانی A سەری نەگرت پلانی B جیبەجێ بکەن، ئەگەر ئەویش سەری نەگرت پلانی C جێبەجێ بکەن. هەروەک بینیمان پلانی A بەکارهێنانی هێزی سەربازی بوو، قوناغی یەکەمی ئەو پلانە لە شازدەی ئۆکتۆبەردا بەهاوکاری ماڵی تاڵەبانی لە کەرکوک جیبەجێ کرا. بڕیار بوو قوناغی دووەم بەشێوەیەکی فرەوانتر و بە بەشداری هیزەکانی ماڵی تاڵەبانی جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەهۆی هەلۆێستی هیزی هاوپەیمانان و هەندێ سەرکردەی یەکێتی کە دژی ئەو خیانەتە بوون. هێزەکانی ماڵی تاڵەبانی و ئیران نەیانتوانی لە سنورەکانی خویانەوە هیچ هێرشێک بۆ سەر پارتی دەست پێ بکەن. بویە تەنها لە سنوری ڕەبیعە، پردێ و مەخمور هەوڵی جێبەجێکردنی پیلانەکەیاندا و هێرش کرایە سەر پێشمەرگە. بەڵام بەهۆی خوڕاگری پێشمەرگەوە دوو سێ جار بەسەر یەکەوە هێرشەکانیان تێکشکێنراو پیلانەکە بێ ئەنجام بوو. دوای ئەو سەرکەوتنەی پێشمەرگە ناچار بوون کار بۆ پلانی B بکەن. پلانی B ئەوەبوو لە ڕێگای دادگا مەزهەبیەکانی عێراقەوە پارتی بەتاوانی هەوڵدان بۆ پارچەکردنی عێراق و چەند دۆسیەیەکی دیکە وەکو پەیوەندی گرێدان لەگەڵ ئیسرائیل دادگای بکەن و چالاکی سیاسی لێی قەدەغە بکەن و دواتریش ئەگەر بۆیان بکرێت سەرکردەکانی بە هەمان تاوان دادگای بکەن. دیارە پارتی هەر زوو هەستی بەم پیلانەش کرد، بۆیە لە ڕێگای گوشاری نێودەوڵەتیەوە ئەو پیلانەشیان پۆچەڵ کرایەوەو سەری نەگرت و پەنایان بۆ پلانی C برد. جێبەجێ کردنی پلانی سێیەمیان داوەتە دەست گوران و کۆمەڵ و بەرهەم سالح و ماڵی تاڵەبانی. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەو لایەنانە لە ڕێگای ورژاندنی دواکەوتنی موچەو نەبوونی خزمەتگوزاریی،

حکومەتی کوردستان ناچار بکەن خۆی هەڵبوەشێنێتەوەو ئەوان بەگوێرەی مواسفاتی ئێران حکومەتێکی دیکە دابمەزرێنن. وەکو دەبینین ئەو هەوڵەشیان هەتا ئێستا بێ ئەنجامە و لە شکست نزیک بۆتەوە، بویە لە ماوەی ڕابردودا بەرهەم سالح و عەلی باپیر و هەندێ بەرپرسی گۆران و مالی تاڵەبانی سەردانی بەغدایان کردو لە سلێمانیش لەگەل ئێرانییەکان کوبونەوە و داوای ئەوەیان کرد کە گەماروکان بۆ سەر هەولێر بەردەوام بن و عیبادی گفتوگو لەگەڵ حکومەت نەکات و هیچ پارە و بودجەیەکیش بۆ هەولێر نەنێرێت. ئەوەشیان بۆ ئەوەیە بارودوخی ئابوری کوردستان و خەڵک بەشێوەیەک خراب بێت کە حکومەتی کوردستان چیتر نەتوانێت موچە بدات و بەم جۆرە خەڵک کاردانەوەی هەبێت و ئەوانیش ئەو کاردانەوەیە بقۆزنەوە و شەقام دژی پارتی بجولێنن(١١). هەروەها، ئەو هێزانە داوایان لە بەغدا و ئێران کرد کە گوشارەکانیان بۆ سەر تورکیا زیاتر بکەن تا تورکیا دەروازەی سنوری براهیم خەلیل و بۆری نەوتی کوردستان بگرێتو.... تد.

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پلانی A کە سیامەند سیلکی ئاماژەی بۆ دەکات، لە بڵاوکراوەیەکدا ڕایگەیاند:

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ٢٠١٧/١٠/٢٦

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان: ٣ تانک و ٥ هامڤی و ١ باجەری حەشدی شەعبی تێکشکێنراون.

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، هێزەکانی حەشدی شەعبی بە پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرپەرشتیی هادی عامری و ئەبو مەهدی موهەندیس، هێرشیان بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە کردوە.

لە زنجیرە تویتێکدا کە لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە "تویتەر" بڵاوی کردەوە، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە پاڵپشتیی ئێران، سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بۆردوومان کردوە و دواتر هێرشیان ئەنجام داوە...

لە ڕەبیعەوە بەرەو ناوچەی "مەحمودیە" هەوڵی پێشڕەوییان داوە و لەلایەن پێشمەرگەوە دوو تانکی میلیشیاکان تێکشکێنراوە. هێزەکانی "لیوای عەباس،

کەتیبەکانی جوندول ئیمام، ڕەعدول ساری، کەتیبەکانی ئیمام عەلی، حەرەکەی نەجبە، لیوای تەوفوف و لیوای حوسێن" بە سەرپەرشتیی هادی عامری و ئەبومەهدی موهەندیس لە هێرشەکەدا بەشدارن. ... تا کاتژمێر ۰۹:۳۰ ئەمڕۆ، پێشمەرگە ۳ تانک و ٥ هامڤیی ئەمریکی و ۱ باجەری تێکشکاندوە کە میلیشیاکانی عێراق بە پشتیوانیی ئێران لە دژی پێشمەرگە بەکاریان هێناوە.

باسنیوز ڕایگەیاند: پێشمەرگە قارەمانەکان، میحوەری زومار- ڕەبیعە تێک شکاند و دوژمنیان تارومار کرد. لەو داستانە مێژووییەدا پێشمەرگە توانیان زەبرێکی کوشندە لە داگیرکەران بووەشێنن و زیانی زۆریان پێ بگەینن:

۱- خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان کە بۆ چاودێری سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە ئاسمانی مەیدانی جەنگەوە بوو.

۲- تێکشکاندنی ۲ تانک و سوتاندنی بە سەرجەم ستافەکانی ناویەوە.

۳- تێکشکاندن و سوتاندنی ۷ هەمەر و لەناو بردنی سەرنشینەکانی ناوی.

دوژمنی داگیرکەر بەو شکستە گەورە و چاوەروان نەکراوەی حەپەساون و توشی شۆک بوونە ئەوان بڕیاریان وابووە نیوەڕۆ لەسەر سنوری تورکیا نان بخۆن و وا تێگەیشتبوون وەستا ڕەسول و ئاراس و لاهور لەوێ لە پێشوازیاندا وەستاون! و نەیان دەزانی کوڕی سەرۆک بارزانی فەرماندە مەنسور بارزانی بەم شێوەیە پێشوازیان لێ دەکات و بۆ دواوە ملیان پێ شۆڕ دەکات.

شەڕ و پێکدادانی پێشمەرگەکانی کوردستان، دژی دوژمنی داگیرکەر لە کاتێکدا بەڕێوەدەچوو کە دوژمن لە کەرکوک، خورماتوو، جلاولا و داقوق بەوپەڕی بێشەرمییەوە درێژەی بە تاوانەکانی دەدا. دیندار زێباری، بەرپرسی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەلەفزیۆنی ڕووداوی ڕاگەیاند: (چەکدارانی حەشدی شەعبی نزیکەی ٤۰۰ کەسیان لە سنوری کەرکوک کوشتووە. لە خورماتووش لەنێوان ۱٥۰ بۆ ۲۰۰ کەس کوژراون. بەپێی زانیارییەکانی بەرپرسی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان،

چەکدارانی حەشدی شەعبی لەنێوان کەرکوک و داقووقدا دەستدرێژیان کردوەتە سەر ژن و کچانی کورد و دوو حاڵەتی دەستدرێژی تۆمارکراون.)

گۆڕانی بەلانسی کێشەکان بە قازانجی کورد، ڕازی بوونی عیبادی و ڕژێمەکەی بە دواوە بوو لەگەڵ هەولێر، بەبێ هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسی کوردستان لەسەر ڕێککەوتنە بنچینەیەکانی ساڵی ٢٠٠٣. بەو واتایە، ناوچە کێشەلەسەرەکانی کوردستان، بازگەکانی سنور و فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی بەشێوەی هاوبەش لەگەڵ بەغدا بەڕێوەبچن و نوێنەری بەغدا چاودێری بەسەر گومرگەکاندا بکات. لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٨وە نوێنەرانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە ناوبژیکەریی نوێنەری ئەمریکا لە وتووێژدان.

بۆ زانیاریی پەیدا کردن لە شێواز و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی وتووێژەکان، ڕووداوەکانی بەرلە خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، گشتپرسی و پشتیوانیی کردنی ڕای گشتی لە کورد و ئەزموونەکەی، سەرەتا بڕواننە ڕیشە و بنەمای ئەو خەیانەتانەی بنەماڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی لە ٥٦ ساڵی ڕابردوودا لە کوردیان کردوە.

---

١- ئامانجی دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان، دژایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئەوان، لەو کاتەدا وایان لە خەڵک گەیاند کە جەلال تاڵەبانی لە پێناو وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، یەکێتی نیشتمانی ڕادەستی پارتی کردوە. نەوشیروان مستەفا بە دروستی دەیزانی، هەرکەس و حیزبێک دژایەتی پارتی بکات، دەنگی زیاتر بۆخۆی مسۆگەر دەکات و هەوڵدانی بزووتنەوەی

گۆڕان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و سڕینەوەی پارتی بوو لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان. چونکە، ئەوان هەرلە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠دا کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لە نێو دڵی پارتیدا، "کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان" دامەزران و دواتر ناویان کرد بە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان". ئەو لایەنە، بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و دواتر جەلال تاڵەبانی و دواتریش نەوشیروان مستەفا بە کۆنەقین بەرامبەر بە بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکرات خەبات دەکەن. بۆ ئەو مەبەستە، ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان لاواز کردن و وەستاندنی یەکێتی نیشتمانی و سەپاندنی دەسەڵات بوو بەسەر زۆنی سەوزدا بۆ سەپاندنی پرۆژەکانیان بەسەر پارتی دیموکراتدا.

٢- لە هەڵبژاردنی مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ی عێراق. ٨ کورسی هێنایەوە و لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ی عێراق ڕێژەی دەنگەکانی بەرزبۆوە بۆ ٩ کورسی لە عێراق.

٣- ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بۆ زیاتر لە دوو ساڵ دەگەڕایەوە کە مەسعود بارزانی ڕایدەگەیاند کاتی سەرۆکایەتی من تەواو بووە و کەسێک لە جیاتی من دانێن، بەڵام لە ڕاستیدا هیچکام لە ڕێکخراوەکانی خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزی وەک بارزانی نەبوون کە بوێر بێت و پۆستەکەی لێوەربگرێت.

٤- ڕۆژی ٢٠١٧/٣/١٧، شۆعلە عەلی هاوسەری نەوشیروان مستەفا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٩ش خودی نەوشیروانیش دنیا و هاوبیرانی بەجێهێشت.

٥- دوای مردنی نەوشیروان مستەفا، جفاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆژی ٢٠١٧/٧/٢٥ کۆبۆوە کە خۆی بۆ قۆناخی نوێ ڕێکبخاتەوە و لەنێو خۆیدا هەڵبژاردنەکانی بەڕێوەبەرێت کە کێشە لەنێوان سیاسەتوانە بەتەمەنەکان و گەنجەکانیدا سەریهەڵدا. هەیسەم عەبدولواحید "شاسوار" برای سروە عەبدولواحید ئەندام پەرلەمانی عێراق لە لیستی بزووتنەوەی گۆڕان کە لایەنگریی لە سیاسەتەکانی بەغدا لە بەرامبەر کوردستاندا دەکات، لە ڕووی مادیی و نۆژەن کردنەوەی یاریگەی سلێمانی هاوکاریی زۆری کردبوو، و سەرپەشتیاری فەخری یانەی وەرزشی سلێمانی بوو، هەروەها پرۆژەیەکی دابوو بۆ دانی قەرزی بچووک بە لاوان و لەگەڵ ئەوەشدا چەند پرۆژەیەکی لە گەڕەکەکانی کەرکوک، هەڵەبجە و ڕانیە بەڕێوەبردبوو، هەلەکەی قۆستەوە و دژی بە تەمەنەکانی گۆڕان و پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی نەخێری بە دژی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند. ئەو بزووتنەوەیە کە لەلایەن بەغداوە هاوکاریی دەکرێت، قەوارەیەکی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان لەژێر ناوی "نەوەی نوێ" ڕاگەیاند.

٦- دواتر دەرکەوت گۆڕان و کۆمەڵێش لەو هەنگاوەشدا ناپاک بوون، چونکە لە ناوچەکانی ژێردەستیاندا لە ڕانیە، هەڵەبجە و سلێمانی کەمترین دەنگ بە ڕیفراندۆم درابوو.

٧- کۆمەڵی ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر هەرلە ڕۆژی دامەزرانییەوە و بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی نەوشیراون مستەفا، لە ساڵی ٢٠٠٩وە کە لە بەشێک لە کادیرەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێکهات، دژی دەسەڵاتی کورد بوون و بە بیانووی جۆراوجۆر بەربەرەکانی دەسەڵاتی کوردیان کرد و بە ڕێگای پەروەردە کردنی نانیشتمانیی ئەندامانیان، ناڕاستەخۆ هاوکاریی دوژمنیان کرد و نەیانهێشت سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بە فیکرێکی ئاسودە بە کاروباری کوردستان و گەڵ ڕابگەن و بەشێکی زۆر لە وزەی ئەوانیان بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە بە خەساردا کە خۆیان هەڵگیرسێنەریان بوون، تا گەیشتە گشتپرسی کە لەویشدا بە دژی ڕاوەستان.

٨- هەروەکو دەبینن، لەو ڕاگەیندراوەدا، بە تەواوی هەست بە مەترسی کراوە.

٩- ڕۆژی ٢٠١٥/٧/١٢، ڕۆژانە هەواڵ بڵاویکردەوە: (هێنانی حشدی شەعبی لەلایەن یەکێتی، پێشمەرگە ڕووبەڕووی مەترسییێکی گەورە دەکاتەوە) و نوسی: (لە سەرەتای دەرکەوتنی داعش، هێزی حەشدی شەعبی ئێرانی کە بەناو سەربە حکومەتی عێراقە و هەر لەلایەن ئەو وڵاتەش هەموو پێداویستییێکی سەربازی بۆ دابین دەکرێ جگە لەو موچەیەی کە بۆیان بڕاوەتەوە، لە عێراق ئەو هێزە پێکهێنرا، پێکهێنانی ئەو هێزەش بووە مایەی نیگەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژی داعش، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار بەرپرسانی بەغدا لە مە ترسی ئەو چەکدارە شیعانە ئاگادار کرایەوە بە تایبەتی لەلایەن ئەمریکا، هەروەها مەرجی هاوکاری نێو دەوڵەتیش بۆ عێراق، دوورخستنەوە و وەدەرنانی میلیشیا شیعەکان بوو، بەڵام بەرپرسانی ئەو وڵاتە جەختیان لەوە کردەوە کە حشدی شەعبی هێزێکی نیشتیمانی عێراقیە، ئەمەش بەهۆی ئەو هەژموونە سیاسیەی ئێران بەسەر سەرکردە شیعە باڵا دەستەکانی عێراقی سەپاندووە. هەر بەهۆی هێرشەکانی داعش و کۆنترۆڵکردنی بەشی زۆری خاکی عێراق و بەشێک لە خاکی ناوچە کوردستانیەکانی هەرێم، وای کرد حشدی شەعبی خۆی لە سنورەکانی هەرێم نزیک بکاتەوە بە بیانوی شەڕی دژ ی داعش، بۆ ئەمەش یەکێتی کە هاوپەیمانی ئیران و شیعە دەسەڵات دارەکانی عێراقە، درێغی لە ڕادەستکردنی چەند ناوچەیەکی کوردستانی نەکرد بە دەستی حشدی شەعبی، لەوانەش "سەعدیە و جەلەولا"لە هەمان کاتدا بڕیاربوو کەرکوکیش ڕادەستی ئەو میلیشیا شیعانە بکرێت، بەڵام لەلایەن  سەرۆکی هەرێم بە ڕاسپاردنی کۆسرەت ڕەسوڵ، ئەو هەوڵە شکست پێهێنرا، هەرچەندە دوای ئەوەی بارزانی شکستی بەو هەوڵەیان هێنا، هادی عامری و بەشێک لە سەرکردە شیعەکانی عێراق هەڕەشەی توندیان لە بارزانی کرد، بەڵام بێسودبوو، چونکە بارزانی سوربوو لەسەر ئەوەی کە نە کەرکوک نە هەرێم پیویستی بە هێز نیە و هیچ هێزێکیش قبوڵ ناکەن. سەرەتای ڕادەستکردنی "جەلەولا و سەعدیە" بە حشدی شەعبی لەلایەن یەکێتی کە بە ڕێککەوتنێکی سیاسی نێوان" قاسم سلێمانی و هادی عامری و مەلا بەختیار" ئەو کارە کرا، چاودێرانی سیاسی هۆشداریان دایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و مەترسی خۆشیان لە بوونی حشدی شەعبی لەو دوو شارە کوردستانیە نەشاردەوە و ڕایانگەیاند کە: لە داهاتوو ئەو میلیشیا شیعانە دەبنە گەورەترین تەگەر لەبەردەم پێشڕەویەکانی کورد، هەم لە ڕووی سەربازی، هەم لە ڕووی سیاسی، بە تایبەتی لە پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، چونکە ئامانجی حشدی شەعبی لە خۆ نزیککرکردنەوەیان لە سنورەکانی هەرێم، بۆ تەگەر دروستکردنە. هەرچەندە گوێ بەو هۆشداریەی چاودێرانی سیاسی نەدرا، بەڵام دوای ئازادکردنی "جەلەولا و سەعدیە" لە دەستی داعش، حشدی شەعبی دەستی بەسەر ئەو دوو ناوچەیە گرت و چەندین تاوانی "کوشتن و ڕفاندن و تاڵان بردنی ماڵی کورد و وەدەرنانی خانەوادە کوردەکان"ی ئەنجامدا و هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتەکانیشی دەدا لە ناوچەکە، لەبەرامبەریشدا بەرسانی یەکێتی هەردەم دووپاتی ئەوەیان دەکردەوە کە ئەو کێشەیە بە دیالۆگ لەگەڵ بەرپرسانی حشدی شەعبی چارەسەر دەکەن، بەڵام نەک هەر کێشەکەیان بۆ چارەسەر نەکرا، بەڵکو لە دەرەنجامی هێنانی ئەو میلیشیا شیعانەی حشدی شەعبی ئیران، تەگەری گەورە تر دروست بوون کە چاوەڕان نەکراوبوون. ئەو تەگەرگەورەیەش ئەوەبوو کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە لە ٦٣ وڵاتی جیهان پێکهاتووە هۆشداریان داوەتە بەپێشمەرگە پێیانی ڕاگەیاندووە کە، هیچ هاوکاریەکی هێزی پێشمەرگە ناکەن، ئەگەربێت و بیانەوێت لەگەڵ حەشدی شەعبی گوندی بەشیر کۆنترۆڵ بکەن. بەشیر گوندێکی تورکمانی شیعە نیشینە، هێزێکی گەورەی حەشدی شەعبی ماوەی زیاتر لەشەش مانگە لەشەڕد ایە لەگەڵ داعش، بەڵام تائێستا نەیتوانیوە گوندەکەی خۆی

**کۆنترۆڵ بکاتەوەو زیاتر لە ١٠٠ کوژراویشیان هەیە. چاودێرێکی سیاسی "ن.ح" تایبەت بۆ ڕۆژانە هەواڵ لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر بێتو ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێ و هاوپەیمانان داعش بۆردوومان نەکەن، ئەرکی پێشمەرگە لـ ـە شەڕی دژی داعش قورستر دەبێت و قوربانیشی زیاتر دەبن، بۆیە لەمە یەکێتی بەرپرسی یەکەمە و دەبێت هەرچی زووە ئەو کێشەیە چارە بکات و چیتر کورد نەکاتە قوربانی بەرژەوەندیە باڵاکانی خۆی و حشدی شەعبی و لە سەروشیانەوە کۆماری ئیسلامی ئێران.)**

١٠- حەشدی شەعبی، ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بە فتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، لە هاوپەیمانیەتی ٦٧ گروپ میلیشیای شیعەکان پێکهات. ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٢١، پەرلەمانی عێراق پرۆژەی بە یاساییکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی پەسەند کرد. وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ئەبو مەهدی موهەندیس ی بەهۆی ئەندامبوون لە گروپی تیرۆریستی حیزبوڵڵای لوبنان خستوەتە لیستی تیرۆرەوە و بە کەسێکی شیعەی سەر بە ئێران ناوی دەبات و دەشڵێت تاوانبارە بە کوشتن و ڕفاندنی سەربازانی ئەمریکی و عێراقی.

١١- لە جوڵاندنی شەقام دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نوسەر ئاماژەی بۆ نەکردوە، عیبادی دوای شکانەکانی، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧دا، بە ئامۆژگاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کەڵکی لە بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی و دوکتۆر بەرهەم ساڵح جیگری دووەمی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە یەکێتیی بەجێهێشتبوو، و لیستی هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری پێکهێنابوو، و ژمارەیەکی تر وەرگرت و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوانەی کێشایە سەر شەقامەکان کە قەوارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێو خۆیدا هەڵوەشێنێت. لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوانە و خایینەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر لە شارۆچکەی پیرەمەگرون، کۆیە، سلێمانی، تەقتەق، ڕانیە و هەڵەبجە و ...تد ڕژانە نێو شەقامەکان و بە دروشمی بڕوخێ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک لە دەزگاکانی حکومیی و شارەوانیی و دادگای کوردستانیان سوتاند و تاڵان کرد.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەر ئەو خەیانەتەشدا ڕاوەستا و توانی بە دیپلۆماسیی و ناردنی هێزەکانی زێرڤانی بۆ سلێمانی، پیلانەکانی عیبادی تێکبشکێنێت و کۆتایی بە کاری تێکدەرانی ئەو تاقمە خایینە بێنێت و ئارامیی و ئاسایش بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکانی سەوز و نیلی. جەعفەر شێخ مستەفا، فەرماندەی یەکەی ٧٠ ی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمریکا کە دواتر بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداویشی پشتڕاستکردەوە، رایگەیاند:

**- (گروپێک لەنێو یەکێتیدا هەن هاوئاهەنگی و ڕێککەوتنیان لەگەڵ حکومەتی عیراق و حەشدی شەعبیدا هەیە، وەک چۆن کەرکوکیان ڕادەستکرد، ئاواش دەیانەوێت سلێمانی و هەولێر و دهۆکیان ڕادەستبکەن، تەنانە توندوتیژی خۆپیشاندانەکان ئەو گرووپە بوون نەک خەڵک، بەوە ویستیان بیانوو بدەنە دەست سوپای عێراق و حەشدی شەعبی تاوەکو بەناوی پاراستنی ئاسایش و خەڵکەوە بێنەوە سلێمانی و کوردستان.)**

ئەو سەرکردەیەی یەکێتی ڕەتیکردەوە توندوتیژی و سووتاندنی بارەگای حیزبەکان و فەرمانگە حکومییەکان کاری ئەو هاونیشتمانی و خۆپیشاندەرانە بێت کە داوای مووچە و خزمەتگوزاری دەکەن و گوتی:

**- (ئەو ڕووداوانەی ڕوویاندا داوای خەڵک نەبوو، بەڵکو ئەوە موئامەرەیەک بوو کەوتنە نێو ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە و من وەک کودەتایەک دەمبینی، مەرامەکەیان ئەوە بوو دۆخی کوردستان**

تێکبدەن، تەنانەت هاوئاهەنگییان هەبوو لەگەڵ عێراقدا تاوەکو حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بهێننە سلێمانی و هەموو کوردستان.)

شێخ جەعفەر ئاماژەی بەوە کرد: (ئەم پیلانە هی خەڵکی ئاسایی نەبوو، چونکە ئێمە دەزانین خەڵک و ئەو گەنجانە گیرفانیان بەتاڵە و داواکارییان ڕەوایە، خەڵکی ئاسایی ئەو مەرامەی نەبوو. نەک دوو هەزار یا پێنج هەزار کەس، بەڵکو خەڵکی ئاسایی ناڕەزا سەدان هەزار کەسن، ئەگەر خەڵکی ئاسایی بوونایە هیچ هێزێک نەیدەتوانی لەبەردەم هێزی خەڵک خۆی ڕابگرێت.)

شێخ جەعفەر بەشێک لە سەرکردایەتی و خەڵکی یەکێتی بە دروستکردنی پشێوی لەنێو خۆپیشاندانەکان تۆمەتبارکرد و گوتی: (لەنێو یەکێتیدا ئاراستەیەک هەیە و هەندێک لایەنی دیکە و تەنانەت چەند وڵاتێکی هەرێمیش لە پشتیانن، ئەوان دەیانەوێت سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بهێننە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و هاوشێوەی خەیانەتەکەی کەرکوک دووبارە بکەنەوە.)

سەبارەت بەو کەسانەی نێو یەکێتی زیاتر گوتی: (من خۆم حیزب وەک هۆکار دەبینم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەکەم، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بەهۆی ئەم ململانێ و ناکۆکییانەی نێو حیزب، ئیمانم بە حیزبایەتی بەتەواوی لاواز بووە، ئەو گروپ و ئاراستەیەی نێو یەکێتی هەندێکیان لە دەرەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتین، بەڵام دەسەڵاتەکەیان وای کردوە لە دەرەوەی سیاسەتی یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی بڕیاردەدەن.)

شێخ جەعفەر ئاماژەی بەوش کرد کە ئەوەی لە سنوری سلێمانی و شوێنەکانی دیکە ڕوویدا ئەمجارە تێکەڵبوونی خۆپیشاندەران بوو: (ئەوە یەکێک لە بەرنامەکان بوو کە ئەو ئاژاوەگێڕییە دروستبکەن، لە شوێنەکانی دیکەش دووبارەی بکەنەوە و دواتر وەک گوێمان لێبوو لە ڕاگەیاندنەکان لەژێر ناوی پاراستنی ئاسایش، حکومەتی عێراق سوپا بهێنێتەوە کوردستان، چونکە هاوئاهەنگی و ڕێککەوتنیان لەو ڕووەوە پێشوەختە لەگەڵ عێراق و حەشدی شەعبیدا هەبوو.)

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کێشە نێوخۆییەکانی حیزبەکەی بە هۆکاری ئەو ڕێککەوتنە دەزانێت و دەڵێت: (لەبەرئەوەی یەکێتی ئێستا جۆرێک لەسەر لێشێواوی و لێکترازانی تێدایە، وایلێهاتووە کەسانێک حیزبەکە کۆنترۆڵ بکەن و جۆرەها مامەڵەش بە حیزبەکەوە دەکەن تەنیا بۆ پەیداکردنی دەسەڵاتی خۆیان، وایلێهاتووە ئەو کەسانە بۆ خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا یاری بکەن و کەسیش نەتوانێت لێیان بپرسێتەوە.)

فەرماندەی یەکەکانی حەفتای وەزارەتی پێشمەرگە هۆشداری دەدات کە: (تاوەکو ئەو گروپە خایینەی یەکێتی مابن مەترسی جددی لەسەر کوردستان هەیە، چونکە بەردەوام هاوئاهەنگی عێراقن و دەیانەوێت سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بهێننەوە و هەموو کوردستانی تەسلیم بکەن، بۆ نەهێشتنی کوردستان و ئەو دەستکەوتانەی کوردستان. ئێستاش ئومێدمان یەکریزی میللەت و سارێژکردنی برینەکانە، ئەگەرنا ئەمڕۆ بێت یا سبەی، بە خەڵک بڵێین ئەو گروپە خایینە کێن کە هەماهەنگییان لەگەڵ عێراق و حەشدی شەعبی هەیە، لە بەغدا و کەرکوک و سلێمانی کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردون و دەیانەوێت دەستی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بگرن و بیانهێننەوە شارەکانی کوردستان.)

بە بڕوای شێخ جەعفەر تا ئێستاش مەترسی هاتنی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لەسەر هەرێمی کوردستان ماوە و دەڵێت: (هەتا ئەو گروپە مابن ئەو مەترسییە بەردەوام لەسەر کوردستانە، چونکە ئەوان لە موئامارەی خۆیان ناکەون، ئەگەر بڕوانن ئەو کەسانە لە ڕابردوودا فلسێکیان لە گیرفاندا نەبووە،

کەچی ئێستا بە سەدان ملیۆن دۆلار ناڵێن پارە، پارەی نەوتیان لایە و تا ئێستاش لەو کەسانەی بچووکترین بەرژەوەندییان لەم وڵاتە هەیە لەگەڵیان هاوبەشن و سەرانەیان لێدەسێنن) دەشڵێت: (هەموو حیزب و لایەنەکان بە کاک مەسعودیشەوە ئاگاداری خیانەتی ئەو گرووپەی یەکێتین، بەڵام دۆخی کوردستان نالەبارە و سەرکردەی ئەو حیزبانەش بەرپرسانە نایەنە پێش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، فەوزایەک لە کوردستان دروستبووە ئەوان بەهەموو جۆرێک دەتوانن تەراتێنی تێدا بکەن.)

سەبارەت بە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و وتەکانی ئاراس شێخ جەنگی، شێخ جەعفەر گوتی: (ئێستا کاتی سارێژکردنی برینەکانە نەک کولاندنەوە یان، ئاراسی شێخ جەنگی زۆر سەهوە، دەبوو باسی ئەوە بکات بەپێچەوانەوە ئەو بە ئێمەی گوت بەرگری مەکەن با سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بێنە کەرکوک، بەڵام ئێمە پێمانگوت سازش لەسەر یەک بست خاکی کوردستان ناکەین و بێ بەرگری چۆڵی ناکەین، دەبوو باسی ڕۆڵی خراپی خۆی بکات کە کۆبوونەوەی لەگەڵ عێراق و سەرکردەکانی حەشدی شەعبی کرد بۆ ئەوەی بیانهێنێتە کەرکوک، هۆکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر گشتپرسی نەبوو، بەڵکو خەیانەتی ئەو گروپەی یەکێتی بوو، ئێستاش ئەگەر گشتپرسی بکرێت و بزانم زیانی زیاتر دەکەین، نەک یەک پەنجە هەر ١٠ پەنجەکەم دەکەم بە مەرەکەبەکەدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام ئەوانەی لەسەرەتاوە دژی گشتپرسی و سەربەخۆیی بوون، ئەوانە بوون هاوکاری و هەماهەنگی سوپای عێراق و حەشدی شەعبییان دەکرد، تاوەکو بیانهێننەوە شارەکانی کوردستان و وەک شارەکانی عێراقی لێبکەن.)

شێخ جەعفەر مستەفا جەختی لەوە کردەوە: (ئەگەر ڕۆژێک ئەم دۆخە نالەبارەی کوردستان نەمێنێت و دادگایەکی نیشتمانی پێک بهێنرێت، دەبێت لە دنیادا سزای خاییین چییە ئەوانیش هەمان سزا بدرێن، چونکە ئەگەر لە سەردەمی شاخدا ئەوەیان بکردایە و هاوکاری حکومەتی عێراقیان کردبا، هەموویان گوللەباران دەکران، ئەگەر مام جەلالیش مابووایە هەموویانی وەک خائین سزادەدا.)

# یەکەم خەیانەت

ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١، شۆڕشی ئەیلول بە هێرشی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق بۆسەر کوردستان، بە کردەوە دەستی پێکرد. پێنج ڕۆژ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، لە ١٩٦١/٩/١٦، چوار فڕۆکەی شەڕکەری عێراق خۆیان گەیاندە سەر گوندی بارزان و گوندەکانی ناوچە و هاوینە هەواری "بەبانیان" لە چیای شیرین بۆمباران کرد. دوای ئەو بۆمبارانە ڕژێم بە هێزێکی گەورەی سەربازیی و جاش بەرەو بارزان هات کە داگیری بکات. دوژمن لە ئاکرێ، چیای پیرس، ڕەواندز و مێرگەسورەوە هێرشی هێنا، بەڵام لەگەڵ خۆڕاگریی بارزانییەکان ڕووبەڕوو بۆوە. لەو شەڕانەدا کە بارزانی خۆی فەرماندەیی دەکرد، پێشمەرگەکان ئازایانە خۆیان ڕاگرت، بەڵام چونکە دەزگای پێوەندیی گرتن "بێتەل"یان پێنەبوو، نەیاندەتوانی ئاگاداریی یەکتر بن و بارزانی لەگەڵ بیست پێشمەرگە کەوتە نێوان هێزەکانی سوپا و جاشەکان و بە زەحمەتێکی زۆر توانیان گەمارۆکە بشکێنن و خۆیان ڕزگار بکەن. لەو شەڕەدا میرزاغا ڕەشۆ شێروانی شەهید بوو. لە چیای پیرس کە بارزانی هێڵێکی بەرگریی گەورەی بۆ دانابوو، سوپای عێراق نەیتوانی بێتە پێشەوە و لە بەرەی مێرگەسوریش پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی محەمەد ئەمین میرخان پێشیان بە دوژمن گرت و چەقاندیان. سەبارەت بەو هێرشانەی سوپا و جاشەکانی عێراق، محەمەد مەلا قادر لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (ئەوکاتە من لە شۆڕشدا نەبووم و ساڵی ١٩٦٤ چوومە نێو شۆڕش. مامۆستا بووم و لە ڕێکخستنی شاردا کارم دەکرد، بەڵام بە زانیاریی من، سوپای عێراق لە دوو بەرەوە هاتن، بەرەیەکیان بەتایبەتی بۆ بارزان بوو کە زۆر بەگرانی لە ناوچەی پیرس، ئاکرێ، سەرچنار و دۆڵی شانەدەرەوە هێرشیان کرد. بەرەی دووەم بەرەی چەمی ڕێزان لە نێوان کەرکوک و سلێمانی بوو کە مام جەلال فەرماندەی هێزەکانی ئەوێ بوو. دیارە ئەوان لەوێ شەڕیان پێنەکرا و زوو پاشەکشەیان کرد. لە بارزان شەڕی قورس کرا، بەڵام دوای ماوەیەک ئەوانیش ناچاربوون پاشەکشە بکەن. دوژمن گوندی بارزانی گرت.)

شکانی پێشمەرگەکانی بارزانی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات، گرنگایەتی زۆری هەبوو بۆ کەریم قاسم و بەرزبوونەوەی ورەی سوپای عێراق. لەبەر ئەوە، کەریم قاسم ڕۆژی ١٩٦١/٩/٢٣ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی لە بەغدا پێکهێنا و ڕایگەیاند: **(یاخیبوەکانی سەرکوت کردوە.)**

سەرۆک بارزانی لە بارزانەوە چوو بۆ گوندی سیدا[١]. دانیشتوانی ئەو گوندە، دە تا پازدە بنەماڵە بوون. ئەشکەوتی زبێتکێ کە بارزانی لێی ماوەتەوە لە بناری چیای "خالێ" لە نزیک گوندەکە هەڵکەوتووە و بەسەر ڕوباری شین "زێی گەورە" و ئەو گوندە و گوندەکانی شێنگل، باڤسێڤا، تێلێ، هیزا و داویکادا دەڕوانێ. سێ چیای "خالێ، دووژی و قەلە ڕەش" دەوریان گرتوە و بارزانی لەوێوە شۆڕشی ئەیلولی جاڕدا.

دەنگی تەقەی پێشمەرگە هەموو ناوچەی بادینانی گرتەوە. ڕژێمی عێراق ئابڵۆقەی خستە سەر بادینان و نەیهێشت دەنگی شۆڕش بگاتە بەشەکانی تری عێراق. لە هەمانکاتدا ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانیشی لە جیاتی ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوچەی شەڕەکان و لەقاودانی کردەوەکانی دوژمن، وەک یەکەم خەیانەت بە کردەوە چوونە ژێرفەرمانی عەبدولکەریم قاسم و نەیاندەهێشت دەنگی شۆڕش بگاتە سلێمانی، هەولێر و کەرکوک. لەبەر ئەوە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لایەنگریی لە بارزانیی و شۆڕشی ئەیلول دەکرد، بڕیاریدا بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە ڕای گشتی و ئاگادار کردنەوەی ناوچەکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکوک لە بارودۆخی ناوچەکانی شەڕ، بڵاوکراوەیەک بڵاوبکاتەوە.

بەم جۆرە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١دا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە ناوی ئەو بڵاوکراوەیە ساخ بۆوە و لەژێر ناوی "دیسان بارزانی" بڵاویکردەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی لە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا، هەواڵەکانی شۆڕش و ڕووداوی شەڕەکانی ناوچەی "بادینان"یان بە کپی هێشتبۆوە و هەوڵیاندەدا پێشمەرگەکان و دانیشتوانی ئەو سێ پارێزگایە کە دوور بوون لە شەڕەکان، لە بێئاگاییدا ڕابگرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڵاوکراوەی دیسان بارزانی بەنهێنی لە سلێمانی چاپ و بڵاوکردەوە. یەکەم ژمارەی دیسان بارزانی بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و پەیداکردنی دۆست و لایەنگر بۆ شۆڕش، لە مانگی شوبات "فیبرواری" ساڵی ١٩٦٢ لە شەش لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە. لەو بارەیەوە، ڕەشید فەلاحی "ڕەشەی قاچاخچی" لە لاپەڕەی ٣٠- ٣٢ی کتێبەکەیدا "بیرەوەرییەکان لە شۆڕشی ئەیلولدا" ئاماژە بۆ دیسان بارزانی دەکات و دەڵێت: (بریاریاندا بوو ئەو قورسایی شەڕە لە مەڵبەندی بادینان نەمێنێ و دابەش بێت بەسەر هەموو کوردستان دا لەم ناوچەیەش شۆرش دەست پێ بکات، بۆ بەکارهێنانی خەڵکی بەشەرەف و کوردپەروەری شاری سلێمانی بڵاوکراوەیەک بەناوی "دیسان بارزانی" بڵاوکرایەوە، کە شەڕەکانی گەلی زاویتە و مەڵبەندی بادینانی تێدا تۆمار بکەین، بەڕاستی دیسان بارزانی تەئسیری زۆری هەبوو، خەڵکی تێکۆشەر و کوردپەروەر داوایان دەکرد شەوانە بڵاوکراوەی دیسان بارزانیان لە درزی دەرگاکانەوە بۆ بخەینە حەوشەکانیان.)

هەروەها، شێخ جەمیل مەردۆخی لە بیرەوەرییەکاندا کە دوکتۆر یاسین سەردەشتی بۆی ئامادە کردوە دەڵێت:

- (ئێمە بڵاوکراوەی "دیسان بارزانی"مان لە گەڕەکی قەزازەکانی شاری سلێمانی دەرکرد، ئەم بڵاوکراوەیە حەوت ژمارەی لێ دەرچوو کە لە کوردستان و ئەوروپادا بڵاودەکرایەوە، سەروتاری یەکەم ژمارەی بە قەڵەمی ئەحمەد تۆفیق نووسرا بوو، باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە چۆلکردن و ئاشبەتاڵی جەبهەی دەربەندیخان و دەربەندی بازیان بوو، ئۆباڵی شکستەکەشی خستبووە سەر سەرانی پارتی و نووسیبووی: "ئەو سنگ شێرانەی شۆڕشیان بەتاڵکرد و چوونەوە باوەشی عەبدولکەریم قاسم"، ژمارە هەشتی دیسان بارزانی پاش ٤ مانگ لە گوندی "گەناو" و ژمارە نۆش لە گوندی "نورەدین"ی ناوچەی پشدەر دەرکرا کاتێک بەرێوە بووین بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی. ئەوانەی ئەرکی نووسین و چاپکردن و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی دیسان بارزانیان لە ئەستۆ گرت: ئەحمەد تۆفیق نووسەر، سلێمان موعینی نووسەر، مەلا سەید ڕەشید ڕێکخەری دەنگوباس، مەلا ڕەحمان سیفەتاڵەیی تایپێست، عەلی سەرشیوی

پاسەوان، جەمیل مەردۆخی بەرپرسی پەخشی بەغدا، عومەر نگڵی بەپرسی پەخشی پشدەر. هەروەها ئەحمەد تۆفیق بەرپرسی پەخشی شەوانە بوو کە لە باخچە و حەوشەی ماڵەکاندا دایدەنا، پارتی بەفەرمانی سەرکردایەتیی هەولی کۆکردنەوەی ئەم بلاوکراوەیەی دەدا و پاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە دەزگای ئەمن ئەم بلاوکراوەیە پەخش دەکات، جارێکیان عومەری نگلیان لە "درِی" بە بەستەیەک دیسان بارزانیەوە گرتبوو، لەلایەن هەرە ناودارترین کەسی سەرانی پارتیەوە فەلاقە کرا.)

"دیسان بارزانی" لە یەکەم ژمارەیدا باس لە نارێکیی خێڵە چەکدارەکانی دەربەندی بازیان، دەربەندیخان، ئەزمەڕ، خەلەکان و چۆلکردنی مەیدانی بەرگریی لەو ناوچانەدا دەکات کە بە پلان و پێدانی دەرفەت بە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، ڕێگە بۆ پەلاماردانی پێشمەرگەکانی پاریزگای موسڵ لە ناوچەی بادینان بکرێتەوە و پارێزگاکانی تری عێراق لە بێدەنگیدا ڕابگیرێن. پاشان دێتە سەرباسی پەلامار و پێکدادانەکانی ناوچەی برادۆست، بەرواریی بالا، تەروانیش، جوم جهان، عاسی و سەرئەنجام شەڕی گەلی زاویتە لە نزیک دهۆک کە پێشمەرگەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا زەبری کوشندەیان لە جاش و سوپای دوژمن وەشاند و زیاتر لە هەزار چەکداریان لێ کوشتن و بریندار کرد و سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا.

هەڵگەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکرات لە بارزانی و هاوکاریی نەکردنی بۆ تێکشکاندنی هێزە پەلامارەرەکانی ڕژێمی عێراق لە ناوچەی بادینان و ڕێگرتنی لە زەبر وەشاندنی پێشمەرگەکانی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکوک لە چەکدارەکانی ڕژێم و والا کردنی دەستی دوژمن لە پەلاماردانەکانیدا بۆسەر ناوچەی بادینان، لە نیەتێکی ناپاکەوە سەرچاوەی دەگرت. ناوبراو بەو هیوایە بوو کە بارزانی لە شەڕەکانی بادینان دا بشکێ و خۆی دەسەلاتی پارتی بە دەستەوە بگرێت، بێئاگا لەوەی کە زیانی قەرەبوو نەکراوی ئەو خەیانەتە بە گەلی کورد و ناوچەکانی بارزان و بادینان و هەروەها دانیشتوانی ناوچەکانی سۆران، گەرمیان و بەتایبەتی سلێمانی گەیاند.

لەگەڵ ئەو خەیانەتەشدا، کە ئیبراهیم ئەحمەد دژی کوردی کرد، بارزانی لە خەبات و بەرەنگار بوونەوەی دوژمن خاو نەبووە و چالاکانە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان، ناوچەی بادینانی لە دوژمن پاککردوە و ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٢ بەرەو ناوچەی سۆران چوو کە ئەو ناوچەیەش ئازاد بکات. ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێ خایینەکانی ٨٠٪ سوڕانەوە و بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتیان لە بێتواتەوە گواستەوە بۆ ماوەت و سەرلەنوێ چوونەوە ڕیزی شۆڕش و ژێر فەرمانی سەرۆک بارزانی.

١- گوندی سیدا کەوتووەتە پشت چیای شیرین، لە "گەلی باڵندە" و نزیک شارۆچکەی شیلادزێ هەڵکەوتووە.

## خەیانەتی دووەم

ئیبراهیم ئەحمەد، بەهەموو شێوەیەک دەیویست بەسەر سەرۆک مستەفا بارزانیدا زاڵ بێت و دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی بۆی ببوو بە ئاواتێک کە ئامادە بوو دەیان جاری تریش خەیانەتی بۆ بکات. لەو هەوڵەیدا، ئەم جارە دەرفەتی پەیدا کرد کە پەنا بۆ شای ئێران بەرێت، تا بە دەرەتانێک کە شای ئێران بۆی دەستەبەر دەکات، بەسەر مەلا مستەفادا زاڵ بێت. عیسا پژمان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا مەئموری پێوەندی نێوان ساواک و ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە ناوبراو بەبێ ئاگادار کردنەوە و ڕەزامەندیی بارزانی ئەو پێوەندییەی دامەزراند. بۆ زانیاریی پتر لەو بارەیەوە، سەرنج بدەنە عیسا پژمان کە دەڵێت:

- (پێشتر من لە ئێرانەوە ناوی ئەو سەرکردانەی لە بەغدا بوون وەک ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و عەبدولرەحمان زەبیحی دەزانی. هەروەها پێشتر لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوتبوو. جەلال تاڵەبانی گوتی: "ئێمە تەنانەت دەمانچەیەکمان نییە کە بتوانیین پۆلیسێکی پێ بکوژین." لە وەڵامیدا گوتم باشە و شتێکی ترم نەگوت. کاتێک گەڕامەوە بۆ ئێران و ڕاپۆرتەکەم نوسی، شا گوتی: "ڕێگە چارەی ئەو کێشەیە چییە؟" نوسیم تەنیا ڕێگە ئەوەیە، ئەو کوردانە ئێستا گرفتارن و ئەوان بە ڕەگەز ئێرانین. ناوچەکەیان لە جەنگی چاڵدران لە ئێران جیاکراوەتەوە و داویانە بەو ڕژێمانە، بەڵام ئەوان لە هەرکوێی دنیا بن، هەر ئێرانی ماون و خۆیان بە ئێرانی دەزانن و ئێمە دەبێ یارمەتیان بدەین کە نەهێڵن هێزەکانی کەریم قاسم بگەنە سنوری ئێمە. شا داوای بینینی منی کرد و گوتی: "ئەوە چییە نوسیوتە، بۆم ڕوون بکەوە؟" مەسەلەکەم بۆ ڕوون کردەوە و گوتم پێویستە پارە و چەکەمەنیان پێبدەین. شا کاردانەوەیەکی توندی لەخۆی پێشاندا و گوتی: "من جارێکی تر پارە بدەم بە مستەفا بارزانی کە لەگەڵ جەماعەتی دیموکرات بێن ئەفسەر و پلەدار و سەربازی من بکوژن؟"

گوتم ئەوکاتە بارودۆخەکە لەگەڵ ئەمڕۆ جیاواز بوو، ئەوکاتە سەرۆکایەتی مهابادیان دەکرد و مستەفا بارزانی لە مهاباد بوو، ناتوانین ئەوکاتە لەگەڵ ئێستا بەراورد بکەین و ئێمە ئەمڕۆ لە بارودۆخێکداین کە پێویستە ئەم کارە بکەین و بیر لەمڕۆ و دواڕۆژمان بکەینەوە. هەندێک بیری کردوە و گوتی: "پێشنیازەکانت بنوسە و بڵێ چێیان پێبدەین؟" گوتم هەزار تفەنگ، زیاتر لە ۲۰۰ دۆشکە، یەک ملیۆن فیشەک و یەک ملیۆن تمەن. گوتی: "باشە".

دوای ئەو پێوەندییە دەستبەجێ منیان کرد بە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی ساواک لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەو پێنج وڵاتانەی کوردیان لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا بووم بە جێگری سەرۆکی بەستراوەی سەربازی "وابستە نظامی" لە بەغدا کە بەرلەمن کوردێکی سنەیی بەرپرسی بوو. دوای ٦-٧ مانگ لە ساڵی ۱۹٦۰دا ئەویان گۆڕی و منیان لەجێی ئەو دانا. دوای ڕەزامەندی شا، من گەڕامەوە بۆ بەغدا. لە سلێمانی چاوم بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوت و لە بەغدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری قسەم کرد و گوتم دەتوانن بەڵێنی شەرەف بەمن بدەن کە ئەگەر من کارێکتان بۆ ئەنجام بدەم لە بەرامبەر شادا شەرمەزار نەبم؟ گوتیان: "بەڵێ". گوتم داوام لە شا کردوە تا شەش مانگ یارمەتی بە ئێوە بدات و ئەگەر لەو ماوەیەدا ئێوە بە وتەی ئێمە جوڵانەوە، ئەوە یارمەتیتان پێدەکەین، ئەگەرنا ئێمە یارمەتییەکانمان دەبڕین. گوتیان: "باشە، ۱۰۰% هیچ گرفتێک نیە." گوتم دوو کەس بنێرن بۆ ئێران و پێشنیاز دەکەم ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بێن، گوتیان: "ناتوانین و باشترە عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بێن." ئەو دوو کەسەم لەگەڵ خۆم برد بۆ سەردەشت و لەوێ ماڵێکم هەبوو، و ئەوانم لە ماڵی خۆم دانا. لەگەڵ سەرۆکی ساواک و بەرپرسانی ئەمنیەتی سەردەشت گفتوگۆیان کرد و قەولی شەرەفیاندا کە بەگوێی ئێمە بکەن و منیش ئەو پێداویستیانەم بە نهێنی و بە ڕێگای مەریوان و پێنجوێن دا برد بۆ سلێمانی و تەحویلی ئەوانمدا. جەلال تاڵەبانی داوای کرد چەک و تەقەمەنییەکان بەرم بۆ ماوەت کە ناوەندەکەیان لە ماوەت بوو. گوتم من ناتوانم، دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئێوە دەبێ بۆخۆتان بیانگوێزنەوە بۆ ماوەت.(۱))

دانی پارە و چەک و تەقەمەنی بە گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە لایەن شای ئێرانەوە بەو مەرجە بوو کە ئیبراهیم ئەحمەد بەسەر مەلا مستەفادا زاڵ بێت

و ئەو لە شۆڕش و پارتی دیموکرات دوور بکاتەوە. لەم بارەیەوە، گوێ لە عەبدولرەحمان شەڕەفکەندی "هەژار" بگرن کە دەڵێت: (لەبیرمە شەوێک عومەر دەبابە هات، چەمەدانێکی ڕەشی پێبوو، دای بە مەلا مستەفا. دوای دوو ڕۆژیش گوتیان دوازدە تفەنگی برنوی هێناوە، وەک من گوێ بیست بومەوە، حیزبی پارتی بەبێ پرسی مەلا مستەفا دەگەڵ ئێرانیەکان پێوەندی گرتوە. عیسا پژمانی ساواک هاتۆتە لایان، بڕیاری داوە ئێران بە دزیەوە یاریدەیان بدا. بەو شەرتە بارزانی کە دوژمنی سەرسەختی شا و کۆمونیستی مۆسکۆیە لەناو خۆیان دەراوێن. پول و تفەنگیان هێندێک وەرگرتوە، بارزانی بەوەی زانیوە. بۆ ڕازی کردنی بارزانی هێندێک پوڵیان هێناوە و گوتویانە ئەمە بەشی تۆ بۆ لەشکرکێشی و ئەمە فێڵێکە لە ئێرانی دەکەین و هەر موخلیستین کە بارزانی گوتویە: "تفەنگەکانتان چلێکرد؟"، چون دوازدە تفەنگیشیان هێناوە. وادیار بو ئێرانی لە عەقیدەی کمونیستی پارتی ڕازی یە، بەڵام لە بارزانی دەترسێ، چونکە پارتی برایم بەرنامەی حیزبەکەشی هەموی بڕوا بە سیستمی مارکسی بو.[٢])

دوای وەرگرتنی ئەو چەک و پارانە لە ئێران، ئیبراهیم ئەحمەد بەرە بەرە پەرەی بە دەسەڵاتی خۆیدا لە پارتیدا. لە هەمانکاتدا، سوپای عێراق هێرشێکی گەورەی کردە سەر کوردستان و زیانێکی زۆری بە پێشمەرگە، شار، گوند و کێڵگەکانی کوردستان گەیاند. مام جەلال لە کتێبەکەیدا "دوای ٦٠ ساڵ" بە هێرشی گەورەی ڕژێمی بەعس ناوی دەبات. لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا عەبدولسەلام عارف کودەتای بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد و دەسەڵاتی عێراقی گرتەدەست. عەبدولسەلام شەڕی ڕاگرت و داوای وتووێژی لە بارزانی کرد. ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی لە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا بە ڕاسپاردەی ڕژێمی شا، لەگەڵ وتووێژ نەبوون. لەو بارەیەوە، حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشوی ئەرکانی سوپای ئێران ئاماژە بۆ ئەو شەڕە دەکات و دەڵێت:

- (لەو هێرشەدا سوپای عێراق بە سێ لەشکری کۆکراوە لە ئامێدی، ئاکرێ، ڕانیە، کۆیە، قەڵادزێ، چوارتا، سلێمانی و خانەقینەوە هێرشی کردە سەر کوردستان. بەگشتی دوو سێ سوپای عێراق "بە ڕێکخستنی ئێران هەر سوپا سێ لەشکرە- نوسەر" بەشداریی ئەو شەڕەیان کرد و بۆمبارانی توندی فڕۆکەکان

ئەنجامی گرت و پێشمەرگەکانیش بۆ ئەوەی لە گەمارۆ نەکەون، بە ئارامی بەرەو چیاکان و بەرزاییەکان پاشەکشەیان کرد. لەو شەڕانەدا بڵاوکراوەکانی بارزانی ئاماژەیان بۆ دەستکەوت و زیانەکانیان کرد و ڕایانگەیاند لە ماوەی دوو هەفتەی شەڕدا، ١٣٤٠ چەکداری سوپا و ٧٤٠ جاشیان بەدیل گرتووە، ٢٠ تانک، ١٦٤ ڕەشاش، ٩ بازوکا، ١٠٠٠ تفەنگیان دەستکەوت بووە و لە بەرامبەردا ١٣٤ پێشمەرگەیان شەهید و ٢٧٣ پێشمەرگەشیان بریندار بوون و بەهۆی بۆمبارانەکانەوە، ١٦٧ گوند وێرانکران و ٦٣٤ کەسی مەدەنی و ١٣٠٩ ژن و منداڵ لە بۆمبارانەکاندا شەهید بوون. سەرئەنجام دوای پێنج مانگ بەسەر وتووێژی بەغدا، ١٨ ی نۆڤێمبەری ١٩٦٣ لە عێراق کودەتا کرا و عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتەدەست و شەڕی ڕاگرت و داوای وتووێژی لە بارزانی کرد. مەکتەبی سیاسی لەگەڵ وتووێژ نەبوو، بەڵام بارزانی داواکەی قەبووڵ کرد.

ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی دژی وەستاندن شەڕ و وتووێژ بوون و بارزانی بە پێچەوانەی ویستی ئەوان، بەتەنیا ئاگربەسی ڕاگەیاند. ئەو کارەی بارزانی ئەوانی بەتەواوی تووڕە کرد. ئەوان لە نامەیەکی بیرخستنەوەی ڕەخنەگرانەدا داوایان دەکرد واز لە ئاگربەس بێنێت و تا تێکشاندنی دەوڵەتی عێراق درێژە بەشەڕ بدات. هەروەها پێیانڕاگەیاند کە دەوڵەتی عێراق لەبەر ئەوە ئاگربەسی ڕاگەیاندوە کە خۆی بۆ هێرشێکی سەرلەنوێ ئامادە بکاتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی، شەریف حیلمی، سەرهەنگ نوری ئەحمەد تەها، جەمیل بەگ، عەلی عەسکەری و مازور سمایل لێپرسراوی کاروباری عەمەلیات، ژێر ئەو نامەیەیان ئیمزا کردبوو.


مەلا مستەفا بۆخۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، باشتر لە هەر کەسێکی تر ئاگاداری بارودۆخ و بیروباوەڕی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بوو، دەیزانی لەوە پتر دەرەتانی شەڕ نییە، تەواوی ناوچەکان بەهۆی بۆمبارانی دوژمن وێران بوون، زەوی، دانەوێڵە و کەلوپەلی ژیان بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە لەناو چووبوون. ژمارەی زۆری ئاوارە و ڕاکردووەکانیش کۆسپێکی تری سەر ڕێگای بەردەوامیی شەڕی چەکدارانە بوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر دابەزینی ورەی خەڵک بوو کە بەهۆی پشتیوانیی

نەکردنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە کوردان، زیانی بینیبوو. ... دوور لە باوەڕە کە ئەگەر بڵێین مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، نەزانن حیزبەکەیان دەرەتانی درێژەدانی بە شەڕی چەکدارانە نەماوە، بەڵام بە ڕوونی دیاربوو کە ئەوان لەهەر هەلێک دەگەڕان تا خۆیان لە چنگ مەلا مستەفا ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر نەتەوەی کوردا بە خایینی بناسێنن و بڵێن بۆتە داردەستی دەوڵەتی عێراق و ئەم جارە بۆخۆیان وتووێژ لەگەڵ عێراق بکەن. .... مەکتەبی سیاسیی کە بارەگاکەی لە ماوەت لە نزیک چوارتا بوو لە باکوری سلێمانی، دژی مەلا مستەفا دەستی کرد بە پروپاگەندە و ئەویان لە بەرامبەر داخوازەکانی نەتەوەی کورددا بە خایین ناساند.[٣])

هەرلەو بارەیەوە، محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: (لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا عەبدولسەلام کودەتای لە بەعسییەکان کرد، داوای شەڕ ڕاگرتنی کرد و بارزانی پەسندی کرد. وتووێژ دەستی پێکرد، بارزانی نەمر نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی نوێنەری پارتی بوون. شاندی حکومەتیش پارێزگاری سلێمانی حاجی مەحموود عەبدولرەزاق بوو، ڕێککەوتن لەسەر بڕیارەکە کرا، بەڵام کاتێ جەلال و نوری شاوەیس چوونە ماوەت، مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو، لەوێ جەلالیش هەڵوێستی گۆڕی. مەکتەبی سیاسی بەیانێکی دەرکرد لەژێر مانشێتی "ئایا ڕێکەوتنی مشیر- بارزانی ئاشتییە یان خۆدانە دەستە و قسەی ناشیرینیان بە بارزانی گوت."[٤])

هەرلەم بارەیەوە عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار" دەڵێت: (لە دوای کودەتای هەشتی فیوریەی ١٩٦٣ کە بەعس هاتە سەر حوکم و شەڕ وێستا بوو، من لە بەغدا جەلالم دیت کە بۆ وتووێژ هاتبوو. گوتی حیزب دەڵێ: هەژار با بێتە کوردستان، بەڵکوو نێوانی بارزانی و ئێمەی حیزب خۆش کاتەوە. لە وەرامی پرسیارێکی منا گوتی: بارزانی هیچ گوێ ناداتە حیزبایەتی و حیزبیش ئەمە قەبووڵ ناکا. کاتێ هاتمە کوردستان و چاوم بە بارزانی کەوت و کردەوە حیزبایەتییەکەی جەلال و برایمم دیت، تێگەیشتم خواروخێچی و

ڕێوبیبازی لەژێر سەری سکرتێردا، برایم ئەحمەد دەیویست لە حیزب دیکتاتۆرێک بێ کەس لە ڕوویا نەڵێ پیاوم. ئەو پایە و مایەش نەبوو کە لای خەڵک زل بنوێنێ. ترسەنۆک بوو. زاتی چوونە ناو سەنگەرو هونەری مەردی و نەبەردی نیشاندان و سەرکردایەتی مەیدانی شک نەدەبرد. نەیدەتوانی بەبێ بارزانی ڕۆژێکیش لە شەڕ خۆڕاگرێ...



لە کۆنگرەدا دەیانویست لایەنگرانی بارزانی بە پووڵ بکرن. دەگژ سەرۆکی ڕابکەن. پووڵیان لە کوێوە هێنابوو؟ دەرکەوت هەر لەمێژە، بە دزییەوە دەگەڵ دەزگای شای ئێران دا کەین و بەینێکیان کردوە. چەک و پووڵی لێ وەردەگرن کە دژی مستەفا بارزانی خەبات بکەن. لە هاوینی ١٩٦٣ دا کە هەموو گرانایی شەڕ لەسەر مەڵبەندی بارزان بوو.... برایم نەیهێشت پێشمەرگەی بەر فەرمانی لە کەرکوک، سولەیمانی و هەولێرەوە بچنە شەڕی حکومەت و بارێک لەسەر بارزانی سووک کەن. لە وەرامی پێشمەرگەی دڵسۆزا دەیگوت: با بارزانی لەناو بچێ، ئەوسا سەرکردەیی شۆڕش دەبێتە یەک، وێنەی بارزانی شەهیدیش بە پووڵێکی زۆر دەفرۆشین.(٥))

سەرۆک بارزانی، بە کۆنفرانسێکی مەزن لە شاری کۆیە، بە شێوەی کاتی ئەو کێشەیەی ئیبراهیم ئەحمەدی چارەسەر کرد. ئەو کۆنفرانسە کە بە کۆنگرەی بەرفرەوان ناوبانگی دەرکرد، چل ڕۆژ دوای کودەتای بەعس لە عێراق و دە ڕۆژ دوای کودەتای ٨ی ئاداری بەعسییەکانی سوریا، لە ١٩٦٣/٣/١٨ بە بەشداریی نزیکەی دوو هەزار کەس پێکهات، بەشدارانی کۆنگرەکە پرۆژەیەکی داواکاریی نەتەوەیی کوردیان ئامادەکرد. بە دوای ئەو کۆنگرەیەدا، بارزانی لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و

ئەندامەتی گروپێکی چواردە کەسیی وەک: ساڵح یوسف بارزانی، مەسعود محەمەد، حسێن خەنەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز، فوئاد عارف و...تد، ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٣٠ بە گەلاڵەکەوە ڕەوانەی بەغدا کرد کە وتوویژ لەگەڵ حکومەت بکەن. لەوێ بەبێ ئەوەی کە وتوویژەکەیان بەئاکام بگات. بەعسییەکان جەلال تاڵەبانیان ڕازی کرد کە لەگەڵ وفدێکی عێراقی بچێ بۆ میسر و چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێ و سەرەڕای پیرۆزبایی یەکگرتنی میسر و سوریا و عێراق و پێکهێنانی وڵاتێکی یەکگرتووی عەرەبی لەو سێ دەوڵەتانە هەوڵی جێبەجێ کردنی داواکارییەکەی بدات. جەلال تاڵەبانی بەبێ ئەوەی کە داوای بەعسییەکان بە بارزانی ڕابگەیەنێ و ڕەزامەندی ئەو وەربگرێت، ئەندامانی وەفدی پارتی لە بەغدا بەجێهێشت و لەگەڵ فوئاد عارف و شاندی بەعس چوو بۆ میسر. لەوێش بەهۆی کودەتای بەعسییەکان لە سوریا لە ١٩٦٣/٣/٨ کە ئاواتی پێکهێنانی وڵاتی یەکگرتووی عەرەبی کوێر کردبۆوە، تاڵەبانی بەجێی گەڕانەوە بۆ عێراق، لە میسرەوە چوو بۆ ئەوروپا و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٣دا بە ئێراندا گەڕایەوە بۆ کوردستان. حکومەتی عێراقیش هەموو ئەندامانی وەفدی کوردیی گرت و بەشێکیانی بە هێلیکۆپتەر گواستەوە بۆ کەرکوک و دوای شکەنجەدانێکی زۆر، تا مانگی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ لە زیندانددا ڕایگرتن. بۆ ڕوونکردنەوەی پتری ئەم ڕووداوە، سەرنج بدەنە بەڕێز محەمەد مەلا قادر کە دەڵێت:

- (بارزانی لە ئاداری ١٩٦٣ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە کۆیە بەست. وێڕای سەرکردایەتی حزب و بەرپرسەکانی پێشمەرگە، هەندێ کەسایەتی خێڵەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی بەشداربوون. بەگشتی داوای (حکم الذاتی) کرا بۆ کورد. وەفدێکی ١٤ کەسی بە سەرپەرەشتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامیەتی ئەم کەسانەی خوارەوە: ساڵح ئەلیووسفی، مەسعود محەمەد، حسێن خەنەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز و چەندی تر بۆ گفتوگۆ چوونە بەغدا.




هەمان کات عێراق وتووێژی لەگەڵ میسر و سوریادا کرد... گوتیان عێراق لەگەڵ ئەوان ڕێککەوت داوای فیدراڵی بکرێ بۆیە سەرۆکی شاند چووە قاهیرە بۆ ئەوەی بابەتەکە لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا باس بکا، بەڵام سەرۆکی وەفد نەهاتەوە، وەفدی بەغداش تووشی پەڵەپەستۆ و تەنگەتاو کردن هاتن و هەندێکیان گیران و ئەشکەنجەدران. حکوومەت نا مەرکەزیی لە جیاتی حوکمی زاتی ڕاگەیاند واتە یەکلایەنە بوو، نەوەک بە ڕێکەوتن، شۆڕش و میریی عێراق نەگەیشتن بەیەک. ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ حکوومەت هێرشێکی سەرتاسەی دەست پێکرد. شاندەکە بە هێلیکۆپتەر گوازرانەوە کەرکوک و لەوێ گیران و بەند کران و ئازار دران.[٦])

خەیانەتی ئیبراهیم ئەحمەد، بەوە بە کۆتا نەهات. ئیبراهیم ئەحمەد، بە دوور لە پەیڕەوی نێوخۆی حیزب و پرنسیپەکانی حیزبێکی سیاسی، ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٦، نزیکەی ٨٠ کادر و لایەنگری خۆی لە ماوەت کۆکردوە و لەژێر ناوی کۆنفرانس، بە دەنگی زۆرینە مەلا مستەفای لە پارتی دەرکردوە. ڕۆژێک دوای ئەو کۆنفرانسە، ئیبراهیم ئەحمەد وتارێکی توند و شەڕئەنگێزی بە دژی بارزانی لە ڕادیۆ خوێندەوە و داوای لە خەڵک کرد دژی بارزانی ڕاپەرن و ڕێگەی پێنەدەن کە شەڕی براکوژی هەڵگیرسێنێت. محەمەدی مەلا قادر دەربارەی ئەم کۆنفراسە دەڵێت:

- (لە نیسانی ١٩٦٤ دا واتە لە ١٩٦٤/٤/٦ کۆنفرانسێک لەلایەن مەکتەبی سیاسی سازدرا لە ماوەت کە کادیرانی سەربە ئەوان بەشدارییان کرد و ژمارەیان نزیکەی ٨٠ کەس دەبوو. لەم کۆنفرانسەدا بڕیاری ڕووت کردنەوەی بارزانییان لە هەموو جۆرە بەرپرسییەک دا، ئەمەش بە پێچەوانەی دەسەڵاتی کۆنفرانس بوو، ئەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی بووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی

لەناو حیزبدا. لیژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان دەور ببینن لە چارەسەری ئەم لەتبوونەدا سەردانی هەدوو لایان کرد و ویستیان کۆنگرە ببەستن، بارزانی ڕازی بوو، م.س ڕازی نەبوو[٧].)

کاتێک بارزانی بە بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەتی زانی بۆ ماوەی نزیکە بە سێ مانگ هەوڵیدا ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕازی بکات کە لە بڕیاری خۆیان پاشگەز بنەوە و کێشەکانیان بە ڕێگەی کۆنگرەیەکی هاوبەش چارەسەر بکەن، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد قەبووڵی نەکرد و بە بەڵین و چەکوچۆڵ و پارەی ئێران و بەو خەیاڵە کە ٩٠%ی کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی لەگەڵە. پشت ئەستور بوو. لەبەر ئەوە بارزانی بە ناچار بڕیاریدا، کۆنگرەی شەشەمی پارتی پێکبێنن.

کۆنگرەی شەشەمی پارتی ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ بە بەشداری ٦٠٠ کەس لە ناوچەی قەڵادزێ پێکهات. لە کۆنگرەدا ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٦٤ و کۆنفرانسی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت و دەرکردنی بارزانی لە پارتی گفتوگۆ کرا.

کۆنگرە ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا "دەبابە"، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، عەلی حەمدی، ئەحمەد عەبدوڵا، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل "مەلا ماتۆڕ"، نوری سدیق شاوەیس، حیلمی عەلی شەریف، عەلی عەبدوڵا و محەمەد حاجی تاهیری لە پارتی دەرکرد و سەرکردایەتی نوێی بۆ پارتی هەڵبژارد و بە کۆی دەنگ مستەفا بارزانی کردەوە سەرۆکی پارتی. هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا، کەلوپەلی حیزب وەک ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی پارتی لە مەکتەبی سیاسی کۆن لە ماوەت وەربگرێتەوە. گۆنگرەی بارزانی بەرپرس کرد لە وەرگرتنەوەی ئەو کەلوپەلانەدا[٨].

ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ئامادە نەبوون ئیزگەی ڕادیۆ و چاپخانەی حیزب بۆ پارتی بگەڕێننەوە، لەبەر ئەوە بارزانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو کەلوپەلانە، ژمارەیەک پێشمەرگەی ڕەوانەی ماوەت کرد و چونکە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی توانای بەرگریی کردنیان نەبوو. هەموو خواردەمەنی و

کەلوپەلە زیادەکەیان خستە نێو ڕوباری ماوەت و بە چەکەوە ڕایانکردە ئێران. لەم بارەیەوە حەسەن ئەرفەع دەنوسن:

- (مستەفا بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ماوەت ڕاگەیاند کە چەکەکانیان بدەنەوە و فەرمانەکانی بەجێبگەیەنن، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو فەرمانەیان بەجێنەهێنا و لە ئاکامدا مەلا مستەفا بە لوقمانی کوڕی ڕاگەیاند بە ٢٠٠٠ بارزانی و ٥٠٠ چەکداری پشدەریی بە سەرۆکایەتی "ئەنوەر" کوڕی محەمەد ڕەشید، بەرەو ماوەت بچێت. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ٦٣٠ پێشمەرگە لایەنگریان، چونکە نەیانتوانی بەرگریی لەخۆیان بکەن، لە زێی بچووک پەڕینەوە و لە نزیک سەردەشت هاتنە ناو خاکی ئێران، ئەوان ئیزنیان بە کاربەدەستانی ئێران نەدا کە چەکیان بکەن و گوتیان دوای ماوەیەکی کورت دەگەڕێنەوە خاکی عێراق. ئیبراهیم ئەحمەد هاتە تاران، بەڵام عومەر دەبابە و جەلال تاڵەبانی لەلای هاوڕێکانیان لە گوندی "دولکان" لە نزیک سەردەشت لە دوازدە مایلیی سنوری عێراق مانەوە. شێخ ئەحمەد برا گەورەی مەلا مستەفا هەوڵیدا مەکتەبی سیاسیی پارتی لە مەلا مستەفا نزیک بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. دوای چەند ڕۆژ، ٢٠٠ پێشمەرگەی دیکەش کە لە ناوچەی خانەقین بوون، هاتن و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی کەوتن. دواتر هەموویان بە تێکڕایی گەڕانەوە ناوخاکی عێراق و دەیانویست لە چوارتا بمێننەوە کەچی ژمارەیەک بارزانی کە بەو جموجۆڵەیان زانی، هێرشیان کردە سەریان و لە ئاکامدا ئەو ٢٠٠ کەسەی ناوچەی خانەقین گەڕانەوە لای مەلا مستەفا و ئەوانی تریش ڕایانکردەوە ئێران. ئەم جارەیان دەوڵەتی ئێران چەکی کردن و خستنیە ژێرچاودێریی. دوای چەند ڕۆژ بەهۆی ڕەخنەی دەوڵەتی عێراق، لەبوونی ئەو ژمارە پەنابەرانە لە نزیک سنورەکانی، دەوڵەتی ئێران ئەوانی گواستەوە بۆ سەقز و لەوێوە بردنی بۆ هەمەدان، بەڵام لایەنگرانیان لە سوریا و لوبنان و ئەوروپای ڕۆژئاوا، پشتی ئەو پەنابەرانەیان گرت و سکاڵایان لە مەلا مستەفا و دەوڵەتی عێراق کرد[٩].)

هەر لەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە سەید کاکە دەڵێت: (لە سەروبەندی ١٩٦٤دا، لێک دابڕانی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و

بارزانی ئاشکرا بوو، مەکتەبی سیاسی کە "ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی" تێیدا بوون، لە "ماوەت" بەیاننامەیەکیان لەسەر بارزانی دەرکرد کە تێیدا بە قسەی خۆیان "مەلا مستەفا"یان لە پارتی و شۆڕش دەرکردبوو، بەڵام ئەوان پێشمەرگەیەکی کەمیان لەگەڵ کەوت، چونکە هێزی پێشمەرگە دەیزانی کە خەبات خەباتی ئەوانە و ئەو خەباتەی لە خزمەتی چ خەڵکێک و چ لایەک دادەنێن. لەوکاتەدا "موقەدەم عەزیز" کە لە سەفین بوو، هاتە دەشتی هەولێر و "فارس باوە"ی لە جێگەی "دوکتۆر خالید" دانا و "مام وسو دزەیی"شی کردە سەرلق و منیش لە جێگەی فارس باوە بوومە سەرپەل.

دوای دەرچوونی ئەو بەیاننامەیە، هێزێکی کەم لە پێشمەرگە بە سەرکردایەتی "لوقمان بارزانی" چوونە سەریان، بەڵام ئەوان خۆیان پێڕانەگیرا و بۆناو خاکی ئێران هەڵاتن، لەوێش شای ئێران لە "هەمەدان" بارەگای بۆ کردنەوە. لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ بارزانی وتووێژی لەگەڵ عەبدولسەلام عارف دەست پێکرد.[١٠]

دوای نیشەجێکردنی گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە ناوچەی هەمەدان، بارزانی چاوی لە پێشمەرگەکان خافڵ نەکرد و بە بەردەوامی پێوەندی لەگەڵ دەگرتن کە لە داوی ئێران ڕزگاریان بێت. ئەوە بوو کە بەشێکیان لە گروپی چەندکەسیدا گەڕانەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول و نزیکەی ٢٥٠-٣٠٠ کەسیان لە هەمەدان مانەوە کە ئەوانیش لە دوو گروپدا لەگەڵ عەلی عەسکەری و جەلال تاڵەبانی گەڕانەوە. گروپی یەکەمیان ڕۆژی ١٩٦٥/٧/٦ لەگەڵ عەلی عەسکەری و بە دوای ئەودا گروپی دووەمیان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی. بارزانی جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد کە بە بەرپرسی پیلانگێڕییەکانی دەناسی و سەید عەزیز شەمزینی کە پێشتر بە تاوانی داڕشتنی پیلانی تیرۆری بارزانی دووری خستبۆوە، هەموو پەنابەرەکانی تری وەرگرتەوە و بەرە بەرە ڕێگەی پێدان لە ڕیزی پارتیدا خەبات بکەن. لەم بارەیەوە حەسەن ئەرفەع دەڵێت:

- (مەلا مستەفا داوای لە ئەندامانی مەکتەب سیاسی کرد کە لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە. محەمەد ڕەشید مەئمور کرا لەگەڵ پەنابەرەکان بدوێ و لە ئاکامدا

عومەر دەبابە هاتە عێراق کە لەم بارەیەوە چاوی بە سالّح یوسف بارزانی نوێنەری بارزانی بکەوێت. دوای بینینی، سالح یوسف هاتە ئێران و لەگەڵ جەلال تالّەبانی گەڕانەوە بۆ ڕانیە و چاویان بە مەلا مستەفا کەوت. سەرئەنجام بە ڕێگای وتووێژ و نێوبژیی محەمەد ڕەشید و شێخ ئەحمەددەوە، مەلا مستەفا ڕازی بوو جگەلە ئیبراهیم ئەحمەد و سەید عەزیزی گەیلانی زادە کە پێشتر پلانی بۆ تیرۆری بارزانی دارشتبوو، هەموو پەنابەرەکان گەڕانەوە[11].)

لەو بارەیەوە مام جەلال لە لاپەڕەی ٩٧٣- ٩٧٤دا، کتێبەکەیدا "دوای شەست ساڵ" دەڵێت: (کاتێک گەڕامەوە بۆ ئێران، لەگەڵ گروپەکەمان هاتینەوە لای مەلا مستەفا بارزانی. لەو سەردەمەدا زۆر لەمن تورە نەبوو. گوتی ٢- ٣ مانگ دانیشن، دواتر پێکەوە کۆ دەبینەوە و قسەکانمان دەکەین. مەلا لە نزیک خۆی لە ناوچەیەک بە ناوی باڵەکایەتی لە دەوروبەری ڕەواندز جێیەکی بۆ ئێمە تەرخان کردو نزیکەی ٢-٣ مانگ لەوێ ماینەوە. دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە، سەرلەنوێ گەڕاینەوە لای و گوتمان: "ماوەیەکە بێکار و بەبێ بەرپرسایەتی دانیشتووین و ئەگەر لەبیرتان بێت، ڕۆژی یەکەم هاودەنگیمان کرد کە یان جیا بینەوە، یان خۆمان ڕێیەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانمان بدۆزینەوە." لە وەڵامدا گوتی: "باشە ئێوە بچن بۆ دۆڵەڕەقە و نوسینگە و ناوەندی خۆتان لەوێ دانێن و منیش دوای ماوەیەک دێم و لەوێ پێکەوە قسەکانمان دەکەین و کێشەکان چارەسەر دەکەین." ئێمە چووینە دۆڵەڕەقە و دوای ماوەیەک بارزانی هات و قسەمان لەگەڵ کرد و بەرە بەرە تێگەیشتین کە مانەوەمان بێ سودە.....)

جەلال تالّەبانی و هەڤاڵانی نەیاندەتوانی بەو شەرمەزارییەی کە بۆخۆیان پێکهێنابوو، لەنێو پێشمەرگەدا بمێننەوە. لەبەر ئەوە، بە پلانی ئیبراهیم ئەحمەد کە لە تارانەوە و لە پێوەندی لەگەڵ ڕژێمەکانی ئێران و عێراق بۆی دادەڕشتن، ڕۆژی ١٩٦٦/١/١ لە گروپی چەند کەسییدا ناوچەکانی شۆڕشیان بەجێهێشت و چوون پاڵیان بە ڕیزەکانی دوژمنەوە دا و ئەم جارەیان بە پلان و ڕاسپاردە ئیبراهیم ئەحمەد بوون بە جاش و هارتر لە دوژمن لە گیانی

پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕش بەربوون و دەیان کەسیان گرت و تیرۆریان کردن. ئیبراهیم ئەحمەد، بەبێ دامەزراندنی پێوەندیی پێشوەخت لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بواری نەبوو ئەو تاقمە بگەڕێنێتەوە عێراق و جاشیەتیان پێ بکات. بەتایبەتی کاتی بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدولڕەحمان عارف کە دەوڵەتی ئێران بە تینەوە دەیویست پێوەندییەکانی لەگەڵ ئاسایی بکاتەوە، گروپی ئیبراهیم ئەحمەد پاڵیان بە بەغداوە دا. لە ڕەوتی ئەو هاوکارییەدا، ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بە ڕادەیەک چوونە پێشەوە کە شان بە شانی سوپا و جاشەکانی عێراق، شەڕی پێشمەرگەیان کرد. دەربارەی ڕاکردنی مام جەلال و گروپی ئیبراهیم ئەحمەد، هەژار موکریانی دەڵێت:

**- (ڕۆژی ١٩٦٦/١/١ بو، بروسکەمان بۆ هات کە جەلال ڕای کردوە. ناومان لێ نا "جاشی مۆدێل ٦٦"، کە تا ئێستاش ئەو ناوەیان لە کۆڵ نەبۆتەوە. ئیتر جەلال و هەوالانی لەو ساوە بونە چەکداری دەوڵەت و زۆر بێ ڕەحمانەتر لە سەربازانی عەرەب شەڕیان دەگەڵ دەکردین. تەنانەت عومەر دەبابە ببوە شارەزاکەری تەیاران و دێهاتی دۆستی شۆڕشی بۆ دەست نیشان دەکردن. دەوڵەت ناوی لێنابو: برا عومەری قارەمان.(١٢))**

گروپی ئیبراهیم ئەحمەد، تا ساڵی ١٩٧٠ بە جاشیەتی مایەوە و لەو ساڵەدا کە ڕژێمی بەعسی عێراق ناچار بوو ئۆتۆنۆمی کوردستان قەبووڵ بکات، ئەوانیش سەرلەنوێ بایان دایەوە و خۆیان گەیاندەوە ناوچەی شۆڕش و پەشیمانیی خۆیان بە سەرۆک مستەفا بارزانی ڕاگەیاند. فەرموون گوێ لەو وتووێژەی نێوان سەرۆک بارزانیی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە بگرن:

**بارزانی: ئێستا نە خراپەی تۆ و نە چاکەی تۆ لەگەڵ منا نییە، لەگەڵ قەومی تۆیە، لەگەڵ قەومی خۆتا ئەگەر خەیانەتت فرێدا مومکنە خزمەت بکەی، ئەگەر خەیانەتیشت هەرپێیە ئیتر خەیانەتی تریش بکەی کەیفی خۆتە و لە زەرەری میللەکەتە. ئەوەی لەسەر شانی ئێمەیە موقابیل ئەم شەعبە ئەوەمان زانی کە عەفوو بدەین کە مەجال ندەدین بە کەسێک بڵێ خەتای ئەمانە بوو، ئێمە کوردبووین و ئیشدەکەین، بەڵام مەجالی ئێمەیان نەدا، یان ئێمە حەز دەکەین ئیش بۆ میللەتی خۆمان بکەین و مەجالی ئێمەیان نەدا.**

ئەوە تەسەور مەکەن، با زۆر خۆمان لە بەرامبەر مەسڵەحەتی میللەتدا بە هیچ نەزانین، ئەوەی مەسڵەحەت بێ ئێمە خزوعی بۆ دەکەین، حەقمان نییە چ لە مەسڵەحەتی میللەتی خۆمان بێ خزوعی بۆ نەکەین لەهەر حالێک، مەسڵەحەت چ بێ، زۆر کەم ئەڵێین ئەوانەی ڕۆیشتن و کوڕی فلان و فلان کە حەیاتی خۆیان بەخشی، گەیشتینە ئەم حاڵە، لە سایەی ئەوانەوە ئێستاش لە لوتفی ئیلاهی و لە سایەی ئەو کوڕە ئازایانەوە کە بە هەزاران حەیاتی خۆیان بەخشی، گەیشتینە ئەم حاڵە، ئەم حاڵەتەی ئەگەر میللەتی کورد بۆخۆی ببێ و ئیشی خۆی بکات و مەجال بە دوژمن نەدا، مومکنە بۆخۆی ئەو ئەساسە کە هەیە لەسەری بینای لێ بکات، ئەگەر خۆشی نەبێت، جا ئەمێنێتەوە لەسەر میللەت خۆی هەموو شت و هەموو ئەساس و ڕێگا و عەقلیەت و دروستت بکات. ئەوەی لەسەر ئێمەش بوو، ئێمە بەقەدەر عەقڵی خۆمان، واجیباتی خۆمان کرد. یەکەمیان ئیتفاقی ئازار لەسەر ئەساسی حوکمی زاتی بۆ شەعبی کوردم زامن کرد. دووەم عەفوی عامماندا تا میللەتی کورد بێتە سەرئیشی خۆی و مەجالی بدرێتێ. ئیتر سێیەمینیان ماوە لەسەر لیاقەتی خۆی. جا خۆتان ئێستا بەچی قەناعەت دەکەن، بەچی ڕازی ئەبن و دڵتان چ دەخوازێ، من لە غەیری حەقی کورد شتێکی ترم نییە.

ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە دڵمان هەر ئەوە دەخوازێ، ئەوەی تۆ بەباشی ئەزانی ئێستا موراعات نەبێ، ئێمە ئەو برادەرانە کە هاتووین قەولمان بەوانی دیکە داوە کە دەرفەت بێت لە ٢٠ ڕۆژدا لە ١٥ ڕۆژدا کۆیان کەینەوە و ڕەئی نێوان خۆمان و جەنابتانیان پێ ئەڵێین کە بیکەن بە قەرارێک جا کێ دێ لەگەڵمان دێینە خزمەتت و چۆن ئەفەرمووی وا ئەکەین، کێ نایە، چ کەلێ سەختە بیگرێ، ڕێی پیاوەتی ئەگرێ با بیگرێ و ڕیگای شەڕ و دوژمنایەتیش ئەگرێ، با بیگرێ.

بارزانی: جەلال نەهاتە ئێرە ، ئەو هاتە ئێرە و گەڕاوە. ئەو لە ئەورووپا بەیانێکی دەرکردوە و خەبەری بۆ ئێمە ناردوە کە ئەو بەیانە بەبێ ئاگاداریی ئەو دەرکراوە، ئەدی کێ نوسی؟

ئیبراهیم ئەحمەد: وەڵاهی وەبیلاهی وەتیلاهی، هەرچی سوێندە و ئینسان بروای پێ ئەکا لە ئەرزدا، نە ئاگامان لێبووە و نە ڕەئیمان تیایدابووە.

عومەر دەبابە: نە پێمانخۆش بووە.

ئیبراهیم ئەحمەد: چەند لای ئێوە قسەی پێوتراوە، ئێوە نەقدتان کردوە، ئێمە جنێومان پێداوە و زەلامێکمان بەتایبەت ناردوە تا جنێویان پێبدا. بەڵێ ئەگەر ئەمە سیخوڕی پێ نەکردون، ئەگەر ئەمە دوژمنایەتی کوردی پێ نەکردون، کێ پێی کردون؟ ئەمە قازانجی چی تێدایە؟ دەسەڵاتی ئێوە چییە ئەو ئیش تێک بدەن. لەوە خەرپتر ئیشەکە تێک نەدەن، ئەوەی ئێمە قەرارمان پێداوە بچێ خەڵکەکە کۆ بکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە ئیجماعەکە دەربچێ، لە ئەوروپا بێ لە ئاسیا بێ لە ئەفریقا بێ، وەکو دوژمنی کورد سەیری بکەین بەو حیسابەی کە هەتا ئێستاش لەگەڵ ئێمە بووە. ئێمە وامان کرد ئەگینا بە هەموو کەسمان گوتبوو، ئەوەی ئەوروپا بۆ ئەوەی شتی وا بێجێ و ناشیرین و پڕ زەرەر ڕونەداتەوە و نەیکەین و بەدڵ و گیانەوە نایکەین و زۆر زۆر جارێکی دیکەش بەناوی هەموو برادەرانەوە ئەو هەلەی بۆ کوردستان ڕەخساوە، ئەوە فەخرێکە ئیتر بەهەموو حیسابێکەوە بە هەموو مەسئولیەت و غەڵەت و گوناح و خراپەیەوە، ئەو خوێنە لە کورد جارێکی دیکە بەدەستی کورد نەڕژێ، کێ هات لەگەڵمان دێ و کێ نەیەت چ ڕێگایەک بەباش دەزانێ بۆخۆی حەز دەکات، دەبێتە جاش ئەبێ بە ڕەئیس ئەبێ بە بەعس ئەبێ بە هەرچیەبێ. دەسەڵاتی هیچمان نییە و زۆریش لە کەس ناکەین لەم ئیشەیا. ئەمانەوەی بە ئیختیاری خۆیان هەرکەس خۆی بە ئێمەوە بەستوە بە حیساب تا ئێستە، ئێمە ڕەئی خۆمانی پێدەڵێین. ئێمە خۆمان و ئیشی خۆمان بەو نەوعە لێک ئەدەین، کێ ڕازییە و لە ڕێی کورددایە حیسابی خۆی لە ڕێی کورددا لەگەڵ ئێمە بووە، ڕێی کورد ئەمەیە، ئەوە نەبووە. مایە ئەو کەسەی کە دێتەوە بۆ خزمەت بە کورد بکات و دیاریش نەکەوێ بۆ کورد تۆ چیت کردوە و ئەو کەسەش چ ناپیاوەتییەکی کردوە و بۆ ئەوەی کردوە، ئەگەر چی بڵێم هەندێ چاکەی هەیە فەقەت هەندێ خراپەشی لێ دروست دەبێ و منافساتی تری لێ دروست دەبێ و شتی لێ دەبێتەوە و وەختی ئەوە نییە. ئێمە بە

هەموومـانەوە کەمـین، جـا چ پـارچە پـارچەش بـین. بە هەموومـان ئەوەی لە دەرەوەشە کۆیان بکەینەوە و بەشی ئەو ئیشانە ناکات کە لەسەر کوردە بیکات و ئەو ئەرکەی لە پێشمانە و ئەو ڕەنجەی لەسەر شانمانە و ئەو غەڵەتەی کە پێی ئەکرێ، چاکی بکات. لەبەر ئەوە لای ئێمە ئەوە هەیە و ئەوەش ڕەئی من نییە بە تەنیا، ئەگەرچی من قسەکان دەکەم. ئەو سوپاسەشت ئەکەین بۆ ئەو فورسـەتەی بـۆ ئـێمە هەڵـتـان خسـت. سوپاسـی ئێـوە و سوپاسـی ئەو هەمـوو برادەرانەش ئەکەین کە دەستیان هەبوو لەو فورسـەتەی هەڵیـان خست ئەوە نەمێنێ، وە لامواپە هەموو کوردێکی دڵسۆزیش سوپاس دەکات و سوپاسی ئەو هەمـووە کەسانەش دەکـات کە ئیشیان کـردوە لە نەهێشتنی ئەو کەلێنە کە مومکنە دوژمن بێگومان لێی دەهاتە ژورەوە و دەیەوێ لێی بێتە ژورەوە.

ئەوەی عەرزت ئەکەم ئەوەیە نە جەلال و نە غەیـــرە جەلال و نە هـــیچ ئینسانێکی دیکە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێت نە ئەمن و نە عومەر و نە غەیری عومەر بەلای منەوە ئەگەر ئەو ڕێیە نەگرێ، نە کوردە نە پیاوە نە ئینسانە. خۆی چ ڕێیەک دەگرێ، بیگرێ یەعنـی ئەو ڕێـیە نەگرێ کە خزمەتـی کـوردی تیـایە، لەم ڕۆژانە نەیەتە سـەر ئەو ڕێـیە ڕاسـتە، بەلای مـنەوە پیـاو نیـیە و ڕاست نیـیە و ساغ نیـیە و هەرچـی پێـی وتـراوە ڕاسـتە و بە قەڵسـی و ئیسـرار کردویەتی.


ئەمە قسەکانی منە تا ٢٠ ڕۆژێکی پێنـاچی، هەتـا ئەوەنـدە بەپەلە بـووین، دەبـووایە دوانـزە و چـواردەی مانـگ بهاتنـایە، ئێسـتا ئیشـەکە بڕابـووەوە و وەدواکەوتنیشی نەناز بوو و نە تەعارف. موجامەلات و شتی تر بوو. ترسێکیان هەبـوو کە هەنـدێ جیهـات پێـی نـاخۆش بـوو، گوتیـان دوو جـاش لە سـەرەوە تەقەیەک دەکات و کەلێنێکمان دیسان ئەخاتە بەینەوە. کاک عومەر شاهیدە، بـرادەران لەگەڵـم بـوون لە ئوتـۆمبیلەکە، کـاک عـومەر بۆخـۆی ئوتـومبیلەکەی لێدەخوڕی، ئوتومبیل هی خۆمانە، بە کـاک عـومەرم وت لە ڕێگـادا زۆر هێـواش لێ بخوڕە، بۆخاتری خوا لەگەلی عەلـی بەگـا، خـوا نەکـا تـایەی ئوتـومبیلەکە دەربچێ و توشـی شـتێک بـین، دەڵـێن موئـامەرەیە، بـا بەسلامەتی بچـین و بە

سەرکەوتویی و سەلامەت بگەڕێینەوە. نوری ئەحمەی تەهام لە چایخانەکە دیت، گوتی ئەگەر ئەو ئیشە سەری گرت، دەعوەتتان دەکەم، گوتم: دەعوەتەکە بکە و بیخۆین، گوتی بۆ؟ گوتم: ئەو ئیشە سەرکەوتنی تێدا نییە و چۆن دەفەرموێ ئێمە وادەکەین. گوتی دە دینارم بە دزییەوە بدەنێ ئەیکەم بە دەعوەت بۆتان.

ئێمە ئەگەر و مەگەری ناخەینێ، چونکە ئێمە بۆ ئەگەر نەهاتووین. ئەوانەش کە لەگەڵ ئێمە بوون، ئەوە ئێمە پێ لەم واقیعە ئەنێین و دێنە ژێر ئەم ئالایەوە و لەژێر ئالای شۆڕش و پێشەوا مەلا مستەفا ئیش ئەکەین، ئەگەر کوڕی کوردن ئەوە ڕێی کوردایەتی ئەوەیە و ئەگەر هیچن بۆخۆیان چدەکەن هیچ حیسابێک بۆ ئەو ئیشە نیە، با شتێک بنوسرێ، تا کەس ئیدعای شتی تر نەکات.

عومەر دەبابە: کێ ڕازییە ئەوە حیسابە و کێش ڕازی نیە کەیفی خۆیەتی.

ئیبراهیم ئەحمەد: ئێمە خۆمان لەوێ لەو کۆنفرانسەی کە ئێمە قەرارمان وەرگرتووە و لەسەر ئیقراری خۆمان کە بێن دانیشین لێرە و ئەمەمان وەرگرتووە، ئەوەی پێی ئەڵێن مونەزەمات و شتی وا تاقمێک بەخۆیان دەزانن، ئەگەر نەهاتن.



تێبینی: کاسێتی ئەو دیدارەی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە بەدەنگ لای من پارێزراوە[١٣].

سەبارەت بە گەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بۆ ڕیزی شۆڕش، عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری ناسراو بە "عەوڵاغای پشدەری: (ئەوانە شکابوون و ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانی تر بە ڕێگای فاخر مێرگەسورییەوە پێوەندیان بە مەلا مستەفاوە کرد و داوایان کردبوو کە ئەگەر مەلا مستەفا عەفویان بکات،

دەگەڕێنەوە، گوتبوویان ئێمە بۆ جارێکی تر باوەڕمان بە حکومەت نەما. ئەوە بوو مەلا مستەفا زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردن و ئیجگار ئیحترامی گرتن. ئیبراهیم ئەحمەد بە مەلا مستەفای گوت: "ئێمە دۆڕاندمان و تۆ سەرکەوتی و ئێمە تەسلیمین". بەڵام لە بەغدا گوتبووی مەلا مستەفا ئێمەی بۆڕدا و هیچی بۆ نەهێشتینەوە. بەهەرحاڵ ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەسکەری، مام جەلال و هێرۆخان لە گەلاڵە ماڵیان دانا و هێزەکانی پێشمەرگەش تێکەڵی لقەکانی پارتی بوونەوە.)

---

١- عیسا پژمان لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا، پاریس ٢٠١٢/٧/١٥.

٢- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٣٦٩- ٣٧٠.

٣- حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤، کوردەکان- لێکۆڵینەوەکی مێژوویی و سیاسی، بە زمانی ئینگلیزی، زانکۆ ئاکسفۆرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، حامید گەوهەری وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ,٢٠٠٧

٤- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، لاپەڕەی ٦٠، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ,٢٠١٢

٥- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، پاشکۆی شەرەفنامە، لاپەڕەی ١٥٨. لە مهابادەوە بۆ ئاراس، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین، لاپەڕەی ٤٧٦- ٤٧٧، چاپی دووەم ، هەولێر ,٢٠٠١

٦- محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، لاپەڕەکانی ٥٩- ٦٠، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ,٢٠١٢

٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٠-٦١، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ,٢٠١٢

٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦١- ,٦٣

٩- کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی. حەسەن ئەرفەع سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێران، وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی، حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٢٢٤، چاپی دووەم دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ,٢٠٠٧

١٠- بیرەوەری پێشمەرگەیەک، نوسینی سەید کاکە، لاپەڕەکانی ٣٥- ٣٦، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ئایاری ١٩٨٩، چاپی دووەم ساڵی ,٢٠٠٠

١١- حەسەن ئەرفەع، هەمان سەرچاوە.

١٢- عەبدولرەحمان شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٤٨٠- ٤٨١.

١٣- گفتوگۆ لەنێوان مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە، ساڵی ١٩٧٠.

## خەیانەت لە ڕیزی حیزب دا

دوای گەڕانەوەیان لە بەغدا، ئیبراهیم ئەحمەد و منداڵەکانی لە ناوپردان نیشتەجێ بوون. عەلی عەسکەریی و منداڵەکانی لە گەڵاڵە، عومەر مستەفا "دەبابە" و منداڵەکانی لە دەربەند و جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەیەک لە قەسرێ لە ماڵێکدا لە بارەگای بارزانی مایەوە و دواتر چوو بۆ دەرەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٦٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (عومەر مستەفا دەبابە و عەلی عەسکەری تەنیا خۆیان پێکەوە هاتن بۆلام و وتیان: ئێمە ئەم هەلە لەدەست نادەین کە لەکیسمان بچێت. هاتووین بێینەوە ناو پارتی و شۆڕش و لە ڕێزیاندا کار بکەین و هەقمان بەسەر کەسی ترەوە نییە و ئەمە بڕیاری ئێمەیە ڕازی نابین ناوی "جەلالی"مان لێ بنرێ و خراپیان لە باری جەلال و ئیبراهیم ئەحمەدەوە وت و ناتۆرەی چڵێسیان لێ نان و تاوانباریان کردن کەوا هەرچی پارە و دارایی جاشە شەست و شەشەکان هەبوو، هەموویان بردووە بۆخۆیان و ئیبراهیم و جەلالیان بەوە تاوانبار کرد کەوا ملیۆنێک و ٤٠٠ هەزار دیناریان هەڵگرتووە بۆخۆیان کە دەکاتە نزیکە ٤ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلار. جەلال چوو بۆ کوەیت و لەوێ بەناوی خۆیەوە لە یەکێک لە بانکەکاندا دایناوە." پاش ماوەیەک جەلال داوای کرد ڕێی بدرێ بچێ بۆ دەرەوە، گوایە ژنەکەی نەخۆشە و بانگهێشتێکیشی لە کوەیتەوە بۆ هاتبوو. ڕێگە درا و لەوێوە چوو بۆ لبنان و لەوێشەوە چوو بۆ میسر. بەهۆی عەزیز شێخ ڕەزاوە ڕاپۆرت و پەڕاوێزی لەبارەی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لەوێوە دەیدان بۆ بەرژەوەندی شۆڕش بۆ دەناردین.)**

لە ڕاستیدا، ئەوەی لە مێشکی ئیبراهیم ئەحمەدو بەشێک لە گروپەکەیدا بوو، شکاندنی مستەفا بارزانی بووە، نەک سەرکەوتنی کورد و شۆڕشی ئەیلول. لەبەر ئەوە، ئەوان لەلایەک هاوکاریی ڕژێمی بەعسیان کردوە کە شۆڕشی ئەیلول تێکبشکێت و لەلایەکی تردا هەروەکوو لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا نوسراوەو ویکیپیدیای کوردیی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، مام

جەلال هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی لە بەغداوە بۆ نێو پارتی دیموکرات و شۆڕش، لە ڕۆژی ١٩٧٠/٦/١٠ کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستانی بەنهێنی دامەزراندوە و لەنێو دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا، بەنهێنی کاریان بۆ ئەو ڕێکخراوەیە کردوە، نەک سەرخستنی کورد و شۆڕشی ئەیلول. لەم بارەیەوە لە ویکیپیدیای کوردییدا سەبارەت بەمێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نوسراوە: (**بۆ ئەوەی خەلک لە دەوری ئەو ڕێکخراوە کۆببێتەوە کەسانی ڕۆشنبیری هەلبژارد لەوانە: نەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، مەحمودی مەلا عزەت و ڕفعەت مەلا مەحمود و ئەوانەش بەنهێنی لە ناو باڵی مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد.**) هەروەها دەنوسێت: (**ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە سالی ١٩٧٠ لەمانە پێکهاتبوون: شهابی شێخ نوری سکرتێری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ناوەوەی وڵات، محەمەد سەعید میرزا/ ل. لیژنەی بغدا، جەعفەر عەبدولواحد/ ل. لیژنەی هەولێر، ئاوات عەبدولغەفور/ ل. لیژنەی سلیمانی و فریدون عەبدولقادر/ ل. لیژنەی کەرکوک.**)

هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت: (**جەلالییەکان هەرلە ٦١وە کە دەستیان دایە چەک، چوونە ئێران و هاتنەوە، دیسان چەکیان هەڵگرتەوە و ساڵی ١٩٧٠ حکومەت پێیگوتن بڕۆنەوە لای حیزب، بەڵام بە بەڵگە کە خۆم گوێم لە قسەکانیان بووە، دوای گەڕانەوەشیان کاریان بۆ حکومەت دەکرد و تا ئێستا بۆم دەرنەکەوتووە ئەو نەخۆشییە چییە؟**)

هەرلەو بارەیەوە و سەبارەت بە دامەزراندنی "کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان" لە دڵی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولدا کە دواتر ناویان کرد بە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"، عەلی محەمەد قادر "عەلی بچکۆڵ" ئەندامی "لیژنەی کەرکوک"ی ئەو ڕێکخراوەیە، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:




- (دوای هەڵوەشاندنی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان[١]، ئێمە پێمانوابوو بەو شێوازەی ئەوسای پارتی و بەو هەڵسوکەوتەی ناتوانێ شۆڕشی کورد بەرەو سەرکەوتن بەرێت، بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد لەبار نەچێت، ئێمە بەجیا لە پارتی، هەموو ئەو کادیرە چەپانەی لە پارتی شۆڕشگێڕا مابووینەوە، لە شار و لە لادێ کەوتینە ئەوەی خۆمان ڕێکخەن و تەنزیمێکی چەپ دامەزرێنن.)

خەیانەتەکانی ئیبراهیم ئەحمەدو گروپەکەیو لێخۆشبوونە پەیتاپەیتاکانی سەرۆک بارزانیی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەوان، ورەی کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولی سەبارەت بە ویست و ئاواتی کورد لاواز کرد و ژێرخان و سەرخانی سیاسیی شۆڕشی هەڵتڵەکاندا و ڕێگای بۆ هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان خۆشکرد کە شۆڕش لەنێو بچێت. لەو بارەیەوە عەبدوڵا پشدەریی دەڵێت:

- (... دوای ئەوە، سیاسەتی ڕازی کردنی خەڵک بەڕێوەچوو. خەڵک گەندەڵ بێ، چاک بێ، یان خراپ بێ، مادام پشتیوانی لەتۆ دەکات، پێویست بوو پێی ڕازی بی. سیاسەتی تەجزیە لە هەموو جێیەک غەڵەتە و مەترسی هەیە. لە سەردەمی پێش ڕۆیشتنی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانەدا سیاسەتی تەجزیە نەبوو، دەگوترا کێ بەو نان و وەزعە ڕازییە، بمێنێتەوە و ئەوەی تر با بڕوا، هەرکەسێک پارە و پوولی ویستبا، دەیانگوت بڕۆ، لای ئێمە نەمێنی. دروشمەکان ئەوە بوون، مردن لەگەڵ پێشمەرگە، نان خواردن لەگەڵ پێشمەرگە و نوستن لەگەڵ پێشمەرگە، ئەوەی بەوە ڕازی نییە، با بڕۆا، بەڵام دواتر کە ئەو ئاژاوەیە سەریهەڵدا و سیاسەتی تەجزیە سەریهەڵدا و مام جەلال و ئەوانی تر کە بە ڕێی ئێرانەوە هاتنەوە، دۆخەکە گۆڕا.)

بەم جۆرە، تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد ڕێگایان خۆشکرد کە هۆکارە نێوخۆیەکان دەست بدەنە دەست هۆکارە دەرەکییەکان و بە ڕێککەوتنێکی سیاسیی لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسێن لە جەزائیر شۆڕشی ئەیلول بوەستێنن. لەو بارەیەوە، دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:



- (هۆکاری زۆری هەبوو. بێگومان هۆکاری دەرەکی زیاتربوو لە هۆکاری ناوخۆیی، خۆت دەزانی هۆکاری دەرەکی دەوری زۆری هەیە و ئێمەی کورد باری جوغرافیامان تەواو نییە، داخراوین، هیچکام لە دەوڵەتانی دەوروبەر دۆستمان نین. دووەمەن ئەم دەوڵەتانە دژی چارەسەرکردنی کێشەی کوردن و نایانەوێ کوردستان وەک قەوارەیەک ببینن. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتە زلهێزەکانی سۆڤیەت و ئەمریکا و ئەوانی تریش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەن کە داگیرکەری ئێمەن. پێوەندیان لەگەڵ ئەوانە هەبووە و هەمیشە هاوکاریی ئەوانیان کردوە. لەبەر ئەوە کورد نەیتوانیوە بەربەرەکانی ئەو هەمووە زروفە ناڕاستە نێونەتەوەیی و ناوچەییە بکات. جاری واش هەبووە کە کورد لەنێو خۆیدا کێشەی هەبووە، لەگەڵ یەکتر یەک نەبووە و شەڕی براکوژیی کردوە. وەزعە جوغرافییەکەشی زۆر ڕێک نەبووە و ئەوەش هۆیەکی سەرەکی بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا. ڕێککەوتنی جەزائیر کە کرا لە ٦ ئازاری ١٩٧٥دا، ئەوانە دەوریان هەبوو کە ئەو شۆڕشە کۆتایی پێبێت لەو کاتەدا، ئەگەرچی من کاتی خۆی ڕەئیم وابوو کە وەکوو پارتیزان بەردەوام بین، چونکە تا ڕادەیەک دەرەتانی چەکەمەنی و پارەمان هەبوو، بەڵام زۆربەی زۆر لەسەر ئەو ڕەئییە بوون کە کۆتایی پێ بێت. هۆکاری ناوخۆیی تا ڕادەیەک و هۆکاری دەرەکی دەوری هەبوو لە ڕێککەوتنی جەزائیر. شۆڕشەکە کۆتاییهات، بەڵام هەڵگیرسایەوە. لە ساڵی ١٩٧٦دا یەکێتی

نیشتمانی لە لایەک و قیادەی موەقەت لە لایەکی تر دژی یەکتر بوون. دە ساڵ شەڕی یەکتریان کرد، هەتا ئێران لە ساڵی ١٩٨٦ڕێکی خستن. ئیدریس بارزانی ڕەحمەتی لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کرد و بەرەبەرە لەگەڵ حیزبەکانی تریش ساڵی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانیان دامەزراند.)

---

١- مەبەست لە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانە کە بەدوای خۆبەدەستەوە دانی ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی بە ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦دا، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕژێمی بەعس، وەک ئالترناتیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستیان کردبوو.

## خەیانەت بۆ داسەپاندنی دەسەڵات

هێشتا ساڵێک بەسەر ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول دا تێنەپەڕیبوو کە پێشمەرگە گەڕایەوە گۆڕەپانی خەباتی چەکدارانە و پارتی دیموکرات بە دیاریی کردنی سەرکردایەتییەکی کاتیی "قیادەی موەقەت" لە ٢٦ی گولانی ١٩٧٦ دا شۆڕشی گوڵانی ڕاگەیاند. هەروەها بەڕێزان جەلال تاڵەبانیی، دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر کەمال فوئاد، عەبدولڕەزاق میرزا "فەیلی" و عومەر شێخموس و یەک دوو کەسیی‌تر دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان "بزووتنەوە"یان لە سوریا بڵاوکردەوە. ڕاپەڕینەکانی بەرلە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران ڕێی بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکرات خۆشکرد کە شۆڕشی گوڵان چڕتر بکاتەوەو گوشارەکانی بۆسەر حکومەتی عێراق پتر بکات. بەشێک لە ئەندامانی بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیریان بکات و ناوەندەکەشی بگوازێتەوە بۆ ڕاژان و دەستە و گروپی چەکدار ڕەوانەی باشوری کوردستان بکات. هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە، مام جەلال و بەشێک لە پێشمەرگەکانی سوسیالیست و یەکێتی نیشتمانییش گەڕانەوە بۆ ناوچە سنورییە دەستکردەکان لە هەورامان و سەردەشت و مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی لە "نۆکان"و "توژەڵ" بارەگایان دانا.

دوای جێگیربوونی مام جەلال و بەشێک لە ڕێبەرانی ڕێکخراوی تازە دامەزراو لە نۆکان و توژەڵ لە ساڵی ١٩٧٧ دا، لە یەکەم هەنگاو، هەوڵی لەنێو بردنی پارتی دیموکراتیان لە پلەی ڕێکخراوێکی بۆرژوادا بوو. سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەو ئامانجەوە گەڕابوونەوە بۆ کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی و پێشمەرگایەتی دوور بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا ناوەندەکەیان لە سێ چوکڵەی سنوری سوریا، تورکیا و عێراق لە گوندی "بیشێ ڕەش" لە چیای شرناخ دانا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بنکەی پارتی دیموکرات لە گوندی "سنە"، کەمتر لە نیوکاتژمێر مەودای لەگەڵ ئەو گوندە هەبوو، بەڵام دواتر بۆ ئەمنیەتی زیاتر، یەکێتی بارەگاکەی گواستەوە بۆ گوندی "نۆکان". سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی دەیویست پارتی دیموکراتی بۆرژوا لەنێو بەرێت و نەهێڵێ کادیر و

پێشمەرگەکانی لە ئێرانەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. هەروەکوو گوتم، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پارتی دیموکرات بەرلە ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی بە کردەوە، لە ١٩٧٦/٥/٢٦وە لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵان و بەناوی سەرکردایەتی کاتی "قیادە موەقەت" گەڕابۆوە بۆ باشوری کوردستان و دەستی کردبۆوە بە خەباتی چەکدارانە و هەرلەو ڕۆژەدا فەرماندەی مەفرەزەیەکی بەناوی "سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی" شەهید ببوو. بۆ زانیاریی خوێنەرانی ئازیز، پارتی دیموکرات بۆ یادەوەریی ئەو ڕۆژە و بۆ ڕێزگرتن لەو سەرکردەیە، پەیکەری سەید عەبدوڵای لە زارکی شاری سۆران لە بازگەی "گەلی عەلی بەگ" داناوە.

دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتیان بە نۆکەری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێران ناساندو نوسیان: **(ئەیانەوێ خەباتی گەلەکەمان لە ڕێگاکەی لابدەن یا ئەو ڕێبازە کۆنە زیندوو بکەنەوە کە پیایدا ڕۆیشتن و بووە هۆی ئەوەی کە گەلەکەمانی گەیاندە هەڵدێری ئەو کارەساتە نیشتمانیی کە وێنەی نەبوو لە مێژوودا.)**

هاوکات لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی و بەرلە گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بۆ گۆڕەپانی خەباتی بەکردەوە لە باشوری کوردستان، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی چەندجار لە دیمەشق کۆبوونەوە کە ڕێککەوتنێکی سیاسیی بۆ هاوکاریی دواڕۆژ لەنێوان پارتی و یەکێتیدا واژۆ بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن و سەرئەنجام لەسەر پەیمانێکی سەربازیی یەکیان گرت. یەکێک لە خاڵەکانی ئەو پەیمانە، پاراستنی ئەمنیەتی پێشمەرگەکان و دوور ڕاگرتنیان بوو لە شەڕی براکوژی. بۆ ئەو مەبەستە، هەرکام لەو دوو ڕێکخراوانە دەبووایە کاتی گواستنەوەی چەک و پێداویستییەکانیان لە سوریاوە بۆ کوردستان، یەکتر ئاگادار بکەنەوە تا ئەگەر لە ڕێگادا پێشمەرگەکانیان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، گرفتیان بۆ نەخوڵقێت. لەم بارەیەوە مولازم "نیهات سابیر بەرزەنجی" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

**- (دوای ڕاوەستانی شۆڕش، من لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ لە ئێرانەوە چووم بۆ هولەندا و لە کۆتایی هەمان ساڵدا لەگەڵ مولازم عەبدولڕەحمان بێداوی و شوکری نێروەیی گەڕامەوە بۆ سوریا. لە یەکەم سەفەری کاک مەسعوددا بۆ سوریا لە ساڵی ١٩٧٦، من لەگەڵ بەڕێزیان بووم. لەوێ کاک مەسعود و مام**

جەلال کۆبوونەوە. دەیانویست ڕێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان پارتی و یەکێتی و حیزبی بەعسی چەپدا مۆر بکەن، بەڵام چونکە کاک مەسعود تەنازولی لە کەرکوک نەکرد، ئەو ڕێککەوتنە سەری نەگرت. من لە کۆبوونەوەکەدا نەبووم، بەڵام کاک کەریم شنگاری، عەبدولڕەحمان بێداوی، وریا سەعاتی و غازی زێباری لە کۆبوونەوەکەدا بوون. لە کۆبوونەوەیەکی تردا کاک مەسعود و مام جەلال ڕێککەوتن کە یەکێتی نیشتمانی و هاوپەیمانانی و پارتی دیموکرات بە ئاگاداریی یەکتر چەک لە سوریاوە بێنن کە نەکات پێشمەرگەکان لە ڕێگەدا تووشی یەکتر بن و شەڕیان لەنێواندا دروست بێت.)

دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دوای ئەو ڕێککەوتنە، یەکەم وەجبەی چەکیان لە ١٩٧٧/٣/١ لە سوریاوە هێنا کە ٦٠ کلاشینکۆف بوو. ئەو چەکانە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە وەرگیرا و هەر ئەویش بنکەی "بیشێ ڕەش"ی کردەوە، بەڵام دواتر لەوێ نەمایەوە و وەک خۆی دەڵێت: بۆ پاراستنی ئەمنیەت لەوێوە گواستییەوە بۆ نۆکان و بنکەکەی لەسەر سنوری دەستکردی نێوان عێراق و ئێران دانا.

ساڵی ١٩٧٧، مام جەلال لە سوریاوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی هەرمێ "دۆڵی هەرمێ" لە سێ سوچی سوریا، تورکیا و عێراق و لەوێوە چوو بۆ نۆکان و ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٣١ یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەسەر خاکی کوردستان پێکهێنا کە ١٢ ڕۆژی خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا مام جەلال بە سکرتێری گشتی دانرا. لە کۆمەڵە: ئارام و سالار عەزیز، لە بزووتنەوە: ڕەسوڵ مامەند و عەلی عەسکەری و لە خەتی گشتی: ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی پۆستی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان وەرگرت. لەو کۆمیتەیەدا بڕیاریاندا، سەرلەنوێ سەرکردایەتی حیزبەکەیان بگوازنەوە بۆ ناوچەی سێ سنوری نێوان سوریا، عێراق و تورکیا، تا لەلایەک پارتی دیموکراتی کوردستان کە گوایە ٢٥٠- ٣٠٠ پێشمەرگەی لەو ناوچەیەدا هەبوو، لەوێ دوور بکەنەوە و لەلایەکیتردا، لە سنوری سوریا نزیکە بنەوە کە پێوەندییەکانیان بەئاسانی ئەنجام بدەن و چەک و پێویستییەکانیان بەبێ گێروگرفت بێنن. لەم بارەیەوە لە مێژووی یەکێتی نیشتمانیدا هاتووە:

- (دوای لابردنی سەرکردایەتی لە سێ سنور بۆ نۆکان، لە مانگی ١٩٧٨/٣ دووەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەسترا بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە- دارایی- دانانی نەخشە و پلان- دروست کردنی هەشت هەرێم. دوای چەند مانگێک بڕیار درا بگەڕێنەوە بۆ سێ سنور. لەبەر نزیکی لە سوریا- تورکیا- ئێران- کوردستان. ئەوکاتە زیاتر لە هەزار پێشمەرگە لە سەرکردایەتی بوون، کران بە سێ ڕەتل و ژمارەیەکی زۆری بێ چەک بوون. پاش وەرگرتنی زانیاری لەسەر سێ سنور کە هێزەکانی قیادە موەقەتە لەوێ بوون ژمارەیان ٣٠٠ کەس بوون. دوای بەڕێکەوتنی ڕەتلی یەکەم و دووەم لە هەکاری تووشی شەڕ بوون لەگەڵ قیادە موەقەتە و جاشەکانی تورکیا. زیاتر لە ٧٥٠ پێشمەرگە لەو سەردەمە تیاچوون. باقی هێزەکەی سەرکردایەتی گەڕانەوە قەندیل لە ١٩٧٨/٩/٢٠.)

هەرلەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٧ی نامیلکەی "کارەساتی هەکاری" کە سێ جار لە ساڵانی ١٩٨١، ١٩٨٣ و ١٩٩٥دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:

- (ل. س- ی. ن. ک بەگشتی بڕیاریدا کە بارەگای سەرکردایەتی بباتەوە ناوچەی برادۆست لەسەر ٣ سنور بۆ ئەوەی:

١- بارەگای دەزگا سەرکردەییەکان لە شوێنێکی ئەمیندا جێگیر ببێ و بپەرژێتە سەر جێبەجێ کردنی ئەرک و فەرمانەکان.

٢- پێش ١٩٧٨/٦/١ واتە پێش کاتی جێبەجێ کردنی بڕیاری حکومەتی عێراق لەمەڕ ڕاگوێزانی دێهاتەکانی سنور. ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە وە ڕێگەی هێنانی تفاقی جەنگی و یارمەتی و پێویستییەکانی شۆڕش بکاتەوە.

٣- مەفرەزەکانی بادینان لەوێوە بنێرێتەوە بادینان و جێگیریان بکەن و لەوێوە هێزی پێشمەرگە شەپۆل بە شەپۆل بەرەو قولایی بادینان بچێ و کڵپەی شۆڕش هەڵبگیرسێنێ بەتایبەتی دوای ئەو جەزرەبە قورسانەی ساڵانی ٩٧٦- ٩٧٧ لەلایەن ق. م- ەوە لە هێزەکانی ی. ن. ک درابوو.

٤- پاککردنەوەی ناوچەکە لە چەکدارەکانی ق. م ئەگەر بوونە ڕێگری پلانەکانی ی. ن. ک.


٥- داوای یەک لەسەر یەکی دۆستەکانی ی. ن. ک لە تورکیا بەتایبەتی "دە. دە. کا. دە- DDKD" بۆ نزیک بوونەوەی هێزەکانی ی. ن. ک لە سنوری تورکیا[(١)].

دوای گەڕانەوەی مـــــام جەلال و بەرلـەوەی کە ســــەرکردایەتی یەکێتــــی نیشـتمانی ئەو پـلانەی جێبەجـێ بکـات، سـەرکردەکانی یەکێتـی نیشـتمانی بە کردەوە، ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی دیموکرات خستە ژێرپـێ و چەند وەجبە چەکیان بەبێ ئاگادار کردنەوەی پارتی، لە سوریاوە هێنا بۆ نۆکان کە ئەوە گرفتـی لەنێـوان پێشـمەرگەکانی پـارتی و یەکێتیـدا پێکهێنـا و یەکێـک لە مەفرەزەکانی چەک گواستنەوەی یەکێتی بە فەرماندەیی مولازم حەسەن کە لە سـوریاوە دەهـات لەگەڵ مەفرەزەیەکـی پـارتی و خەڵکـی شـەمزینان ڕووبەڕوو بوونەوە و لە ئاکامدا مولازم حەسەن خۆشناو شەهید و هاوڕێکانیشی بەدیل گیران و چەک و کەلوپەلەکانیان لـێ ئەستاندن. دەربـارەی ئەو وردە شـەڕانە مـولازم نیهـاد سـابیر بەرزەنجـی لە وتـووێژێکی تایبەتـدا کە دەنگـی لای مـن پارێزراوە، دەڵێت: **(بەرلە شەڕی هەکاری مەفرەزەیەکیان هاتبوو بۆلای ئێمە و عەریف فاتیحیان شەهید کردبوو. بە دوای ئەوەشدا چەند وردە شەڕی تریشمان هەبـوو. مەفرەزەیەکیـان لە سوریاوە هـات، سـامان گەرمیـانی، دوکتـۆر خـدر خۆشناو، مولازم ئەنوەر، مەجید مسری و ژمـارەیەک پێشمەرگەیان لەگەڵ بـوو کە ئەوانمان گرت و دواتر بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتی بەڕێزەوە ئازادمان کردن.)**

بەرلەوەی کە سەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتمانی پلانەکەی جێبەجـێ بکـات، زانیـاریی لەسـەر هەمـوو لایەنەکـانی پێویست وەرگـرت کە بەبـێ زیـان بتـوانێ خواستەکانی جێبەجێ بکات. لەم بـارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٨ی نامیلکەکەیدا دەڵێت: **(زانیاری تەواو لەسەر هێزەکانی عێراق، تورکیا و ئێران کۆکرانەوە. بارەگاکانی ق.م لە گوستە، چەمەتوو، هەرکـی، شـەکونس و بێداو، لێپرسـراوەکانیان: سـامی، ئەورەحمـان پێداوی، ئـازاد مەحمـود خەفـاف، وریـا ڕئووف سەعاتچی، مولازم سەردار ئەبوبەکر، مولازم عەمەر عوسمان، عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، نهاد، یونس ڕۆژبەیـانی، حەمید ئەفەنـدی، عەبدولا ساڵح، هاشم ڕەمەزان و مەلا ئەمین بەرزانی بوون و ژمارەی هێزی ئەسڵی یان ٢٥٠- ٣٠٠ چەکدار. هێزە چەکدارەکانی ق.م لە چەندین بارەگـا و بـنکەی دوور لەیەک دابڕاودا لە هێڵێکی درێژی سنوری تورکیا و عێراقدا پەرت و بڵاوبوون و بارەگایەکیـان لە ٢٠- ٥٠ کەس زۆرتـر نەبـوو.)** لە درێـژەی نوسـینەکەیدا،

نەوشیروان مستەفا دەڵێ: (بە لێدوانی **DDKD** حیزبی هاوپەیمانی یەکێتی، ق.م لە چەند سەرۆک عەشیرەتێکی کۆنەپەرست دا لە جەلێ و ئولودەرەدا نفووز و دەسەڵاتی هەیە و لە کاتی گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی ئەوان هاوکاری دەکەن.)

ئەو ڕاپۆرتە ناڕاستەی پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات"، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی توشی هەڵەیەکی مەزن کرد، چونکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندەکانی سەرسنوری دەستکردی تورکیا لەگەڵ عێراق لایەنگرییان لە بنەماڵەی بارزانیی دەکرد. هەرلە کۆنەوە، کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانیان بەهۆی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکرات چارەسەر دەکرد و سەوداو مامەڵەکانیان لەگەڵ دانیشتوانی باشوری کوردستان بە کارئاسانی بەرپرسانی پارتی ئەنجامی دەگرت. لەم بارەیەوە مولازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:



- (خەڵکی سەر سنورەکانی تورکیا کە زیاتر لە ٩٥%یان پشتگیریی بنەماڵەی بارزانیان دەکرد. خەبەریان بۆ هێنایین کە مولازم حەسەن خۆشناو خەریکە چەک دەگوازێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو چەک گواستنەوەیە، بەرپرسانی یەکێتی بۆ خافڵاندنی ئێمە، داوایان کرد لەگەڵمان کۆبنەوە. بەو زانیارییە، ئێمە بووین بە دووبەش، بڕیارماندا بەشێکمان لەگەڵ حامیدی حاجی غالی و شێخ جەواد کۆببینەوە و بەشەکەی ترمان بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانەکەیان و گرتنی چەکەکان بچن. ئەوانەی چەکیان دەهێنا لە "کانی ڕەش" کەوتنە کەمینی ئێمەوە و ئەوانی تریش کە تەنیا بۆ خافڵاندنی ئێمە دەیانویست لەگەڵمان دانیشن، نەهاتن و ڕایان کردە ناوچەی سۆران و لەوێ خۆیان گرتەوە و لە مەفرەزەیەکی ئێمەیاندا، ژمارەیەکیان لە

ئێمە شەهید کرد و مولازم حەسەن خۆشناو و ڕەمزی خۆیان تەسلیمی عێراق کردەوە و چەند کەسیشیان وەک نسرەدین مستەفا و عەبدولڕەحمان حاجی عەلی و مام وسو دزەیی پەڕینەوە لای ئێمە. بەرلە شەڕی هەکاری مەفرەزەکانی هەرێمی سێی پارتیان پاک کردەوە.)

سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکرات، باشوری کوردستانی بەسەر سێ هەرێماندا بەشکردبوو. بە وتەی مولازم یونس ڕۆژبەیانی لە وتوویێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، هەرێمی یەکەم بە سەرۆکایەتی جەوهەر نامیق سالم لە سنوری دەستکردی سوریاوە هەتا بێداو. هەرێمی دووەم بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان بێداوی، لە بێداوەوە تا حاجی ئۆمەران و هەرێمی سێیەم بە سەرۆکایەتی کەمال کەرکوکی لە حاجی ئۆمەرانەوە تا هەورامان.

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە کۆ کردنەوەی ئەو زانیارییانە، هەوڵیدا سەرکردایەتییەکەی لە نۆکانەوە بگوازێتەوە بۆ چیای برادۆست. بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی کردە سێ بەش، بەشێکی لەگەڵ مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی لە نۆکان بەجێهێشت و دوو بەشەکەی تری بەشێوەی خوارەوە ڕەوانەی ناوچەی بادینان کرد تا شوێنێک لە چیای برادۆست بۆ بارەگای سەرکردایەتی دیاریی بکەن و هێزەکانیان تا سنوری دەستکردی سوریا بڵاوبکەنەوە و ۲۵۰- ۳۰۰ پێشمەرگەی پارتی دیموکرات لە ناوچەکە دوور بکەنەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە، نزیکەی ۱۰۰۰ پێشمەرگەیان کۆکردەوە. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ۱۰ی نامیلکەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕێکخستنە نوێیە دەکات و دەڵێت:

- (بەشی یەکەمی هێزەکە ۳۲۰ پێشمەرگە زیاتر بوو لەوانە ۱۵۰ چەکدار و ئەوی تریان بێ چەک بوون. ئەو لێپرسراوانە لەگەڵ هێزەکە بوون: خالید سەعید (ئەندامی م.ع-ی.ن.ک) حسین بابە شیخ (ف.هە بادینان)، محمود عبدالرحمن (ف. هە ۲ی شارباژێر)، ڕەئووف مستەفا ف. هە پینجوین)، حامید حاجی غالی (یاریدەدەری ف. هە ۱ی هەورامان و شارەزوور).

- بەشی دووەمی هێزەکە نزیکەی ۵۰۰ پێشمەرگە ئەبوو کە لەوانە نزیکەی ۱۵۰ کەسیان بێ چەک بوون. ئەو لێپرسراوانە لەگەڵ هێزەکە بوون: عەلی عەسکەری (ف. هە. پ. ک)، تایەری عەلی والی (ئەندامی م. س و م. ع-ی. ن.

ک)، سەید کاکە (ف. هە ٨ی هەولیر)، تالیب ڕۆستەم (ف. هە. ٦ی قەلادزە)، شیخ جەوادی بیدەری (یاریدەدەری ف. هە چەمی ڕیزان.)

- بەشی سێ یەمی هێزەکە نزیکەی ١٥٠ کەس بوو کە زۆربەیان چەکدار بوون، وە ئەبوایە سکرتیری گشتی-ی. ن. ک و ئەندامانی تری م. س-ی. ن. ک و نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادەکردنی-پ. د. ک و پاسوک لەگەل بوایە.)

پێکهاتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێکهاتەیەکی ڕێک و یەکدەست نەبوو کە بتوانێ ئامانجە درێژخایەنەکانی جێبەجێ بکات. لە ڕووی فکرییشەوە تێکەڵاوێک بوو لە ناسیونالیست، نەتەوەیی، سۆسیالیست و کۆمونیستی توندڕەو کە گونجانیان پێکەوە دژوار بوو، بەڵام ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول ئەوانی لە دەوری مام جەلال کۆکردبۆوە و ئەویش ڕۆلی ڕێکخەری ئەو پێکهاتەی دەگێڕا. بەشێکیان، تەنانەت ئەوانەش کە لە سەرکردایەتیدا بوون، ئامادە نەبوون لە ڕێکخراوێک بدەن کە بەساڵان خەباتیان تێدا کردبوو، و گەلێک شانازیی بۆ گەلی کورد بەدەستهێنابوو، بەڵام نەوشیروان مستەفا و بەتایبەتی کۆمەڵەکان خوازیاری لێدانی پارتی دیموکرات بوون. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ١١ی نامیلکەکەیدا دەڵێت:

- (ئەم هیزانە و لیپرسراوەکانیان لە ڕووی سیاسی و پیشمەرگەییەوە زۆر ڕیک و تەبا نەبوون، جگە لەو ناکوکیانەی لەنیوان بالە جیاوازەکانی ناو ی. ن. ک دا هەبوو، هەندی ناکوکی توند و تیژ لەناو سەرکردایەتی پ. س. ک دا هەبوو. بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی بەعیراقی کردنی شورش، هەڵگرتن یان داگرتنی دروشمی ڕوخاندنی ڕژیمی عیراق، پاک کردنەوەی کوردستان لە پاشماوەی چەکدارەکانی ق. م. مەسەلەی پاک کردنەوەی کوردستان لە چەکدارانی ق. م یاخود "هدنە" کردن لەگەلیان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی "شێوەیەکی بەهیمنی پیکەوە ژیان" دیسانەوە هاتەوە کایەوە و هەندی لە سەرکردەکانی پ. س. ک کەوتنەوە لیدانەوەی ئەو بالورەیە کە بیگومان لەوکاتە گرنگەدا دوو دلی و ڕارایی لەناو هیزەکان دا دروست ئەکرد و گیانی جەنگاوەرانە و دەست وەشاندنی لە پێشمەرگەکاندا ئەمراند، ئەو قسە و باسانەی لە کۆبوونەوەکاندا ئەکرا زۆر جار لەناو پێشمەرگەکانیشدا دەنگی ئەدایەوە.)

هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، ئاماژەی بۆ کتێبەکەی، **"بیرەوەریی پێشمەرگەیەک"**، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب کرد و گوتی من لە کتێبەکەمدا باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی شەڕی هەکاری و خوازیار نەبوونی سەرکردایەتی بزووتنەوەم کردوە و باشترە لە جیاتی قسەکانی من، ئەو بەشە بڵاوبکەیتەوە کە وردتر نوسراون. ناوبراو لە لاپەڕەکانی ١٤٠- ١٤٢ کتێبەکەیدا دەڵێت:



- (کۆبوونەوە دەستی پێکرد نزیکەی یەک مانگ بەردەوام بوو بەشی زۆری بۆ ئەوە بوو بزووتنەوە ڕازی بێت بۆ لێدانی قیادەی موەقەت، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین منیان کردە ئەندامی سەرکردایەتی "ی.ن.ک" و بزووتنەوە، ئەوجا مام جەلال بڕیاریدا بچین چەک لە سوریا بێنین، ئەگەر قیادە موەقەتە دەنگیان کرد، ئەمن و کاک تاهیر و عەلی بەگ وەکیلی مام جەلال بین چییان ویست وا پێک بێین، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو بۆ ئەوە بوو بە هەرجۆرێک بێت ئێمە ڕەوانەی سنوری تورکیا بکات و تووشی شەڕی قیادەی موەقەتەمان بکەن، چونکە ئەمن زۆر نەخۆش بووم لاقم زۆر دەهێشا، زۆر وتم من لەگەڵ ئەو هێزە دەرناچم، بە زۆر بردمیان، گوتیان تۆ دەبێ بچی بۆ سوریا بۆ چارەسەری لاقت، ئەگەر نەچووبام دەبووایە بەینی یەکێتی و بزووتنەوە تێک بچێت، ناردنی من بە زۆر بوو بۆ ئەوە بوو من لە دەشتی هەولێر دوور بخەنەوە، کۆمەڵەی لێ بەهێز بکەن زۆر بە ئاشکرا دیار بوو، چونکە من مەلا ناسیح و کاک تاهیر و عەلی بەگم ناردن بۆ سەرکردایەتی، یەکێتی ڕازی نەبوون گوتیان هەر دەبێ بچی، مەلا ناسیح و مولازم تاهیر عەلی هەردووک ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە بوون، بەڵام

کاک عەلی عەسکەری و کاک دوکتۆر خالید ئەوانیش ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە بوون مام جەلال توانی بووی ئەوان ڕازی بکات، بۆیە بزووتنەوە نەیتوانی من بگێڕێتەوە، بەو نەخۆشییە ناچار بووم بەگەڵیان بکەوم بەو ناوەی ئەمن و کاک تاهیر دەچین وەکیلی مام جەلالین، قیادەی موەقەتە داوای هەرشتێک بکەن، ئێمە نەهێڵین شەڕ بقەومێ و جێبەجێی بکەین، مولازم عومەر و حەمەی حاجی مەحموود پێیان گوتبوون لە هەرجێیەک تووشی قیادەی موەقەتە بوون لێیان بدەن با شەڕەکە دروست ببێ، بزووتنەوە ناچار تووش دەبێ، بە حسێن بابە شێخ و عەلی عەسکەری و دوکتۆر خالید گوترابوو ئەو هێزە بگەیەننە سوریا "حافز ئەسەد" خۆی پێشوازییان لێدەکات ٤٠٠ بێ چەک و ٤٠٠ بە چەک و هەریەک دوو چەک بێنێ زۆر دەکات، حسێن بابە شێخ لای قامیشلی بارەگای بۆ دانێن و عەشایرکانی تورکیا هەموو لەگەڵ ئێمەن و چەک و ئیمکانییەتیان بدەنێ پێکەوە لە قیادەی موەقەتە بدەن و پاکیان بکەنەوە، ئەوانیش ئەوەیان زۆر پێ خۆش بوو چونکە ماڵ و منداڵی عەلی عەسکەری و دوکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ لە سوریا بوو، بەڵام بۆ لێدانی قیادەی موەقەتە پێیان خۆش نەبوو، دوو دڵ بوون ئەو هێزەی "هەکاری"یان وەک کورتانی سەخرەچن لێ کرد. ئەو کردەوەی مام جەلال و پاڵەوانەکانی بەو حاڵە هاتبوون کورد ڕزگار بکەن، بریا بتان بینیبا کاتی ئەو پیلانەیان بۆ "قیادەی موەقەتە و بزووتنەوە" دروستکرد. ئێمە حاڵمان چۆن بوو بارەگامان لە نۆکان بوو هەموو ڕۆژێک سەربازی ئێران دەهاتن و دەیانگوت ئەوە خاکی ئێمەیە دەبێ بڕۆن، سوپای عێراقیش بەرامبەرمان بوو، ئەو پێشمەرگانەی لەخوارەوە بوون هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی مردن بوون، چونکە دوژمن زۆر بەهێز بوو، هەرکە دەیان گوت پێشمەرگەیەک وا لەو گوندەیە ١٠ کۆپتەریی بۆ دەچوو، دوژمن بۆ یەک پێشمەرگە ١٠ کۆپتەری هەڵدەستاند کەچی سەرکردەکانی کوردیش بیریان لەوە دەکردەوە چۆن یەکتر لەناو ببەن، ئەی خوایە ئەو میللەتە تاوانی چییە تووشی ئەو سەرکردانە بووە ئەو دەوڵەتە خوێن ڕێژە بۆ تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنێ.)

سەبارەت بە پاککردنەوەی کوردستان لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە نەوشیروان مستەفا و سەید کاکە ئاماژەی بۆ دەکەن، مولازم نیهاد

سابیر بەرزەنجی دەڵێت: (سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای کۆبوونەوەی نۆکان و وەرگرتنی بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوچەی بادینان کە ئێمە دەرکەن. مام جەلال نامەیەکی ڕەوانەی جەماعەتی شوانچییەکانی تورکیا[٢] کردبوو. نوسیبوی دوای ئەوەی پاشماوەی بەکرێگیراوانی موساد، سیا و ساواکمان لە ناوچەی سۆران پاککردەوە لە بەهاری ئایندەدا هێزێکمان بەسەرکردایەتی چاکترین فەرماندەکانی یەکێتی نیشتمانی حەرەکەت دەکات بۆ ناوچەی بادینان. نامەی مام جەلال گەیشتە دەست کاک سامی عەبدولڕەحمان. لە بەرامبەر ئەو هەڵویستەی مام جەلال دا، کاک ئیدریس ئامۆژگاریی دەکردین کە نابێ بیانکوژن.)

دەربارەی ئەو نامەیەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پرسیارم لە دارا بیلەک کرد. کاک دارا لەو سەردەمەدا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا بوو. ناوبراو لە نزیکەوە ئاگاداری هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ناوچەی هەکاری و شەڕی بازێ بوو. دارا لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (بەرلە هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ناوچەی گەوەڕ لە کوردستانی باکور، سەرکردایەتی یەکێتی نامەیەکی بۆ پارتی کارگەری کوردستان "کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD" ناردبوو. لە نامەیەکەیدا نوسیبووی ئێمە هێزێکی مەزنمان ئامادە کردوە و دێین بۆ کوردستانی تورکیا و پاشماوەکانی قیادەی موەقەت لەناو دەبەین. زانیارییەکانی یەکێتی لەسەر قیادە موەقەت، بۆ ئەو ڕاپۆرتانە دەگەڕایەوە کە DDKD پێیدابوون. مەبەست لەو نامەیە ئەوە بوو لەکاتی هاتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆ ناو خاکی کوردستانی باکور، لایەنگرانی DDKD هاوکاریان بکەن. ئەو نامەیە بەرلەوەی کە بە DDKD بگات، بە سامی عەبدولڕەحمان گەیشتبوو. ئەویش کۆپی نامەکەی بۆ ئێمە واتە پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا "کوک" نارد. دوای گەیشتنی ئەو نامەیە، بڕیارماندا عەشیرەتەکانی ناوچەی هەکاری لەو پیلانە ئاگادار بکەینەوە. لە گەوەڕەوە، تا سنوری سوریا، هەموو عەشیرەتەکان بارزانی بوون و ژمارەیەکیش پێشمەرگەیان لەناو قیادە موەقەتدا هەبوو. کاتێک عەشیرەتەکان بەو پیلانەیان زانی، بەتێکڕا گوتیان: "ڕێگە بە هیچ کەس نادەین لە بارزانی




بدات." لەو ڕۆژەوە کە پێشمەرگەکانی یەکێتی هاتنە ناو خاکی باکوری کوردستان تا کۆتایی شەڕەکە، بەرپرسانی قیادە موەقەت ئاگاداری جوڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون و دەیانزانی چەند کەسن، لە کوێ دەمێننەوە، پێوەندی لەگەڵ کێ دەگرن و کێ پێشوازیان لێ دەکات. لە ڕاستیدا هیچ کەس پێشوازی لێ نەکردن و کاتێکیش شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا، هەموو عەشیرەتەکان هاوکاریی قیادە موەقەتیان کرد.) دارا بیلەک دەربارەی چۆنیەتی گەیشتنی ئەو ژمارە پێشمەرگەیە بۆ ناوچەی هەکاری دەڵێت: (بە قەناعەتی ئێمە میت و عەسکەری تورکیا بە تەواوی ئاگاداری جوڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون. ئێمە لە ناوچەکەدا بووین و بینیمان پێشمەرگەکانی یەکێتی بە بەرچاوی عەسکەردا دەڕۆیشتن و تەنانەت هێلیکۆپتەر چاودێریی بەسەریاندا دەکرد، بەڵام خۆی لەگەڵیان دەرگیر نەدەکرد. تۆ خۆت دەزانی ٦٠٠- ٧٠٠ ئینسان بە چەکەوە ناتوانی بە کیلۆمەتران بکەوێتە نێو خاکی کوردستانی باکور و بتوانێ دەرباز بێت. سیاسەتی تورکیا بەو جۆرە بوو، لە هەرلایەکیان بکوژرێت ئەو قازانج دەکات.)

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشی یەکەمی ئەو هێزە ١٠٠٠ کەسییەی کە بۆ گواستنەوە بۆ ناوچەی بادینان دانابوو، لە نزیکەی ٣٥٠ پێشمەرگە بوون کە بەو گرفتانەی نەوشیروان مستەفا و سەید کاکە ئاماژەیان بۆ کرد، ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٩ لە ناوچەی قەڵادزێوە بەڕێکەوت و بەبێ زیان خۆی گەیاندە "جۆرجان" لە ناوچەی شەمزینان. بڕیاربوو بەشی دووەمی ئەو هێزە کە نزیکەی ٥٠٠ کەس بوو، و عەلی عەسکەری سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی ١٩٧٨/٤/٢١ لە ناوچەی قەڵادزێوە بەڕێ بکەوێت کە لەکاتی دیاریکراودا بەڕێ نەکەوت و کاتی بەڕێکەوتنیشی ویستی بە ئوتۆمبێل بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

تێپەڕێ کە حکومەتی ئێران پێی زانی و ناچاری کرد بگەڕێتەوە ناو خاکی عێراق. ئەم جارەیان، هێزەکە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٥ لە کێلەشینەوە بەڕێکەوێت کە لە ڕێگادا کەوتەبەر بۆمبارانی فڕۆکەکانی عێراق و ٦ کەسیان شەهید و زیاتر لە ١٥٠ کەسیشیان بریندار کرد و ٢ پێشمەرگەشیان لە کێلەشین لە سەرمادا ڕەق بوونەوە. هەروەها ٣٦ پێشمەرگەی خەڵکی گوندی شێنێ لە نزیک نۆکان، لە چوون بۆ ئەو مەئموریەتە خۆیان پاراست و گەڕانەوە و ٢٠ پێشمەرگەش تەسلیمی عێراق و ٢٦ پێشمەرگەشیان تەسلیمی ئێران بوون. واتا بەرلە گەیشتنی ئەو هێزە ٥٠٠ کەسییە بۆ سنوری دەستکردی تورکیا، ٢٣٦ پێشمەرگەی لەدەستدا و ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٣ نیوەی هێزەکەیان بۆ گەیشتە ناوچەی جۆرجان و لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەشی یەکەم یەکیان گرتەوە. لەم بارەیەوە تاهیر عەلی، خالید سەعید و عەلی عەسکەریی لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٦ ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کردوە و نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەکانی ٤٠- ٤٢ی نامیلکەکەیدا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێن:

ناوچەی شەمدینان
١٩٧٨/٥/١٦

مەکتەبی سیاسی بەرێز
سلاویکی شورشگیرانە
هیوامان خوشی و سەرکەوتنتانە

١- ئێمە ڕۆژی ٥/١٣ گەیشتینە کاک خالید و ئەوان لە جورجان، دوای ئەوەی بە ئێران و بە عێراق و بە تەبیعەت بەرەنگامان بوون و هەردوو دەولەت بە تەیارە و توپ و شەر لی‌یان داین و تەبیعەتیش تەخسیری پی نەکردین، چوار شەو و چوار ڕوژ بەردەوام بەفر و باران و تەم و مژ سەری لی تیک داین و لە ماوەی ٩ ڕوژ پێشمەرگەی ٤- ٥ نانی بەرنەکەوت و برسییەتی خەلکەکەی هەژاند. لەبەر ئەم هۆیانە واتە شەر و نەخەوتن و بی ئیستراحەتی و برسیتی و سەرما تووشی زۆر گیروگرفت بووین ٦ شەهیدمان هەبوو و (٢) ڕەق بووەمان هەبوو لە کیلەشین و زیاتر لە ١٥٠ بریندارمان هەبوو بە تەیارەی عیراق لە ناوچەی خرێنە. (٣٦) شێنەیی و چەند کەسێکی تر گەڕانەوە و زیاتر لە (٢٠)

کەسی ترسەنۆک و خوێری و بی چەک و هەندی لەوان چەکداریش خۆیان تەسلیمی عیراق کردەوە و نزیکەی (٢٦) کەسیش خۆیان تەسلمی ئێران کردەوە لەوانە ئەنوەری مەجید سولتان و جەمالەکەی لای بەکری حاجی سەفەر. باقیەکەی تری هەموو گەییشتینەوە یەکترمان گرتەوە لەگەڵ کاک خالید، تەها سەید کاکە لەگەڵ ١٣ پ.م لیمان پچڕاوە و ئەحمەد فەقێ ڕەش لەگەڵ ٣٢ پ.م هێشتا نەگەیشتونەتە لای ئێمە هەرچەندە ئەمانە خەتەریان لەسەر نییە و ڕەنگە ئەمرو سبەی بگەنەوە لای ئێمە. ئیستا ئەمە سی شەو و ڕوژە لەلای گارە و ماسی ڕوین ئیسراحەتی باشمان کردووە و پێشمەرگەکانمان مەعنەویاتیان بەرز بوتەوە و وەزعیان باشە بە ڕاستی هێزەکەمان قاڵ بووە.

هومەر ئاغاش لەگەڵ ٦ پ.م دیار نییە و ئەڵین لەگەڵ سەید کاکە یەکیان گرتووەتەوە. هەروەها گوایە ئەحمەدیش گەیشتوەتە سەید کاکە و ئەگەر هەموویان پێکەوە بن زۆر باشە. ئێمەش هەر تەعقیبیان ئەکەین، ئەمروش مەفرەزەیەکی ترمان نارد بۆ دۆزینەوەیان.

٢- بە ڕەئی من بەیانێک دەربکەن لەسەر ئەو مەوقیفەی ئێران و عێراق و قارەمانیتی پێشمەرگەکانمان و خوراگرتنیان، ئەمە پیلانێکی زۆر گەورە بوو کرایە سەر شورش و یەکیتی، ئیتر خۆتان ئەمە باشتر ئەزانن.

٣- ق- م هەرچەندە هێشتا مەعلوماتی تەواومان لەسەر وەرنەگرتوون بەڵام تا ئێستا قسە هەر ئەوەیە نێوان خۆیان خراپ و ناکۆکن و ژمارەشیان بەپێی قسەی خەڵک لە (٢٥٠) کەس تی ناپەری لەهەموو ناوچەکە. ئەوا خەریکین مەعلومات کۆ ئەکەینەوە.

٤- ئیمە بۆ چەکەکانمان و ڕاپەراندنی خەڵکی ناوچەکە بەرەو بادینان ئەچین و جاری بڕیارمان داوە بێچەکەکان پڕ بکەین و خۆمان ساز بدەین. نامەمان ناردوە بۆ برایانی پارتی و سوریا (کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر) کە بەپەلە جێگا و شوینی چەکەکانمان بۆ بنێرن و یەکێکی پارتی خۆی بێت و چاومان پی یان بکەوی بۆ تەنسیق کردنی ئیش و کارمان و هەروەها دوکتۆر کەمالی خۆشمان بێت بۆ هەمان مەبەست.

٥- ئەوەی ڕاست بیت ئێمە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە هاتین دەسمان کرد بە پارە ناردن بەولاو بەم لادا بۆ نان خواردن و نزیکەی (١٠٠٠) دینارمان

بلاوکردەوە بەبێ ئەوەی سوودی یەک فلسی لێ بکەین، بۆیە بەپەلە حەسەن نەرمومان نارد بۆ سوریا کە پارە و کەلوپەلمان بۆ بنیرن بەزوویی و دوکتوریش بێت.

٦- کاک تاهیر بریندار بووە تەیارە پارچەی لەسەری داوە جمجومەی شکاندوە ئەوا خەریکی ناردنین بۆ سوریا بەلام شوکر باشە دڵتان سەغلەت نەبی زۆر سەلامەتە. کاک ئەنوەری ئامۆزای و شێخ کامیل بە برینداری بەجێ ماوەن.

٧- بە تیکرایی وەزعی ناوچەکە و ئێمە زۆر زۆر باشە دڵتان نارەحەت نەبێ و گوی مەدەنە پروپاگەندەی دوژمن ئومیدمان وایە بەسەرکەوتوانە هەموو کارەکانی خۆمان ئەنجام ئەدەین و ئاگاداریشتان ئەکەینەوە، تکایە ئێوەش زوو زوو پەیوەندیمان پێوە بکەن بەهۆی کاک نوعمان و برایانی ترەوە.

٨- پێش گەیشتنی ئێمە کاک خالید بە ئاراس ناوێکدا نامەی بۆ ناردبوون (١١) هوکی تووکی و (١٢) دەمانچەمان پێ گەیشتووە.

ئیتر سەرکەوتوبن

براتان طاهر علی    براتان خالە سعید    براتان علی عسکری

بەشی سێیەمی پێشمەرگەکانی یەکێتی کە نزیکەی ١٥٠ کەس بوون و دەبوایە مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بەرەو زنجیرە چیای برادۆست بەرن و لەوێ بارەگای سەرکردایەتی دابنێن، بە تێگەیشتن لە دۆخی بەشی دووەمی نێردراوەکانیان، لە چوون بۆ ناوچەکە خۆیان پاراست. مام جەلال و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی لە جێی خۆیان مانەوە، بەڵام پێشمەرگە کۆکراوەکانی بەشی یەکەم و دووەم بەبێ ئەوەی کە حکومەتی تورکیا پێش بەجوڵەیان بگرێت، بەو زانیارییەوە کە ئەوان بۆ شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات دەچن، درێژەیان بە هەوڵەکانیاندا. سەرەتا خۆیان ڕێکخستەوە و بەبێ ئەوەی کە بنکە و بارەگایەک لە پشت سەری خۆیان بەجێهێڵن، بە پشتبەستن بە درۆ و دەلەسەکانی پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات" کە گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان جگەلە دوو سێ سەرۆک عەشیرەتی کۆنەپەرست کەسی تری لەگەڵ نییە، خۆیان لە ئاگر هاویشت و بۆ لێدان و دوورکردنەوەی پێشمەرگەکانی پارتی لە شوێنە

دیارییکراوەکاندا چوونە پێشەوە. بە جۆرێک کە برسییەتی و بێخەویی تاقەتی لە پێشمەرگەکان بڕی و خەڵکی ناوچەکەش یارمەتی نەکردن، تەنانەت کەوتنە دۆخێکەوە کە چەکی سەرشانیان بە نان بفرۆشن و بەشێکیان لەوێوە بگەڕێنەوە. لەم بارەیەوە محەمەد حاجی مەحمود کە بەرپرسی گروپێک لەو پێشمەرگانە بووە، لە لاپەڕەی ١٩٩- ٢٠٠ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا "ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک"دا دەڵێت:

- (بەو حاڵە دژوارە لە بەرواری ١٩٨٧/٤/١٩ لە گوندی ماسی ڕۆوە بەڕێ کەوتین بەرەو ناوچەی گەورە "گەوەڕ- نوسەر" بە چیاکاندا و بەناو ڕێگای دوور و گوندی ٥ ماڵ و شەش ماڵ و هەر یەکەش نێوانیان ٧- ١٠ سەعات بوو هەر لە چیا و هەوراز و نشێو زۆر ڕێگای سەختمان بڕی، هێزەکەشمان گەورە بوو.. بەڵام لەوێش بلاوەمان پێ کردبوو ٨٠٠ کەس مابووینەوە، پێشمەرگەش تەواو ماندوو بوو بوو پێڵاوی لە پێدا نەمابوو.. هێزێکی برسی.. بێ ئازووقە.. بێ جل و پێڵاو.. بێ پارە.. ناشارەزا.. لەبەر بێ پارەیی دەمانچەکانیان فرۆشت سوودی نەبوو.. لە گوندەکانیش نانیان پێ نەدەداین.. بە فیشەک و چەک نەبێت، چەکێکی سەمینۆف بە ٢٥٠ دیناری عێراقی لێیان دەکڕین کە ئەوکات زۆر بوو.. کلاشینکۆف بە ٣٠٠ دیناری زیاتر بوو، کە ئەمانەش پارەیەکی خەیاڵی بوو بۆ ئەو سەردەمە، مەڕێک بە ٣ دینار بوو، مریشکێک بە ٢٠٠ فلس هێندە هەرزان بوو، هەمووشیان بە فیشەک پێ دەفرۆشتین و پێشمەرگەش ئەوەندە برسی بوو لە حەیبەتا دەگەڕان بۆ دەنکە جۆی ناو تەرسی وڵاغیان دەخوارد و پەلاماری بەردەیان دابوو وایان زانیبوو پارچە نانە.. پێی دەچوو بە تەوجی ئەو شتانە بە ئێمە بدەن بۆ ئەوەی ئێمە فیشەکمان کەم ببێتەوە...)

کاک حەمەی حاجی مەحمود لە درێژەی وتەکانیدا لە لاپەڕەی ٢١٧دا دەڵێت: (... بەگشتی لەو ٨٠٠ کەسە تەنها ٨ کەس ماینەوە بە چەکەکانی خۆمان دەرچووین و ١٧٢ کەسمان تەسلیم بۆوە.)

هەروەها نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی ٢٤ی پەرتوکی کارەساتی هەکاریی دا دەڵێت: (بەرێکەوتنی هێزەکەی ی. ن. ک بەرەو قوڵایی تورکیا پشت ئەستوور بە قسەکانی دە. دە. کا. دە، بەناوی هێنانی چەکەوە، بێ ئەوەی پێگەیەکی پشتەکی یان پێگەیەکی پێشەوەیان هەبێ، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ و بەرەو

کـوێ و بـۆلای کــێ ئەچـن، بــێ ئەوەی لـەوێ بـنکەی سیاسـی و جەماوەریــان هەبی.....)

هەرلەم بارەیەوە مولازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت: (بەگەیشتنیان بۆ نێو خاکی کوردستانی تورکیا، خەڵکی ناوچەکە بەرپرسانی پارتیان لە هاتنی ئەو کۆمەڵە زۆرەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکەیان ئاگادار کردەوە. ئێمە لەگەڵیان دانیشتین و گوتیان بۆ ئێوە هاتوون و لێتان دەدەن. دواتر بۆمان ڕوون بۆوە کە ژمارەیــان ٦٢٠ کەس بــووە و بە قــولایی ٤٠ کیلــۆمەتر، بە مەودای ١٥- ٢٠ کیلۆمەتر دەشتی نێوان باداو، و گەوەڕیان بڕیوە. ئەوە بۆ ئێمە جێی پرسیار بوو کە چۆن ئەو ٦٢٠ کەسە لە شەمزینانەوە بەو دەشتە ڕووتەدا هاتوون، بەڵام حکومەتی تورکیا نەیزانیوە؟.)

بەو جۆرە هێزەکانی یەکێتـی نیشتمانی لە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٣وە لەژێر چاوی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و عەشیرەتە دۆستەکانیاندا بوون، تـا گەیشـتنیان بـۆ دەشـتی بنیـانیش و کۆبوونەوەیـان لە گونـدی تـۆوێ و بـازێ. پێشمەرگەکانی یەکێتی لەنزیک بازێ، دەگەنە مەفرەزەیەکی دە کەسەی پارتی دیمــوکرات کە مەلا ئەمــین حــاجی مــحەمەد هۆســتانی لێپرســراوی بــوو. پێشمەرگەکانی یەکێتی لە پەلامارێکدا دەیانەوێت پلانەکەیان بۆ لەنێوبردنی پـارتی دیمـوکرات لە نـاوچەکەدا بە ئەنجـام بگەیەنـن و لە یەکەم گورزیانـدا، مەلا ئەمین، ئەحمەد هەرکی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان، عومەر حەمەعەلی ناسـراو بە "عـومەرە ڕەش" خەڵکــی گونـدی مەلا قەرە لە نـاحیەی کەینـدناوێ، ڕەشید حـاجی محەمەد هۆستانی بـرای مەلا ئەمـین، مەردان ڕۆستەم سورچی، یەحیا شـامل یوسف سندی و ئەبـو حەبید خەڵکـی بادینـان شـەهید کـرد و سـێ پێشمەرگەشیان ڕزگاریان دەبێ. لەم بارەیەوە شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدوڵا و خالید سەعید لە نامەیەکدا کە بە مێژووی ١٩٧٨/٦/١٠ ڕەوانەی مام جەلالیــان کــردوە و نەوشــیروان مســتەفا دەقــی نــامەکەی لە لاپەڕەی ٤٥ی نامیلکەکەیدا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێن:

- (... ئێـوارەی ٥/٣١ جەماعەتێـک لە چەکـدارە کـورد کوژەکـانی ق.م بەدی کران کە بەرەو شوێنەکانی ئێمە ئەهاتن، ئێمەش هەموو شوێنە قایمەکانمان لێگرتن، هەر لەو شەوەوە ووردە تەقە دەستی پێکرد و بەیانی شەڕ گەرم بوو

هەتا ئێوارە و ڕۆژی ١ و ٦/٢ بەردەوام شەڕ بوو لە نێوانماندا و هێزەکانمان زۆر نەبەردانە ئەجەنگان و زیانێکی زۆرمان لەو دوو ڕۆژەدا لە دوژمندا.)

دوای شەهیدبوونی مەلا ئەمین و پێنج لە هەڤاڵانی، شەڕ لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانانیدا توندیی بەخۆیەوە گرت و پێشمەرگەکانی پارتی، یەکێتییەکانیان ناچار کرد چیای بازێ بەجێهێڵن و بەرەو ئەو دۆڵە دابەزن کە گوندی بازێی لێ هەڵکەوتووە. لەوێ پێشمەرگەکانی پارتی کە هەردوولاوە، دۆڵەکەیان لێگرتبوون، لێیاندان و سەریان لێ شێواندن.

پێشمەرگەکانی یەکێتی بوون بە سێ بەش. بەشێکیان بەرەو بەرزاییی چیای تووێ چوون کە پێگەیەکی سوپای عێراقی لێبوو. ئەو بەشە، خۆیان تەسلیمی ڕژێمی عێراق کرد. بەشی دووەم لەگەڵ خالید سەعید بەروە قولایی تورکیا چوون و بەشەکەی تریان تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات بوون. لەم بارەیەوە مولازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

- (پاش شکانیان لە چیای بازێ، چوون بۆ ئەو دۆڵەی کە لەپێش گوندەکە بوو. چونکە پێشمەرگەکانی ئێمە هەردوولای دۆڵەکەیان لێگرتبوون، بوون بە سێ قۆڵ، قۆڵێکیان لە گوندی تۆوی سەر چیای تۆوی کەوتن کە بەفری لەسەر بوو، ئێمە حیسابمان بۆ نەکردبوو، چونکە لەوێ پێگەیەکی حکومەتی لێبوو. ئەوان نزیکەی ١٢٠ کەس دەبوون و چوون تەسلیمی حکومەت بوونەوە. قۆڵێکیان لەگەڵ دوکتۆر خالید سەعید چوون بۆ قولایی تورکیا و قۆڵەکەی ناوەند هاتن تەسلیمی ئێمە بوون و لەگەڵ ئێمە کەوتن.)

هەرلەم بارەیەوە شێخ حوسێن بابە شێخ، عومەر عەبدولا و خالید سەعید "دوکتۆر خالید" لە نامەی ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٠ کە لە ناوچەی ژێرکی ئاراستەی مام جەلالیان کردوە، دەڵێن:

ناوچەی ژیرکی

١٩٧٨/٦/١٠ کوردستان یان نەمان

بو هەڤال مام جەلالی بەرێز

سڵاوێکی شۆرشگیرانە

بەهیوانی باشی و سەرکەوتنتانین و سلاوو ڕیزمان بۆ کاکە نەوە- مەبەستە نەوشیروان مستەفایە- نوسەر- و کاک د. مەحمود و هەموو برادەران، برادەرانی ئێرە هەموو سلاو و ڕیزیان هەیە.

١- ڕۆژی ٥/١٢ هەردوو ڕەتل بەیەک گەیشتین لە برادۆست دوای ئەوەی کە ڕەتلی دووهەم تووشی هەندێ هیلاکی و نارەحەتی بوون بەهۆی مەوقفی دوژمنانەی ئێرانەوە، وەکو لە نامەیەکی ترا بەریزتانمان ئاگادار کرد.

٢- هەر لەهەمان ڕۆژدا دوژمن بە فرۆکە انزالی کرد لەسەرمان ئێمەیش بەرەو ماسی ڕو- گەلیشمە کشاینەوە.

٣- دوای چەند ڕۆژێک پشوودان بریارمان دا کە بەرەو ناوچەی بادینان بکشیین بۆ وەدەست هێنانی چەک و ئیمکانیەت و هەڵگیرساندنی بڵێسەی شۆڕسی پیرۆزمان لە بادینان، لە ناوچەی ئورەمار (محمدحسن)مان بینی و نووسراومان دایە بۆ برادەران کە (٥٠) پەنجا پارچە کلاشینکۆفی بدەنی وە جەماعەتی ئامادە کردبوو بۆ چەک هەڵگرتن وەکوو ئاگادارین چەکەکانی وەرگرتووە.

٤- هەرلە ماسی ڕۆ وە پێش ئەوەی ڕەتلی دووەم بگات کاک خالید و کاک شێخ حسین پەیوەندی یان بە برادەرانی (پ. ش. م)ەوە کردبوو- کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر- وە ئاگاداریان کردبوون لەپلانی ئەم هاوینەمان و دوای ئەوەش بە ئیستمرار هەر پەیوەندی مان لەگەڵیان بوە و نەمان پچڕاندوە، هەچەندە بێ خێری و بێ هیمەتی ئەوان گەیشتوتە ڕادەیەک کە تەحەمل ناکرێت، بەڵام ئێمە هەر نەرم بووین لەگەڵیان.

٥- لە ٥/٢٧ لە ناوچەی ئورەمارەوە بەرێ کەوتین بۆ ناوچەی بازێ (عەشیرەتی ژیرکی) لە ٥/٢٨ گەیشتن و چەند ڕۆژێک ماینەوە لە ئێوارەی ٥/٣١ جەماعەتێک لە چەکدارە کورد کوژەکانی ق. م بەدی کران کە بەرەو شوێنەکانی ئێمە ئەهاتن، ئێمەش هەموو شوێنە قایمەکانمان لێ گرتن، هەر لەو شەوە ووردە تەقە دەستی پی کرد و بەیانی شەڕ گەرم بوو هەتا ئێوارە و ڕۆژی ١ و ٦/٢ بەردەوام شەڕ بوو لەنێوانماندا و هێزەکانمان زۆر نەبەردانە ئەجەنگان و زیانێکی زۆرمان لەو دوو ڕۆژە لە دوژمن دا، بەڵام لەبەر نەشارەزایی و بێ نانی و بێ ئاوی ئێوارەی ٢-٦/٣ بریارماندا بکشێینەوە بەرەو

کەهی (نزیک هەکاری). وە شەو کە لە چیا هاتینە خواری نزیک گوندی بازێ تووشی کەمینێکی جاشەکان بووین و تەقەیان لێ کردین، وەکوو بۆمان باس کردن ئێمە نەشارەزا بووین لەو شەوەوە بووین بە دوو قوەتەوە و لە یەکتر بڕ بووین، ئەمرۆ برادەرانی (پ. ش. م) ئاگاداریان کردین بە نووسراو کەوا کاک عەلی عەسکەری نووسراوی بۆ ئەوان نووسیوە کە بەخۆی و قوەتەکەی لەگەڵی دایە بەرەو (ئەتریس) لە ناوچەی عەمادیە چوون و حالیان زۆر باشە.

٦- ئێمەش قوەتەکەمان ١٧٠ پێشمەرگەین و قوەتیکی زۆر باشین و برادەران کاک عادل و کاک ڕەئووف بەگ و کاک شێخ عەلی لەگەڵ قوەتەکە دان و چاوەروانی ئەوە ئەکەین کە وەجبەیەک چەکمان بگاتە دەست لەم ڕۆژانەدا و برادەران نزیکیان خستوتەوە لێمان.

٧- کورد کوژەکانی ق.م خۆیان بە ژمارە کەم بوون لە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ تێ نەدەپەرین، بەڵام هێزێکی زۆر عەشائیری ناوچەکە لە عەشیرەتی پنیاش و عەشیرەتی ماجد بەگ یان کۆکردبووەوە و هێنابوویان بۆ ئەو شەڕە لەگەڵ گویی و عەشائیری گەردی و زۆری تریش.

٨- خەسائری ئەوان زیاتر لە ٢٠- ٢٥ کوژراویان هەیە لەناو کوژراوەکاندا مەلا ئەمین بارزانی و (٩) کەسی تری بارزانی تێدا بووە کە یەکێکیان کوری و ئەویتریان برای مەلا ئەمین بووە و ٨ کەسمان لی بەدیل گرتن.

٩- مجموعەیەک لە ئێمە وەکو بیستوومانە تەسلیم بە جاشەکانی ق. م بوون تەقدیر ئەکەین بە ٧٠ کەس کە بەشی زۆری بێ چەک بوون، وە برسێتی و هیلاکی و نەشارەزایی وای لی کردبوون کە بچنە ناویانەوە،

٩- (لە نامەکەدا دوو جار ژمارەی ٩ نوسراوە- نوسەر) زیانی ئێمە لەو شەڕانەدا ٥ شەهید و ٦ بریندارمان هەیە کە برینەکانیان سووکە و مەترسی لێ ناکرێ، لەناو شەهیدەکانمان دا (شێخ حەمەئەمین، خەلیفە قادر، شێخ شەهاب، خدر مالا) تێدا بوو لەگەڵ ٢ پێشمەرگەی قادر ئاغا.

١٠- ئێستا ئێمە ئیعادەی تەنزیمی قوەتەکەی خۆمان کردوتەوە، وەزعمان باشە و وورەی پیشمەرگەکان زۆر بەرزە، خەڵکی ئەم ناوچەیەی کە تیداین زۆر هاوکاریمان ئەکەن.

١١- نووسراوی د. کەمال- مان پی گەیشت پیش چەند ڕۆژێک نووسیبووی کەوا ٦/٩ دیتە لامان بەلام تا ئیستا دەنگی نی یە، وا نووسراوەکەی ئەو لەگەل کۆمەلیک نووسراوی کەدا، لەگەل ئەم نووسراوەدا بۆمان ناردن.

١٢- لە نووسراوی پیشوودا ئاگادارمان کردن کەوا لە شەڕی ناوچەی لولان کاک تاهیر بریندار بووە، بەلام برینەکەی سووکە و ئیستا لە ئێمە بڕ بووە وە موتەئەکید نین کەوا لەگەڵ کاک عەلی و قوەتەکەی تردایە یان نا؟

١٣- هەر لە ناوچەی برادۆست پارەمان لی براوە، زۆری ئەم پیشمەرگانەی دەمانچەیان بووە پیمان فرۆشتوون و پارەکەیمان لی قەرز کردوون و هەر خەریکی قەرزین و هەندیکیشمان لە برادەرانی پ. ش. م (مەبەستە کوردستان ئیشچی پارتیسی DDKD - نوسەر) قەرز کردووە، بەتەمای د. کەمالین کە پارەمان پی بگەیەنێت وا جارێ ئەویش دیار نیە. لە ڕووی پارە و فیشەک وەزعمان خراپە.

١٤- ئێمە هەر لەسەر ئیش و کاری خۆمان بەردەوام ئەبین دوای ئەوەی کە ئەو وەجبە چەکەمان دەست کەوت بەرەو بادینان ئەرۆین کە لەو ناوچانەدا وەکوو ئاگادار کراوین چەکداری خۆمانی لێ یە "بەیت و الشباب و ئولودەرە".

١٥- ئێمە کە تووشی تەسادم بووین لەگەڵ جاشەکان زیاتر لە ٥٠٠- ٧٥٠ عەشائیریان هێنابوو وە هەر بەردەوام بۆیان ئەهات ئێمەش یەک کەسی منطقە لەگەڵمان نەبوو وە کەسێکی شارەزامان نەبوو وە ٣ ڕۆژ بەبێ نان و ئاو ماینەوە لە چیا و لە شەڕ، فیشەکیشمان بەرەو خەلاس بوون چوو.

١٦- ئێوە نەکەن خۆتان لەناو تورکیا بدەن ئەگەر ویستتان بەرەو بادینان بین لەسەر حدود وەرن چونکە هەموو ئەو تەقریر و دەنگوباسانەی ئەهاتن هەموو درۆیە عەشائیر بەشێوەیەکی عام لەناو تورکیا ئێستا لە دژی ئێمەن، وادیارە مەئامەرەکان ئەکری جیهازێکی تایبەتی ئیستعماری یە کە هەر ئەو جیهازە لەناو دەولەتی تورکیا تەحریضی عەشائیر و ق. م یان لە ئێمە کردووە بۆ لەناوبردنی ئێمە پارەیەکی زۆر بەسەر عەشائیردا بەش کراوە بۆ ڕێگاگرتنی ئێمە. ئەگەر بۆتان ئەکرێ لەولا لە جاشەکان بدرێ لە ناوچەی گەردی زۆر لاواز و بێ کەڵک بوون لەو ناوچانە دەریان بکەن.

١٧- تکایە چی هەبوو بەپەلە ئاگادارمان بکەن بەهۆی برادەرانی (پ. ش. م) لە ڕێگەی هەکاری یەوە.

چی هەبوو ئێمە بەکورتی بۆمان نووسین.

ئیتر بۆ پێشەوە بروەو سەرکەوتن

شێخ حسین بابە شێخ   عمر عبداللە   د. خالید (پاشبەندی ٣)

هەروەکوو لە نامەکەیاندا ئاماژەی بۆ دەکەن، خالید سەعید و ١٧٠ پێشمەرگە بەرەو قوڵایی تورکیا دەچن و پێشمەرگەکانی پارتیش خەریکی خۆڕێکخستنەوە دەبن کە ئەم جارەیان سوپای عێراق هێرشیان دەکاتە سەر. ئەوان بۆ ئەوەی زیانیان پێ نەگات، شوێنەکەیان بەجێدێڵن و پاشەکشە دەکەن، بەڵام بەشێک لەو پێشمەرگانەی یەکێتیی کە پاڵیان بە پارتییەوە دابوو، ڕیزی پارتیشیان بەجێهێشت و چوون خۆیان تەسلیمی سوپای عێراق کردەوە و گەڕانەوە لای حکومەت. لەم بارەیەوە مولازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت:

- (لە کاتی شەڕەکەدا هەوا زۆر سارد بوو. سەر چیاکان بەفریان پێوەبوو. دوای تەواوبوونی شەڕ، ئەم جارە حکومەت هێرشی بۆ هێناین و توشی وەزعێکی خراپ بووین. لە بواری خۆراکیشەوە کە گوندەکان چۆلکرابوون، وەزعمان خراپ بوو. بە دیلەکانمان گوت، خۆیان بڕیار بدەن ئەوانەی دەگەڕێنەوە لای یەکێتی، یان دەچن بۆ ئێران یان تورکیا با بچن و ئەوانەش لای ئێمە وەک پێشمەرگە دەمێننەوە، با بمێننەوە. هەندێکیان چوون بۆ ئێران و هەندێکیان وەک پێشمەرگە مانەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێک حکومەت هێرشی بۆ هێناین، زۆربەی هەرە زۆریان چوونەوە لای حکومەت.)

هەرلەم بارەیەوە حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی: (کاک سامی عەبدولڕەحمان لە سەر سنوری تورکیا بوو، بە نامە ئاگاداری کردمەوە کە هێزەکانی یەکێتی هاتوون، داخلی تورکیا بوون و دەچن بۆسەر مقەڕڕاتی ئێمە لە هەرکی و بێداو. نوسیبووی بەپەلە خۆم بگەیەنمە لایان، چوونکە ڕێیەکەم دوور بوو، لە دواڕۆژی شەڕەکەدا گەیشتمە بازێ کە بینیم یەکێتییەکان شکاون. هەندێکیان بە چیاکاندا دەهاتنە خوارێ. بەشێکیشیان خۆیان تەسلیمی پێشمەرگەکانی ئێمە



کردبــوو و هــەندێکیشــیان داخڵی عێراق ببوونەوە. حەمەی حاجی مەحمود و چەند کەسێک گەڕانەوە، مــن بەدوایانــدا چــووم، بەڵام نەگەیشـــــــتمێ و تێـــپەڕین. ۲۲۱ کەســـم لەگەڵ خـــۆم هێنـــا بـــۆ گونـــــدی "گۆســـــتا" لە نــاوچەی گەردی لەنێوان لۆلان و تورکیا، سەر ڕوباری گۆستا کە ڕەوانەی لای یەکێتییان بکەمەوە. زۆرم شەرم دەکرد کە ئەوان وەک دیل بەرم، لەبەر ئەوە تۆپی "دەرزی" تفەنگەکانم دەرهێنان و تفەنگەکانم داوە بە خۆیان کە بە گوندەکاندا تێدەپەڕین، خەڵکی گوندەکان بە شەڕەکە نەزانن. ئەو ۲۲۱ کەسە، سی ڕۆژ لای من مانەوە. جگەلە مــام جەلال و دوکتــۆر مەحمــود و هەروەهــا عەلــی عەسکەریی کە لە بێــداو ڕاگیرابوو، هەموو بەرپرسەکانیان لای من بوون. لە گۆستاوە شارەزایەکم لەگەڵ خستن و سێ تفەنگیشم دانێ بۆ پارێزگاریی کردن لە خۆیان. گوتم هەرکەس دەیەوێ بگەڕێتەوە لای یەکێتی یان دەچێتەوە بۆ عێراق، خۆی سەرپشکە.)

حەمید شەریف موسا لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، زانیــاریی زیاترمــان لەســەر پێکهــاتەی نــاوچەکە و شــەڕی هەکــاری دەداتــی و دەڵێــت: (بەرلە ســەرهەڵدانی شــەڕی هەکــاری، مــن بەهــۆی برینــداربوونم لە ناوچەی شرناخ بووم. ڕۆژێک کــاک جەوهەر نــامیق، غــازی زێبــاری ناردبوو کە بچم بۆ خزمەتی، من چووم بــۆ بارەگــاکەی لە چیــای "کۆمــاتە". کــاک جەوهەر لەوێ نەبــوو، گوتیــان چــووەتە لای "ماجید بەگ". لەوێوە خەبەری ناردبوو کە بەپەلە بچمەلای. چووم، بینیم، چەند مەفرەزەی دیکەش هــاتن. کــاک جەوهەر گوتی: هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی هــاتوون و بارەگایــان لە گوندی "سەنات" دانــاوە. نــاوچەی گونــدی سەنات، ســێ وڵاتــی سوریا، تورکیــا و عێراق پێکەوە دەبەستێتەوە و لە نزیک سنوری سوریایە. گوتی چەکێکی زۆر و پێشمەرگەیەکی



زۆریان هێناوە کە ئێمە لە ناوچەکە پاک بکەنەوە. ئێمە پێشمەرگەیەکی زۆرمان نەبوو. من بەرپرسی ناوچەی سەنات بووم و کوردەکانی تورکیا و سوریا هاوکاریی منیان دەکرد. عەشیرەتەکانی گۆیان، شرناخ، سلوپی، ژێرک، گەردی، قوشیرا "قشوری" و ناوچەی بنیانیش بەتێکڕا هەڵگری ڕێبازی بارزانی بوون و لە بواری چەک، حاواندنەوە و بەخێوکردندا، هاوکاریی ئێمەیان دەکرد. کاک جەوهەر منی نارد بۆ ناوچەی شرناخ و سلوپی. من بەرپرس کرام کە ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدەم لە سوریاوە بێت. شەڕەکە سەرەتا لەنێوان عەشیرەتی "کەڕەوان" بە سەرۆکایەتی "شێخ میس" و یەکێتی سەریهەڵدا. یەکێتییەکان چەکیان لەنێوان عەشیرەتی ژێرکێ و کەڕەواندا بڵاوکردبۆوە و ویستبوویان بۆ شەڕ لەگەڵ قیادە موەقەت، ڕای ئەوان بۆلای خۆیان ڕاکێشن، کەچی لەگەڵ عەشیرەتی کەڕەوان لێیان ببوو بە شەڕ. شەڕەکە بڵاوبۆوە و ئێمەشی گرتەوە و وەک بزانم ٥- ٦ پێشمەرگەی ئێمەی تێدا شەهیدبوون کە "مەلا ئەمین بارزانی"، ئەحمەد هەرکی دوو لە سەرکردە شەهیدەکان بوون. لە یەکێتی ژمارە پێشمەرگەیەکی زیاتر شەهیدبوون و ژمارەیەکیش خۆیان تەسلیمی عێراق و تورکیا و پارتی کرد. حکومەتی تورک بە شەڕەکانی زانی، بەڵام خۆی لێ نزیک نەکردەوە و زۆریان کەیف پێدەهات کە لەناو کوردانددا شەڕە و یەکتر دەکوژن. ئێمەش زۆر بەو شەڕە تێکچووین و بۆمان بوو بە شەرم، بەڵام چارەمان نەبوو.)

شەڕی بازێ لە هەکاری سێ ڕۆژ بەردەوام بوو. ئەگەر بە وردیی و بەبێ لایەنگریی کردن لە لایەنێک بڕوانینە چۆنیەتی سەرهەڵدانی، بۆمان

دەردەکەوێت خەیانەتێک بوو بۆ داسەپاندنی دەسەڵات بە ڕێگای چەک و پەیوەست بوو بە خەیانەتەکانی پێشوتری بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەد و خەیانەتەکانی ١٩٦١- ١٩٧٠، ئەگەرنا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیتوانی بە دوور لە بیری سڕینەوە لەنێوبردنی پارتی، پێکەوە لە ناوچەکەدا خەبات بکەن و بە قورساییەکی زیاترەوە لە دوژمن بدەن. ئامانج هێنانی چەک لە سوریا نەبوو، بەڵکوو بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی یەکێتی نیشتمانی کە ئاماژەم بۆ کردن، بۆ ئەوە بوو کە پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانی لە شۆڕشی کوردستان دوور بخرێنەوە، بەڵام هەموو لێکدانەوەکانیان بەهەڵە دەرچوو. ئەو بیرە چەوتە، ڕێگای ناوچەی بادینانی لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی بەست و دواتریش بەدرێژایی پترلە بیست ساڵ ئەو خەیانەتە، شەڕی براکوژیی لێکەوتەوە و پتر لە جاران پەرەی بەهەستی ناوچەگەرایی لە باشوری کوردستاندا، بەجۆرێک هەتا ئێستاش گرفتی ناوچەگەرایی لە دەروونی بەشێک لە سەرکردەی حیزبەکاندا چارەسەر نەکراوە.

بەهەر حاڵ هەروەکوو مولازم نیهاد سابیر بەرزەنجی دەڵێت: **(ئێوارە بوو، کوردەکانی تورکیا سەید کاکەیان تەسلیمی ئێمە کرد. عەلی عەسکەری و پێشمەرگەیەک و حوسێن بابا شێخ و دوکتۆر خالید بەدیل گیران و بەرپرسانی ئەوکاتەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکرات لە ناوچەکەدا، لە یەکێک لە مقەڕەکانی پارتی لە بێچەنێ، عەلی عەسکەری، حوسێن بابە شێخ و دوکتۆر خالیدیان بە تاوانباری شەڕ ناساند و بڕیاری کوشتنیان دان.)**

لەم بارەیەوە سامی عەبدولڕەحمان وەک بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە لە وتووێژێکیدا لەگەڵ بەرەی کوردستانی ئۆرگانی بەرەی کوردستان، ژمارە ١٧ لاپەڕەی ٦ شوباتی ١٩٩٠ دەڵێت: **(ڕەنگە من لە هەموویان زیاتر بۆ شەڕی ١٩٧٨ متاسف بم، چونکە وەکو فەرمووتان من لایەنێکی ڕاستەوخۆی ئەو شەڕە بووم. لە هەموو شەڕان زیاتر من متاسفم بۆ ئەو شەڕە، بەڵام نازانم خەڵک چی دەکا ئەگەر هێزێک سنوری سێ دەوڵەت ببڕێت و هەوڵبدا تۆ لەناو ببا. ڕەنگە هێشتا ئەو ئەزموون و تەجربەی ساڵی ١٩٨٢ی بادینانمان نەبوو کە بە برادەرانی خۆمان بڵێین ئەگەر هاتن ڕابکەن و ئەو وەختە نەگەیشتبووینە ئەو عەقڵە کە بڵێین ئەگەر هاتن ڕابکەن. ئەوکات گوتمان ئەگەر هاتن دیفاع بکەن.**

بەداخەوە هاتن و زۆر هەوڵیشمان دا شەڕ نەبێ، "زیندوونە ئەوانەی لە ڕێگامان بوون" بەڵام وەڵام نەبوو. بەداخەوە دەڵێم متاسفم. ئەوان هێرشبەر و ئێمە داکۆکی کەر "مدافع". خوێن ڕژا و هەردوولا خەسارەت و میللەتی کوردیش خەسارەت بوو، دوژمنانی ئێمە قازانجیان کرد. ڕەنگە لەوکاتە خۆمان بە سەرکەوتوو حساب کردبێ، بەڵام بە تێڕوانینی مێژوویی هەموومان زۆر خەسارەت بووین. ئەمەش لە هەرشتێک زیاتر دەرس و پەندی بەخودی مندا. تۆ هەرچی بێ لە شەڕی ناوخۆ و شەڕی براکوژی هەر دۆڕاوی و قەت نایبەیەوە. لەبەر ئەوە باشترە ڕابکەی، ڕاکردن عەیب نییە. ئەگەر تۆ ڕابکەی تۆ سەرکەوتو وی. ئەو شتانەی لەو شەڕە و پاش ئەو شەڕە ڕوویاندا حەز دەکەم دووپاتی بکەمەوە هەمووی بە کۆمەڵ بووە، هیچ شتێک بە "فردی" نەبووە و هەموو بڕیارەکان بە کۆمەڵ بوونە.)

---

١- مەبەست لە DDKD، پارتی کارگەری کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات"ە کە سەعید قرمزی تۆپراک "دوکتۆر شوان" لە ناوچەی زاخۆ، بەنهێنی لەناو دڵی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیادا دایمەزراند و دواتر سەعید ئێلچی سکرتێر و دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان- تورکیای کوشت و ئەویش لەلایەن دادگای شۆڕشی ئەیلولەوە ئیعدام کرا.

٢- مەبەست لە پارتی کارگەری کوردستان DDKD ە.

## خەیانەت بە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شار و گوندەکانی باشوری کوردستان، بە پێشنیازی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و بەرەی کوردستانیی، هەڵبژاردنێک کرا کە دەسەڵاتی حیزبەکان بەرتەسک بکرێتەوە و گەلی کورد بە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەر، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنێ و خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێت و بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدات. ئاکامی هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩، بوو بە ٥١%ی پارتی و ٤٩%ی یەکێتی، کە ڕێبەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئەو ئاکامەیان قەبووڵ نەکرد و بە کردەوە، دوو ڕێگەیان لەبەر دم پارتی دیموکرات دانا کە یان بە چەک بەرگریی لە مافی خۆی و دەنگ پێدەرانی بکات، یان مل بدات ٥٠ بە ٥٠ لەگەڵ یەکێتی پەرلەمان و حکومەت بەڕێوە بەرێت.

پارتی دیموکرات، ملی بۆ ٥٠ بە ٥٠ دا و نەیویست کێشەکان مەزنتر ببنەوە، کەچی دواتر لە پرۆسەی کارکردنی هاوبەشدا، یەکێتی بەمەش ڕازی نەبوو. شەڕی براکوژی هەڵگیرساند و تەنانەت دوو جار لە ١٩٩٣/٥/٣ و ١٩٩٥/٣/٢٨، بە هێزی چەک و پێشمەرگە پەرلەمانی کوردستانی داگیر کرد. دوای داگیرکردنی پەرلەمان، هێز و جبەخانەی یەکێتی بۆ تێکشکاندنی پارتی و دوور کردنەوەی لە ناوچەکان، قەرەبووی شەڕەکانی نەدەکرد. لەبەر ئەوە، یەکێتی لەگەڵ ڕژێمی ئێران کە دوژمنی سەرەکی نەتەوەی کوردە ڕێککەوت ڕادیۆ دەنگی کوردستان - ڕادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- کپ بکات و لە بەرامبەردا، کۆماری ئیسلامی ئێران کەرەستە و پێداویستییەکانی شەڕی بۆ دابین بکات.

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بەو لێکدانەوەیە کە بە ئەنجامی ئەو خەیانەتەی بە یەکێک لە ڕێکخراوە سەرەکییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیکات، بە ئاواتی خۆی دەگات، ڕۆژی ١٩٩٥/٣/١٨، واتا دو ڕۆژ بەرلە داگیرکردنی پەرلەمانی کوردستان، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی کپ کرد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی ناچار کرد بۆ وەگەڕ خستنەوەی ڕادیۆکەیان دەست

بۆ ڕژێمی شکست خواردووی سەدام درێژ بکەن و لە کەرکوکەوە درێژە بە خەباتی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بدەن. بەم بۆنەیەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٣٧٣/١٢/٢٧- ١٩٩٥/٣/١٨، سێ ڕۆژ بەرلە پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دەربارەی ڕەفتارێکی نادۆستانەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

هاونیشتمانە بەڕیزەکان حزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکا

کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و نێونەتەوەییەکان

دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاروباری نێوخۆی کوردستانی عێراق دا هەتا دێ زیاتر پەرە دەگرێ و بێ پەردەتر خۆی دەنوێنێ. ئەو ڕژێمە نەک هەر دوژمنی کوردی ئێرانە، بەڵکو دوژمنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە. هەر بۆیەش بە هەموو ڕێگایەک هەوڵدەدا ئەم بزووتنەوەیە بێ ئیعتبار بکا و دەست لە کاروباری وەردەدا و ئەگەر نەکرا دەستەمۆی بکا، بە لاڕێی دا بەرێ و تووشی شکانی بکا.

ئەوە چەند مانگێکە کاربەدەستانی ئێران فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی (ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی) پێ داخات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەڤالانی یەکیەتی نیشتمانی چەند جار داوایان لە ئێمە کرد کە بۆ پاراستنی بەناو مەسڵەحەتی یەکیەتی نیشتمانی ڕادیۆکەمان دابخەین، بەڵام ئێمە نەچووینە ژێر باری ئەو داوایە و ڕوونمان کردەوە کە ئەو کارە نەک هەر بە زیانی حزبی ئێمە و گەلی کوردی ئێرانە، بەڵکو زەبر لە ئیعتبار و ئابڕووی یەکیەتی نیشتمانی و بزووتنەوەی کوردی عێراقیش دەدا و شوێنەواری نالەبار لە سەر پێوەندی برایانەی خەڵکی ئەو دوو بەشەی کوردستان دادەنێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی تری بەیاننامەکەیدا دەڵێت: بە داخی گرانەوە ڕۆژی ١٣٧٣/١٢/٢٧- ١٩٩٥/٣/١٨ دەستەیەک پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی دەوری بنکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیان دا و بۆ ڕازیکردنی یەکێک لە سەرسەختترین دوژمنانی گەلی کورد ئەو

**ڕادیۆیەیان داخست** ..... ئەو خەیانەتەی سەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کەوتە بەر ڕق و کینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرانی دەرەوەی کوردستان. بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، پارتی پارێزگارانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری، حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق، پارتی سۆسیالیستی کوردستان، ڕێکخراوی کاوە-کوردستان، ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتخوازان، بزووتنەوەی موسڵمانانی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد، حزبی بیت النهرین، یەکێتی نەتەوەیی کوردستان، حزبی الدعوە دیموکراتی کوردستان، حزبی ڕزگاری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان بە توندی ڕەخنەیان لەو کردەیەی یەکێتی نیشتمانیی گرت و پرسیان: **(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە بەرامبەر چ شتێکدا ڕادیۆی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی داخست؟ ئایا کۆماری ئیسلامی ئێران چ بەڵێنێکی بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی دابوو کە ئەوانی تووشی ئەم بەرپرسایەتییە قورسە مێژووییە کرد؟)**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە زانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان واز لە خەیانەتەکەی ناهێنێت، هەروەکو گوتم وێستگەی ڕادیۆکەی گواستەوە بۆ کەرکوک و دوای تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج مانگ واتا لە ١٩٩٥/٨/١٦دا، سەرلەنوێ بەرنامەکانی خۆی لە سنوری ژێردەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی عێراق بڵاوکردەوە. شکانی پیلانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کپ کردنی دەنگی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشوری کوردستان، ئەو دوو لایەنەی هاندا پەنا بۆ خەیانەتێکی گەورەتر و مەترسیدارتر بەرن. ئەم جارەیان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ڕێگای بۆ سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی کردەوە کە بە مەودای پتر لە دوو سەد کیلۆمەتر لە سنوری مەریوانەوە هێزەکانی بێنێت بۆ سلێمانی و دوکان و کۆیە کە زەبری کاریی خۆی لە سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و بنکە و بارەگا و ژن و منداڵە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەنێوان هێزە کوردستانییەکاندا باشترین دۆستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو. دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ڕۆژی ١٩٨٩/٦/١٣ لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ڤیەن تیرۆر کرا، ساڵی ١٩٨٢ پێوەندیی مام جەلال و ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێنی پێکەوە گرێدا کە لە ئەنجامی ئەو پێوەندییەدا لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و ڕژێمی بەعسدا وتووێژ پێکهات. سەرکردایەتی یەکێتی لەسەر ویست و داخوازی سەدام حوسێن و بۆ ئەوەی کە ئێران نەتوانێ باشوری کوردستان داگیر بکات، لە ساڵی ١٩٨٢- ١٩٨٣دا دژی هێزەکانی ئێران، لەژێر ناوی هێزی پشتیوان، شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە جادەی نێوان سەردەشت و پیرانشار لە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دەدا. هێرشی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر بارەگای ناوەندیی حیزبی دیموکرات، لە ١٩٩٦/٧/٢٨دا ئەو دەستکەوتەی چاوەڕوان کراوەی بۆ ئێران نەبوو کە ڕێبەرە تاوانبارەکانی کۆماری ئیسلامی پلانیان بۆ داڕشتبوو. بە خۆشییەوە، سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات زیانی گیانیی پێنەگەیشت. بەم بۆنەیەوە، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

راگەیاندراوی دەفتەری سیاسی

هاونیشتمانە بەڕیزەکان! خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!

ئازادیخوازانی سەرانسەری جیهان!

هەروەک چاوەڕوان دەکرا و پێشتریش هۆشدارماندا بوو. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی پیلانی خائینانەی خۆی بۆ لێدانی بنکەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ئێران و پێشێلکردنی حورمەتی خاکی وڵاتێکی دراوسێ دەست پێکرد.

شەوی ٥ لەسەر ٦ی گەلاوێژی ١٣٧٥ ڕێکەوتی ٢٦ لەسەر ٢٧ی ژوئیەی ١٩٩٦ هێزێکی چەند هەزار کەسیی سوپای پاسدارانی ئێران بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس وەک تۆپخانە، کاتیۆشا و تانک لە سنوری مەریوانەوە هاتە نێو خاکی کوردستانی عێراق و هەر ئەو شەوە گەیشتە سلێمانی و لە "معسكر السلام" جێگیر بوو. کەمتر لە ٢٤ ساعات دوای گەیشتنی، بەرەو ناوچەی کۆیە کە

بنکەی دەفتەری سیاسی لێیە وەڕێکەوت و شەوی ٢٨ی ژوئیە لە زۆر نوختەی ستراتیژیی دەوروبەری کۆیە دامەزرا.

هێزە پەلاماردەرەکان لە سەعات ٦/٥ی بەیانی ئەمڕۆ ٢٨ی ژوئیەوە بە خەستی تۆپبارانی بنکەکانی حزب و ئۆردوگای کوردە ئاوارە ئێرانییەکانی دەست پێکردووە کە تا ئێستا بەردەوامە و لە سەعات ١٠ی ئەم بەیانییشەوە پەلاماری زەمینیی دەست پێکردووە و ئێستا شەڕێکی قورس لەنێوان پاسدارانی کۆنەپەرستیی ئێران و پێشمەرگەکانی حزب بەردەوامە.

ئێمە لە کاتێکدا ئەو پەلامارە دڕندانەیە ئاشکرا دەکەین، لە هەموو هاونیشتمانان، لە تێکڕای حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و لە گشت کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان داوا دەکەین، بە هەر ڕێگایەکدا بۆیان دەکرێ بۆ ڕاگرتنی هێرشی ڕێژیمی ئێران تێ بکۆشن و نەهێڵن ئەو تاوانە دژی ئینسانییەی بەسەردا تێپەڕێ.

دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ١٣٧٥/٥/٧- ١٩٩٦/٧/٢٨

هێرشی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر بارەگای ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئۆردوگای کوردە پەنابەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو ڕۆژ بەردەوام بوو. لەو دوو ڕۆژەدا، کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی و چاوساخی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی توانی بڵاوە بە دانیشتوانی ئەو ئۆردوگایە بکات کە نزیکەی دوو هەزار پەناهێنەری تێدا کۆببۆوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبارەی کۆتاییهاتنی هێرشی سەرنەکەوتووی یەکێتی و کۆماری ئیسلامیی نوسی:

کۆتایی پڕشورەیی هێرشی ڕێژیمی ئێران

هاونیشتمانە بەڕیزەکان! خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!

ئازادیخوازانی سەرانسەری جیهان!

هێرشی بەربڵاوی سوپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستانی عێراق و پەلاماری بنکەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و کەمپەکانی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە دەوروبەری شاری کۆیە لە ئوستانی هەولێر، سەرلە بەیانی ڕۆژی ٣٠ی ژوئیەوە لە ئاکامی فشاری بیروڕای گشتیی

جیهان و کۆڕ و کۆمەڵە خاوەن سەلاحییەتە نێونەوەییەکان و هەروەها بەهۆی خۆڕاگریی قارەمانانەی تێکۆشەرانی حزبەوە بە کۆتا هات. بەپێی دوا زانیارییەکان بەشی زۆری هێزە پەلاماردەرەکان لە ڕێگای سلێمانییەوە گەڕانەوە ئێران و ئەوانی تریش خەریکی گەڕانەوەن.... لە بەشێکی تری ڕاگەیاندنەکەیدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سوپاسی بێ پایانی خۆی ئاراستەی بیروڕای گشتی جیهان دەکات و لە کۆتاییدا دەنووسێت:

- (هەرلەو کاتەدا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دیکە داوا دەکەین پەلاماری ناقانوونی و دژی ئینسانیی هێزەکانی ڕێژێمی ئیسلامی بە ڕەسمی مەحکووم بکەن و نەهێڵن ئەم ڕێژێمە جارێکی دیکە ئەو کردەوە قانوون شکێنانەیە دووپات بکاتەوە.

لەگەڵ سوپاسی بێ پایان لە پشتیوانییەکانی گەلی و نێونەتەوەییەکان

دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٣٧٥/٥/٩- ١٩٩٦/٧/٣٠

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بۆ پاساو هێنانەوەی خەیانەتەکەی چەند بەیاننامەی بڵاوکردەوە و تەنانەت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ویستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشداری خەیانەتەکەی بکات و نوسی پاسدارەکان بە هەردوو ناوچەی باشماخ و حاجی ئۆمەراندا هاتوون کە وتەکانی بە درۆ خرایەوە. پەرلەمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە ئیمزای جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٢٨ ڕایگەیاند: (لە ڕۆژانی ٢٦ و ١٩٩٦/٧/٢٧، هێزێکی عەسکەری گەورەی ئێران، سنوری نێودەوڵەتی ئێران- عێراقی لە قەزای پێنجوێنی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بەرەو شاری سلێمانی و پاشان بەرەو قەزای دوکان بڕی تا گەیشتە قەزای کۆیسنجەق ی سەربە هەولێر پایتەختی هەرێم، لەوێ بەسەر هەولێر و چەند میحوەرێکدا دابەش بوو لەو ناوچانەی کە دەکەوێتە ژێردەسەڵاتی میلیشیاکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە. ئەمە و بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٢٨ هێزەکە بە هەموو جۆرە چەکێک و بە پاڵپشتی تۆپی قورس و ڕاجیمە و زرێپۆش هێرشێکی بەرفرەوانی لە چەند میحوەرێکەوە

بردە سەر ئۆردوگای کوردە پەنابەرەکانی ئێران لە هەوادارانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نووسینگە و بارەگاکانی حزبی ناوبراو لە ناوچەی کویە.)

بەشێک لەو هێزانەی ئێران، بە ڕێنوێنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەیانویست بە ناوچەی خەلیفان و باڵەکایەتیدا کە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتی دیموکراتە خۆ بگەیەننە حاجی ئۆمەران و بگەڕێنەوە بۆ ئێران کە لەلایەن پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتەوە پێشیان پێ گیرا. پاسدار حورمەتی، پاسدار جەعفەری، پاسدار کازمی، پاسدار محەمەدی و کەسێکی بێ قاچ لەگەڵ ئەو پەلامار دەرانە بوون کە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات دەستگیریان کردن. ئەفسەرە پاسدارەکانیان، جگەلە بێ قاچەکە کۆکردەوە و بردیانن بۆلای ئەنوەری حاجی عوسمان کە بەرپرسی سوپای پێنجەمی پارتی بوو. لەوێ، دوو کامێرا و چوار بێسیمی دەستیی پاسدار جەعفەریی دەگرن و بە بروسکە ڕێزدار مەسعود بارزانیی ئاگادار دەکەنەوە، کە فەرمانیان بۆ دێت بە کوێدا هاتوون، هەر بەوێشدا بگەڕێنەوە و سنورمان نەبەزێنن. لەو بارەیەوە، سابیر ئیسماعیل ڕەشید ناسراو بە سابیر جاف لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەقەکەیم لە لاپەڕەی ٢٠٤ی کتێبی "باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا" بڵاوکردۆتەوە، دەڵێت: (سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ئێرانییەکان ڕێککەوتبوو کە دوای لێدانی حیزبی دیموکرات بە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتیدا، واتا ناوچەی "خەلیفان و باڵەکایەتی"دا بگەڕێنەوە و بە حاجی ئۆمەراندا بچنەوە ئێران. ئێمە لەو مەسەلەیە بێئاگا بووین، بەڵام هەرکە بینیمان قافلەیەکی زۆری نزیک بە سێسەد ٣٠٠ سەیارەی بارهەڵگر دێن، مەسەلەکەمان بۆ ڕوون بۆوە. حەوت لەو سەیارانە لە لایەن شێخ جەعفەر و جەبار فەرمانەوە ڕێنوێنی دەکران. ئێمە لێیان دامەزراین، گوتیان بە بروسکەی نێچیرڤان بارزانی هاتووین. داوای بروسکەکەمان لێکردن، دەرکەوت درۆ دەکەن. پاسدارەکان بریتی بوون لە: "حورمەتی، جەعفەری، ئەحمەد کازمی، محەمەدی، ڕەحیمی و کەسێکی بێ قاچ" کە بەرپرسیان بوو. بێ قاچەکە گوتی: نێچیرڤان برادەرمانە. ئێمە لێمان قەبووڵ نەکرد، چونکە

دەیانویست بەو فێڵە ڕێگایان بۆ بکەینەوە. کاتێک زانیان قەبووڵ ناکەین، هەڕەشەیان لێکردین و فەرمانی دابەزینی هێزەکەیاندا. ئێمە سەنگەرەکانمان قایم بوون و چەن تەقەی هەواییمان لێکردن و ئەوانیش داوایان کرد کە کاک نێچیرڤان ببینن. ئێمە هەر پێنج ئەفسەرەکانمان جگەلە بێ قاچەکە بە کامێرکانیانەوە کۆکردەوە و بردمانن بۆلای کاک ئەنوەری حاجی عوسمان کە بەرپرسی سوپای پێنج بوو. لەوێ بە هۆی درۆ کردنیان، لێماندان و جەعفەری کە دوو کامێرای پێبوو لەگەڵ چوار بێسیمی دەستی، لێمان گرتن. بروسکەیەکمان بۆ کاک مەسعود نارد. وەڵامی داینەوە کە بەکوێدا هاتوون، هەر بەوێشدا بگەڕێنەوە و سنورمان نەبەزێنن. کامێرایەکمان لێ شاردنەوە، لەگەڵ دوو شریت و ئەوانەی تریشمان دانەوە. هەڕەشەی گەورەیان لێکردین و حورمەتی گوتی: بێحورمەتیتان بە کۆماری ئیسلامی کردوە و بەو شاخانەوە دەتانسوتێنین. دەبێ ئەوەش بڵێم کە حەوت سەیارەکەی یەکێتی لە گوندی بناو گەڕانەوە و بەشداریی ئەو کێشەیەیان نەکرد.)

پێکهاتەی ئەو هێزە دوو هەزار کەسییەی کۆماری ئیسلامی کە بەشداریی ئەو خەیانەتەی کردبوو، بریتی بوو لە: تیپی ئەنسار، تۆپخانە زولفقار، بەشێک لە لەشکری عاشورای تەورێز و ژمارەیەک جاش و بەکرێگیراو لە بۆکان و مەریوان. ئەو هێزانە ڕۆژی هەینی ١٩٩٦/٧/٢٦ لە دوو خاڵی "باشماخ" و "ساوجی"وە هاتبوونە نێو خاکی باشوری کوردستان. کاروانێک لەو هێزانە بەنێو شاری پێنجوێندا بەرەو قوڵایی خاکی کوردستان و کاروانەکەی تر لە "گۆخالان"وە بەرەو "بوبان" هاتبوو. هەردوو کاروان لە ڕێگادا یەکیان گرتبۆوە و بەرەو "عەربەت" و سلێمانی هاتبوون. هێزە دەستدرێژکەرەکانی ئێران بە شەو گەیشتبوونە سلێمانی و تا دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی لە "معسکرسلام" مابوونەوە.

پاشنیوەڕۆی ١٩٩٦/٧/٢٧، ئەو هێزانە بەرەو دوکان و خەلان و لەوێوە بەرەو کۆیە هاتبوون. ئێوارە درەنگایەک گەیشتبوونە سەر هەیبەسوڵتان کە دەڕوانێتە سەر شاری کۆیە و بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکرات و ئۆردوگای کوردە ئاوارەکانی ئێران. هێزی تۆپخانە و کاتیۆشا چووبوون بۆ سماقوڵیی و گەلی و هێزی مووشەک هاوێژیان لە "کۆلکەڕەش" دابەزاند بوو. لەو بارەیەوە، شۆڕش

ئەسەدزادە، کادیرێکی ئەو سەردەمەی حیزبی دیموکراتی کوردستان "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"، دوای بینینی فیلمی دیکۆمێنتی "کۆی سنجاق"ی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وتارێکی لەژێر ناوی "هێرشەکەی ڕژیم بۆ سەر قەڵای کۆیە" بڵاوکردەوە و لەودا دەڵێت:

- (فیلمێک لەلایەن ڕژیمەوە بڵاو بۆتەوە لەسەر ئەم هێرشە، ویستم ڕاستیەکان بۆ خەڵک باس بکەم کە هێرشەکە چۆن بوو. کاتێک سوپای قودس بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە حەریمی هەرێمی کوردستانیان بەزاند، لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هاوکاری کران و ڕێگایان پێدان بێنە نێو خاکی باشوری کوردستان و لەوێوە هێرش بکەنە سەر هەردوو باڵی حزبی دیموکرات کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بوون. کۆماری ئیسلامیی ئێران، مام جەلالی ڕازی کردبوو لە ژێر فشاردا هەتا ڕێگر نەبێ لەم عەمەلیاتەدا. ئەوکات وەزعی حزبەکانی باشور جێگیر نەبوو، ئێران زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بە کەیفی خۆی هەڵیانسووڕێنێ وەکوو ئێستا.

مام جەلال ڕازی ببوو کە بێن لێیان بدەن و بگەڕێنەوە. هەرچەندە ئەوکات ئەم ناوچانە لەژێر چاودێری ئەمریکا و هاوپەیمانانی دا بوو، وەکوو هێڵەکانی ۳۲ و ۳٦ کە فڕینی فڕۆکە تێیاندا قەدەغە بوو. ئێران ئەوکات زەلیل بوو بە دەست هێزەکانی پێشمەرگەوە، بۆیە دەیانویست هێزو قودرەتی خۆیان نیشان بدەن و حزبەکانی ڕۆژهەڵات چاوترسێن بکەن، هەروەها لەهەمان کاتدا حزبەکانی باشور مەجبوور بکەن ڕێگا لە چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات بگرن بۆ هاتنەوەیان بۆ ناو خاکی کوردستان. چونکە لەوە دەترسان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە فکری ئازادکردنی ڕۆژهەڵات بن وەکوو باشور. کاتێک بەشەو لە مەرزی باشماخ و سلیمانی یەوە هاتنە ناو هەرێمی کوردستان ئێمە وەکوو ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ئاگاداری ئەم لەشکر کێشیە هەبووین، بەڵام نەماندەزانی دەقیقەن نیازیان چیە و بۆچی هاتوون، سەرکردایەتی هەردوو باڵی دیموکرات گۆڕینەوەی ئاڵوگۆڕی زانیاریان دەکرد و یەکتریان لە وەزعەکە ئاگادار دەکردەوە، هەرچەندە نێوانێکی وا خۆشمان نەبوو پێکەوە، حزبی ئێمە ئامادەباشی دایە هەموو کادر و پێشمەرگەکان،

بنەماڵەکانمان ڕاگوێستن بۆ شارەکانی دەوروبەر. ناو قەڵاسەیدە و جێگاکانی تر هەمووی چۆڵ کران. ژن و منداڵ و پەککەوی لێ نەما. بۆخۆمان ئامادە بووین و هەر چوار دەوری خۆمان لێی دامەزراین و شاخەکانمان گرت.

لەشکری دوژمن لە دۆڵێکدا گیریان کردبوو لە نێوان سنور و شاری سلیمانی دا ئاگاداری ئەوەش بووین، بەڵام زۆر لە ئێمە دوور بوون، کە گەیشتبوونە شاری سلیمانی شەو بوو، بۆ ئەوەی خەڵک ئەم هەموو هێزە زەبەلاحەی ئێران نەبینن کارەبای شاری سلیمانی یان کوژاندەوە هەتا هێزەکە لە سلیمانی دوور کەوتبونەوە. بەهۆی کەسانێکی کە پەیام هێنەر بوون حزبی ئێمەیان ئاگادار کرد کە ئەم لەشکرە نیازیان وایە لە حزبی دیموکرات بدەن لە قەڵای کۆیە. ئەوەشمان زانی کە مام جەلال بۆخۆی بە مامۆستا حەسەنزادەی کووتوە چۆلی کەن با کەسی تێدا نەبێ بنکەکانتان، گوتبووی دەزانم کارێکی باش نیە بەڵام بڵێم چی چارم ناچارە و فشاری ڕژێمی ئێرانمان زۆر لەسەرە. ئێوە لێمان قەبووڵ بکەن با ئەم دەرفەتەی بۆمان هاتۆتە پێش لە باشور لە دەستی نەدەین، کاتێک زانیمان حزب لە کۆیە ئاگادار کراوەتەوە کەمێک لە خەمەکانمان کەم بۆوە و دڵمان خۆش بوو کە ناتوانن هیچ خەسارەتێک بە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان بگەیەنن، ئەوانیش ئامادەکاریان کردبوو ماڵ و منداڵیان ڕاگواستبوو. سەعات بە سەعات ئاگاداری دوژمن بوین لە کوێن و گەیشتوونەتە کوێ. بەڵام لە ڕاستیدا نەماندەزانی هێرشەکەیان لە کوێوە دەبێ و چون دەبێ، بەڵام ئێمە بۆ هەموو شێوەکان خۆمان ئامادە کردبوو. خەڵکی ناوچەی ئاکۆیان و ڕانیە و کەسایەتیەکانی ئەو دەڤەرە هەموویان هاتن ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند و گوتیان ئێمە خەڵکی ئێرە بەهیچ شێوەیەک ئێوە بەجێ ناهێڵین و هەرگیز ئیجازە نادەین دوژمنێکی وەکوو ئێران سەدان کیلۆمەتر تەجاوەز بکاتە ناو خاکی ئێمە و بە بەرچاوی ئێمەوە بێن ئێوە براکانمان بکوژن. شەرەف و ناموسمان و غیرەتمان ئەوە قەبووڵ ناکات لەبیرمە کەسێکی باشور، فەرماندەیەکی یەکێتی نیشتمانی بوو، بەڵام بەداخەوە کاری بۆ سوپای قودس و ئیتلاعاتی ئێران دەکرد، پێشمەرگەکانی ئێمەی تیرۆر دەکرد بۆ دوژمن و شەوانە بە ئارپیێ جی و خومپارەی ٦٠ ملم لێیان دەداین. بۆخۆی

هات لەگەڵ ١٠ - ١٥ چەکدار و گوتی من فڵانەکەسم و هەتا ئێستا هەرچی کردومە داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام ئیتر ئێستا غیرەتم قەبووڵ ناکات ئێران بێتە ناو خاکی من و لە ئێوە بدات، بۆیە هەر کوێیەکم پێ دەسپێرن من دەچم و هەتا ئاخرین فیشەک و ئاخرین قەترەی خوێنمان دیفاع دەکەین، شاخێکمان پێ ئەسپاردن و چوون لەوێ دامەزران.

کاتێک دوژمن هێرشەکەی بۆسەر قەڵای کۆیە دەستپێکرد من خزمێکم هەبوو فەرماندەیەکی مەڵبەند بوو لە ڕانیە هاتە دۆڵێ و بردمە دەفتەری سیاسی گوتی من دەتوانم هەموو هاوکارییەکتان بکەم، دەتوانم هەموو زانیاریەکتان بۆ بێنم کە چەند کەسن، چیان پێیە فەرماندەکانیان کێن، و زۆری تر. زوو زوو بە ماشێنەکەی خۆی دەچووە ناو دوژمن و دەهاتەوە هەموو شتێکی بۆ باس دەکردین، ئاخرین جار کە ڕۆشت و هاتەوە گوتی دەیانەوێ بەرەو ئێرە بێن لەسەر ڕێگای حاجیاوا لایان داوە و ڕاوەستاون و بە نیازن هێرش بکەنە سەر ئێوە، جا نازانم بە چەکی قورس هێرش دەکەن یان هێرشی زەمینی دێنن.

لە حاجیاوا خەڵک دەوریان دابوون بە بەرد و جنێودان گەمارۆی هێزەکەیان دابوو، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی خەڵکەکەیان لێ دوور کردبوونەوە. زۆریان تف و جنێو دابوو بە جاشەکان، ئێمەش ئەو شەوە تەواوی شاخەکانمان گرتبوو، زۆرمان پێ خۆش بوو هاتبان یان حزب دەستووری هێرشی پێدابایەن کە بۆیان چووبایەن لە حاجیاوا. هێزێکی ئاوا زۆر تەواو کەوتبوونە نێوانمان و لە گەمارۆدا بوون. ئەو شەوە، دەقیقە ژماریمان دەکرد بەڵکوو مەغرور بوبن و بێنە سەر ئێمەش بەڵکوو دەرسێکی وایان دابدەین تۆڵەی برادەرانی ئەولاشیان لێ بکەینەوە، وامان دانابوو ڕێگا نەدەین هیچیان بەساغی بگەڕێنەوە، بەڵام کاتژمێر ١٢ ی شەو بوو لەسەر شاخی زاڵ بەسەر حاجیاوادا چاومان لێ بوو ستوونەکە بە ڕێگای عەسکەری نێوان دەربەند و ڕانیەدا بەرەو دەربەندی ڕانیە دەکشانەوە. پێمان وابوو ئەو هێزە دەبەن هەتا پشتمان بگرن بەڵام دیار بوو بەرەو سەنگەسەر ڕۆشتبوون، بۆ سبەینێ خەبەر هات کە دوژمن نەیویستبوو لەم هێرشەدا تەنها یەکێتی نیشتمانی لە پێش چاوی خەڵک تاوانبار بکرێ، بۆیە ویستبووی هێزەکەی بکاتە دوو بەش لە گەڕانەوەدا، بەشێکی بە ناوچەی

یەکێتی دا بگەڕێنەوە، بەشەکەی تر بە ناوچەی پارتی دا بۆ ئەوەی لەپێش چاوی خەڵک هەردووکیان وەکوو یەک تاوانبار بن. بەڵام پێشمەرگەکانی پارتی ڕێگایان بە دوژمن نەدابوو بە ناوچەی ئەواندا بگەڕێنەوە، سەرەڕای ئەوەش لێیان چووبون لە سەنگەرەوە و زۆریشیان سوکایەتی و بێ حورمەتی بە فەرماندەکانی سوپای قودس و جاشەکان کردبوو، گرتبوویانن و بەنیاز بوون هەموویان گوللەباران بکەن، هەتا لە سەرێڕا دەستوور دەدەن بە فەرماندەکانی پارتی ئازادیان بکەن بەڵام ئیجازەیان مەدەن بە ناوچەی پارتی دا بگەڕێنەوە، ئەگەر جوابیان نەداوە لێیان دەن و دەستیان لێ مەپارێزن، بەم شێوەیە ئەوەی موهیمات و گوللە کە پێیان مابوو وەکوو دەستخۆشانە دابوویان بەو فەرماندانەی یەکێتی کە لە هێرشەکەدا چاوساغ و هاوکاریان بوون.) هەرلەو بارەیەوە، محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە بەرگی چوارەمی کتێبی "ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک"دا ئاماژە بۆ ئەو خەیانەتەی سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەکات و دەڵێت:

لەشکر، لەشکر ڕادەکێشێ(١)

.... (سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٢٦ برادەرانی خۆمان ئاگاداریان کردم کە سەیارەیەکی زۆر بەبارەوە لە مەریوان و قەسری شیرین و لە پەروێزخانەوە بەرەو سەر سنوری باشماغ و پێنجوێن و سەرسنوری پەروێزخان و بۆ سەر سنوری حاجی عمران خانە وەستان و قەرارگای حەمزە و قەرارگای ڕەمەزان و سوپای پاسدارانیان لەگەڵ دایە، ڕۆژی هەینیان دانابوو کە سەر سنورەکان چۆڵە و خەڵکی کەمتر لێیە. سەعات ١٢ی هەمان ڕۆژ گوتیان لۆریەکی زۆر بە بار و لاندگرۆز بە چادر داپۆشراون، تۆپ و کاتیۆشا و دۆشکا و زۆریتری لەسەرە و لە دەربەندیخانەوە بەرەو عەربەت و سلێمانی و سەید سادق گەیشتنە ناو شار و لە شەستیەکەوە بۆ معەسکەر سەلام".

محەمەدی حاجی مەحموود باس لەوە دەکات کە ئەو زۆری پێ ناخۆش بووە کە ڕۆژی پێشتر لای مام جەلال بووە، بەڵام هیچی لا باس نەکردوە و نەیگوتووە کە ئەوان هێزی ئێرانی دێنن و هەروەها ئێرانییەکانیش هیچیان پێ نەوتووە. ئەو لەشکرکێشیەی، کاکە حەمە باسی دەکات، هێزەکە بریتی بووە لە سوپای پاسداران و قەرارگای حەمزەی سەیدی شوهەدا، قەرارگای ڕەمەزان بە قیادەی

سەردار ئەحمەدی کازمی و لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە فەرەیدون عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ بەرپرسانی هێزەکەی ئێراندا بووە "لە سەعات ٦ی سەرلەبەیانیەوە لە چیای هەیبەت سوڵتانەوە بە تۆپ و ڕاجیمە لە بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان دا، لە جادەی تەقتەق-کۆیە درا و هێزەکانی ئێران نوێنەری یەکێتیان لەگەڵ بوو لەسەر سنورەوە سەیارەی یەکێتی لە پێشیانەوە بوو". هەڵوێستی پارتی دوای ئەوەی ئەو هێزەی ئێران لە بارەگاکانی دیموکراتی دا و دوو سێ هەزار کەسی لە ژن و منداڵی دیموکرات "بەپێی پەتی و شپرزەییەوە بەرەو هەولێر و بەردەمی UN و حەوت حزبەکە و ئەو ناوە دەڕۆیشتن. پاسداریش چووەتە ناو شاری کۆیە و کۆنترۆڵی کردووە و سەیتەرەی داناوە". لە گەڕانەوەدا دەیانەوێ بەسنوری ناوچەکانی پارتیدا بگەڕێنەوە، بەڵام پارتی ڕێیان پێدەگرێت "لە خەلیفان پارتی ڕێگەی لێگرتبوون و ڕێگای نەدابوون لە حاجی عمرانەوە بگەڕێنەوە، لەوانەی قەرارگای ڕەمەزانیان دابوو، جیهازەکانیان لێ سەندبوون و قسەی زۆر و ئیهانەیان کردبوون و گەڕاندبوونیانەوە لە ڕانیەو کێلێوە بۆ سەردەشت گەڕانەوە. ئەمە وایکرد، کە ئێران بەردەوام بێت لە هاوکاریکردنی یەکێتی بۆ شەڕی دژ بە پارتی.)

جگە لەو خەیانەتانە، پێویستە خوێنەرانی بەڕێز بزانن: ساڵی ١٩٩١، ڕێکخراوی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ پاراستنی کوردی باشور هێڵی ٣٦ دەرەجەی دیاریی کرد. لەو ساڵەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی بەعس ڕوخا، سیاسەتی ئێران کوشتن و تیرۆر کردنی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە باشوری کوردستان و لە ئەوروپا و لەو ماویەدا لە باشوری کوردستان و بەتایبەتی لە سلێمانی و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا، ٢٥٦ کادیر و پێشمەرگە و کوردی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێرۆر کرد.

١- بۆ زانیاریی پەیدا کردنی زیاتر لەو خەیانەتە، بڕواننە لاپەڕەکانی ١٩٣- ٢٠٧ی، کتێبی باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا ١٩٩٢- ٢٠٠٥، ستۆکهۆڵم سوید، نوسینی حامید گەوهەری.

## خەیانەت بەردەوامە

باڵی دەسەڵات لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دا، بەو خەیانەتەی کە لە بەرامبەر کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەڕێوەی برد. بە یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی و هاوکاریی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەیانەتێکی تری لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد.

ئەم جارەیان، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەزاران پاسدار و چەندان یەکەی سوپای ئێرانی بە چەکی قورس و کاتیۆشا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی زۆنی سەوزدا جێگیرکرد. هاتنی ئەو سوپا زەبەلاحە بۆ داگیرکردنی خاکی عێراق نەبوو، بەڵکوو هاتبوون کە یارمەتی بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بکەن کە بە پەرەپێدان بە شەڕی دژی پارتی دیموکرات کە کارەساتی سامناک بخوڵقێنێت و ئەزموونی کوردی باشور فەشەل بکاتەوە. باڵی دەسترۆیشتووی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بە ڕواڵەت بۆ بەدەست گرتنی دەسەڵات لە هەموو باشوری کوردستاندا، شەوی ١٦ لەسەر ١٩٩٦/٨/١٧ کە پارتی دیموکراتی کوردستان خەریکی پیرۆزکردنی یۆبیلی زێڕینی خۆی بوو، بە پشتیوانی یەکەکانی تۆپخانە، کاتیۆشا و خۆمپارەهاوێژەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران پەلاماری ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتی دا. گەڵاڵە، قەسرێ و ناوچەیەکی بەرینی لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکرات دەرهێنا و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە و خەڵکی سڤیلی ئەو ناوچانەی شەهید و بریندارکرد. پێشمەرگەکانی یەکێتی، لەژێر ئاگری تۆپخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، خۆیان گەیاندە ناوچەی سیدەکان و بەرزاییەکانی "کڵاوقاسم"یان داگیر کرد. پێشمەرگەکانی یەکێتی لە پێشڕەویدا بوون و پێشمەرگەکانی پارتی لە پاشەکشەدا، تا سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٢٠، پێشمەرگەکانی پارتی لە دژە هێرشێکدا بۆسەر پێشمەرگەکانی یەکێتی، بەرزاییەکانی کڵاوقاسمیان گرتەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ شەهید و بریندارکردن و ١٢ پێشمەرگەشیان بەدیل گرت.

پارتی دیموکراتی کوردستان، حکومەتی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە ئاگری شەڕ لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتدا خۆشتر دەکا. لەم بارەیەوە

لە بەیاننامەیەکدا کە لە لەندەن بڵاویکردوە، ڕایگەیاند: **(ئێران هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت.)** هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند: **(کە ئێران بە ڕێگەی تۆپباران کردن پشتیوانی لە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی دەکات.)**

ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا شەڕ و پێکدادانی نێوان گروپە شەڕکەرەکانی باکوری عێراقی سەرکۆنە کرد و داوای لە سەرکردەکانی هەردوولا کرد کە ئامادەی کۆنگرەیەکی ئاشتی بن کە بە سەرپەرشتی ئەمریکا لە لەندەن ساز دەکرێت. سەرچاوەیەکی ئەمریکی ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی ئەمریکا چەند ڕاپۆرتێکی باوەڕپێکراویان بەدەست گەیشتووە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی هەیە لە ململانێی ئەو دوو گروپە کوردییەدا و کاربەدەستانی ئەمریکا بەرامبەر بەم کارەی ئێران زۆر نیگەرانە. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە دەستێوەردانی ئێران لەم شەڕەدا دەربڕی.

لە چوارچێوەی، فرەوان بوونەوەی شەڕ لەنێوان ئەو دوو حیزبە سەرەکییەی باشوری کوردستاندا، کاربەدەستانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا ڕایانگەیاند: **(لە دووری ٢٠ کیلۆمەتر لە سنوری ئێرانەوە چەندین بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و ناوچە و گوند تۆپباران کراون و لە ئاکامدا بەلایەنی کەمەوە ٢٥ کەس لە هێزەکانی پارتی و ٧٥ کەسی دیکەش لە پێشمەرگە و هاوولاتیانی کوردستان بریندار بوون.)**

سەرچاوەیەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو بارەیەوە گوتی: **(ئێران چەک و تفاق و ئۆتۆمبیل بۆ هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دابین دەکات.)** حکومەتی ئەمریکاش نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەم کارەی ئێران دەربڕی و داواشی لە هەردوو حیزبی بەگژیەکداچوو کرد کە شەڕی نێوانیان ڕابگرن. پشتریش ئەمریکا ڕایگەیاندبوو: **(ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لە باکوری عێراقدا هەیە، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا. ئەم دەستێوەردانەی ئێران مەڕامی حکومەتی ئێران دەسەلمێنێ سەبارەت بە داسەپاندنی نفوزی خۆی لە باکوری عێراقدا. حکومەتی ئەمریکا پێیوایە کە**

**نابێ لە ڕێگەی ئەم شەڕەوە ڕێگە بە ئێران بدرێ پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا قایم بکا، بۆیە ئەمریکا هەوڵدەدا هەردوو حیزب بگەڕێنەوە سەر مێزی دانووستان.)**

شەڕ و پێکدادان لەنێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە خەستی بەردەوام بوو. پێشمەرگەکانی یەکێتی لە هەموو لایەکەوە پەلاماری ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتییان دەدا و بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکبوو پارتی بە چۆکدابێنێت. شەڕ گەیشتە کەسنەزان، زیارەت و چیای سەفین. یەکێتی لە شەوی ٢٥- ١٩٩٦/٨/٢٦ هێرشی کردوە سەر ناوچەکانی کەسنەزان، زیارەت، چیای سەفین، کڵاوقاسم، کەپکی حەمە ئاغا، دۆڵی ئالانە و ڕەواندز و لە ئاکامدا بەشێک لە خاکی باشوری کوردستان کەوتە دەست ئێران و پێشمەرگەکانی یەکێتی و ژمارەیەکی تریش لە هەردوولا شەهید بوون.

ڕۆژنامەی برایەتی لە ژمارەی ٢١٧٣ی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣دا وتارێکی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بڵاوکردەوە. لە وتارەکەیدا، بارزانی ڕایگەیاند: **(سەرکردایەتی پارتی ئاگاداری نەخشە و پلانی یەکێتی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٨، مەسەلەکەی بۆ ڕای گشتی ناوخۆ و جیهان ڕوونکردۆتەوە)** و ڕایگەیاندوە: **(دەستێوەردانی دەرەکی لە باشوری کوردستاندا، ژێرپێنانێکی ترسناکە لە شکاندنی حورمەتی هەرێم و سەروەریی نیشتمانی عێراق.)**

پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلەیە بە لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە نێوبژیوانی نێوان پارتی و یەکێتی بوو، و تەنانەت دەوڵەتی عێراقیشی ئاگادار کردۆتەوە. بە نوسینی ڕۆژنامەی خەبات: **(پارتی داوای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی هاوپەیمان و حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کردوە کە بە ئەرکی خۆیان هەستن و گەلی کوردستان لە دەستێوەردانی ئیقلیمی بپارێزن.)** بە ڕاشکاوی و بەبێ پێچوپەنا بە هەموو لایەکانی ڕاگەیاندوە کە ئەگەر جیهان بە فریایان نەگات و بەرپرچی دەستێوەردان و ئینتهاکی ئیقلیمی

نەداتەوە، ئەوا پارتی گلەیی لێ ناکرێت ئەگەر پانا بۆ هەر شێوازێک بەرێت تا پێی بەرگری لەخۆیَ و گەلی کورد و ئەزموونەکەی بکات. بەنیسبەت پارتییەوە سەرکەوتنی پلانی یەکێتی بۆی مان و نەمان بوو، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە کردەوە بایەخی پێویستیان بە داواکارییەکانی پارتی نەدەدا و تەنیا ئەوەندەیان پێگوتووە کە ددان بە خۆیاندا بگرن. لە کاتێکدا یەکێتی بە هاوکاریی ئێران بە بەردەوامی خەریکی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکانی دژ بە پارتی بوو، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات کوردستان داوای یارمەتی لە حکومەتی عێراق کرد کە وەڵامی دەستدرێژی ئێران بداتەوە. ئەوە بوو، پارتی دیموکرات بە پلانێکی زۆر ورد و زیرەکانە، ڕژێمی عێراقی بۆ مەبەستێکی دیار بەکار هێنا و ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ لە چەند قۆڵەوە خۆیان گەیاندەوە هەولێر و یەکێتی نیشتمانیی هەولێری و تەنانەت باشوری کوردستانیشی بەجێهێشت و لەگەڵ پاسدارەکان ئاودیوی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆوە و سوپای عێراقیش گەڕایەوە ناوچەکانی پێشووی، بەڵام پێشمەرگەکانی یەکێتی سەرلەنوێ بە پشتیوانی هێزەکانی سوپای پاسداران گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان و ئەم بەشەی ئێستایان خستەوە دەست خۆیان کە دواتر دوو ئیدارەی لێ دروستبوو، بە زۆنی سەوز ناوبانگی دەرکرد.

ئاژانسی ڕۆیترز ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣، هەڵوێستی سیاسی و دیپلۆماسی ئەمریکای دەربارەی ئەو ڕووداوەی کوردستان و دەستێوەردانی ڕژێمەکانی ئێران و عێراق لە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشێوەی خوارەوە ڕاگەیاند: **(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژی سێ شەممە ١٩٦٦/٩/٣ ڕایگەیاند، سەرەڕای دەستێوەردانی بەغدا کە بوو بەهۆی هێرشی مووشەکی ئەمریکا بۆسەر عێراق، ئەمریکا لە هەوڵەکانیدا بەردەوام دەبێت بۆ یەکخستنی هەردوولایەنە کوردییەکە.)**

قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نیکۆلاس بیرنس گوتی: **(واشنتۆن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی کە لە لایەن ئێرانەوە**

پشتگیری دەکرێ، هەوڵدەدات بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد پێک بێنەوە و بە یەکەوە کار بکەن.) بیرنس گوتی: (ئامۆژگاریمان بۆ کورد ئەوەیە کە ناکۆکیەکانی نێوانیان وەلا بنێن، هەرچەندە دەزانین ئەم ناکۆکیانە تاڵن و زۆر لە کۆنەوە هەن.) هەروەها گوتی: (بە دۆستایەتی سەرکردەکانی ئێران و سەدام حوسێن ڕازی مەبن، چونکە هیچکام لەمانە نە باوەڕیان پێدەکرێ و نە بیر لە بەرژەوەندی گەلی کورد دەکەنەوە.) ئەوەشی گوت: (ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێرانی ئاگادار کردۆتەوە کە خۆی لە شەڕی سەرووی عێراق دوور ڕابگرێت و دیسانیش ئاگاداری دەکاتەوە و دووپاتی دەکەینەوە.)

لە جێیەکی تردا، گۆڤاری سڤیل لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/١ بەشێک لە بیرەوەرییەکانی حەمەی حاجی مەحمود سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی سەبارەت بە هاوکاریی یەکێتی نیشتمانی و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و چرای سەوزی ئەمریکا بە عێراق بۆ دەرکردنی ئێران لە باشوری کوردستان لە ١٩٩٦/٨/٣١دا بڵاوکردەوە و نوسی:

- (٣١ی ئاب دوای ئەوە هات کە شەوی ١٦ی ئابی ١٩٩٦ پارتی لە ئاهەنگی یۆبیلی زێڕینی ٥٠ ساڵەی دابوو، ئەو شەوە جەولەیەکی دیکەی شەڕ بە هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پارتی لە ناوچەی چۆمان دەستی پێکردەوە، کاکە حەمەی حاجی مەحمود لە کتێبەکەیدا "ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک" دەنووسێ "یەکێتی وای دەزانی دوو هەنگی لە دارێکدا دۆزیوەتەوە لەگەڵ سوپای پاسداران و قەرارگای حەمزە و ڕەمەزاندا بەردەوام بوون، تۆپخانەی ئێران بەخەستی بۆردومانی هێزەکانی پارتی دەکرد، بە چاوساغی و ڕەسەدی یەکێتی لە حاجی عمران و چۆمان و دەوروبەری، بە دەیان پێشمەرگەی پارتی بوونە قوربانی شەڕی ناوخۆ، هێزی پارتی لە پەلوپۆ کەوتبوون". هەروەها دەڵێ "لە ٨/٢٠ هەر لەسلێمانی بووم هێزی یەکێتی بە هاوکاری تۆپخانەی سوپای پاسداران حاجی عمران و قەسرێ و خانەقا و چۆمان و گەڵاڵە و دارسەلام تا نزیکی گەرووی عومەر ئاغایان لە پارتی پاک کردەوە و پارتی شکا و خۆی دانی بە ١٠٠ کوژراو دانا، بەڵام کوژراوی زۆر هەبوو، پارتی نەیدەتوانی لە بەردەم هێزی یەکێتی و تۆپخانەی ئێراندا ڕاوەستێ و بەرەنگاری بکات". وەک کاکە

حەمە باسی دەکات، دوای ئەوەی هێرشەکانی ئێران و یەکێتی بۆ سەر پارتی خەستتر دەبێت و پارتی بە بەیاننامە و لە ڕێگای پەیوەندیەکانییەوە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات تەدەخول بکەن، هەر ئەوکاتەش پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە دەکات. کاکە حەمە باس لەوە دەکات کە پێش ڕۆژی ۳۱ی ئاب، چەند جارێک بە کۆسرەت ڕەسوڵ و سەرکردایەتی یەکێتی گوتووە کە مەترسی هاتنی سوپای عێراق دەکرێ، بەڵام ئەوان گوتوویانە ئەمریکا ڕێگا نادات و ئێمەش ۱۷ هەزار پێشمەرگەمان هەیە. دەڵێ "کاک کۆسرت گوتی تازە ئەمریکایەکانم دیوە و مام جەلالیش تەئکیدی کردووەتەوە ئەمریکا ڕێگا بە عێراق نادات و لێی دەدات و ئەوکات قازانجی خۆمانە و ئەگەر لێی بدات دەبابەکانی بەجێدەمێنێ".

نوسەر دەگێڕێتەوە: "ڕۆژی ۸/۲۸ لە هەولێر لە مەکتەب سیاسی بووین وەفدێکی ئێران هاتبون وتیان وەزعەکە چۆنە وا پارتی شکاون و زۆر شوێنیان بەجێ هێشتووە و عێراقیش خۆی ئامادە کردووە بۆ پەلاماری هەولێر. منیش پێم وتن ڕاستە بەڵام ئێوە ڕەئیتان چییە وتیان ئەگەر عێراق بێت، دێتە هەولێر، بەڵام بەبێ ئاگاداری ئەمریکا نایەت، چونکە ئەمریکا ئاگاداری یەکێتی کردووە ئەو جێگایانەی ئەو دوو سێ ڕۆژە لە ۱۷ تا ۱۸ گیراوە چۆلی بکەن، یەکێتیش پێناچێت چۆلی بکات". نوسەر دێتە سەر شەوی پێش ڕووداوەکە کە دووبارە چووەتەوە لای کۆسرەت و پێی گوتووە چ ئامادەکارییەکتان کردووە، گوتوویەتی هێز ئامادەیە و ئەمریکا ڕێگە نادات هیچ بکات، "پاشان من ڕۆیشتمەوە کاک خورشیدم ناردەوە بۆ لای کاک کۆسرەت دەمویست تێ بگەم مقاوەمە تا کەی دەکرێت و تا کەی دەتوانرێت و پاشان بۆ کوێ دەکشێینەوە بڕیاری وا هەیە یان نا، بەڵام بروسکەی مام جەلال بۆیان و تەئکیدی خۆیان ئەوەندە یەکێتی دڵنیا کردبوو کە هەلیکۆپتەری ئەمریکا بێت لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڵیان بگرێت و بیانبات ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی عێراق بێتە ناو شار". نوسەری کتێب، بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژەی هەموو تۆمار کردووە کە چۆن دەبابەکانی عێراق هاتوونەتە ناو شار و هێزەکانی یەکێتی لە قۆڵەکان شکاون، وەک خۆی دەڵێ ئەو هەمیشە پرسیویەتی چی دەکەن و چی ناکەن، بەڵام سەرکردایەتی

یەکێتی هەر دڵنیاییان داوە کە ئەمریکا لە سەریان بەجواب دێت. کاکە حەمە دەڵێ کە هێزەکانی عێراق و پارتی لەهەموو لایەک پێشڕەوییان دەکرد، "کاک خورشیدم ناردەوە لای کاک کۆسرەت گەڕایەوە و وتی کاک کۆسرەت لەوێ نەبوو تەنها کاک سەعدی ئەحمەد پیرە و چەند پێشمەرگەی لەگەڵدا ماوە کاک سەعدی کلاشینکۆفێکی پێبوو. کاک سەعدی لەگەڵیان چووە بۆ سەربانەکان گوتی وا دامەزراوین... وتم کار گەیشتە کاک سەعدی لە سەربان بێت و دامەزرابێت کلاشینکۆفی پیبێت بۆ سوپای عێراقی با چاوەڕێ نەبین ئیتر ئەزانم چی بکەم خۆم بڕیار ئەدەم لە چارەنوسی خۆمان". دوای ئەوە چیتر کاکە حەمە بڕوا بەوە ناکات کە ئەمریکا لەسەر یەکێتی بەجواب بێت، بۆیە خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکات.

مەلا بەختیار: با کاک کۆسرەت وەک کاکە حەمە بکات دوای ئەوەی هێزەکانی یەکێتی هەولێر بەجێدێڵن، دەچنە دەرەوەی هەولێر نزیک ناحیەی دارەتوو، کۆسرەت و سەعدی پیرە و مەلا بەختیار و مولازم عومەر و ئەرسەلان بایز و زۆری دیکەشیان لەگەڵ بوون، هێزەکەی کاکە حەمەش دەگاتە لای ئەوان، ئەوکاتە فوئاد مەعسوم و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن پارتیەوە دەسگیر دەکرێن، بۆیە کۆسرەت ڕەسوڵ دەڵێ من ئێرە بەجێناهێڵم، چونکە چۆن ئەوان دەستگیر کرابن منیش بڕۆم، بەڵام ئەندامەکانی دیکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەگەڵ ئەوەن کە بڕۆن، بۆیە داوا لە کاکە حەمە دەکەن قەناعەت بە کۆسرەت بکات، کاکە حەمە دەگێڕێتەوە "کاک مەلا بەختیار وتی کاک کۆسرەت ئەوە کاکە حەمە لە هەکاری دەرچووە و دوایش بە ئازایەتی حیساب کرا و خۆشی ماوە و هێزێکی باشی دروست کردووە بۆ نموونە، ئێستاش با کاک کۆسرەت وا بکات باشە. دوای ئەوەی ئەو هێزە هەولێر بەجێدێڵن، دەچن بۆ لای مام جەلال، کاکە حەمە دەڵێ "من ئەوەندە سەرنجی مام جەلالم کرد تەنها هەندێک بۆ هێرۆخان ناڕەحەت بوو، بەڵام دەری نەدەبڕی". دەشڵێ زۆرم پێ گوتن کە با هێزەکانیان لە بێستانە و حاجی یوسف نەمێنێتەوە، ئەوێ جێی شەڕ نییە، با بێنە هەیبەت سوڵتان بەڵام وایان نەکرد. یەکێتی وای دەزانی کە ڕێککەوتنی عێراق و پارتی بۆ هەموو کوردستانە، بەڵام ڕاستییەکەی تەنها بۆ

هەولێر بوو، بەڵام پارتی غرور بوو، یەکێتیش ڕووخا بوو. کاکە حەمە دەڵێ "ئەمریکا چرای سەوزی بە عێراق دا بۆ هەولێر و بۆ تەمێ کردنی یەکێتی کە زۆر لەگەڵ ئێران نەڕوات". زیاتر دەڵێ "یەکێتی لە غروری و گوێ نەگرتن و حیسابی نادەقیق لەسەر ئەمریکا و تورکیا و ئەوانە وای دەزانی هەموو شتی کردووە لەسەر خەیاڵ ئەژیا. هێنانی پاسداران غەڵەتی یەکێتی بوو، یەکێتی سەری لە سیاسەتی ناوچەکە دەرنەدەکرد.. هەر ئەمەش یەکێتی توشی ئەو کارەساتە کرد". بەپێی گێڕانەوەکانی کاکە حەمە دوای شکستی یەکێتیش ئێران هەر لەسەر خەت بووە، دوای ئەوەی کاکە حەمە لەگەڵ پارتی کۆدەبێتەوە، بەرپرسانی ئێرانی لە سنە لەگەڵ کاکە حەمە دادەنیشن و ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن کە بۆچی لەگەڵ پارتی دانیشتوون، کاکە حەمە دەڵێ "من بەراستی زۆرم پێ ناخۆش بوو وتم کاکە ئێمە خۆمان بڕیاری خۆمان ئەدەین، وا ئێستاش دەگەڕێمەوە کوردستان نە دژی پارتی دەبم نە دژی یەکێتی". دوای ئەوە قەرارگای ڕەمەزان داوایان لێدەکەن بگەنە نەغەدە بۆ کۆبوونەوەو بەرپرسانی سنەش پێی دەڵێن "هەر چۆنێک بووە مام جەلال ببینە". کە لە نەغەدە بەرپرسانی ئێرانی دەبینێ، پێی دەڵێن "هاوکاری کردنی مام جەلال هاوکاری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە". دوای ئەوە کاکە حەمە بە خەستی بەشداری شەڕی دژ بە پارتی دەکات و هێزێکی ئێرانیش بە تۆپ و ڕاجیمەوە بەشداری شەڕ دەبێت و پارتی دەشکێت تا لەنێوان دیگەڵە و کۆیە سەنگەر لەیەکتر دەگرن.

نوسەر باس لە ناشارەزایی یەکێتی لە سیاسەتی هەرێمی دەکات و دەنووسێ "یەکێتی لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ەوە لە سیاسەتی ئیقلیمی سەری دەرنەدەکرد، چونکە بە دەستی وڵاتانی ئیقلیمیەوە گیرۆدە ببوو". هەروەها دەنوسێ "لە ١٩٩٦/٨/٣١پارتی توانی سوپای عێراق بهێنێتە هەولێر و یەکێتی دەربکات لە کوردستان وەدەری بنێ و تا سەر سنوری ئێران یەکێتی ڕاونا، لە ١٩٩٧دا پارتی توانی قەناعەت بە تورکیا بکات هێز و دەبابە و فڕۆکەی ئێف ١٦ی تورکی و جەندرمەی تورکی بهێنێتە سماقوڵی و قەناعەت بە ئەمریکا بکات دژی هاتنی سوپای تورکی نەبێت، توانی قەناعەت بە ئەمریکا

بکات کە نەوەک هەر بێدەنگ بێت، لە هێنانی سوپای عێراق لەلایەن پارتیەوە بۆ هەولێر، بەڵکو چرای سەوزیشی پێشاندا کە بە ئاسانی یەکێتی دەربکات، بەڵام بۆ چەند سەعاتێک جەیشی ئێرانی کۆشکی سپی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و مەجلسی ئەمنی نێودەوڵەتی بەیانیان دەرکرد و ئینزاری ئێرانیان کرد، بە زوویی کوردستان یا خاکی عێراق چۆڵ بکات، ئەمانە یەکێتی نەیتوانی قەناعەت بەو دەوڵەتانە بکات شەڕی نەکەن، پارتی قەناعەتی کرد بەو دەوڵەتانە شەڕ بۆ پارتی بکەن دژ بە یەکێتی. من ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر بەجێدێڵم، ئایا قسەی یەکێتیە و پارتی خەیانەتی کردوە یاخود سەردەرنەکردنی یەکێتیە لە سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی؟ یا هێزێکی وەکو یەکێتی لە کوردستان وەدەربنرێت، کام سیاسەتە کە پارتی ڕازی نەبوو یەکێتی لەسەر سنورەکانیش بێت؟ بە ئێرانی دەوت ١٠٠ کیلۆمەتر لە قوڵایی خاکی ئێراندا نەبێت پارتی قبوڵ ناکات بە ڕاجیمەش لە ماڵەکانی ئۆردوگای سەیران بەنی لای بانەی ئەدا، بۆیە من ڕام وایە سەردەرنەکردنی یەکێتیە زیاتر لەوە یەکێتی بە پارتی ئەڵێت خەیانەتە.)

دەستدرێژی کردنی کۆماری ئیسلامی، بۆ ناوچەی ئازادی هێڵی ٣٦ لە باشوری کوردستاندا بە مەبەستی دوورکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەسەڵات کە دەنگی زۆرینەی خەڵکی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا بەدەست هێنابوو، لە ڕاستیدا شەڕێکی ناڕاستەوخۆی ئەمریکا و ناتۆ بوو، دژی باڵی دەسترۆیشتووی یەکێتیی نیشتمانیی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە باشوری کوردستانداو باشوری کوردستانی، تا ساڵی ٢٠١٤، لە دەستیوەردانی ڕاستەخۆی کۆماری ئیسلامی ڕزگار کرد. بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم دەستکەوتی ساڵانی دوایی باشوری کوردستان تا ساڵی ٢٠١٤ کە داعش پەلاماری کوردستانی دا، هی ٣١ی ئاب بوو، و ببوو بە چقڵی چاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بە بەردەوامی پیلانیان بۆ دادەڕشت، تا سەرئەنجام دەستی ڕەشی لە ئاستنی ڕژێمی تایفی شیعەی عێراق و باڵی دەسترۆیشتووی یەکێتی نیشتمانیی هاتەدەر، سەرلەنوێ نەتەوەی کوردی تووشی داماویی کرد. لەو بارەیەوە، دوای خەیانەتی ئەم جارەی باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە کەرکوک، خورماتوو،

جـلـەولا و خـانـەقین و بـەشـێک لـە نـاوچـە کێشەلـەسـەرەکانیان دایـەوە دەسـت عێراق و ئێران، عەتا سەراوی ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نشتیمانی کوردستان لە دیمانەیەکیدا کە شەوی ٢٠١٧/١١/٧ لە کەنالی NRT بڵاوکرایەوە، گوتی: (ئێمە لە ٣١ی ئابدا پاسدارمان هێنایە سەر هەولێر و ئەمەش ئەمریکای ناچارکرد کە گلوپی سەوز بۆ سەدام حسین پێ بکات تا یارمەتی پارتی بدات و لە هەولێر وەدەرمان بنێت.)

سەراوی دەلێت: (ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکوک هاوشێوەی ٣١ی ئاب بوو، و ئێمەش تولەمان لە پارتی کردەوە و پارتیمان لە کەرکوک وەدەرنا.) چاودێرێکی سیاسی بە ئاژانسی پەیامنێری گوت: (ڕووداوی ٣١ی ئاب و ١٦ی ئوکتوبەر زۆر جیاوازن، چوونکە لە ٣١ ی ئابدا دوای سێ ڕۆژ یەک سەربازی عێراقی و چەکی عێراقی لە هەولێر نەمانەوە و هەموویان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان تانها هاتبوون سوپای پاسداران لە هەولێر وەدەر بنێن، بەلام لە ١٦ی ئوکتووبەر تەنها خەلکی کەرکوک و هێزەکانی یەکێتی لە شارەکەیان دەرکرا و حەشدیش بە ئارەزۆی خۆی لە کەرکوک دەسوڕێتەوە و بە یەکێتی دەلێت بۆتان هەیە ٨ بنکەی ئاسایش لە کەرکوک بکەنەوە و هەر بنکەیەکیش نابێت لە پێنج کلاشنکوف زیاتری تێدا بێت.) ئەو چاودێرە سیاسییە دەڵێت: (عەتا سەراوی زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردوە کە هوکاری ڕووداوەکانی ٣١ی ئاب تەنها هاتنی سوپای پاسدار بووە، بەڵام ١٦ی ئۆکتۆبەر خەیانەتی نەتەوەیی بوو.)

سەرئەنجامی هەموو ئەو خەیانەتانەی کە لە شێوازی پەروەردەکردنەکانی ئیبراهیم ئەحمەدەوە سەرچاوەیان وەرگرتبوو، مام جەلالی ناچار کرد بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕووداوەکانی پێشووتر و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە ڕادەی ئەو زیانانە بگات کە بە کورد و بزووتنەوەکانی گەیاندوە و ڕاشکاوانە پێ لە هەڵەکانی ڕابردووی خۆی لە پێوەندیی لەگەڵ سەرۆک مستەفا بارزانی بنێت و لە لاپەڕەی ٩٩٠ و کۆتایی وتەکانیدا لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ، ڕایگەیاند:

- (یەکێک لە هەڵە گەورەکانی ژیانم تێکدانی پێوەندیم بوو لەگەڵ مەلا مستەفا ڕۆحی شاد و نەدەبووایە بەتەواوی هەموو شتێک لەناوبەرم، چونکە من

لەو ساڵەدا نە ڕەزامەندیم لە سیاسەتی بارزانی هەبوو، نە سیاسەتی کۆمیتەی ناوەندیم قەبووڵ بوو. بە ڕاستی نەدەبووایە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی بە دژی بارزانی بوەستم، چونکە هەردوو سیاسەتم قەبووڵ نەبوو، بەڵکوو دەبوو بێلایەن و سەربەخۆ بمێنمەوە. ئێستاش لەسەر ئەو بیرەم کە گەورەترین هەڵەی ئێمە ئەوە بوو کە پێوەندیمان تێکدا و شەڕێکمان وەڕێخست کە تا چەند ساڵ درێژەی هەبوو. خۆم پێوەندی باش و نزیکم لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، بەڵام بەهۆی قەرار و بریاری حیزبی من ئەوکارەم کرد و تەنانەت بەرلە تێکدانی پێوەندی، خۆی نامەیەکی بۆم نوسی و قسەکانی حەزرەتی "نوح"ی بۆ دووپات کردمەوە کە: "کوڕم هەڵسوکەوتت باش بێ لەگەڵ من و لەگەڵ من سواری کەشتی بە." بەڵام من لەگەڵ حیزب بووم و بە بڕیار و پەسەندکراوەکانی حیزب بەستراببوومەوە، ئەگەرنا باوەڕم بە بڕیار و پەسەندکراوەکانی ئەو ڕۆژەی حیزب نەبوو. بە نادروست و کارێکی بەپەلە و توندڕەوانەم دەزانی و بە کردەوە مستەفا بارزانی بەو شێوەیە لە ڕووبەڕووی ئێمەدا نەبوو.)

ئەوەی سەرەوە، دەقی نوسینی مام جەلالە کە لە کتێبی دوای ٦٠ ساڵ دا تۆماری کردوە، بەڵام هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و بنەماڵەکەی و کۆمەڵیکی تر لە لە یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان کە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزرا، دەستیان لەو دوژمنایەتییە دژی بنەماڵەی بارزانیی هەڵنەگرت و سەرئەنجام خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەریان بەو ڕووداوانەی بەشی دوایی پێکهێنا.

## ڕووداوەکانی بەرلە خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر

پێشکەوتن و گەشەکردنەکانی باشوری کوردستان لە بوارەکانی ئابووریی، سیاسیی، فەرهەنگیی، بازرگانیی، خوێندن و دیپلۆماسییەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریای لە خەو ڕاپەڕاند کە وشیار بن، چونکە بە وتەی خۆیان، خەریکە لە بن گوێیان دەوڵەتێکی چەشنی ئیسرائیل بە پەلە دروست دەبێت. سوریا کە خۆی لەنێو قەیرانی شەڕ و ئاڵۆزیی دایە، نەیتوانی ڕاستەوخۆ دژایەتی باشوری کوردستان بکات، بەڵام ئێران و تورکیا کە ژمارەیەکی زیاتریان کورد و خاکی کوردستان داگیر کردوە، زۆر بە جددی بە فریای دەوڵەتی تایفی عێراق کەوتن کە بە هۆی چەند کوردی فرۆشەوە، کۆدەتا بەسەر باشوری کوردستاندا بکەن. لەو کودەتایەدا، مەبەستی سەرەکیان گەلی کورد بوو لە ژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، وەک دوو هێزی سەرەکی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دا.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا، دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانتان لەگەڵ پارتی دیموکرات بۆ دەرکەوت. لە ڕاستیدا ئەو دژایەتی کردنە، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژی دامەزرانییەوە، لە هەوڵی ناردنی شۆڕشی ئیسلامیی "شیعەی دوازدە ئیمام" دایە بۆ وڵاتانی ئیسلامیی و دراوسێی و هەموو پەروەردە کردنەکانی، پێوەندییەکانی و هاوکارییەکانی لەگەڵ دۆستان، تیرۆریستان و شیعەکان لە دنیا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێتەوە.

لەم سەردەمەدا، کۆماری ئیسلامیی جگە لەو کێشانە، دوو کێشەی بنەڕەتی لەگەڵ پارتی دیموکرات و بنەماڵەی بارزانیی هەیە. یەکەمیان پەیوەستە بە بیری نەتەوەیی و نیشتمانیی پارتی دیموکرات کە هێمای ناسیونالیزمی کوردە و لە کۆنەوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە، بنەماڵەی بارزانیی بە شێوەی بەردەوام لە فیکری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دایە و دووەم کێشەیان بۆ ئەم داخوازەی کۆماری ئیسلامیی لە پارتی دیموکرات دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە پازدە ساڵە ئاراستەی پارتی دیموکراتی کردوە کە

ڕێگـایەکی لـە حـاجی ئـۆمەرانەوە بـۆ زاخـۆ و پێشـخابور بـۆ بکـاتەوە کە بە سمێلکادا پاسدار و کەرەستەی سەربازیی و جەنگی بنێرێتە سوریا و هاوکات لەگەڵ هاوکاریی کردنـی ڕژێمـی بەشار ئەسەد، هاوکاریی حیزبوڵای لوبنان و تیرۆریستەکان بکات لە شەڕەکانیاندا بە دژی ئیسرائیل، کە پارتی دیموکرات ئەو داوایەی بۆ بەجێ نەهێنا.

ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٠، دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام "داعش" کە پانتاییەکی بەرینـی لە سـوریا داگیرکردبـوو، شـاری موسـڵ و چەنـد نـاوچەی سـەربە پارێزگاکـانی سەلاحەدین، دیـالە و کەرکـوکی داگیرکـرد. ئەو ناوچـانە، تێکـڕا نـاوچەی سوننەنشـین بـوون و لـە ئاکامـدا، چەک و جبەخـانەیەکی زۆر کەوتە دەسـت چەکـدارانی داعـش. گوشـار و تونـد و تیژییەکـانی نـوری مـالیکی سـەرۆکوەزیرانی ئەوکـاتی عێـراق و شـیعەکانی لایەنگریـی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامی بۆ سەر سوننەکان، ڕێگای بۆ بەشێک لە سوننەکان خۆشکرد کە لە موسـڵ و جێیەکـانی تـر هاوکـاریی ئەبـوبەکر بەغـدادی سـەرۆکی دەوڵەتـی ئیسلامیی عێراق و شام بکەن و هەر ئەوەش دەستی داعشی کردەوە کە بیرلە داگیرکردنـی پەناتـاییەکی زیـاتر لـە خـاکی عێـراق و نـاوچە کێشەلەسەرەکانی کوردستان بکاتەوە.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا، دوای داگیرکردنـی ئەو ناوچـانەی ئامـاژەم بۆیان کرد، داعش شەوی ٢٠١٤/٨/٣ هێرشی کردە سەر شارۆچکەی شەنگال لە پارێزگـای موسـڵ و کـاتژمێر ١٠:٠٠ ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ شـەنگال و جـادەی چیـای شەنگال و دهۆکی خستە دەست خۆی و گەورەترین تـاوانی دژی کـوردانی ئێـزدی لەو شـارەدا ئەنجامدا. هەزاران ژن و منداڵی کوردی ئێزدی بە بـارمتە گـرت و دەستدرێژی کردە سەر ژمارەیەکیان.

ڕێکخراوی داعش بەوەش نەوەستا، ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٨ خۆی گەیاندە مەخمور، گـوێڕ، جلـەولا و چەنـدان گونـد لـە پارێزگـای کەرکـوک و داگیـری کـردن و تـا ٢٧ کیلـۆمەتری هەولێـر هـاتەپێش کە هێزەکـانی پێشـمەرگە بە هاوکـاریی فـڕۆکە جەنگییەکـانی ئەمریکـا، داعشـیان شـکاند و لـە هەولیـر دووریـان کـردەوە. پێشمەرگە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٩ مەخمور و گوێڕ و ژمارەیەک لە گوندەکانی سەربە

پارێزگــای کەرکــوکی گــرتەوە کە بە نــاوچە کێشەلەســەرەکانی کوردســتان دەناسرێن و پێشتر لە دەست سوپای عێراق دا بوون.

پێشــمەرگە، بە درێژایــی ١٠٥٠ کیلــۆمەتر لە بەرەی شــەڕی داعــش دا بــوو. ئەمریکــا و هاوپەیمانــانی جەنــگ بە دژی ڕێکخــراوی تیرۆریســتی داعــش، بە بۆمبــارانی هەوایــی هاوکــاریی پێشــمەرگە و ســوپای عێراقیــان دەکــرد. هەمــوو لایەکیان دەیانگوت: **(پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا، بە خوێنی خۆی شەڕی هەموو دنیا دەکات.)**

لەو کاتە زۆر هەستیارەدا، کە ڕۆڵەکانی کورد خەریکی شەڕکردن بوون دژی داعش، نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق، بە دروستی بۆ ئەوەی پێشمەرگە بشکێت و نەتوانێت بەرگری لە خاکەکەی بکات، بودجەی کوردستان و موچەی کارمەندان و پێشمەرگەکانی کوردستانی بڕی و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لەو چەکانەش کە هاوپەیمانــان بــۆ پێشــمەرگەیان دەنــارد لە بەغــدا گــل دەدایەوە و ڕەوانەی وەزارەتــی پێشــمەرگەی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتانی نەدەکــرد. ئەو سیاســەتە، دوای نەمــانی مــالیکی لە حوکمــدا و بە دەســەڵات گەیشتنی عیبادییش بەردەوام بوو. لە ڕاستیدا، هەڵسوکەوتی مالیکی، عیبادی و شــیعەکانی هــاوفیکری کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران لە عێــراق، دژی هەرێمــی کوردستان، لێکۆڵەران و ڕووناکبیرانی کوردی بەو قەناعەتە گەیاند کە داعش دروستکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سوریا و مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراقە، بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەر لەسەر حوکم کە هەموو خەڵکی ســوریا جــگە لە بەشــێکیان لە ســوپا و حیزبــی بەعســدا، بە دژی ڕاپەڕیبــوون. هەروەها، بۆ کز کردن و تەنانەت لەنێو بردنــی عەرەبــی سوننە و لاواز کردنــی کــورد لە باشوری کوردســتان کە نەتوانێت ئەزمــوونەکەی ســەربخات. هەروەهــا ئەو دوو لایەنە نەتــوانن بەربەرەکــانی شــیعەکان بــکەن لە دامەزرانــدنی حکومەتی تایفیی هاوشێوەی ئێران لە عێراق دا.

بەهەر حــاڵ، بڕینــی بــودجە و مــوچەی کوردســتان کێشــەکانی حیزبــی و دەســەڵاتی لە کوردســتاندا بەرینتــر کــردەوە و پەرەی بە دژایەتــی کردنــی ڕێکخــراوە تونــدڕەوەکان و کەســانی تەنــدڕەو دا کە دژی دەســەڵاتی ڕێــزدار

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوەستن. ئالا هەڵگری ئەو دژایەتی کردنانە، باڵێک بوو لە یەکێتی نیشتمانیی و نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان کە قوتابیانی سەردەمی ئیبراهیم ئەحمەد بوون لە شۆڕشی ئەیلولدا و ئەو پەروەردەی کردبوون، لەگەڵ عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کە بە درێژایی ژیانی سیاسیی بەستراوەیی بە ڕژێمەکانی عێراق و ئێرانەوە هەبوو.

ئەوانە، کۆمەڵێکی زۆریان لاوی کەمئەزموون لە زۆنی سەوز و نیلی لە دەوری دروشمی توندڕەوانە و بێواتا کۆکردبۆوە. بە دروستی، لە دیدی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەیری هێمای ناسیونالیزمی کورد، واتا سەرۆک مەسعود بارزانی و پارتەکەی و بنەماڵەکەیان دەکرد و هەر دەنگۆیەک دژی بنەماڵەی بارزانی لە ئێران بڵاودەکرایەوە، ڕۆژی دوایی دەیانکرد بە مانشێتی ڕۆژنامەکانیان و پێی بەرنگاری حکومەت دەبوونەوەو بە بەردەوامی لەمپەریان دەخستە بەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەتوانێت ئەرکەکانی بە دروستی بەڕێوەبەرێت. ئەوەندە، دوژمنایەتی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانیان نەدەکرد، کە دژی ئەو حکومەتە بوون کە خۆیان بەشدار بوون تێیدا و نە ئەوە بوو کە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەجێبهێڵن و زەمینەی هەڵبژاردنێکی نوێ خۆش بکەن و نە ئەوەش بوو کە بە دڵێکی پاک و سادقانەی کاری تێدا بکەن.

بەهەر حاڵ، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، سێ باڵی شیعە، سوننە و کورد بڕیاریاندا، بە ڕێککەوتنی پێشوەختە، عێراق بەڕێوەبەرن. بەو ڕیککەوتنە، پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ وەبەر لایەنی شیعە کەوت کە زۆرینەن لە عێراق دا و پۆستی سەرکۆماری عێراق درا بە کورد کە پلەی دووەمی زۆرینەی عێراق پێکدێنێت و سوننەش سەرۆکی پەرلەمانی وەرگرت. لە هەمانکاتدا پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش کە دەنگی زۆرینەی گەلی کوردستانیان هەبوو، ڕێککەوتن کە جەلال تاڵەبانی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق وەربگرێت و مەسعود بارزانی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ئەو ڕێککەوتنە، درا بە پەرلەمانی کوردستان و

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، بە زۆربەی دەنگی پەرلەمانتاران، ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی وەرگرت.

لە ڕەوتی ئەو خولەی پەرلەماندا، ڕێکخراوەکانی دژی پارتی دیموکرات، پێیان داگرت کە لە هەڵبژاردنی خولی داهاتووی پەرلەماندا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. ئەوان دەیانگوت، چونکە پارتی و یەکێتی دەنگی زۆرینەی پەرلەمانیان لەگەڵە، بارزانی سەرلەنوێ بە پشتیوانیی دەنگدەران، دەبێتەوە بە سەرۆکی هەرێم. بارزانی پێشوازیی لە ڕای ڕێکخراوەکانی دژ بەخۆی کرد. کەچی، چونکە بە شێوەیەکی شایستە ئەرکی خۆی بەڕێوەبردبوو، زیاتر لە ٧٣%ی دانیشتوانی کوردستان لە هەڵبژاردندا، دەنگیان بە سەرۆک بارزانی دایەوە و ئەو بۆ جاری دووەم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩- ٢٠١٣دا، لە پۆستەکەیدا مایەوە.

ساڵێک بەرلە تەواوبوونی ئەرکەکەی، سەرۆک دوو جار پەرلەمانی کوردستانی ئاگادار کردەوە کە ئەرکەکەی بەکۆتا دەێت و بڕیار بدەن بۆ دانانی سەرۆکێکی نوێ بۆ کوردستان، هەڵبژاردن بکەن، یان خۆتان کەسێک لە حیزبەکان بۆ ئەم پۆستە دیاریی بکەن. چونکە هیچکام لە حیزبەکان، کاندیان نەبوو، پەرلەمانی کوردستان ناچار بوو دوو ساڵ تەمەنی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی درێژ بکاتەوە. درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی ڕێزدار بارزانی بوو بە خۆراکی پروپاگەندەی ژاراوی حیزبەکانی دژ بە پارتی دیموکرات.

ساڵی ٢٠١٥، شەڕ و بەربەرەکانی پێشمەرگە بە مەودای ١٠٥٠ کیلۆمەتر دژی داعش بەردەوام بوو، و لەو حاڵەتەدا دیسان مەسعود بارزانی پەرلەمانی کوردستانی وشیار کردەوە کە کەسێک بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان دەستنیشان بکات، بەڵام ئەم جارەشیان، هیچکام لە حیزبەکان، کاندیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی نەبوو، و لە ڕاستیدا لەو دۆخە زۆر دژوارەدا، کە بارزانیی بە بەردەوانی لە بەرەکانی شەڕ بوو، هیچ حیزبێک زاتی نەبوو، و نەیاندەوێرا ئەو بەرپرسایەتییە گەورەیە بخەنە سەرشانی خۆیان و کوردستان و بەرەکانی شەڕ بەڕێوەبەرن. پەرلەمانیش هیچ سەرکردەیەکی گیانفیداتری لە بارزانی نەدۆزییەوە کە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و فەرماندەیی پێشمەرگەکانی

پێبسپێرێت. لەبەر ئەوە، پەرلەمان سەرلەنوێ نەیتوانی کەسێک بۆ جێی مەسعود بارزانی بدۆزێتەوە و ناچار بوو، دوو ساڵی تریش تا ٢٠١٧/١١/١، ئەرکی سەرۆکایەتی بەڕێزیان درێژ بکاتەوە.

ڕۆژی ٢٠١٧/٧/١٢، سەرۆک بارزانی داوایکرد لە سەرەتای مانگی ١١ی ٢٠١٧دا هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم بەیەکەوە بەڕێوەبچێت کە ئەم جارەیان کودەتا و خەیانەتی باڵێک لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦دا، هەموو ڕیسەکانی کردەوە بە خوری.

ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٤، پەرلەمانی کوردستان ناچار بوو بۆ ماوەی دوو خولی یاسایی واتا هەشت مانگ، تەمەنی خۆی و سەرۆکی هەرێم درێژ بکاتەوە و دوای هەشت مانگ، هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم بەڕێوەبەرێت، کە سەرۆک بارزانی قبووڵی نەکرد چیتر ماوەکەی بۆ درێژ بکرێتەوە و ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٨، بەم نامەیەی خوارەوە بۆ پەرلەمان، ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێمی بە سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکار و دادوەریی سپارد کە ئەوان بە ئەرگی سەرۆکی هەرێم ڕابگەن:

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم

بەپێی فەرمانی هەرێمی (١٢٨) لە ٢٠١٧/٧/١٢ داوامان کردووە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم لە ڕۆژی (٢٠١٧/١١/١) ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی و ئەمنی و تەکنیکی و نەبوونی کاندید، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی ئامادەکارییەکان بۆ هەردوو هەڵبژاردن هەڵپەسێردرا.

لە (٢٠١٧/١٠/٢٤) پەرلەمانی کوردستان تەمەنی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی بۆ ماوەی دوو خولی یاسادانان درێژکردوەتەوە.

سەبارەت بەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لە دوای ٢٠١٧/١١/١ بەردەوام بوونم لەم پۆستە ڕەتدەکەمەوە و نابێت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکرێتەوە، یان تەمەنی سەرۆکایەتی هەرێم درێژ بکرێتەوە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات

کۆببنەوە بۆ ئەوەی بۆشایی یاسای لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دروست نەبێت و ئەم بابەتە چارەسەربکرێت.

منیش وەکو مەسعود بارزانی پێشمەرگە، لەناو جەماوەری گەلەکەمان و پێشمەرگە ئازیزەکان لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و پارێزگاری کردن لە دەستکەوتەکانی میللەتەکەمان بەردەوام دەبم.

مەسعود بارزانی ٢٠١٧/١٠/٢٨

ڕێگەنەدانی مەسعود بارزانی، بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، دەنگوباسی زۆر و زۆر بەرزی لە جیهاندا لێکەوتەوە. کوردی ناوخۆ و تاراوگە، سەرۆک و کۆنگرێسمان، پەرلەمانتار و بەرپرسانی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا، سەرۆک بارزانییان بە هێمای نەتەوەیی کوردستان ناساند و کۆمەڵێکی زۆر ڕایانگەیاند: (هەرکاتێک بیری نەتەوەیی کورد سەرهەڵدەدا و بەهێز دەبێت، داگیرکەرانی کوردستان کە دەیان کێشەیان بەیەکەوە هەیە، بۆ تێکشکاندنی کورد یەکدەگرنەوە.)

لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩دا، پەرلەمانی کوردستان نامەکەی سەرۆک بارزانی خوێندەوە کە تێیدا ڕایگەیاندبوو، ئامادە نییە لە پۆستەکەیدا بەردەوام بێت و وەک پێشمەرگە بەردەوامی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات، پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی بە پێی یاسا دابەش و پەسەند کرد. لەو بارەیەوە پەرلەمانی کوردستان ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

بۆ/ زۆر بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی

سڵاو و ڕێز.....

دوای گەیشتنی نامەی جەنابتان لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٨، لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٩ پەرلەمانی کوردستان ناوەڕۆکەکەی خوێندەوە.

پەرلەمانی کوردستان بە گرینگەوە دەڕوانێتە پێشنیارەکەتان سەبارەت بە "ڕەتکردنەوەی بەردەوام بوون لە پۆستی سەرۆکی هەرێم و هەموارنەکردنی

یاساکە بۆ ئەو مەبەستە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی دیکە". هەر بۆیەش سەرجەم ڕێکارە یاساییەکان لەبەر ڕۆشنایی نامەکەی جەنابتان تەواوکران و یاساکەش پەسەندکرا.

ئەم بڕیارە مێژووییەتان بۆ ڕێزگرتن لە یاسا و پرەنسیپی دیموکراسی و قوربانیدان لە پێناوی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بەرز دەنرخێنین، بەتایبەت لە هەلومەرجێکی وەک ئێستادا کە نەتەوەکەمان و هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت.

بەڕێزتان ئاماژەتان پێکردوە وەک پێشمەرگەیەکی گیان فیدای خاک و گەلەکەمان و بەردەوام دەبن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر پێشهاتێک کە دێتە بەردەم گەلەکەمان، بۆیە ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان ئەم بڕیارە کۆتاییەتان بەرز دەنرخێنین و دڵنیاین جێهێشتنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم بەڕێزتان لە بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناغە دوور ناخەتەوە و وەک چۆن ژیانی خۆتان بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمان تەرخان کردوە وەک پێشمەرگەیەک کە بەرزترین پایەی خەباتە و هەوڵەکانی بەڕێزتان بۆ بەدیهێنانی خواستی گەلەکەمان لە مافی چارەی خۆنوسین و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا و پاراستنی ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان و دامەزراوەکانی و سەرپەرشتی کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بە گژدا چوونەوەی تیرۆرستان لە جەنگی دژی ڕێکخراوی تیرۆرستی "داعش" هەمیشە بە گەشاوەیی دەمێنێتەوە و وەک یەکێک لە دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان لێ دەڕواندرێت. لە کۆتاییدا پەرلەمانی کوردستان وێڕایی دەربڕینی ڕێز و پێزانین بۆ خەبات و ماندووبونتان زۆر بە گەورەییش دەڕوانێتە نامەکەتان و بۆ ئاییندەش هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین لە ئەرکی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا.

لەگەڵ ڕێزدا : پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

٢٠١٧/١٠/٢٩

بە دوای ئەو ڕووداوەدا، هەر یەک لە وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا، بە گرنگییەوە باسیان لە ڕۆڵی بارزانی لە ڕابردوودا کرد و وازهێنانیشیان لە

پۆستەکەی بە شێوەیەکی دیموکراتییانە بەرز نرخاند. لەم بارەیەوە وەزارەتی دەرەوی ئەمریکا ڕایگەیاند: **(ستایشی بڕیاری مەسعود بارزانی دەکەین، سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتی.)** وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاگەیەندراوەکەدا دەڵێت: **(سەرۆک بارزانی سەرکردەیەکی مێژوویی و ئازای خەڵکی کوردستانە. هەروەها سەرکردەیەکی شەڕی دژە تیرۆریشە. ئەم بڕیارەی نیشانی دەوڵەتداری بارزانییە. لە کاتێکی سەختدا.)** هەروەها دەڵێت: **(ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئومێدی ئەوەیە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆک وەزیران بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکەن، ئێمەش هەرێمێکی کوردستانی بەهێزمان دەوێت لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتدا ئەمەش بۆ سەقامگیری ماوە درێژ پێویستە بۆ تێکشکاندنی داعش.)** لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: **(داوا لە هەموو پارتە کوردییەکان دەکەین پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی هەن و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٨.)**




هەموو وڵاتانی دنیا دەزانن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی مەسعود بارزانی، ئەستورەی داعشی تێکشکاند و سەرۆک و نوێنەری هەموو دەوڵەتان دەهاتن بۆ کوردستان و سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان دەکرد. لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا کە بۆ کورد ڕەخسابوو، و ناسیۆنالیزمی کورد، یەک بە یەک لەمپەرەکانی دەخستە پشتسەر، دوژمن خاڵی لاوازی تەواویەتخوازی لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا دۆزییەوە و زەبری کاریی لە نەتەوەی کورد وەشاند. سلێمانیی هەمیشە پێشڕەویان والێکرد کە بڕژێنە نێو شەقامەکان بڵێن "دەوڵەتی کوردی مان ناوێت!!! موچەی فەرمانبەرانمان ئەوێ..."

## گشتپرسی بیانوویەک بۆ خەیانەت

سەربەخۆیی کوردستانی گەورە، یان بەشێکی، ئاواتی سەدان ساڵەی نیشتمانپەروەرانی کوردە. باوکەکانمان خەباتیان بۆ کرد و شەهیدیان بۆ دا، دەیان جار ماڵیان کاولکرا، توشی زیندان و ئەشکەنجە و ئاوارەیی و پاکتاوی نەتەوەیی بوون. کیمیاباران و ئەنفال کران، شۆڕشەکانیان وەستێندرا و سەرلەنوێ خۆشەویستیی ولات، وەسەر پێی خستنەوە. ڕاپەڕین و بزووتنەوەی ناوچەیی و سەرتاسەرییان بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەبرد. پلان و بەرنامەیان بۆ دارشت، بەڵام هێزی داگیرکەری دوژمن بەسەریاندا زاڵ بۆوە و نەیهێشت بە ئاوات بگەن. لە هەمانکاتیشدا، حیزب و گروپی سیاسیی بەناو کورد هەن کە بۆ فریودانی گەل و وەرگرتنی پشتیوانیی لێیان، موزایدە بە سەربەخۆیی کوردستانەوە دەکەن. دروشمی قەبە هەڵدەگرن و دواتر بەرەبەرە لێی پەشیوان دەبنەوە و تەنانەت دژی سەربەخۆییخوازانی کوردستانیش دەوەستن. ئەوانە، زۆرجاران ڕۆڵەی کوردیان بە تاوانی ویستی سەربەخۆییخوازانە گرتووە، لە حیزبەکەیان دەریانکردون و تەنانەت کوشتویانن. تا سەرئەنجام مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧ ئەم داخوازەی بە تیۆری و پراکتیک و پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئاراستەی نەتەوەکەی و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان کرد.

ڕێزدار مەسعود بارزانی داڕێژەری پرۆژەی گشتپرسی بوو، بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ناوبراو بە ئەزموون وەرگرتن لە هەوڵەکانی پێشووی بنەماڵەکەی، لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی دەیان ساڵەدا، ئەندامانی حیزبەکەی بۆ ئەو مەبەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە ئامادە کردبوو، و لە دەرەوەی حیزبەکەشیدا نەیدەشاردەوە کە: **(نەتەوەی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی خاوەن دەوڵەت، مافی ڕەوای خۆیەتی سەربەخۆ بێت و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت.)**

لە پرۆسەی کارکردنی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بارزانی بەو ئاکامە گەیشت کە وەک بەشێک لە نەتەوەکانی جیهان کە بە ڕێگای گشتپرسی و

پرسیار کردن لە نەتەوەکەیان بە سەربەخۆیی گەیشتوون، کوردستانیش بەو ڕێگا یاسایی، دیموکراتیی و ئاشتیانەیەدا، بە دەنگی ئازادیی گەل بە سەربەخۆیی بگات. بەو هەنگاوە، بارزانی هەوڵدانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە مافێکی سیاسیی و حیزبییەوە گواستەوە بۆ مافی تاک و مرۆڤی کورد. واتا، بە گوێرەی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەبێ چاولێکردن لە تەمەن و ڕەگەز و شوێنی ژیانی، هەموو مرۆڤێک و هەموو کوردێک مافی خۆیەتی سەربەخۆ بێت و لە وڵاتێکی سەربەخۆدا بژی. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی هەوڵدانی بۆ سەربەخۆیی لە مزایدەی سیاسیی و حیزبایەتی دەرخست، بۆ بزاڤێکی نوێی تاکی کورد کە لە هەرجێیەکی ئەم دنیایە بێت بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی هەوڵبدات.

پێشتر گوتم، ڕۆژی ٢٠١٧/٦/٧، پازدە ڕێکخراوی سیاسی بە سەرۆکایەتی بارزانی کۆبوونەوە و بڕیاریاندا ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ لە باشوری کوردستان گشتپرسییەکی دیموکراتیی و سەرتاسەری بکرێت کە لەودا گەلی کوردستان سەبارەت بە چارەنوسی خۆی بڕیار بدات کە ئایا دەیەوێت لەگەڵ عێراق بمێننەوە، یان وڵاتەکەیان سەربەخۆ بێت. ٣٦ ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا، ڕۆژی ٢٠١٧/٧/١٧ لیژنەیەک ڕەوانەی تاران بکات. بەرلە چوونی ئەو لیژنەیە بۆ ئێران، مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی کە خۆی یەکێک بوو لە بڕیاردەرانی گەشتپرسی، ڕۆژی ٢٠١٧/٧/١٣ کۆبۆوە و بەبێ هیچ ناوهێنانێک، بەشدارییکردنی لە ڕیفراندۆم بە کاراکردنەوەی پەرلەمان و پەسندکردنی یاسای گشتپرسی لەلایەن پەرلەمانەوە بەستەوە و ڕایگەیاند:

**(بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی، کۆبونەوەی ئاسایی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی بەڕێوەچوو. لە کۆبونەوەکەدا، دۆخی کوردستان و عیراق و سەرکەوتن بەسەر داعش و پێشهاتەکانی تری ناوچەکە تاوتوێکران. سەرەنجام کۆبونەوە بڕیاردرا:**

یەکەم/ یەکێتی پابەندی ریفراندۆمە بەپێی ناوەرۆکی دوا کۆبونەوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، پێداگری دەکات لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەرکردنی یاسای ریفراندۆم.

دووەم/ وەفدێک پێکهێنرا بۆ سەردانیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لە سەردانی وەفدی یەکێتی بۆ دەوڵەتانی ئیقلیمی بە ئامانجی گفتوگۆکردن لە بارەی ریفراندۆم و دۆخی ئابوری و کێشەی گرتنەوەی ئاوی زێ و ڕوبارەکان و هەندێ پرۆژەی بازرگانی و ئابوری، کە بڕیاربوو لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە جێ بەجێ بکرێ.)

وەفدی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتە تاران و ڕۆژی دوو شەممە ٢٠١٧/٧/١٧ لەگەڵ "عەلی شەمخانی" ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران و چەند بەرپرسی تری کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبۆوە و سەبارەت بە بارودۆخی عیراق و ناوچەکە گفتوگۆیان کرد. ئاژانسی مێهر-ی ئێرانی لەوبارەیەوە بڵاویکردەوە: (سەرەتا عەلی شەمخانی سەرکەوتن بەسەر داعش و ڕزگارکردنەوەی موسڵی بە نیشانەی ئایندەیەکی باشتر بۆ عیراقێکی یەکپارچە لەقەڵەمدا) گوتیشی: (عیراقێکی ئارام و جێگیر و یەکگرتوو دابینکەری ئاسایش و پێشکەوتنە بۆ عیراق و وڵاتانی دۆست و دروایێ و دەبێ پشتیوانی لە عیراق بکەن.) ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران سەبارەت بە ڕێوەچوونی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان گوتی: (ئەگەرچی لەوانەیە بەڕەواڵەت ئەم بابەتە سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی گۆشەگیری و گوشار بۆ سەر کوردەکانی عیراق و لاوازبوونی کوردستان.) شەمخانی ڕاشیگەیاند: (بەدواداچوون بۆ بابەتی بەرێوەچوونی ریفراندۆم و دروستکردنی لێکترازان لەناو گەلی عیراق بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ویستی ڕاستەقینەی خەڵک و سیاسەتی بەرپرسانی عیراقی یەک ناگرێتەوە.)

دوای گەڕانەوەی وەفدی یەکێتی لە تاران، ئەم جارەیان یەکێتی مام جەلالی بردە ئێران و دوای گەڕانەوەی لە تاران، مەقۆ مەقۆکانی دژ بە گشتپرسی کوردستان لە ڕیزەکانی یەکێتیی[1] و بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بەرز بۆوە. هاتووچۆ و کۆبوونەوە لە نێوان بەرپرسانی عێراق، ئێران و تورکیا بە چڕی ئەنجامی گرت و هەرسێ دەوڵەت دژی گشتپرسیی باشوری کوردستان هەڵوێستیان وەرگرت. ڕۆژنامەکانی ئەو سێ دەوڵەتانە و بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرنگییەکی تایبەتیان بە گشتپرسی کوردستاندا و بە هەڕەشەی توند خەریکبوون ڕێگە لە گشتپرسی بگرن. لە سلێمانی ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی و باڵێ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و هەندێک کەسی هەلپەرست، دژی ڕیفراندۆم هەڵسوڕان و تەلەفزیۆنەکانی گەلی کوردستان، NRT و KNN بە هێنانی کەسانی نەزان و جنێوفرۆش بۆ سەر شاشەکانیان، دژی گەشتپرسی دروشمیان دەدا و ڕایاندەگەیاند: **(پارتی دیموکرات و مەسعود بارزانی دروشمی گشتپرسیی وەک موزایدەیەکی سیاسی بۆ داپۆشین و شاردنەوەی گەندەڵکارییەکانیان بەکار دێنن.)** یەکێک لەو جنێوفرۆشە ناسراوانە، شەوێک لەسەر شاشەی NRT خۆی سورهەڵگەڕاندبوو، و دەیگوڕاند: **(پارتیو مەسعود بارزانی درۆ دەکەنو تەنانەت ئەگەر کاتژمێرێکی کات بۆ ڕێفراندۆم مابێت، هەڵیدەوەشێننەوە و ئەگەر ڕاست بکەن و ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، من دەچم دەستی کاک مەسعود ماچ دەکەم.)** ڕیفراندۆم کرا و ٩٢:٧٣% دەنگی دانیشتوانی کوردستانی بۆ سەربەخۆیی هێنایەوە و ئەو نەزانە بەردەوام بوو لە جنێوەکانیدا.

مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە وتارێکیدا کە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٧/١١/٢٧ لە ڕۆژنامەی چاودێر بڵاویکردەوە، سەبارەت بە گشتپرسی کوردستان دەڵێت: **(دوای کاردانەوەی دەوڵەتانی جیهان و دەوڵەتانی ئیقلیمی و کارەساتی کەرکوک، دارمانێکی دەرونیی چاوەڕوان نەکراو هاتووەتە ئاراوە، لەژێر کاریگەرییەکانیدا بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی و لایەنەکان هەر وەکو نە**

بایان دیبێ و نە باران، خۆیان وا پێشاندەدەن کە لە نووکەوە تا کۆتایی، گشتپرسییان قبوڵ نەبووە. ئەمەش سەراپا پێچەوانەی ڕاستییەکانە. بەندە، دەتوانم بە ڕەهاییەوە بڵێم یەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش نادۆزیتەوە دژی گشتپرسی بووبێ، واژۆی هەموویانم لەلایە.)

ناوبراو لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت: (دوو مانگ بەسەر گشتپرسیدا تێپەڕێ، هێشتا دووکەڵی پیلانگێڕی ڕەش ڕەش ئاسۆی ڕاستییەکانی لەنێو حکومەت و یەکێتی داپۆشیوە. هەڵبەتە نە لەنێو کورددا کێشەی حکومەت و نە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەدوای گشتپرسییەوە دەست پێدەکەن، نە تەنگژەی یەکێتیش زادەی گشتپرسییە. هەموو ئەوانەی پێیانوایە حکومەتەکەمان و ئەزموونەکەمان، لە عێراق و باشوری کوردستاندا تەنیا گشتپرسی گەیاندویەتییە ئەم دۆخە نالەبارەی ئێستا، لەگەڵ ویژدانی خۆیان و ڕای گشتی ڕاست ناکەن. ئەوانەی پێشیانوایە دۆخی نێو یەکێتی لە دوای گشتپرسی گەیشتووەتە پیلانی شەممەی "٤/١١-٢٠١٧"، ئەمانەش دەیانەوێ مەرامە جۆراوجۆرەکانی جەمسەرەکانی نێو یەکێتی داپۆشن.)

هەر پەیوەست بە گشتپرسی نوسیویەتی: (ئەگەر باوەڕ ناکرێ هەموو سەرکردەکانی یەکێتی لەگەڵ گشتپرسی بوون، ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان بخوێننەوە، بە ڕاشکاوی باسی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان کراوە. ئەگەر ئەمەش کۆن بووبێ، ئەوەی گومانی هەیە، با نەخشە ڕێگاکەی یەکێتی بۆ پارتی بخوێنێتەوە. بزانن چۆن باس لە گشتپرسی و سەربەخۆیی و باس لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکانیش کراوە. ئەگەر هەبێ دڵی بەمانەش ئاو نەخواتەوە، با ڕاگەیەندراوی دوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پێش ئەنجامدانی گشتپرسی لە ٢٠١٧/٩/٧ و ٢٠١٧/٩/٢٣ بخوێنێتەوە و دیقەت بدات، ئایا یەکێتی ملیمەترێک لە گشتپرسی و سەربەخۆیی پاشەکشەی کردوە. لەو ماوە دوور و درێژەش، یەک ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نییە پێش گشتپرسی وتارێکی دژی گشتپرسی نوسیبێ، یان لێدوانێکی دژی گشتپرسی دابێ. بۆ؟ چونکە لە کۆبوونەوە ڕەسمییەکاندا، دەنگیان بە گشتپرسی داوە. تەنانەت ئەگەر بۆچونی

جیاوازیشمان لەسەر بەدیلی گشتپرسی و نەکردنی گشتپرسی لە کەرکوک هەبووبێ، مەکتەبی سیاسی جەختی کردوەتەوە کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی ئەم ئەرکە ئەنجام بدرێت، نەک بە جیا وەکو یەکێتی.)

بە ڕای مەلا بەختیار گشتپرسی خەیانەت نییە و یەکەمین ئەزموونی دیموکراسییە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستاندا گەلێکی ستەم لێکراو ئەنجامی دابێ. دەشڵێت: (ئێمە وەکو مافی دیموکراسی باوەڕمان بە گشتپرسییە و هەڵەمان نەکردوە، بەڵام لە خوێندنەوەی هاوکێشەکان و تەرازوی هێزی ناوچەکە و دونیا، لیژنەی باڵای ڕیفرادۆم بەهەڵەدا چوو. وەکو یەکێتی لە خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان و کاردانەوەکانیشدا لە کۆبوونەوە داخراوەکان و کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ڕیفراندۆمدا، بەهەڵە نەچووین، بەڵام هەڵوێستە دروستەکانمان، پاڵی پێوەنەناین لەنێو ڕای گشتی گەلەکەمان دژی گشتپرسی هەڵوێست وەربگرین، هاوسەنگییەکەمان لەنێوان کۆبوونەوەکان و هەست و هەڵوێستی ڕای گشتیدا ڕاگرت.)

بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی باسی ئەوەشی کرد کە لە هیچ کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی نەگوتراوە یەکێتی لە بڕیاری لایەنە سیاسییەکان دوور کەوێتەوە و گوێ نەداتە ئەنجامی لێکترازانی هێزە کوردستانییەکان و دەڵێت: (هەموو ئەوانەی ئەیانەوێ ئەنجامی گشتپرسی لە ئۆباڵی شاندی دانوستانی یەکێتی بئاڵێنن، ڕۆژێکی نزیک دێ بەڵگەنامەکان بە واژوی خۆیان بڵاودەکرێنەوە و ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی ساخدەکرێنەوە.)

بەهەر حاڵ، یەکێک لەو کەسانەی پەرەی بە کێشەکان دا، "برێت مەکگورک"، نوێنەری تایبەتی ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بوو لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە گوتی: (ئەمریکا لەگەڵ گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان نییە.) خایین و بەکرێگیراوەکان، ئەو گوتنەی مەکگوریان کردە بیانوو بۆ دوژمنایەتی کردنی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

سەرئەنجام، بە هەوڵی هەمەلایەنەی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان "باڵی کەمینە"، یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی

ئیسلامی، پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستانی، حیزبی زەحمەتکێشان کوردستان، بەرەی تورکمان و کەمایەتییەکانی کریستیان، کاتژمێر ١٩:٠٠ی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٥، پەرلەمانی کوردستان بە بەشداریی ٦٨ ئەندام لە ١١١ ئەندام، بە سەرۆکایەتی دوکتۆر جەعفەر ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە و سەبارەت بە گشتپرسی بڕیاریدا و ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

- دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان تایبەت بەپرسی ڕیفراندۆم و مافی چارەی خۆنووسین بەڕێوەچوو کە لەسەر داوای ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و ٦٨ پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەکە بوون. سەرەتای دانیشتەکە بە دەقیقەیەک وەستان بە بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستیپێکرد. بۆ پڕکردنەوەی شوێنی سکرتێری پەرلەمان تایبەت بە دانیشتنە نائاساییەکە، بەپێی مادەی (٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن سەرۆکی دانیشتنەکە پێشنیازکرا خاتوو بێگەرد تاڵەبانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان وەک سکرتێری کاتیی پەرلەمان دەستنیشان بکرێت و ئەو پێشنیازەشی بەتێکڕای دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسندکرا.

پاشان جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە وتەیەکی کورتدا ئاماژەی بەوەدا کە خوازیاربوون ئەو دانیشتنە نائاساییە بە ئامادەبوونی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەتایبەتی فراکسیۆنەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئەنجام درابایە، بەڵام دانیشتنەکەی بە سەرەتایەکی باش زانی بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی پەرلەمانی کوردستان.

هەر لە وتەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان کرد کە بەخوێنی خۆیان پارێزگارییان لە کوردستان کردو ڕۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی لە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بەرز نرخاند، هەروەها سڵاوی بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ناردو ڕۆڵی ئەوانی لە گەیشتن بەو ڕۆژە بەرز نرخاند.

هەروەها سوپاسی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد بۆ ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە لە پاراستنی کوردستان و شەڕی دژ بە داعش نواندییان و پەیامێکیشی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی بەغدا کرد و ڕایگەیاند: "حەز دەکەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا ئاسایی بێت و زمانی هەرەشە کردن جگە لە خزمەتکردن بە داعش و دوژمنانی عێراق خزمەت بەهیچ لایەکی دیکە ناکات".

دواتر سکرتێری کاتیی پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ گەلەکەمان لە قەڵەمدا کە تونرا دوای ئەو ماوەیە زۆرە پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە و بۆ پرسێکی ئاوا گرنگ و چارەنووسساز کۆببێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وەک سەرۆکی دانیشتنەکە داوای لە لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان کرد بێنە شوێنی تایبەت بەمەبەستی ڕاوێژکردن دەربارەی دارشتنەوەی یاسایی خاڵەکانی پرۆژەی ڕاسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان.

پاشان لەلایەن سەرۆک و نوێنەری فراکسیۆنەکانی ئامادەبوو لە دانیشتنەکەدا، وتاری فراکسیۆنەکان خوێندرایەوەو تێیدا باسیان لە پێویستیی کاراکردنەوەی پەرلەمان و ڕۆڵ و هەوڵی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە نزیک کردنەوەی لایەنەکان و یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد بەرز نرخێندرا و جەخت لەسەر پێویستیی بەشداریی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لە دانیشتنەکان کرایەوەو پشتیوانیی خۆیان بۆ پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دووپات کردەوەو ڕۆڵی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پارێزگاریکردن لەخاکی کوردستان بەرز نرخێندرا.

هەروەها بەشێک لە پەرلەمانتاران داواشیانکرد دانیشتنەکانی پەرلەمان لە ئایندەدا بەردەوام بن و پێشنیازیشکرا دانیشتنی داهاتوو دەربارەی پێداچوونەوە بەسیستمی مووچەو سیستمی پاشەکەوتی مووچە بێت.

دوای وەرگرتنی ڕای سەرۆک و نوێنەری فراکسیۆنەکانی ئامادەبوو لە دانیشتنەکەدا، لەسەر داوای دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکە، پەرلەمانتار

ڤالا فەرید سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان تەواوی خاڵەکانی پرۆژەی ڕاسپاردەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆ پەرلەمانتاران خوێندەوەو دواتر خرایە دەنگدانەوە و لەکۆی ٦٨ پەرلەمانتار بەدەنگی ٦٥ پەرلەمانتار پەسندکرا. ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان لە پێنج خاڵ پێکهاتوون و بەمشێوەیە بوون:

یەکەم: پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ڕادەسپێرێت کە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ڕاپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدات.

دووەم: پەرلەمانی کوردستان سەرجەم ئەو ڕێکارانە پەسەند دەکات کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتوویانەتەبەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی ڕیفراندۆم.


سێیەم: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، سەبارەت بەمیکانیزمە یاساییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشت دەبەستێت بە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارەی (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، هەروەها یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارەی (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)، هەر یاسایەکی دیکەی پەیوەندیدار.

چوارەم: پەرلەمانی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرپشک دەکات بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکار و بڕیارێک بۆ دەستەبەری مافی چارەنووس و تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان، بە جۆرێک لە پرسە چارەنووسسازەکاندا بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیش ڕادەسپێرێت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەم لایەنانە.

پێنجەم و کۆتایی: ئەو ڕاسپاردانەی لە خاڵەکانی سەرەوەدا هاتوون، تایبەتن بە ڕیفراندۆمی ڕاگەیاندراو لە ٢٠١٧/٩/٢٥.

گشتپرسی، بەو بڕیارەی پەرلەمان کە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی بەشدارییان تێدا نەکرد، لە ٢٠١٧/٩/٢٥دا بەڕێوە چوو. لە لاپەڕەکانی

پێشوودا ئاکامەکەتان بینی. ڕۆژی ٢٢/١٠/٢٠١٧، فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو چەند ئەندامیتری سەرکردایەتی یەکێتی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان پێکهێنا و میدیای فەرمی یەکێتی دەقی ئەو پرۆژەیەیان بڵاوکردەوە کە ٣٨ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چوار خاڵدا و لە ژێر ناوی **"ڕوون کردنەوەیەک لە بەشێک ئەندامانی سەرکردایەتییەوە"**، ڕۆژی ١٥/٩/٢٠١٧ ئاراستەی کۆبوونەوەکەی دوکانیان کردبوو. لە پرۆژەکەدا هاتووە **(لە دوای زیادبوونی هەرەشەکانی عێراق و هێرشکردنە سەر شاری کەرکوک و ڕاگرتنی هێرشە چاوەڕوانکراوەکە، لە هەوڵێکدا بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر و جارێکی تر بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر و دواتر هاتنە ئارای هەوڵەکان بە مەبەستی بەرگرتن لە هێرشکردنە سەر کەرکوک و ناوچەکانی تر، لە هەوڵێکی بەرپرسانەو خەمخۆرانەدا ئیرادەیەک و کۆدەنگییەک دروستبوو کە ٣٨ هەڤاڵ هاوڕابوون و لەماڵی کاک کۆسرەت ئەو پرۆژەیە گەڵاڵە کراو چاپکرا، دوای خوێندنەوە و پێدانی ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆژەکە هەموان واژۆیان لەسەرکرد پەسەندکراو درایە دەستی باڤڵ تاڵەبانی تا بیخاتە ئەجێندای کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی لە دوکان.)**


ڕوون کردنەوەیەک لە بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتییەوە
سەبارەت بە ئیمزای پرۆژەی ڕاگرتنی هێرشی عێراق بۆ سەر کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان
لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا هەندێک لە دەزگا میدیاییەکان بە مەبەست هەواڵێکیان بڵاوکردۆتەوە کە گوایە (٣٨) سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ڕەزامەند بوینە لەسەر ڕادەست کردنی شاری کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان بە هێزە عێراقییەکان
بەم ڕوون کردنەوەیە دەمانەوێت بۆ ڕای گشتی گەلەکەمان ئەم ڕاستییەی خوارەوە بخەینە ڕوو
لە دوای زیادبوونی هەڕەشەکانی عێراق بۆ هێرش کردنە سەر شاری کەرکوک وڕاگرتنی هێرشە چاوەڕوان کراوەکە، لە هەوڵێکدا دووجار بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێرو جارێکی تر ٢٤ کاتژمێرو دواتر هاتنە ئارای هەوڵەکان بە مەبەستی بەرگرتن لە هێرش کردنە سەر کەرکوک و ناوچەکانی تر لە هەوڵێکی بەرپرسانەو خەمخۆرانە دا ئیرادەیەک و کۆدەنگییەک دروست بوو کە ٣٨ هەڤاڵ هاوڕا بوون ولەماڵی (جەنابی کاک کۆسرەت) ئەم پرۆژەیە گەڵاڵە کراو چاپ کرا، وە دوای خوێندنەوەو پێدانی ڕوون کردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆژەکە هەموان واژۆیان کردو پەسەند کراو درایە دەستی هەڤاڵ (باڤڵ تاڵەبانی) تاوەکوو بیخاتە ئەجێندای کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتی وپارتی لە دوکان کە ئەمە خاڵەکانی ناو پرۆژەکە یە:
١- سەرکردایەتییەکی سەربازی هاوبەش لە سنووری کەرکوک پێک بهێندرێت نوێنەرایەتی هێزەکانی ئەمریکاو پێشمەرگەو سوپای عێراقی تێدابێت. ئەرکی سەرەکیان بریتی دەبێت لە دابین کردنی ئاشتی وئارامی لەوناوچانەو بارەگاکەشی لە سەربازگەی کەیوانی شاری کەرکوک بێت
٢- هیچ هێزێکی سەربازی نەهێندرێتە ناوشاری کەرکوک
٣- کێشەکانی نێوان هەرێم وبەغدا لە ڕێگای دیالۆگ ودەستورەوە چارەسەربکرێت
٤- نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا هاوکارو پشتیوان بن بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی سەرەوە
ئەم پرۆژەیەی سەرەوە لە کۆبوونەوەی دوکان خرایە بەردەم ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بەبەشداری جەنابی سەرۆک کۆمارو کاک مەسعود بارزانی. بەڵام بەداخەوە ئەم پرۆژەیەیان بەهەند وەرنەگرت لەکاتێکدا هەریەک لە سەرۆک وەزیرانی عێراق وهاوپەیمانان و ئەمریکاو وڵاتانی دراوسێ پێیان باش بوو
ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەم پرۆژەیە قبوڵ بکرایە ئەم هەموو کارەسات ونەهامەتی و خاك لە دەست دانەمان بەسەرنەدەهات.

١- سەرکردایەتی سەربازی هاوبەش لە سنوری کەرکوک پێکبهێنرێت و نوێنەری هێزەکانی ئەمەریکا و پێشمەرگە و سوپای عێراقی تێدا بێت و ئەرکی سەرەکی دابینکردنی ئاسایش دەبێت و بارەگاکەشی لە سەربازی کەیوانی کەرکوک دەبێت.

٢- هیچ هێزێکی سەربازی نەهێنرێتە ناو شاری کەرکوک.

٣- کێشـەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ڕێگای دیالۆگ و دەستورەوە چارەسەر بکرێت.

٤- نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا هاوکار و پشتیوان بن بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە.

لە کۆتایی پرۆژەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو پرۆژەیە خراوەتە بەردەم ئامادەبوانی کۆبوونەوەکەی دوکان و بە بەشداری فوئاد مەعسوم سەرۆک کۆماری عێراق و بارزانی، بەڵام بە داخەوە پرۆژەکە بە هەند وەرنەگیرا لەکاتێکدا هەریەکە لە سەرۆک وەزیرانی عێراق و هاوپەیمانان و ئەمەریکا و وڵاتانی دراوسێ پێیان باشبووە، بۆیە ئەوان پێیان وابووە کە ئەگەر ئەو پرۆژەیە قبوڵبکرایە ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتی و خاک لەدەستدانە ڕووی نەدەدا.

ئاراستە کردنی ئەو پێشنیازانە، لە کاتێکدابوو کە باڤڵ تاڵەبانی کوڕە گەورەی جەلال تاڵەبانی ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەم ڕایگەیاند بەڵگەنامەیەکی لایە کە لە کۆی ٥٠ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ٣٨ ئەندامیان ئیمزایان لەسەر کردوە کە سوپای عێراق بگەڕێتەوە بۆ بنکەی سەربازی کەیوان و بیکەن بە ناوچەیەکی هاوبەش لە نێوان سەربازانی ئەمریکا و بەریتانیا و هێزەکانی دیکەی هاوپەیمانان و بەشێک سوپای عێراق بۆ شەڕی دژی داعش.

باڤڵ، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەوە تاکە ڕێککەوتنە کە ئەو ئیمزای لەسەر کردوە و ڕێککەوتنەکەش ڕێگەی لەو کارەساتە دەگرت کە لە کەرکوک ڕوویدا و کەرکوکمان نەدەدۆڕاند و توشی ئەو شکستە نەدەبووین، بەڵام بە داخەوە دووبارە سەرکردایەتی کوردستان توانایان نەبوو کە بڕیاری ڕاست بدەن. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ڕیفراندۆم هەڵەیەکی گەورە بوو، ئەوەشی خستەڕوو کە دەبوو پێشنیازی ئەمریکا بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم بۆ ماوەی دوو ساڵ قبووڵ بکرایە و ڕێگری لەم دۆخەی ئێستا بکرایە.

باڤڵ تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ فرانس ٢٤، بە توندی ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە هەندێک لە میدیا کوردییەکان باسی لێ دەکەن کە

ئەو خەیانەتی لە سەرکردە کوردەکان کردوە بەوەی ڕێی بە "میلیشیا شیعەکان و سوپای عێراق" داوە کە دەست بەسەر کەرکوکدا بگرن.

ئەو پڕۆژەیە ئەگەر پەسەند کرابا، جێی گشتپرسی دەگرتەوە کە بە ڕاسپاردەی ئێران و بەغدا و بە دەستپێشخەری باڤڵ تاڵەبانی لەلایەن ئەو ٣٨ ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتییەوە ئامادەی کرابوو.

لە کاتێکدا سەرۆک بارزانی و سەرۆکی حکومەت و حیزبە سیاسییەکان خەریکبوون بە گفتوگۆ و بە شێوەی ئاشتیانەوە ئاکامی گشتپرسییەکەیان لەگەڵ بەغدا دەهێنا گۆڕێ، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٢ پەیامێکی ئاراستەی جەماوەری گەلی کوردستان کرد و گشتپرسییەکەی بە قۆناخێکی تێپەڕبوو ناساند و ڕایگەیاند:

ئاشکرایە کە ئەمڕۆ جەماوەری کوردستان و گەلەکەمان ڕووبەڕووی چەندین قەیران و مەترسی بوەتەوە بەتایبەتی پاش ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە. بە داخەوە ئێستاش کە مام جێی هێشتووین، ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتێکی گەورە و مێژوویی بووینەتەوە.

من لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە لە پێناو پاراستنی ڕێبازەکەیدا و گەڕاندنەوەی ئاشتی و تەبایی بۆ گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بە زووترین کات ئەم هەنگاوانە بنێین. قۆناغی ڕاپرسی و ئەنجامەکانی تێپەڕی و لە پێناو بەرژەوەندی خاک و گەلەکەماندا قۆناغێکی نوێ دەست پێبکەین. ئەوەش بە دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەر کردنی سەرجەم کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و دەستور و مادەکانی بکرێنە بنچینەی گفتوگۆکان. هێور کردنەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی کەرکوک ئامانجی سەرەکیمانە. بۆیە داوا لە هەموو لایەکی پەیوەندیدار دەکەم بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن و بەرژەوەندی خەڵکی کورکوک و ناوچە دابڕاوەکان بخە سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکی دیکە. داوا لە هەموو هێزەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە دان بە خۆیاندا بگرن و بارودۆخی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان ئاڵۆزتر نەکەن و ئارامی و

ئاسایشـی ژیـانی هاووڵاتیـانی پارێزگـای کەرکـوک و نـاوچە دابڕاوەکـان و کوردستان بپارێزن.

هەر شاد و سەرکەوتووبن لە پێناو پاراستن و ئارامی هەرێمی کوردستان و عێراق

٢٠١٧/١٠/١٢

هەرلەو بـارەیەوە، باڤـڵ تاڵەبـانی بەرلە گشتپرسـی نوسـراوەیەکی لە لاپەڕەکەی خۆیـدا لە تـۆڕی کـۆمەڵایەتی فەیسـبوک بڵاوکـردەوە کە ڕێفرانـدۆم ناکرێـت، بەڵام چـونکە ڕەخـنەی تونـدی لێگیـرا، نوسـینەکەی هەڵگـرت و ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٣ ئەم بەیاننـامەیەی خـوارەوەی لە جـێ دانـا. سـایتی جـام کـوردیی دەقی بەیاننامەکەی بڵاوکردەوە و نوسی:

لە ڕاگەیەنداراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ جام کوردی نێردراوە، نوسینگەی باڤڵ تاڵەبـانی گوتـوویەتی: **(دوای ئەوەی نوسـینێک بە "هەڵە" لەلایەن یەکێـک لە کارمەندانی بەشی ڕاگەیاندنی نوسینگەکەمان لە لاپەڕەی ڕەسمی بەڕێز "باڤڵ جەلال تاڵەبـانی" بڵاوکـرایەوە، بـۆیە دوای ئاگـادارکردنەوەی بەرێـوەبەری نوسینگە، بابەتەکە لادرا.)**

لە نوسـراوەکەیدا، ئەوەشـی گوتـووە: **(لە ئێسـتادا بەرێـز "باڤـڵ جەلال تاڵەبـانی" لە هەوڵـی بێوچـان دایە بـۆ ئەوەی بەرپرسـانی هەرێـم لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا و وڵاتـانی جیهان بگەنە ڕێککەوتنێک و هەم کێشەکانمان چارەسەر بکەین و هەم گەلەکەمان بە مافی ڕەوای خۆی شاد بکەین.)**

ئەوەش لە کاتێـک دایە باڤـڵ تاڵەبـانی، سـکرتێری سـکرتارییەتی جەلال تاڵەبـانی لە لاپەڕەی تـایبەتی خـۆی لە تـۆڕی کـۆمەڵایەتی فەیسـبوک بڵاویکـردەوە، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، ڕێککەوتـوین کە ئاینـدەی سیاسـی کوردسـتان و گەلەکەمـان پێویسـتی بە دانوسـتانی جـددی هەیە لەگەڵ بەغـدا. هەروەهـا گوتـویەتی: **(پـاش لەبەرچـاو گرتنی ئەو هەموو ڕێنمـایی و پرۆژەو ئامۆژگـارییە دڵسۆزانەی کە لە دۆست و پشتیوانەکانمانەوە پێمان گەیشتوون، گەشتینە ئەو باوەڕەی کە باشترین ڕێگاو بەدیـل بـۆ چارەسـەری ئەم بـارودۆخەو گەیشـتن بە ئامـانجە بەرزەکـانی**

خەباتمان. پاکێجی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا و فەرەنسا و بەریتانیایە کە پێشکەشیان کردوین و بە باشترین چارەسەری دەزانین لە ئێستادا.)

تاڵەبانی ئەوەشی گوتووە: (ئێمە پێمانوایە، کە ڕیفراندۆم لە ئێستاداو لە کاتی دیاریکراودا، نەک هەر ناتوانێت ئامانجی سەربەخۆیی گەلەکەمان بپێکێت، بەڵکو ڕێگرە و کێشەی زۆری بۆ دروست دەکات).

سکرتێری سکرتاریەتی جەلال تاڵەبانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: (لە کاتێکی دیاریکراودا دەست دەکرێت بە کۆبوونەوەی چڕوپڕ لەسەر هەموو کێشەکان لەگەڵ بەغدا، کوردو هێزە سیاسییەکان یەکدەست و دەستکراوەتر دەبن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە.) باڤڵ تاڵەبانی دەڵێت: (ئەگەر بە ئامانجیش نەگەیشتین، ئەوا کورد ئەوکاتە و بە پشتیوانی هاوپەیمانەکانی، دەست دەکاتەوە بە پرۆسەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی خۆی.)

دواتر ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم و میدیاکانی پارتی دیموکرات ڕایانگەیاند، وتەکانی باڤڵ بێ بنەمان و ڕیفراندۆم لەکاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت.

بەهەر حاڵ، لە بەشی پێشوودا، ئاماژەم بۆ کۆبوونەوەی دوکان کرد. بەیانی ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکە، ئەوەی کورد و هێزە سیاسییەکان بە مێشکیاندا نەدەهات و بیریان لێ نەدەکردەوە، خەیانەتی دووبارەی بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی بوو بە نەتەوەی کورد و شەهید کردنی ژمارەیەک پێشمەرگەی کوردستان کە لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستابوون، بەڵام ناجوانمێرانە لە پشت سەریانەوە لێیاندان. لەو بارەیەوە، عەلی جەوانمەردی هەواڵنێر بەشی فارسی تەلەفزیۆنی ئەمریکا لە گرتە ڤیدۆیەکدا بڵاویکردوە:

(شەوی ١٥ لەسەر ٢٠١٧/١٠/١٦، کۆسرەت ڕەسوڵ فەرماندەیی سێ لیوای یەکێتی دەکرد لە هێزی ٧٠. ژمارەیەک بە بەرگی پێشمەرگەوە لە فرۆکەخانەی "کەیوان" لێی نزیک دەبنەوە کە قەناس بەدەستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لەگەڵ بووە و ٥٧ کەس لە نزیکانی شەهید دەکەن و ٦١ کەسیش بریندار. ئەوان، دەیانویست کۆسرەت ڕەسوڵیش بکوژن. ناوبراو، بەوە تاوانبار بوو کە لەگەڵ هێزەکانی پارتی دیموکرات هاودەست بووە. پزیشکی قانوونی سلێمانی تەئکیدی ئەوە دەکەن کە لە پشتەوە قەناس بەدەستانی ئێران لێیان داون.

گوتوویانە: کەللەڕەقە و ئامادە نابێ خۆی بەدەستەوە بدات و لێیدەن. باڵی یەکپارچەخوازی یەکێتی لە پشت ئەو تاوانە بووە و ویستویانە شێخ جەعفەریش بکوژن. باقڵ، دوای کۆبوونەوەی دوکان لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی دانیشتوە و ژمارەیەکیانی بە پارە ڕازی کردوە کە تەقە نەکەن. قاسم سلێمانی پڕۆگرامێکی دانابوو کە هێزێکی تر بە تۆپ لە پشتەوە، لەو فەرماندانە بدات کە دەست ناکەنەوە و باقڵ و لاهور دایاننابوون. دەیانویست کۆسرەت لە سەر ڕێگە لابەرن و پێش بەوانەش بگرن کە تەقە لە ئەوانی تر دەکەن.)

شایانی باسە، لە دانیشتنێکمدا لەگەڵ ڕێزدار عەلی جەوانمەردی داوام لێکرد کە بەڵگەی وتەکانیم بداتی، گوتی: (بەڵگەکەم بە نوسراوە هەیە، بەڵام جارێ زووە کە بڵاو بکرێتەوە و خاوەنەکەی ئاشکارا دەبێت.)

ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٧/١٠/١٧ دوکتۆر فوئاد مەعسووم، سەرۆک کۆماری عێراق پەیامێکی تەلەفزیۆنیی سەبارەت بە کەرکوک بڵاوکردەوە و بەبێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ خەیانەتی بەدەستەوەدانی کەرکوک بکات، داوای لە دانیشتوانی کەرکوک کرد، بگەڕێنەوە شارەکەیان و بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بە ماکەی کێشەی عێراق لەگەڵ کوردستان لە قەڵەمدا. بۆچوونێک کە دیکتاتۆرەکانی بەغدا و تاران سەبارەت بە مافی کورد دەیڵێن. فوئاد مەعسووم دەڵێت: (بەردەوام بوونی چاودێری ئەمنی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک لەگەڵ دەستوردا ناکۆک نەبوو بەو پێیەی ئەو هێزانە بەشێکی سەرەکین لە سیستەمی بەرگریی نیشتمانیی عێراق، بۆ داکۆکیکردن لە سەروەریی‌و ئاسایشی وڵات.) ئەوەی خوارەوە، دەقی پەیامەی فوئاد مەعسومە:

بەناوی پەروەردگاری بەخشندە و میهرەبانەوە

ئەی گەلی عێراقی نەبەز.. ئەی جەماوەری کوردستانیی بەڕێز،

سڵاوی خواتان لێ بێت.

لە چەند سەعاتی ڕابردوودا پارێزگای کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان ڕووداوی سەربازیی و سیاسییان بەخۆوە بینی، ئەوەش لە دوای جموجۆڵە کتوپڕ و نائاساییەکەی هێزە ئەمنییەکانی فیدراڵیی بۆ دووبارە کۆنترۆڵ کردنەوەی

پێگە ستراتیژییە سەربازیی و پەترۆڵە جارەکان و دامەزراوە سەرەکییەکانی پارێزگاکە، کە پێشتر زۆربەیان بە درێژایی ئەم ساڵانەی دوایی دوای بەرپەرچدانەوە بەرچاوەکەی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ بە ڕووی چەتە تاوانبارەکانی داعش لەژێر چاودێریی هێزەکانی پێشمەرگەدا بوون.

ئەو بەرپەرچدانەوە دلێرانەیە ڕێگریکرد لەوەی تێرۆریستان کەرکوک داگیر بکەن، سەرباری ئەوەی چەند پارێزگایەکی وەک نەینەوا، سەلاحەدین، ئەنبار و شاری گرنگ بە تایبەتی موسڵیشیان داگیرکردبوو کە زیاتر لە سێ ساڵ لەژێر چنگی داگیرکارییاندا بوو، تاوەکو بەم دواییە بە جوامێریی و قوربانیدانی هێزە چەکدارەکانمان بە هەموو ڕیزەکانی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیی و هێزەکانی پێشمەرگە و حەشدی شەعبیی و خۆبەخشە مەدەنییەکان ڕزگارکرا و هەموو هێزەکان بە یەکڕیزیی لەپێناوی ئازادیی و سەربەرزیی بەرەو ڕوویان بوونەوە و خوێنیان تێکەڵ بە یەک بوو لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەدا لەپێناوی بەرگریکردن لە نیشتمان و هاووڵاتییاندا.

بەردەوامبوونی ئەو چاودێرییە ئەمنییەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک لەگەڵ دەستووردا ناکۆک نەبوو، بەو پێیەی ئەو هێزانە بەشێکی سەرەکین لە سیستەمی بەرگریی نیشتمانیی عێراق، بۆ داکۆکیکردن لە سەروەریی و ئاسایشی وڵات.. لە پاڵ ئەرکە سەرەکییەکانی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان. بەڵام ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان لە عێراق، ناکۆکیی ترسناکی لێکەوتەوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەنێوان خودی هێزە سیاسییەکانی کوردستانیشدا، ئەوەش وایکرد کە هێزە ئەمنییەکانی فیدراڵیی ڕاستەوخۆ بگەڕێنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکوک.. ئەوەش بەو مانایە نییە کە گۆڕانکارییەک لە سروشتی دەستوریی ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگە ڕوویدات بەو پێیەی بەشێکن لە سیستەمی بەرگریی سەربازیی نیشتمانیی عێراق.

بۆیە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە کەرکوک ئاگادار دەکەین ڕێزی دەسەڵاتی قانون و دەوڵەت بگرن. داوایان لێ دەکەین بگەڕێنەوە سەر کاروبار و ژیانی ئاسایی خۆیان. لەم بارودۆخەدا دان بەخۆدابگرن، تەواوی هێزە

ئەمنییەکانیشمان ڕادەسپێرین بەهیچ جۆرێک خۆ لە قەرەی ماف و شکۆیی و ڕێزی هیچ کام لە هێزەکانی پێشمەرگە و کارمەندان و دانیشتوانی کورد و هەر هاووڵاتییەکی دیکە نەدەن لە کەرکوک و کار بکەن بۆ ڕێگرتن لە هەر زیادڕەوییەک و گرتن و ڕەوەدونانی بەرپرسیارانی ئەو ڕەفتارانە هەر کەسێک بێت، پەلەش بکەن لە دابینکردنی سەلامەتیی گەڕانەوەی هەرچی زووتری هاوڵاتییە کەرکوکییەکان بە سەربەرزیی و ئارامیی کە ناچار بوون ماڵەکانیان جێبهێڵن بەهۆی هەڵمەتە سەربازییەکان و ئاسەوارەکانی بارودۆخەکە.

هاوکات پێویستیی زیاترکردنی هەوڵەکان دووپات دەکەینەوە بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان بگەڕێنەوە بۆ دیالۆگی بەپەلە و دڵسۆزانە لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی و ئیدارییەکانی دوای ئەو ڕووداوانە لەسەر بنەمای پابەند بوون بە دەستور و قانوون کە مافەکانی هەموان بپارێزرێت، وشیارییش نوێ دەکەینەوە لە مەترسییەکانی فەرامۆشکردنی جیاوازییەکان و کەڵەکە بوونیان بۆ ناکۆکیی توند و قوڵتر. ئەوەش بێ جیاوازیی زیان لە هەمووان دەدات سەرباری ئاسەوارە وێرانکەرەکانی بۆ ئایندەی هەموو عێراقییەکان.

ئەی گەلی مەزنمان.

لەم بارودۆخەدا کە ڕوانین و بانگەشە و لێکدانەوەکان جیاواز دەبن لە پێگە و لێپرسراویەتیی دەستورییمانەوە زۆر شێلگیرانە گرنگیی پابەند بوون بە دەستور دووپات دەکەینەوە وەک بنەمایەک بۆ هەر هەنگاو یان ڕێوشوێنێک کە هەمیشە بە پەرۆشین بۆ زامن کردنی.

ئێمە لە ساتە ناسک و گرنگەکاندا لە ڕابردوودا هەوڵی زۆر و بەرچاوماندا لەپێناوی ڕێگەچارەیەک لانی کەم بۆ سوک کردن و ڕەواندنەوەی ئەو قەیرانە ترسناکەی کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵیی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروست بوون بەهۆی سوور بوونی دوەمیان و یەکلایەنە ڕیفراندۆمی کرد.

بەوپەڕی هێزەوە ڕووبەڕووی هەموو هەڕەشە و پەلامارێک بووینەوە و پابەندبوونی بەهێزو نەگۆڕمان دووپات دەکەینەوە بە خستنە پێشەوەی دەستور و یەکێتیی و سەروەریی عێراق، بانگهێشتی بەپەرۆشمان نوێ دەکەینەوە بۆ

پێویستیی قولْکردنەوەی پەیوەندیی برایانەی مێژوویی نێوان پێکهاتەکانی گەلەکەمان و کاراکردنی پەیوەندیی خەباتی هاوبەشی نێوان هێزە نیشتمانییەکانی دژی دیکتاتۆریی و تێرۆر.

لە هەرکات زیاتر شێلگیرانەتر بەردەوام دەبین لە پابەند بوون بەو پرەنسیب و پێودانگانە و پێویستیی خستنەگەڕی هەوڵ و قوربانیدانی زیاتر لەپێناوی لابردنی مەترسیی و دڕدۆنگیی و گومانەکان.. تاوەکو ئەو کاتەی ڕێککەوتن دەکرێت بۆ زامنکردنی ماف و ئازادییە دەستورییەکان لە ڕێی دیالۆگی ڕاشکاو و بنیاتنەر کە ئەزموونی دیموکراسیی وڵات بپاریزێت و دەستکەوتەکانی کوردو عەرەب و تورکمان و تەواوی عێراقییەکان بێ جیاوازیی پەرەیان پێبدرێت. لە ڕوانگەی قورسایی ئەرک و لێپرسراێتییە دەستورییەکانمانەوە پێویستیی دەرکردنی قانونی پێویست دووپات دەکەینەوە بۆ بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراسیی فیدراڵیی و زامنکردنی پیشەیی و ڕوونیی ڕۆشنیی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بە پابەند بوون بە دەستور و بەو وادانەی کە دیاری دەکرێن. سەرباری پێویستیی پابەند بوون بە پرەنسیبەکانی دیالۆگی دیموکراسیی، پاراستنی ژیانی دەستوریی، تێکشکاندنی تێرۆر و خستنە هەورازی بەرژەوەندیی عێراقییەکان لە هەر بەرژەوەندییەکی تر. لەکاتێکدا بە پێزانینی زۆرەوە بانگەوازەکەی سەماحەتی ئایەتوڵڵا عوزما سەید عەلی سیستانیی بەرز دەنرخێنین بۆ پابەند بوون بە دەستور وەک خۆی و پەنای بۆ ببرێت لە چارەسەرکردنی تەواوی کێشە ناوخۆییەکاندا. هیواداری و دڵنیاشین هەموان ڕەچاوی هەموو ئەوانە دەکەن و پێکەوە هەوڵ بدەن بۆ کاری جدیی و بەردەوام بە ئامانجی دان بەخۆدا گرتن تا کەش و هەوای لەباری دیالۆگ ئاشتی و دیموکراسیی و دەستوریی برەخسێت، هەنگاو بۆ پێشەوە بنرێت بەرەو گەشەپێدانی دەستکەوتەکانی سیستمی دیموکراسیی کە یەکێتیی عێراق و سەروەرییەکەی بپارێزێت.

سڵاو بۆ تەواوی شەهیدانی گەلە دلێرەکەمان.

سەرکەوتوو بێت ئیرادەی عێراقییەکان لە دەوڵەتێکی دیموکراسیی فیدراڵیی پێشکەوتووی ئارام و ئۆقرەدا.

پەروەردگــار عێــراق و گەلەکەمــان بە هەمــو ڕۆڵە و پێکهاتەکــانییەوە بپارێزێت..

بە خواتان ئەسپێرم

ڕۆژی ٢٠١٧/١١/١، چەنـد نهێنییەکـی ترسـناک لە خەیـانەتی بنەمـاڵەی ئیبــراهیم ئەحــمەدو تاڵەبــانی و هاودەســتانیان لە یەکێتــی نیشــتمانیی کوردستاندا سەبارەت بەپیلانی ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦ لە ڕۆژنامەکانو سایتەکانی ئینتەرنێتـدا دەنگـی دایەوە. لە یەکێـک لەو بڵاوکـراوانەدا ڕۆژنـامەنوس نیـاز حـاجی لە وتارێکیدا چەنـد نهێنیـەکی سـەبارەت بە تێکشکاندنی پیلانـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر و فرۆشتنی کـەرکوک ئاشکرا کرد. ڕووداوەکـانی فرۆشتنی کـەرکوک و پیلانـی شـەڕی براکوژی و هەوڵـدان بـۆ گرتنـی هـەولێر و چـەند ڕووداوێکـی تـر ئاشکرا بوون. نوسەر و ڕۆژنامەنووس نیاز حـاجی لـە وتارەکەیدا کۆی پرۆسـەی پیلانگێریـــی و خەیانـــەتی ١٦ی ئۆکتۆبـــەر و چۆنیـــەتی جێبـــەجێ کردنـــی پیلانـەکانی ئاشـکرا کـرد و لـە ژێـر ناونیشـانی **"بـۆ پـیلانە شـومەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر تاکۆتایی نەتوانرا جێبەجێ بکرێ"** نوسی:

**- (ئەوەی لـە ١٦ی ئۆکتـۆبەر بینیمـان و ڕوویـدا، بەشـێکی بچـوکی پـیلان و خەیانەتەکە بوو. پیلانەکە وا دارێژرا بوو کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا کەرکوک و هەولێـر بە خێرایـی و بەیەکەوە داگیـر بکـرێن، بە جۆرێـک کە ئەمریکـا و هاوپەیمان توشی ئەمری واقع بکەن، کاتی ئەنجامدانی پیلانەکەش لە ڕۆژێکدا بوو کە ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتر لە ئەمریکا پشوو بوو.)** نیاز حاجی لە وتارەکەی دا باس لە دووجۆر پیلان دەکات و دەنوسێت: **(پیلانەکە بە دوو جۆر دارێژرابوو، واتا پلانی A و B.)** هەروەها دەنوسێت:

**- (پلانـــی A بریتـــی بـــوو لەوەی کە هەر لە دوکـــان بـــارزانی و مەکـــتەب سیاسـییەکانی پـارتی و یەکێتـی دەسـت بەسـەر بکرێـت بەڵام نەتـوانرا ئەوە جێبەجــێ بــکەن، چــونکە هێزێکــی بــاش لەگەڵ بــارزانی ڕۆیشــتبوون بــۆ کۆبونەوەکە. پلانی B، دوای تەواو بونی کۆبونەوەی دوکان بە چەند کاتژمێرێک جێبەجێ کرا. پلانەکە بەم شێوەیە داریژرابوو، بۆ ئەوەی هاوپەیمانان هیچیان پێ نەکرێ، پیلانەکە وابوو کە بەبێ شەڕ کەرکوک ڕادەستی حەشدی شەعبی**

بکرێت. ئەوە بوو، هێزەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ لە سنوری تازە بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد و پیلانی ڕادەستکردنی کەرکوک بۆ حەشدی شەعبی ٦ کاتژمێر دوا کەوت. دواتر فەرمانێک لەلایەن لاهور جەنگی، پاڤڵ تاڵەبانی، ئاسۆ مامەند، وەستا ڕەسوڵ و لیوا مەریوان بەرپرسی هێزەکانی پشتیوانی دەرکرا کە هێزەکانیان لە سەنگەرەکان پاشەکشە بکەن و بچنە ناوچەی قەرەهەنجیر و ناوچەی شوان گوندی سەقزلی لەسەر ڕێگای هەولێر- پردێ تا دوای ڕادەستکردنی کەرکوک ئەگەر پارتی هێزی نارد ئەوە لە دواوە لێیان بدرێت.)

لە درێژەی نوسینەکەیدا، نوسەر باس لە هێرش بۆسەر هەولێر دەکات و دەنوسێت: (دواتر چەند هێزێکی دژە تیرۆر و حەشدی شەعبی لە دوو میحوەرەوە هێرش بۆ هەولێر ئەنجام بدەن، کاردانەوەی جەماوەری بەشەرەفی کەرکوک و خۆبەخشەکان گرفتی بۆ پاشەکشەکە دروست کرد و وایکرد پاشەکشەکە وەک ئەوەی پیلانی بۆ کێشرابوو جێبەجێ نەکرێت.)



لە بەشی دووەمی پیلانەکە و گرفتی بەردەمی، نیاز حاجی دەڵێت: (بۆ بەشی دووەمی پیلانەکە گرفتی سەرەکی، بوونی ئەو هەموو خۆبەخشە بوو کە تەواوی ڕێگاکانیان گرتبوو، بە ئاسانی نەدەتوانرا هێزەکان جوڵە پێ بکەن هەر بۆیە بەیانیەکەی "ئاسۆ مامەند" هاتە نێو خەڵکەکە و داوای کرد کە بچنەوەماڵەکانیان. بە هەڕەشە، ئەم ڕستەیەکی بەکار هێنا "ئەو گردبونەوە و قەڵەباڵەغیانە ڕێگری لە جوڵە پێکردنی هێزەکان دەکەن و کارێکی خراپە.") ئەو نوسەرە، باس لە هۆکاری شکستی پیلانەکە دەکات کە بەهۆی پڕبوونی جادەی نێوان کەرکوک و هەولێر

ئوتۆمبیل و خەڵک لەبەر ڕاکردن لە کەرکوکەوە بۆ هەولێر، جادەکەیان گیرابوو، و دەنوسێت: **(قەڵەباڵغی و بوونی خۆبەخشەکان چەند کاتژمێرێکی تر پیلانەکەی پەکخست، بەڵام ئەوەی بە یەکجاری پیلانەکەی پەکخست کە نەتوانن پیلانەکە جێبەجێ بکەن لە ٢٤ی کاتژمێری یەکەمدا ئاوارە بوونی خەڵکی کەرکوک بوو بە جۆرێک کە تەواوی ڕێگاکان گیران و دەرفەتی جوڵە پێکردنی هێزەکان نەما.** هەرچەندە زۆر هەوڵیاندا خەڵکەکە کەمتر بەرەو هەولێر بێن تا ئەو هێزەی کە پاشەکشەیان کردبوو، و لە چەند کێڵگەیەکی گوندی سەقزلی و ڕێگای شوان کۆکرابونەوە بتوانن جوڵە بکەن بەرەو پردێ بەڵام ئەوەشیان بۆ نەکرا. بۆ شەوی دواتر ویستیان دووبارە پیلانەکە جێبەجێ بکەن، ئەوە بوو چەند هێزێکی دژە تیرۆر و هێزەکەی ئاسۆ مامەند و حەشدی شەعبی و پۆلیسی ئیتیحادی بە دوو ئاراستەی پردێ و تەقتەق جوڵەیان پێ کرا، بەڵام لەنێو کەرکوک دۆخەکە تێکچوو و ترسی ئەوە دروست بوو کە کەرکوک لەلایەن خۆبەخشەکانەوە بکەوێت. ئەوەبوو، چەند ئوتۆمبیلێکی سەربازیش سوتێندران، بۆیە نەیانتوانی بۆ شەوی دوەمیش پیلانەکە جێبەجێ بکەن.)

بۆ پاساو هێنانەوەی ئەو خەیانەتە مەزنە، پێش نیوەڕۆی ٢٠١٧/١٠/٢٠، وەستا ڕەسوڵ و لیوا تەها لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا شێوازی شەڕی باشوری کەرکوک و چۆنیەتی پاشەکشە کردنیان لە بەرەکانی شەڕ بە ڕای گشتی ڕاگەیاند. وەستا ڕەسوڵ فەرماندەی میحوەری چواری پێشمەرگە و هاوکاری خەیانەتکاران گوتی: **(ئەگەر ئەو ڕۆژە بڕیاری پاشەکشە نەدرایە ئەوا ٥ تا ٦ هەزار پێشمەرگە لەو شەڕەدا شەهید دەبوون، پێشمەرگە لەو شەڕەدا بەرگرییەکی باشی کرد، بەڵام لە کۆتاییدا شکا و پاشان بڕیاری پاشەکشەیدا.)** گوتیشی: **(پێشمەرگە شەڕێکی کردوە بێوێنە بووە لە مێژووی دەوڵەتان، بەڵام لەم شەڕەی کۆتاییدا، پێشمەرگە شەڕی سێ وڵاتی کرد، شەڕی کەرکوک گەلە کۆمەکییەکی نێودەوڵەتی بوو وڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمریکاش بەشداربوو.)**

دواتر، لیوا تەها فەرماندەی لیوای ١٠٢ی هێزەکانی ٧٠ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هاوکاری خەیانەتکاران، لەو کۆنفرانسەدا ڕایگەیاند: **(ژمارەیەکی**

زۆر هەمەر و تانک هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەرگرییەکی بێ وێنەمان کرد، تاکو توانامان تێدابوو جەنگاین، بەڵام لەوە زیاتر بەرگری نەکراو تەقەمەنیمان پێنەما، بۆیە بڕیاری کشانەوەمان دا.) لیوا تەها لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: (پێشتر هیچ فەرمانێکی کشانەوەم پێ نەدرابوو، تا توانام هەبوو شەڕم کرد، بەڵام دواتر ناچاربوون "خۆم" فەرمان بە هێزەکەم بدەم پاشەکشە بکەن تا لەوە زیاتر شەهید نەدەین.) ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە: (تەنها لە لیوای ۱۰۲ ی هێزەکانی پێشمەرگە، ۱۸ پێشمەرگە شەهید و ۲۵ تریش بریندار‌بوون.)

دواتر فەرماندەکانی پێشمەرگە لەو سنورانە چ دەستەی سەرپەرشتیاری لیوای ۳ و ۷ی تایبەت و چ فەرماندەی لیوای یەکی پیادەی هاوبەش و هێزەکانی تر یەکە یەکە نەخشەی شەڕی ۱٦ی ئۆکتۆبەر و چۆنیەتی کشانەوەیان بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە. لە کۆتاییدا وەستا ڕەسوڵ گوتی: (ئەوەی لە وتەی فەرماندەکانی پێشمەرگەوە دەرکەوت ئەوەیە کە فەرمانی کشانەوەی پێشوەختە بە هیچ هێزێک نەدراوە.) ڕوونیشی کردەوە: (لەو شەڕەدا پێشمەرگە ۲٦ شەهید و ٦۷ بریندار و یەک بێ سەرو شوێنی هەیە.)

لە وەڵامی وەستا ڕەسوڵ و لیوا تەهادا، هادی عامری فەرماندەی گشتیی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی خەیانەتی ئەو گروپەی یەکێتی نیشتمانیی لە ۱٦ی ئۆکتۆبەردا پشتڕاست کردەوە و گوتی پێشوەختە هەماهەنگییەکی بەرزیان بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە هەبووە. عامری لە ڕەوتی لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی KNNی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاماژەی بۆ خەیانەتی بنەماڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی لە ۱٦ی ئۆکتۆبەردا کرد و گوتی: (هەماهەنگی و هاوکارییەکی بەرز لەگەڵ برایانی کورد و فەرماندەکانی پێشمەرگە هەبوو کە پاشەکشە بکرێت و ڕێگە بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بدرێت بۆ پێشڕەویکردن لە پارێزگای کەرکوک. بۆیە بە دەمەوە هاتنی پێشمەرگە لەلایەن ژمارەیەک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە زۆر باشبوو، و لێکتێگەیشتن هەبوو.) عامری، هەروەها لێدوانی فەرماندەکانی سەربە گروپە خەیانەتکارەکەی ۱٦ی ئۆکتۆبەری یەکێتی بەدرۆ خستەوە کە گوتیان بەهۆی نەبوونی چەکی پێویست، دوای

ماوەیەک شەڕکردن لە ناوچەکە کشاونەتەوە، عامری دەڵێت: (کشانەوەی پێشمەرگە وەک بۆچوونی هەندێک کەس نییە کە پێشمەرگە توانای شەڕکردنی نییە، یان ڕایانکردوە و پاشەکشەیان کردوە، بەڵکوو هەست کردنێکی بەرز بووە بە بەرپرسیاریەتی لەلایەن پێشمەرگەوە.)

هەرلەو بارەیەوە و سەبارەت بە خەیانەتی ئەو گروپە، فەریق ڕوکن عەبدولامیر یاوڵا فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی عێراق لە کەرکوک، دەڵێت: (ئەو گروپەی یەکێتی کە بەنهێنی ڕێکەوتنیان لەگەڵ ئێمە کردبوو بۆ تەسلیم کردنی شاری کەرکوک، داواکاری قورس و نابەجێ و سەیریان هەبوو. ئەوان داوایان دەکرد هەر ئەو ڕۆژە، ١٦ ئۆکتۆبەر هێرش بکەینە سەر هەولێر و دهۆک و زاخۆ و دەست بەسەر هەموو دەزگا حزبی و حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بگرین.) عەبدولامیر یاوڵا هەروەها دەڵێت: (جێگەی سەرسوڕمان بوو کاتێک گەیشتینە نێو کەرکوک هەندێک لە پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغداو هەندێک لە بەرپرسە باڵاکان لە سلێمانییەوە بە تەلەفۆن داوایان لەمن و لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی دەکرد و دەپاڕانەوە هێرشەکانمان تا دەروازەی ئیبراهیم خەلیل ڕانەوەستێت. منیش لە وەڵامدا گوتم: ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە و ئەوکات خەڵکێکی زۆر ئاوارە و زەرە مەند دەبێت.) پێویستە بلێم، من گوتنی عەبدولامیر یاوڵا بە ڕاست نازانم، چونکە هەرسێ ڕژێمی عێراق، ئێران و تورکیا پلانی ئەوەیان هەبوو، بە بیانووی مانۆڕی هاوبەش لە حاجی ئۆمەران و ئیبراهیم خەلیلەوە زۆنی زەرد داگیر بکەن، بەڵام نەیانتوانی پلانەکەیان جێبەجێ بکەن و مەبەستی ناوبراو لەو گوتنە، ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخی کوردستانە.

لە ئاکامی ئەو ڕێککەوتنەدا، کە سەرئەنجام وەستا ڕەسول لە پرۆگرامێکی ڕاستەخودا لەگەڵ تەلەفزیۆنی کوردساتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە شەوی ١٢ی شوباتی ٢٠١٨دا دانی پێدانا و بە خانمە وتووێژکەرەکەی گوت:

- (ئەوەی لە مێشکی تۆ و هەزارانی وەک تۆدا، دەڵێن کەرکوک بۆچی وایلێهات؟ شەوی ١٢ی مانگ، ئەم قسەیە ئەبێ لێرە باس بکەم، چونکە لە ١٢ی مانگ ئەوەی دەڵێن خەیانەت و ڕۆیشتن و هاتن، ئەمەیە کە وا لێرەوە دەست

پێدەکات. لە ١٢ی مانگ، تەلەیفۆنێلکم لە کاک لاهور شێخ جەنگییەوە بۆ کرا و گوتی: (**کاک وەستا، ئێمە هەوڵمان داوە بە ڕێگای عیبادییەوە سەردانێکی ڕەشاد بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرماندە عەسکەرییەکان دانیشین.**) لەو فترەیەدا، کە ئێمە لەو گفتوگۆیانەدا بووین، هەمئاهەنگیمان لەگەڵ فەرماندە عێراقییەکان دروست کرد. پێشتر لەگەڵ عێراقییەکان ڕێککەوتبووین کە سنوری خۆمانیان بۆ بکەینەوە کە ئەوان بێن و بچن بۆ عەمەلییەکە و لەو شوێنانەوە هێرشەکانیان بکەن.

هەڵبەتە ئەوەی بۆت باس دەکەم لەسەر مستەوای زۆر بەرز قسەیان لەگەڵ من کردوە. بۆ نمونە، فەریق ئەوەڵ عەبدول ئەمیر یارولا تەلەیفۆنی لەگەڵ کردم. ئێوارەی ٢٦ی مانگ، سەعات ٩ی شەو عەبدول ئەمیر یارولا تەلەیفۆنێک بۆ من دەکات و دەڵێت: (**سوپاس کە حورمەتی وەفدەکەمانت گرتووە و هاتۆتە لات و شوێنەکانیشیان بینیوە و ئێحترامی زۆریشت گرتوون و لای منیش داوەت بوون.**)

ڕۆژی ١٤ی مانگ، تەلەیفۆنێکم بۆ هات لە لایەن ئێرانییەکانەوە. داوای ئەوەیان کرد لەگەڵیان دانیشم. لەگەڵ لیوا ڕوکن مەریوان فەرماندەی پشتیوانی دوو لەگەڵیان دانیشتین. لە نۆ کەس، یەک کەسیان عێراقی بوو کە ئەویشیان وەک چاوساخ هێنابوو. ئەو، ئەمیر لیوای حشدی شەعبی بوو پێشتر. سەیرێکی مەریوانم کرد و گوتم، ئێمە مفاوزە لەگەڵ ئێرانا دەکەین و لەگەڵ عێراق ناکەین.

ئەوان هاتن و ئەگەر ئێمە خەیانەتکار بین. لێرەوە دەست پێدەکەین. ئەوان داوایان لە ئێمە کرد ڕێی مەکتەب خالیدیان بۆ بکەینەوە و لەو ڕێیەوە هێزەکانیان بێنە ژورەوە و مەعەسکەری کەیوان لەوان وەرگرێت و لەوێشەوە بچێت و بەوەی ناوی هێنا کە دەچم نەوتە دزراوەکان دەهێنمەوە

بە هەرحاڵ، میلیشیاکانی "حەشدی شەعبی، سوپای پاسدارانی ئێران و حزبولای لوبنانی" پەلاماری کەرکوک، خورماتوو، جلەولا و خانەقینیان دا و دەستیان بەسەر داگرت و ١١٢ هاوولاتیی کوردیان لە خورماتوو شەهید و ٢٩٧ کەسیشیان بریندار کرد و ئەم زیانانەی خوارەوەشیان بە قەزای خورماتوو

گەیاند: لە کۆی ١٨٦٠٠٠ کەس دانیشتووی خورماتوو، ١٢٦٠٠٠ کەس ئاوارە بوون. ١١٠٢ خانووبەرە و ٣٨٠ دوکانیان تالانکرد و سووتاندیانن، لەگەڵ ١٢ بارەگای حیزبەکان و ٥ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێک و بەگشتی تا نوسینی ئەم ئامارە، نزیکەی یەک ملیار دۆلاریان زیان بە قەزای خورماتوو گەیاند.

خەیانەتکارەکان و ژمارەیەک لایەنگریان لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی و کەسانی سەربە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هەروەکو فوئاد مەعسوم، تاوانی پەلامار سوپای عێراق، حەشدی شەعبی، حیزبولای لوبنانو پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامیان بە گشتپرسی کوردستان و پێداگریی سەرۆک بارزانی و لایەنگرانی گشتپرسی بەستەوە و ڕایانگەیاند: **(گشتپرسی حەشدی شەعبی هاندا کە پەلاماری کەرکوک بدات.)**

لە ڕاستیدا ئەوە پاساو هێنانەوەیەکی ئاشکرایە بۆ بچووک کردنەوەی خەیانەتەکەیان. ئەگەرنا زۆر پێشتر ڕژێمی تایفی شیعەی عێراق بەنیاز بوو، شەڕی داعشی لە کۆڵ بێتەوە و پەلاماری کوردستان بدات. تەنانەت بەهۆی هاوکاریی نەکردنی باڵی هێرۆ بەرلە بردنی مام جەلال بۆ تاران، دوو جاران پلانی هێرشەکردنەکەیان وەپاش خستبوو. ڕژێمی تایفی عێراق نایەویست کورد خاوەنی هیچ مافێکی سیاسیی و مەدەنی بێت لە عێراقدا و دەیانەوێت بە چەشنی سەدام حوسێن، هەموو خاکی عێراق و کوردستان بخەنە دەست خۆیان و هاوشێوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیکتاتۆرییەتی تایفیی دوازدە ئیمام بەسەر نەتەوەی کورد و سوننەکاندا بسەپێنێت.

لەو چوارچێوەیەدا بوو کە بودجەی کوردستان و موچەی کارمەندان و پێشمەرگەکانی کوردستانیان بڕی، چەکە نێردراوەکانی ئەوروپا و ئەمریکایان بۆ پێشمەرگە لە بەغدا گل دایەوە کە پێش بە بەهێزتر بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بگرن و سەرئەنجام شەڕی موسڵیان وەپێش شەڕی حەویجە خست کە بتوانن هێزەکانیان بە ناوچەکانی ژێردەستی پێشمەرگەدا بەرن بۆ دەستبەسەرداگرتنی موسڵ و دواتریش بە فێل لەو ناوچانەدا بمێننەوە و بەجێیان نەهێڵن. جێگیربوونی سوپای عێراق، حەشدی شەعبی، هێزەکانی ئێران و حیزبولای لوبنان لەو ناوچانەدا، سیستمی بەرگری پێشمەرگەی کە دژی

داعش داینابوو، هەڵوەشاند و وەزارەتی پێشمەرگە پێویست بوو، بەرەیەکی نوێ بۆ پارێزگای کەرکوک دابنێت. پێشمەرگە دوو ڕۆژی ماوە هەبوو. لەو دوو ڕۆژەدا، توانی هەندێک لەو بەرەیە دانێ، بەڵام چونکە ماوەکە کەم بوو، ئەو هێز و سەنگەرانەی نەبوو کە بتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی بکات و کاتێکیش لەلایەن بنەماڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانییەوە خەیانەتیان پێکرا، دوژمن توانی خۆی بگەیەنێتە سەنگەری پێشمەرگە و خەیانەتەکە سەرکەوت.

دوای داگیرکردنی کەرکوک، دوژمن ویستی بۆ داستبەسەرداگرتنی هەولێر، پلانەکەی لە دوو بەرەی پردێ و تەقتەق بۆ کویە بەکۆتا بگەیەنێت. ئەوە بوو حیزبە دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگیان بەرز بۆوە و پێشمەرگەکان لە بەرەی پردێ زەبرێکی ئەوەندە قورس و کوشندەیان لێدان کە بیری داگیرکردنی هەولێر نەکەنەوە.



ڕۆژی هەینی ٢٠١٧/١٠/٢٠، حەشدی شەعبی لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی کردە سەر شارۆچکەی پردێ و هەولێدا کۆنترۆڵی بکات، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە ڕووبەڕووی بوونەوە و ڕێیان لێگرت. بە ڕاگەیاندنی فەرماندەیی پێشمەرگە لە بەرەی "میحوەر" ڕۆژئاوای کەرکوک - پردێ، لە شەڕەکەدا نزیکەی ٢٠ تانک و ئوتۆمبیلی سەربازی حەشد تێکشکێندران و نزیکەی ١٥٠ چەکداریان کوژرا و بریندار بوون، هەروەها شەش پێشمەرگەش شەهید و چەند پێشمەرگەش بریندار بوون. فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی عێراق لە بڵاوکراوەیەکدا، بۆ داپۆشینی تاوانەکەیان، ڕایگەیاند لە پردێ هێزی بێگانەی لێبووە و دانیشتوانی داوایان لێکردون کە ڕزگاریان بکەن. لە بەرامبەریاندا، فەرماندەیی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوک - پردێ ئەم ڕاگەیەنراوەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

لە بەیاننامەیەکدا کە بەناوی فەرماندەیی ئۆپەڕاسیۆنی هاوبەشی عێراقی بڵاوکراوەتەوە، کۆمەڵێک چەواشەکاری تێدایە کە مەبەستی شاردنەوەی ڕاستییەکانە.

یەکەم: پێش هەموو شتێک، بەرلە پەلامارەکەی دوێنێی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، پردێ شارۆچکەیەکی ئارام و جێی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی کورد و تورکمان بووە و بەهیچ شێوەیەک جگە لە دامودەزگە فەرمییەکان، هیچ هێزێکی لێ نەبووە و ئەوە درۆیەکی شاخدارە کە گوایە هێزی بیانی لێ بووە و دانیشتوان داوای هاتنی هێزی عێراقییان کردبێت و بەو بیانووە پەلاماری ئەو شارۆچکەیان داوە.

دووەم: هێزی پێشمەرگە لە شوێنەکانی خۆی بووە و دەستپێشخەری شەڕ نەبووە و تەنها بەرگریی کردووە و توانیویەتی ڕێگە لە پەلامار و پێشڕەوی ئەوان بگرێت و هێرشەکەیان تێکبشکێنێت.


سێیەم: وەک دوێنێش ناوی هێزە بەشداربووەکانی ئەو پەلامارەمان ڕاگەیاند، ژمارەی زۆری کوژراو و بریندارەکانیان بەڵگەن و دەری دەخەن کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سەرپەرشتیار و بەشداری سەرەکیی ئەو پەلامارە بوونە و بەو جۆرە بەیاننامانە ناتوانن شکستی ئەو هێزەیان بشارنەوە و بیخەنە ئەستۆی هێزی تری عێراقی.

چوارەم: تۆمەتی بەکارهێنانی چەکی میلان ڕەت دەکەینەوە، بەڵام ئێمە دەپرسین: میلیشیایەکی وەک حەشدی شەعبی، تانکی ئابرامز و **T72** و هەمەر و چەکی پێشکەوتووی ڕۆژئاوایی لەکوێ بوو، و بە چ مافێک دژی گەلی کوردستان بەکاری دەهێنێت؟

لە کۆتاییشدا جارێکی دیکە تەئکید دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستپێشخەری شەڕ نابێت، بەڵام بە ئامادەیی تەواو لە حاڵەتی بەرگریدایە و ڕێگە لە دەستدرێژییەک دەگرێت.

فەرماندەیی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوک - پردێ
٢٠١٧/١٠/٢١

دوای شکانی دوژمن لە پردێ، ئەم جارەیان لە بەرەکانی مەخمور، زومار، مەحمودیە، تلسقۆف و ڕەبیعە دوژمن شانسی خۆی تاقیکردەوە کە لە هەموو بەرەکاندا شکا و خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر دوژمندا و هاوکاریی و پشتیوانیی کوردانی دەرەوەی وڵات لە ئەزموونی کوردستان و هاتنە سەرخەتی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ پێکهاتنی ئاشتی و بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکان لە نێوان حکومەتەکانی بەغدا و هەولێر، بە گوێرەی مادەی ١٤٠، بەڵانسی شەڕ و چارەسەرییەکانی بە قازانجی کورد گۆڕی و لە قاودانی شەڕ و دەستدرێژییەکانی حەشدی شەعبی، پاسداری ئێرانی، تیرۆریستەکانی حیزبوڵای لوبنان، پشتیوانی کردنی لە کورد، چوارچێوەیەکی بەرینتری بەخۆیەوە گرت.



لە بەرنامەیەکی کەناڵی "ئاسیا"ی عێراقی، کازم سەیادی، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا و نزیک لە نوری مالیکی، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە **(هەر کەسێک بڵێت قاسم سلێمانی ڕۆڵی لە پێشڕەوییەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە کەرکوک نەبووە، پێی دەڵێم درۆ دەکەیت.)** ئەوەشی ڕەتکردەوە کە عیبادی لە ڕێککەوتنەکاندا ڕۆڵی سەرەکی هەبووبێت و تەنانەت ئامادەش بوو بێت. سەیادی گوتی: **(ئەوەی ڕۆشت و ڕێککەوتنەکەی کرد و هەموو بابەتەکەی ڕێکخست، قاسم سلێمانی بوو. پاش ئەوەی ڕێککەوتنی نێوان قاسم سلێمانی و سلێمانی "گروپێک لە یەکێتی" کرا، فەرمان بە عیبادی کرا کە ڕێککەوتن کراوە و یەکەکان بجووڵێنە.)** سەیادی ئەوەشی نەشاردەوە کە بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە کوردستانییەکان، قاسم سلێمانی فەرمانی بە حەیدەر عیبادی دا و گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرد.

هەر لەو بەرنامەیەدا و لە ڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، ئەحمەد ئەسەدی، گوتەبێژی دەستەی حەشدی شەعبی ئەوەی ئاشکرا کرد: **(زۆر لایەن لە**

ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەردا بوون، بەڵام ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕوون بوو، و نهێنی نەبوو، ئەوەی قاسم سلێمانی کردی، بە ئاگاداریی سەرۆک وەزیران بوو، و خۆی ڕاوێژکاری حکومەتی عێراقە.) ئەوەشی نەشاردەوە کە: (ڕۆڵی قاسم سلێمانی لە ڕووداوەکاندا نایاب بوو، و ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتی و ئێران و عێراق لە ڕێی ئەوەوە ڕێکخرا.)

ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی ئێران و حزبوڵای لوبنان، بە پاڵپشتیی گروپێکی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێرشێکی فرەوانیان کردە سەر ناوچە کێشەلەسەرەکانی کوردستان و دەستیان بەسەر خورماتوو، کەرکوک، خانەقین و بەشێک لە ناوچەکانی دیکەدا گرت و جگە لە زیانی گیانی و ماددیی، نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لە ئەنجامی ڕووداوەکاندا ئاوارە بوون.

ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٢، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هاتنی حەشدی شەعبی بۆ تەقتەق، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. ئەو دوو حیزبە، لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا داوایان لە خەڵکی خەباتکار و بوێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، لە ئەگەری هەر پیلانێکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، وەڵامیان دەدەنەوە و بێدەنگ نابن. دەقی ڕاگەیەندراوەکە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەم شێوەیە بوو:

کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،
دۆستان و دڵسۆزان،

هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستانی باشور نەک هەر هەرێمی کوردستانی تووشی ئاڵۆزی و دووبەرەکایەتی و زەرەر و زیانی زۆر کردووە، دەرفەتێکیشی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێزە تێرۆریستەکانی خولقاندوە کە لەو ئاڵۆزیانە کەڵکی نابەجێ وەربگرن و هەوڵبدەن زەربە لە حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بدەن. لەم پەیوەندەدا بەپێویستی دەزانین ڕایبگەیەنین کە:

یەکەم: ئێمە هەموو دەستدرێژی و پیلانگێڕییەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستان مەحکووم دەکەین. ڕێژیمی ئێران نەک هەر دوژمنی نەتەوەکانی ئێران بەڵکوو سەرچاوەی نائارامی و قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و لە کوردستانی باشوریش جگە لە ئاڵۆزی و دووبەرەکایەتی نانەوە هیچ خێرێکی بۆ کورد نابێت.

دووهەم: ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین بە هەموو توانامانەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر پیلانێکی ئەو ڕێژیمە و بەرپەرچ دانەوەی هەوڵ بدەین و هەموو هەنگاوێکی پێویست لەم بارەیەوە هەڵبگرین.

سێهەم: خەڵکی خەباتکار و بوێری کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئەگەری هەر پیلانێکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، وەڵامیان دەدەنەوە و بێدەنگ نابن. دڵنیایان دەکەینەوە کە ڕۆڵە پێشمەرگەکانی ئەوان ، لە هەر ئەگەرێکدا وەکوو هەمیشە حەماسەی پڕ لە شانازی بە دژی دوژمنانی گەلی کورد دەخوڵقێنن.

چوارەم: داوا لە هەموو کوردانی دەرەوەی وڵات بەگشتی و بەتایبەت کوردانی ڕۆژهەڵات دەکەین کە بە شێوازی مەدەنی و ئەمرۆییانە بەدژی پیلانە گڵاوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و کوردانی ڕۆژهەڵاتی دانیشتووی باشور بوەستنەوە.

پێنجەم: داوا لە حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان و خوشک و براکانمان بەتایبەتی لاوەکان، ئازادیخوازان، ناوەند و کەسایەتییە ئایینییەکان لەو بەشە دەکەین کە ئیزن نەدەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشەکانی بۆ سەر باشوری کوردستان وەک دەرفەتێک بقۆزێتەوە بۆ هێرش کردن بۆسەر کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئەندامان و لایەنگرانیان لە باشور و لە بەرانبەر دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە بێدەنگ نەبن.

شەشەم: داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی هەموو حیزبەکان دەکەین لەگەڵ ئامادەبوون و لەسەر هەست بوون، خۆ لە زمانی زبر و سووکایەتی بەنیسبەت یەکترو ئەندام و لایەنگرانی پارچەکانیتر دوور بگرن و هەوڵ بدەن زمانی

پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و گشتییان هەبێ تاکوو برینداركردنی یەکتری.

حەفتەم: داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و نوێنەرایەتیی وڵاتان لە کوردستانی باشور دەکەین کە لە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و کوردستان و کردەوەکانی سپای پاسداران و هەڕەشەیان بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و گیانی خەڵکی نێو کەمپەکان بێدەنگ نەبن و هەڵوێستیان هەبێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٦ - ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

هەرلەو ڕۆژەدا، ٣٢ حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستان، ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا دژی هێرش و پەلاماردانەکانی حکومەتی ناوەندی هەڵوێستیان وەرگرت. ڕیفراندۆمی گەلی کوردستانیان بە مافێکی دەستوریی و یاسایی گەلی کوردستان لە قەڵەمدا و ڕایانگەیاند دەستبەرداری نابن و نابێت عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، گەلی کوردستان لەسەر ئەو مافە سزا بدەن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا ناساند و ڕایانگەیاند:

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ / ١٠ / ٢٠١٧ ، ئێمە حزب و لایەنەسیاسییەکانی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و هاتنەپێشی ئەگەر و پێشهاتەکان لە شاری هەولێر کۆبووینەوە، لە کۆبوونەوەکەدا بەوردی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان هەڵوەستەی لەسەر کرا و شرۆڤە کرا و، بیرو بۆچوونەکانمان لەم قۆناغەدا سەبارەت بە ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەیە:

- هەموو لایەکمان جەختدەکەینەوە سەر یەکڕیزی و یەکدەنگی تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و، هەر ئەوەش بە زامنی سەرکەوتن و تێپەڕاندنی هەموو کێشەکان دەزانین.

- بەتوندی ئیدانەی هێرشی سەربازی و بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکانی حکومەتی عێراق دەکەین و ڕەتیان دەکەینەوە، کەوا دەرهەق بە هەرێمی

کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجامدراون، ئەم هێرش و بڕیارانەی عێراق بە نادەستووری و نادیموکراسی و دژی مرۆڤایەتی دەزانین و لەلایەن تەواوی گەلی کوردستان ڕەتکراوەن، ئەو کارە سەربازییانەی عێراق نابنە ئەمری واقیع و کاتین.

- بۆ وەڵامدانەوەی خواستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دۆستەکانمان سەبارەت چارەسەری کێشەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق بە ڕێگای دیالۆگ، ئێمە هەموو کات خوازیاری دیالۆک بووین، بەڵام لایەنی عێراق مەنتقی سەربازی هەڵبژاردوە، لێرەوە بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کەوا ئامادەی دیالۆگی بێ مەرجین لەسەر بنەمای دەستور و دوور لە فەرزکردنی سیاسەتی ئەمری واقیع و هێرش و غروری سەربازی، پێویستە عێراق لەسەر بنەمای داننان بە مافەکانی گەلی کوردستان بێتەسەر مێزی دیالۆگ، بۆ ئەم بابەتەش حکومەتی کوردستان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات.

- ئێمە لایەنەسیاسییەکان یەتوندی هەر هەنگاوو ئاراستەیەک بەمەبەستی زیندووکردنەوەی دوو ئیدارەیی ڕەتدەکەینەوەو، پێویستە هەرێمی کوردستان بە یەکگرتووی بچێتە ناو هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ حکومەتی عێراق.

- ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان مافێکی دەستووری و یاسایی گەلی کوردستانە و دەستبەرداری نابین و پێویستە عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر ئەو مافە گەلی کوردستان سزا نەدەن.

- لێرەوە داوا لە تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی و سەربەخۆ دەکەین خۆیان دوور بگرن لە زمانی زبر و وروژاندن، پێویستە بە ئەمانەتەوە هەواڵ و ڕووداوەکان بگوازنەوە، پارێزگاری لە یەکڕیزی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بکەن.

- لە کۆتاییدا سڵاو و درووود بۆ گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی کوردستان بەگشتی و قوربانیانی کەرکوک و دووزخورماتوو و خانەقین بەتایبەتی دەنێرین و، بەرخودانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەرز دەنرخێنین و سڵاو و ڕێزمان بۆیان هەیە و، سڵاو و ڕێز و خۆشەویستی بۆ تەواوی ئەو خوشک و برایانەمان دەنێرین کەوا بە زۆر لەلایەن هێزە عێراقییەکان دەربەدەر کراون.

سەرکەوێ ئیرادەی هەقخوازانەی گەلی کوردستان.

پارت و لایەنە سیاسییەکان

١- پارتی دیموکراتی کوردستان
٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٣- حزبی شیوعی کوردستان
٤- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK
٥- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٦- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
٧- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
٨- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
٩- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستا
١٠- پارتی پارێزگارانی کوردستان
١١- حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان
١٢- بزووتنەوەی ڕزگاری دیموکراتی کوردستان
١٣- بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان
١٤- پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان
١٥- پارتی نەتەوەیی کوردستان
١٦- بزووتنەوەی گردبوونەوەی سریان
١٧- حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن
١٨- یەکێتی بێت نەهرێنی نیشتمانی
١٩- حزبی دیموکراتی کلدان
٢٠- ئەنجوومەنی نەتەوەیی کلدان
٢١- ڕابتەی کلدانی جیهانی
٢٢- حزبی نیشتمانی ئاشووری
٢٣- بزووتنەوەی مەسیحی دیموکراتی سەربەخۆ
٢٤- پارتی گەشەپێدانی تورکمان
٢٥- پارتی دیموکراتی تورکمان لە کوردستان
٢٦- کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان

٢٧- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمان لە کوردستان
٢٨- پارتی نیشتمانی تورکمان
٢٩- یانەی ئۆچاغی تورکمان
٣٠- بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان
٣١- پارتی چاکسازی تورکمان
٣٢- بەرەی شەرعی تورکمان

هەولێر - کوردستان ٢٠١٧/١٠/٢٢

نوسەر و کۆمەڵناسی گەورەی تورکیا و دۆستی کورد ئیسماعیل بێشکچی، لە وتارێکیدا زۆر بە توندی ڕەخنە لە بنەماڵەی تاڵەبانی گرت و پێی گوتن ئێوە کەرکوکتان ڕادەستی دوژمن کرد و نوسی: **(عێراق ئەنفالی کردنی، هەڵەبجەی بەسەر هێنان، بەڵام بەداخەوە بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی کە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراق دان، کەرکوکیشیان ڕادەست کرد.)**

بێشکچی لە وتارەکەیدا کە لە ماڵپەری "نارینا ئازاد" بڵاویکردەوە، نیگەرانیی دەربڕیوە لە ڕادەستکردنی کەرکوک بۆ دوژمن و دەڵێت: **(حەشدی شەعبی دوژمنی کوردە، هاتنی قاسم سلێمانی بۆ لای بنەماڵەی تاڵەبانی جیگای گومان بوو، و بردنی جەلال تاڵەبانیش بۆ ئێران چەند مانگێک بەر لە ئێستا هەر ئەو مەبەستەی لە پشت بووە.)** بێشکچی هێرش دەکاتە سەر پاڤڵ تاڵەبانی کوڕی گەورەی تاڵەبانی و دەڵێت: **(هەر ئەو ڕۆژەی کەرکوکی ڕادەستی حەشدی شەعبی کرد، پاڤل گوتی: "من بەرگری لە نەوتی دزراوی کەرکوک ناکەم"، ئەمە "نەوتی دزراو" چەمکێکە کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد بەکاری دەهێنێت.)**

بێشکچی نوسی: **(تۆ چۆن دەبێت بەو شێوەیە باسی سامانی سروشتیی وڵاتی خۆت بکەی، عێراق هاتووە ناسنامەی تۆی داگیر کردوە، عێراق خاکی داگیر کردوی، لەوە ڕاستتر بە زەبری هێز پەلاماری داویت و ناسنامە و سامانی سروشتیی داگیر کردوی.)**

بێشکچی لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: **(پاڤڵ تاڵەبانی ئەوەندە دوژمنی وڵاتەکەی خۆی بێت و خزمەتی بێگانە بکات، کەواتە**

فێر کراوە، بۆیە دەبێت لەو ڕۆوە لێکۆڵینەوە لە پەروەردەی پاڤڵ تاڵەبانی بکرێت.) ئیسماعیل بیشکچی نموونەی تەها یاسین ڕەمەزان دەهێنێتەوە کە ئەویش کورد بوو، بەڵام لە سەردەمی سەدام حوسێندا کورد ئەنفال کرا و هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد و هەمووی ئەو تەها یاسینە ئەندازیاری بووە، ئیتر پێم بڵێن چ جیاوازییەک لە نێوان تەها یاسین و پاڤڵ تاڵەبانیدا هەیە؟ بێشکچی دەڵێت: "**پێویستە لێکۆڵینەوە لە پەروەردەکردنی بەشێکی تاڵەبانییەکان بکرێت**"

بە پشتبەستن بەو وتەیەی ئیسماعیل بێشکچی، دوکتۆر زیرەک عەبدوڵا ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٣٠، وتارێکی کۆمەڵناسیی سەبارەت بە خەتانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بڵاوکردەوە و ئاماژە بۆ کردنی بەشێکی بە پێویست دەزانم[١].

ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٥، ماڵپەڕی "ئیرنا" کە ماڵپەڕی فەرمی و زمانحاڵی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق کرد و ڕایگەیاند جگە لە ڕێبەرانی سیاسی و ئایینی، پێنج ژن لە یەکپارچەیی خاکی عێراقدا ڕۆڵیان گێڕاوە کە لە نێویاندا "هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئالا تاڵەبانی و سروە عەبدولواحید" هەن. ماڵپەڕی ئیرنا لەم بارەوە نوسی: ئەو پێنج ژنە سێ کەسیان لە باکوری عێراق "هەرێمی کوردستان" و دوو کەسی دیکەشیان لە باشوری عێراقن کە بە باوەڕی کارناسان، ئەو پێنج کەسە لە ڕیزی کاریگەرترینی ئەو کەسانەدان کە لەنێو چالاکوانە حیزبی و سیاسییەکاندا لە ڕزگار کردنی عێراق و یەکپارچەیی عێراقدا دەوری بەرچاویان گێڕاوە. لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: (**لە سەرووی هەموویانەوە، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری پێشووی عێراقە کە کاریگەری لەسەر پاڤڵ و قوباد تاڵەبانیی کوڕی هەیە و پێشی لە لەتبوونی عێراق گرت**[٢].)

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی ماڵپەڕی فەرمیی ئێراندا هاتووە: (**سروە عەبدولواحید، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، دووەمین ژنی کاریگەرە لەم بارەوە و بەهۆی دژایەتی کردنی سیاسەتەکانی بارزانی، لەنێو حزبەکەی خۆی و سەرتاسەری عێراق، جێگەی ڕێزە و لە ڕۆژی**

ڕیفراندۆمـــدا لـه ڕاگـەیەنـــدراوێکی ڕوون و ئاشـــکرادا گـــوتی بەشـــداریی ئـەو ڕیفراندۆمە نابێت.)

لـه درێـــژەی ڕاپـــۆرتەکـەدا هـــاتووە: (ئـــاڵا تاڵـەبـــانی، ســـەرۆکی پێشـــووی فراکسیۆنی یەکێتی لـه پەرلـەمانی عێراق، یەکێکی تر لـەو ژنانەیە لـه بەرامبەر ڕیفراندۆمی کوردستاندا وەستایەوە و بەرگری لـه پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق کرد و بە توندی لـه بەرامبەر سەربەخۆخوازەکاندا وەستایەوە و ئەو ژنە تەنیا کەسێک بوو کە لـه ڕێوڕەسمی ناشتنی جەلال تاڵەبانیدا بە بوونی ئـاڵای هەرێمی کوردستان لـەسەر تابووتەکەی مام جەلال نـاڕەزایی دەربـڕی و گـوتی: "دەبووایە بە ئاڵای عێراقەوە بیپێچنەوە".)

لـەو ڕاپۆرتـەدا، ئیرنا ئاماژەی بۆ ئـەوەش کـردوە: (جگـە لـەم سـێ ژنـە کـوردە، حەنان فەتلاوی و عالیە نسەیەف، دوو پەرلـەمانتـاری عێراقـی بـوون کـە ڕۆڵـی کاریگەریـان گێـڕاوە و بـە دەربڕینـی بۆچـوونی دژایەتیـی خۆیـان لـە بەرامـبەر نیازەکـانی پشـت ڕیفرانـدۆمی کوردسـتان، زیـاتر لـه پەرلـەمانتـار و پیـاوە سیاسییەکان لـه پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا دەوریان گێڕاوە.)

لـه جێیەکـی تـردا، بـه نوسـینی ڕۆژنـامەی هەولێـر لـه ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٦دا، حوسێن دێهقـان، وەزیـری بـەرگری ئێـران، لـه ڕێوڕەسـمی یـاد کـردنـەوەی "شـەڕی دیزفـوول"دا ڕایگەیانـد: (بـــە ســـەرۆک و دەســـەڵاتدارانی عـــەرەب دەڵێـــین، چارەنووسی سەدام، باشترین نموونەی چارەنووسە، بۆیە لـەسەر دەسەڵاتدارانی سعوودیە و کەنداوە چارەنووسی سـەدام بـەبیر خۆیـان بهێننـەوە، چونکـە ئـەو لـەناو خـەوندا مـەغرور ببوو، بـەڵام لـه کۆتاییدا لـه خـەو بـەخـەبـەرمان کـردەوە و دواتر کوشتمان.)

حوسێن دێهقان جەختی لـەوەش کردەوە: (عێراق ئێستا ویلایـەتێکی سـەر بـە ئێمەیە و جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ ئـامێزی عـەرەب، بـەهیچ شێوەیەکیش جارێکی تر نابێتەوە بە وڵاتێکی عەرەبی، پێویستە ئەو عەرەبانەی لـه عێراقدا دەژین، بگەڕێنەوە بۆ بیابانەکان کە لێیەوە هاتوون... لـه مووسڵ تـا بەسرە.) وەزیری بەرگری ئێران، گوتیشی: (ئەوانـە زەوی ئێمـەن و دەبێت چۆڵی بکـەن، چونکـە ئێسـتا لـه عێـراق هێـزی حەشـدی شـەعبیمان هەیـە و هـەموو ئـەوانـە

بێدەنگ دەکات، کە دەیانەوێت عێراق بکەنەوە بە وڵاتێکی عەرەبی.) وەزیری بەرگری ئێران ئەوەشی نەشاردەوە، کە وڵاتەکەیان گەیشتووەتە قۆناغی دیزاین و بەپێی پێویست موشەکی بالیستی و کرۆز بە مەودای ٣٠٠٠ کیلۆمەتر، بەرهەم دەهێنێت. کۆتایی وتەکانیدا ناوبراو، گوتی: (بووین بە دەوڵەتێکی زلهێز، وەک پێشتر، بۆیە دەبێت هەمووان ئەوە بزانن کە ئێمە ئێستا گەورەی ناوچەکەین، عێراق و ئەفغانستان و یەمەن و سوریا و بەم نزیکانەش بەحرەین دەگەڕێنینەوە بۆ ئامێزی خۆمان.)

لە ڕووداوەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، کە میلیشیا شیعەکان بە هاوکاری پاسدارانی ئێران و چاوساغیی باڵێکی نێو لایەنێکی سیاسی، کەرکوک و خورماتوو، خانەقین و چەند ناوچەیەکی تری کوردستانییان داگیر کرد، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو شارانە ئاوارە بوون و دواتر لەلایەن میلیشیاکانەوە ماڵە کوردەکان دەتەقێنرایەوە. محەمەد فایەق لە قایمقامییەتی خورماتوو ڕایگەیاند: (عەرب و تورکمانەکان بەهاوکاریی گروپێکی کورد ماڵە کوردەکان دەتەقێننەوە.) ناوبراو گوتی: (گروپێک لە عەرەبە سوننە ئاوارەکان و تورکمانەکانی خورماتوو بە هاوکاری کۆمەڵێک هاووڵاتی کورد، کە بەرپرسێکی قایمقامییەتی خورماتوو بە "خۆفرۆش" ناویان دەبات، ماڵە کوردەکانی شارەکە دەسووتێنن و دەتەقێننەوە. بۆیە لەو بارەیەوە هۆشداریی دەدرێت.)



محەمەد فایەق، بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامییەتی خورماتوو، لە ڕاگەیاندراوێکی بە پەلەدا هۆشداری دەدات. لەوە کە ژمارەیەک "خەڵکی خۆفرۆشی کورد" دەستیان لەگەڵ سوننە مەزهەبەکانی ئاوارەی نیشتەجێ لە

خورماتوو، و تورکمانەکان تێکەڵ کردوە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا، کە لە پێگەی خۆی لە "فەیسبووک" بڵاویکردوەتەوە، ئاشکرای کردوە، لە ڕێگاەی ئەو "خۆفرۆشانە"وە ناو، و نیشانی ماڵە کوردەکان وەردەگرن و دواتر ماڵەکانیان دەسووتێنن، یان دەتەقێننەوە. ئەو بەرپرسەی قایمقامییەتی خورماتوو، داوا لە هاووڵاتییە کوردەکان دەکات، ئەوانەی لەنێو شاری خورماتوو ماونەتەوە، بە تەلەیفۆن ناو و نیشانی هیچ ماڵە کوردێک بەکەس نەدەن و زانیارییان لە بارەوە نەدرکێنن.

هەرلەو بارەیەوە، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی تاوانەکانی دوو ڕژێمی عێراق و ئێران لە خورماتوو، ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، بەپەلە ڕێگری لە هەوڵی ژێنۆسایدکردنی کورد لە خورماتوو بگرێت. لەو ڕاگەیاندراوەدا کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٥ بڵاو کرایەوە، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە خورماتوو زیاتر لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکە، کەوتووەتە بەر ڕقێکی تایفەگەری و هەزاران خێزان ئاوارە بوون و سەدان ماڵ لەو شارە سووتێندراون. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دەیان هاووڵاتیی کوردی خورماتوو شەهید و بێسەروشوێن کراون. بۆیە ئەگەر ڕێگە لەو تایفەگەرییە نەگیرێت، ئەوە ژێنۆسایدکردنی کوردی لێ دەکەوێتەوە. هەر لەو ڕاگەیاندراوەدا مەکتەبی سیاسیی یەکێتی داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، ڕێگە لەو هەوڵە تایفەگەرییە بگرێت و خورماتوو بە ناوچەیەکی لێقەوماو هەژمار بکات. ئەمەش دەقی ڕاگەیاندراوەکەیە:

**مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**بە بۆنەی کارەساتی تایفەگەری لە دوزخورماتو**

**ئەی نەتەوە یەکگرتوەکان! ڕای گشتی جیهان!**

**لایەنە عێراقیە نیشتمانپەروەرەکان!**

**هەروەکو نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانو ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهان دانی پێداناوە، دوزخورماتو، لەکەرکوک و شارەکانی تر، لە دوای کارەساتی ١٠/١٦ وە، زیاتر کەوتۆتە بەردەم ڕقێکی تایفەگەریەوە. هەزاران خێزان ئاوارە**

کراون. سەدان ماڵی کورد، سوتێنراون، یان دزراون، دەیان هاوڵاتیش شەهید کراون. ئەمە جگە لە بێسەروشوێن کراوان لە ناوچەکەداو سوتاندنی زیاتر لە دوو هەزار ماڵی هاوڵاتی.

هەموو جیهان دەزانێ، لە دوای شەڕی داعشەوە، نەخشەی تایفی هەبوو، دوزخورماتو، هەتا دەگاتە ئامرلی و سلێمانبەگ و یەنگەجە، کۆنترۆڵی تایفی بکرێ. ئێستا، نەک هەر ئەو ناوچەیە، بەڵکو کوردیش بەر ئەو ڕقە شۆڤێنیو تایفەگەرییەی هەندێک گروپی چەکداری توندڕەو کەوتووە، کە بەناوی شیعەوە، دەیانەوێ خۆیان بسەپێنن.

ئەگەر بێت و نەتەوە یەکگرتوەکانو حکومەتو پەرلەمانی عێراقو ئەمریکا فریا نەکەون، ئەم ئاگرە تایفییە مەترسیی جینۆساید کردنی کوردی لەو ناوچە کوردستانییە کێشەلەسەرە لێدەکەوێتەوە. بۆیە:

یەکەم: داوا دەکەین، بەهەموو توانـاوە، بەهانـای لێقەومـاوانی دوزخورماتووە، بچن. بەڵکو وەکو ناوچەیەکی لێقەوماو حساب بکرێ.

دووەم: لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەپەرلەمانی عێراق پێکبێت، بۆ دەرخستنی تاوانەکانو ڕاسپاردنی حکومەت کە ڕێگە بگرێ لە تاوانی زیاترو سزادانی تاوانبارانو قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان.

سێهەم: هەقوایە، هیچ کاربەدەستێکی کوردو سیاسییەکو پەرلەمانتارێک، ئامادە نەبن چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی لایەنە چەکدارە تاوانبارەکان بکەنو لەباتی ئەوەی داوا بکەن سزایان بدەن، کەچی سەردانیان دەکەنو ڕێزیان لێدەگرن.

جەماوەری غەدرلێکراوی دوزخورماتوو! خەڵکی کوردستان!

یەکێتی، هەر لەسەرەتای شەڕی بەرەنگاری داعشەوە، دژی هاتنی هێزی چەکداری جۆراوجۆر بووە، بۆ ناو دوزخورماتو. هەوڵی زۆریشمان دا، دوای هاتنیان بکشێنەوە. بەڵام بازرگانانی خوێنو فرمێسک، سورتر دەبون لەسەر داگیرکاریو کوشتوکوشتار.

لەدوای (١٠/١٦)وە، لەهەموو بارێکەوە، لەگەرمیانو سلێمانیو چەمچەماڵو هەرشوێنێک خەلچکی لێقەوماوی دوزخورماتو، هانایان بۆ بردبێ، بەهەموو

توانایەک، خزمەتمان کردون. ئێستاش، یەکێتی خۆی بە پارێزەری ڕاستەقینەی خەڵکی شارەکەو دەوروبەری دەزانێ، هەرچی لەدەست بێت، لەجیهانو عێراقو کوردستان درێغی لێناکات، هەم بۆ خزمەتکردنو هەم بۆ گەڕانەوەی سەربەرزانەیان.

سڵاو بۆ شەهیدانی غەدرلێکراوی دوزخورماتو. سڵاو لە خەڵکە کۆڵنەدەرەکەی.

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠١٧/١٠/٢٥

١- دوای ١٦ ئۆکتۆبەر، کاتێک کۆمەلناسی بەناوبانگی تورک ئیسماعیل بێشکچی گوتی "پێویستە لێکۆڵینەوە لە پەروەردەکردنی بەشێکی تاڵەبانییەکان بکرێت". ئەوە بەو مانایە دێت ئەو گروپە بەناو کوردەی کە خەیانەتی ١٦ ئۆکتۆبەریان خولقاند، هەڵگری چ جیهانبینییەکن، چ مەعریفەیەکیان بۆ ژیان هەیە، چۆن دەڕواننە مرۆڤ و کۆمەڵگاکەیان، چ ئینتیمایەکیان بۆ ڕابردوو و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانی

هەیە. پەروەردە کردن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە، تێیدا زانین لە پەروەردەکەرەوە بۆ قوتابی دەگوزارێتەوە، بەمەبەستی ئامادەکردنی تاک بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی جیاجیای کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی... تد. پەروە ردەکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و قۆناخ بەندە، سەرچاوەی جیاواز و جۆری جیاوازی هەیە. ئەگەر کەلتوور کارگەی بەرهەمهـێنانی مرۆڤ بێت، ئەوا پەروەردەکردن مەکینەی ئەو بەرهەمە دروست دەکات. بەبێ پرۆسەی پەروەردەکردن کەلتوور ناتوانرێت مرۆڤ بەرهەم بهێنی و ژیانی کۆمەڵایەتی سەقا مگیر بکات، ئەمەش بەهۆی ئەو ئەرک و بایەخانەی کە پەروەردەکردن بۆ مرۆڤ "تاک" و ژیانی کۆمەڵایەتی "کۆ" هەیەتی.

پەروەردەکردن لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، پەروەردەکردنی ئەرێنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت. فاکتەرێکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، بەهۆی ئەوەی تاک بە ئەرک و مافەکانی وشیار دەکات، وای لێدەکات بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرێت، خۆشەویستی بۆ نیشتیمانەکەی هەبێت، پەیڕەوی لە کەلتوور و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی بگرێت، ڕێزی بۆ بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. پەروەردەکردن پرۆسەیەکی مەعریفییە، بەهۆیەوە تاک لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگوازرێتەوە. بەگوێرەی ئەو سەردەم و دۆخەی تێیدا دەژێیت جەوهەری بەیەکەوە ژیان، ئامانج، پرنسیپ و بەها باڵاکانی کۆمەڵگا دیار دەکات، بەڵام پرسیاری سەرەکی لە چۆن یەتی ئەو پرۆسە پەروەردەییە دایە. بەوەی، چۆن مرۆڤ دروست دەکات؟ بە چ ئاقارێک ئاراستەی دەکات؟ کامە پرنسیپ، بەها و بەرژەوەندی باڵا دەکات؟

لە ژیاندا مرۆڤ سەنتەری بەرژەوەندییەکانە، بەدیهێنانی هەر بەرژەوەندی و ئامانجێکیش لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردەکردنی مرۆڤەوە بەرجەستە دەبێت، چونکە ئەمە پرۆسەی پێگەیاندن و ئامادەکردنیەتی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج، بەڵام چونکە ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لە تەنیاییدا جیاوازە وەک لە پێکهاتەی گەورەتری "گروپ، پارت، کۆمەڵگا"، بۆیە بەرژەوەندیی تایبەتی کەسێک لە بەرژەوەندیی گشتیدا جیاواز دەبێت. هەندێکجار بۆ کەسانێک بەرژەوەندیی تایبەت و گشتی هاوتەریب و هەندێکجاریش دژ بەیەک دەبن. بە شێوەیەکی گشتی، مەعریفە بریاردەری هەڵسوکەوتی مرۆڤە بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی. کەواتە ئێمە لەبەردەم پرنسیپ و بەهای باڵای گشت لەلایەک، و بەرژەوەندی تاک لەلایەکیتر داین. بە واتایەکیتر لەبە ردەم ئەخلاقی گشتی و حەزی تایبەتی داین. لێرەدا، پەروەردە هەم ڕۆڵی ڕێپێشاندەر و هەمیش چاودێریی دەبینێت، واتا ڕێگاپێدراو و تابۆ بۆ مرۆڤ دیار دەکات. مرۆڤ هەم کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی و هەمیش بۆ بەرژوەندیی تایبەت دەکات، بەڵام چ کاتێک قبوڵکراوە مرۆڤ کاری تایبەت و خۆپەرستی بکات؟ چ کاتێکیش کار بۆ بەرژەوەندی گشتی؟ ئەگەر بەرژەوەندی تایبەت دژی بەرژەوەندی گشتی بوو، ئەوا کامەیان لەپێشدا پەیرەو بکرێت؟

لەسەر ئاستی تیۆری وەکو پرنسیپ لەلای زۆربەی فەیلەسوفەکانەوە بەرژەوەندی گشتی پێش بەرژەوەندی تایبەت خراوە، لە فەلسەفەی مارکسیدا، لەپێش و پاش مارکس، تەنانەت لە ئیسلامیشدا هەر بەم جۆرەیە، بەڵا م لەژیانی کۆمەڵایەتیدا و لای هەموو تاکەکان پرسەکە بەو شێوەیە نییە. بەتایبەتی لای بەڕ ێوەبەر و سیاسەتکاران. لەلای ئەمانەدا زۆرجار بەرژەوەندی تایبەت پێش بەرژەوەندی گشتی خراوە، سەدان نموونەی دیاریش هەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە.

دیارە هەر یەکێک لەم دوو بەرژەوەندییە بوار و سنوری خۆی هەیە. تا ئەو شوێنەی خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەت لە سنوری تایبەتدا پەیڕەو بکرێت، نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی،

یان بە کەسی تر، ئەوە قبوڵکراوە، بەڵام کاتێک بەرژەوەندی تایبەت هەڕەشە بێت بۆسەر ماف و بەرژەوەندی گشتی، یان ببێتە هۆی بەرجەستەکردنی دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی وەکو دزی و گەندەڵی کردن، یان کارەسات و گیان لەدەستدانی مرۆڤی دیکە، ئیدی ئەمە قبوولکراو نییە. چونکە زیانگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی زیانگەیاندنە بە کۆی کۆمەڵگا. پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر بەرژەوەندی گشتی دەبێتە هۆی ئەگەری نەهێشتنی ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەلگادا. هەروەها دەبێتە هۆی ئەگەری خەیانەت کردن. کۆمەلگاکان لە هەر قۆناغێکدا خەونی پەیوەست بەخۆیان هەیە، یەکێک لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە پێویستە بۆ بەرجەستەکردنی خەونەکانیان لەبەرچاو بگیرێت، بریتییە لە پەروەردەکردنی ئەرێنی تاکەکان، چونکە دواجار ئەوە تاکەکانن ئامانجەکان بەرجەستە دەکەن. ئەو قسەیە کۆمەلگای کوردستانیش دەگرێتەوە. بە بۆچوونی من لە ئێستادا یەکێک لە خەونە هەرە لە پێشینەکان بۆ کوردستان، دەستەبەر کردنی مافی سەربەخۆییە. ئەو خەونە بەهایەکی بالایە و نابێت بکەوێتە ژێر هەڕەشەی بەرژەوەندیی تایبەتی مرۆڤێک، یان گروپێک. نابێت بکەوێتە ژێر هەڕەشەی خەیانەتکاریی، وەکو ئەوەی لە ١٦ ئۆکتۆبەردا بیندرا، بەڵام بۆچی خەیانەتکاری؟ خەیانەتکردن چییە؟

چەمکی خەیانەت لەلایەنی زمانەوانییەوە بەمانای غەدر و نەبوونی دلسۆزی و ئینکاری ئینتیما دێت، بەڵام لەلایەنی زاراوەییەوە واتا یاریکردن، یان شپرزە کردنی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و پیلانگیری بەسەر مافە ڕەواکانی گەل، ڕادەستکردنی وڵات بە دوژمن، یان خولْقاندنی حاڵەتی شپرزەیی کە ئاسانکاری بۆ دەستخستنی وڵاتانی تر بۆ ناو کاروباری وڵاتی خۆی دەکات، وەکو تاوانی تایبەت سەیری دەکرێت کە جیاوازە لەو تاوانە ئاساییانەی کە لە یاساکاندا سزای بۆ دانراوە. کەواتە هەر کەسێک پەیوەندی بە وڵاتی دەرەکی بکات بۆ لە ناوبردنی سەقامگیری و ئاسایشی وڵاتەکەی، لەگەڵ وڵاتی دەرەکی دژی وڵاتی خۆی بجەنگێت، پلاندابنێت بۆ کوشتنی سەرۆکی وڵات، یان بەرپرسەکانی، نهێنی وڵاتی خۆی بداتە وڵاتی دەرەکی. هەموو ئەمانە کاری خەیانەتکارین. هەموو ئەمانەش لە ڕەفتارەکانی گروپی ١٦ ئۆکتۆبەردا بیندران. ئەو گروپە، بوونە هەڕەشە بۆ سەر مافی سەربەخۆی نیشتیمانەکەیان، لادەرن لە بەها و پرنسیپی باڵای نیشتمانی، ئەوان تاوانکارن، چونکە ئەو ئامانج، پرنسیپ و بەها باڵایەی کە مرۆڤ گەلێک خۆی لە پێناویدا بەختکردوە، ژێرپێ خراوە، مافی گشتی پێشێلکراوە، بەهۆیەوە شکۆی گشتی شکێندراوە، زیانی ماددی و مەعنەویش بە مرۆڤی دیکە گەیەندراوە. لێرە دەبێت پرسیار لە پەروەردە و مەعریفەی ئەو تاکانە بکرێت. دیسان پرسیار لەو بەرژەوەندییانەش بکرێت کە ئەم تاکانە هەیانە. بۆچی ئەمەیان کرد؟

ڕووداوەکان و کاراکتەرەکانی پێش و پاش ١٦ ئۆکتۆبەر، دەتوانین بە لایەنی هاوکێشەی "مەعریفە + کردەوە + بەرژەوەندی" بخوێنینەوە. پەروەرکردن وەکو بەشێک لە مەعریفەی بکەرەکانی ئەو ڕووداوە، کێشەی نیشتمانی بوونی هەیە، کێشەی ئەخلاقی هەیە، کێشەی لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی هەیە، بۆیە دەبێت پرسیار لەو کەسانە بکەین کە کوردەکانی بکەری ١٦ی ئۆکتۆبەریان پەروەردە کردوە، مەبەست مامۆستاکانی خەیانەتکارانە "وەکو نێرەرەی پرۆسەی پەروەردە کردنەکە". دەبێت پرسیار لەو هزرانە بکەین کە بۆ بکەرەکانیان گواستۆتەوە. ئایا هزری پەروەردەیی ئەوان کوردانە بووە؟ مرۆڤانە بووە؟ چ بیرۆکەیەکیان پێگەیاندون لەبارەی پرسی نیشتمان؟ لەبارەی پرسی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەت؟ لەبارەی چۆنیەتی پێشرەوی کردنی گەلەکەیان؟ لەبارەی چۆنیەتی سەیرکردنی بەرامبەری پێشبڕکێکار؟ .... تد ، دەشێت دەیان پرسیاری جدد یان لەبارەوە بکرێت.

.... کاتێک گروپی ١٦ ئۆکتۆبەر دژی مافی سەربەخۆی نەتە وەکەی ڕەفتار دەکات، ئەوا بێگومان هەڵگری پەروەردەیەکی نەرێنی بە مافی سەربەخۆییە. خەونی سیاسی بە خەیانەتی سیاسی لەبار دەبرێت، ئەمەش زادەی پەروەردەیەکی نەرێنییە ، ئەمەش وەکو ئەمرێکی حەتمی پەیوەندی بەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە کە تێیدا پەروەردە کراون، پەیوەندی بەو هزرانەشەوە هەیە کە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە بۆیان گواستراوەتەوە. باشە با بپرسین مامۆستاکانیان کێن؟ پێشینەی مێژوویيان لەبارەی پرسی نیشتیمان و خەیانەتەوە چییە؟ چ ڕەفتارێکیان کردوە؟ بە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتارەکانیان و زانینی ڕەوشتیان، پێشبینی دەکرێت چۆن سەرانی ١٦ ئۆکتۆبەریان پەروەردە کردبێت؟

کاتێک دەبینین مامۆستاکان و قوتابییەکان لەدژی سەربەخۆیی کوردستان هەمان ڕەفتار "خەیانەت"یان کردوە، ئیتر دەگەینە ئەو باوەڕی کە پێناچیت پەروەردەکردنی خەیانەتکاران ئەرێنی بوو بێت. پێدەچێت مامۆستاکان گەرای خۆیان لەهەناوی قوتابییەکا نیان چاندبێت، فێریانکردبن چۆن هەر کاتێک باسی سەربەخۆیی کوردستان کرا، یەکسەر ڕەوشی گشتی کۆمەڵگا تێکبدەن، کێشە و دووبەرەکی دروست بکەن، هەموو ڕ تووشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر ڕ وخساریان لابدەن، ماسکەکان بدڕێنن، ئیعلانی دوژمنداری مافی سەربەخۆیی بکەن و بڕۆنە پاڵ دوژمن، موئامەرە بکەن، تەنانەت لەگەڵ شەیتانیش لەدژی ئەم خواستە ڕ ێکەون. جگە لەمە مامۆستاکان کە بەبێ مومارەسە کردنی دەسەڵات ناتوانن، لەهەمانکاتیش سەرکردەی نیشتیمانپەرەوەر نین، بە قوتابییەکانیان گوتووە، ئێوە پێویستە بڵێن ئێمە سەرکردەی ئەو گەلە ین، لەفتی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێری لێ بدەن، هەر شتێکتان پێنەکرا مەهێ ڵن کەسانی تر بیکەن. لەبیر نەکەن خەتی سوور دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانی و گەیشتنی کوردە بە مافی ڕەوای خۆی.

ئەگەر مامۆستایانی پەروەردەکردنی بکەرانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانیتر، کە خۆیان لەمێژووی خۆیاندا خەیانەتیان کردبێت و دژی کورد بووبن، نابێت چاوەڕوانی خەیانەت لە قوتابییەکانیان "نەوەکانیان" نەکەین، هەڵەیە پێمان وانەبێت هیرۆ وەکو باوکی و باڤڵ وەکو باوانی خەیانەت نەکات، وەکو دەڵێن گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێت، چونکە مامۆستا هەوڵدەدات قوتابی لەسەر بەها، پرنسیپ و دونیابینی خۆی پەروەردە بکات. بەو پێیەش، خەیانەتکار، شۆڕشگێر بەرهەمناهێنی، بەتایبەتی ئەگەر قوتابی و مامۆستا پەیوەندی خوێنیان پێکەوە هەبێت، و هەڵگری کەمترین مەعریفەی مرۆیی و ئەخلاقی شۆڕشگێری بن. بکەرە کوردەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەمارێکی ئەزەلی خەیانەتیان لەنیو جەستەدا هەیە، ئەو دەمارە خوێنێکی تایبەتی پێدا دەڕوات ، ناتوانن نەشتەرگەری بۆ بکەن و لێی دەربازبن. دو کتۆرە فارسەکان زانیاریی زۆریان لەبارەی سروشتی ئەو دەمارەوە هەیە، هەر بۆیەش بێباکانە دەیانگ وت خەونی سەربەخۆیی کوردستان لەناو دەب ەین، فارسەکان دەمارەکەیان تەقاندەوە، خوێنەکەیان بەسەر جەستەی نەخۆش پەخشکرد، ئیدی نەخۆش بارگاوی بوو بەخوێنی ڕەش، تاریک بینانە چوونەوە سەر ئەسلی خۆیان و خەیانەتەکەیان کرد. .... خایینەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر کێشەی پەروەردەییان هەیە، هەوڵیش دەدەن کێشەکە بەسەر گشت کۆ مەڵگا، بەتایبەتی شوێنکەوتووانیان لە زۆنی ملکەچی سەوز- نیللی پەخش بکەن. ئەوان لە هەوڵ ی ئەوەدان خەیانەتکار زۆر بکەن، هاوڕێ بۆخۆیان پەیدا بکەن. لەو زۆنەدا بینیمان منداڵ ی هەرزەکاریان هێنایە سەر شەقام، کارتۆنی جیاجیایان بەدەستەوە بوو، یەکێکیان لێی نووسرا بوو "مووچەمان دەوێ و دەوڵەتمان ناوێ"، یان مامۆستا زەلیلانە لەسەر شەقام وەستابوو، سلۆگانی "بەڵێ عێراق و نەخێر کوردستان"یان بەرزکردبۆوە، یان لە تەلەفزیۆن

بەدەنگی بەرز یەکێک گوتی "حاشا لەم جلە کوردییانە کە کوردیشم"، ئەمە لەکاتێکدایە کە منداڵی تورک بە دەستەواژەی "تورکیا لە بەرامبەر هەموو دونیایە" پەروەردە دەکرێت.

..... گروپی ١٦ ی ئۆکتۆبەر خەریکی دروستکردنی کۆیلەی مۆدێرنن، کە خەیانەتکار بە پاڵەوان و دز بە پارێزەری ماف دەبینن، گروپی ١٦ ی ئۆکتۆبەر هەرچییەک بڵێن و بکەن کۆیلەی مۆدێرن قبووڵیانە، نەک هەر ئەوە بەڵکو خەیانەتکار وێنەی کاراکتەری فریادرەسی وەرگرتووە. پرسیاری جددی ئەوەیە، هەر بەڕاستی خەڵکی ئەو دەڤەرە خەیانەتکار و نەفت دز بەسەرکردەی خۆیان قبووڵە؟ یان ترسنۆکن و لە دیکتاتۆریەتی خەیانەتکاران دەترسن؟ لێرەوە کوردستان دوو کێشەی هەیە، یەکەمیان کێشەی نەبوونی شەهامەت و قبووڵ کردنی ترسنۆکی خەڵکی، کەسانێک دەبینێت کە بەهۆی کردەوەکەیانەوە کۆمەڵێکی زۆر خەڵک دەربەدەر بوون، ژمارەیەک پێشمەرگە و خەڵکی دیکە کوژراون، ماڵ سوتێندراون، دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر کۆمەڵێک ژن و پیاوی ئەو وڵاتە، کەچی ناتوانن هەڵوێستێکی شەرمنانەش دەرببڕن. ئەمە کاتێک کوشندەتر دەبێت کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، نوسەرو چالاکوانە سیاسییەکانیش دەگرێتەوە. بێدەنگ بوونی نوسەرەکان و چالاکوانانی سیاسی دەڤەری سەوز- نیللی دەشێت بە هەمان لۆژیکی پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەت بەسەر بەرژەوەندی گشت لێک بدرێتەوە، یانیش بە هەبوونی ترس لە دەسەڵاتی ئەو دەڤەرە.

دووەمیشیان کێشەی مەعریفی تاکی کوردییە، کێشەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و سیاسییە، تاکی کوردی لە پرسەکانی ئینتیمایی نیشتمانی و نەتەوەییدا هەڵگری مەعریفەیەکی ئاست نزمە. وا دەبینم کە پێویستە توێژینەوەی جددی لەسەر سیستەمی پەروەردەیی کوردستان بکرێت، تاوەکو بزاندرێت بۆچی تاکی کورد باکی بە خەیانەت کردن نییە. باکی بەشکانی شکۆی نەتەوەکەی نییە؟ سووتاندن و تەقاندنەوەی ماڵی براکەی نایجوڵێنێ ؟ دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ئافرەتی کورد نایجوڵێنێ؟ جگە لەمە تاکەکانی ناوچەکان بۆ ئەوەندە دژی یەکترن؟ ئەو هەموو بێحورمەتی کردنەی سلێمانی بە هەولێر کە زەمەنێکی زۆرە بوونی هەیە، " ئێستاش بەپێچەوانە هەولیر دەستی پێکردوە" لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەو هەموو دوژمنداری و بەکەم گرتنی یەکتر لە چییەوە دێت؟ ئەوەندە حەزی لەناوچوونی ئەویتر لە چییەوە دێت؟ پرسەکە ڕێژەییە بەلام زۆرینەیە. ئەگەر بەشێکی پرسەکە پەیوەندی بە پەروەردەی بکەرە کوردە سەرەکییەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەرەوە هەبیت، ئەوا بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی کۆی گروپ و لایەنە بەشداربووانەی پرۆسەکەوە هەیە. دیارە گرووپی ١٦ی ئۆکتۆبەر پەیمانی گەورەی ئابووری و سیاسییان پێدراوە، هەر لە پارەی نەوتی دزراوی کەرکوک تا نەهێشتنی دەسەلات و نفوزی نەیارەکان لە پارتەکەی خۆیان، ئینجا لەناو بردنی پارتی دیموکرات "کە ئەمە خەونی مامۆستاکانیش بوو" . ئەوان کە دەمارێکی خەیانەتیان تیدایە، بەرژەوەندەییەکی بچوک بەسە بۆ ئەوەی خەیانەت بکەن. دەیان هەزار ڕێگای وەک ئەوەش دەبیننەوە بۆ باوەڕهێنان بەخۆیان، کە ئەوەی دەیکەن ڕاستە. لەگەل ئەمەشدا ئامرازی ڕاگەیاندن و خەڵکێکی مەعریفە نزمیشیان هەیە بۆ ڕەوایەتی دان بە کارەکەیان.

زەمینە خۆشکردنی ئەو پرۆسەیە، بێدەنگی لایەنی ناوەخۆ و دەرەکییە، لەوانە بێدەنگی سەرۆکی کۆمار، کە بەداخەوە کوردە، هەروەها هاوکاریکردنی پرۆسەی خەیانەتکردنەکەیە لەلایەن هەندێک لە پەرلەمانتارە بەناو کوردەکانی عێراقە، ئەوانەی تاسەر ئیسقان دژی سەربەخۆیی کوردستانن. ئەمانیش بەرژەوەندیان لەو پرسەیەدا هەیە.

ئەگەر تێبینی بکەین، یانکوبیش "سلۆڤاکی"، برێت ماکگورک "ئەمریکی"، قاسم سولێمانی "ئێرانی"، ئەردۆگان "تورکی"، بالیۆزی "بەریتانی"، حزبی خوای "لوبنانی" ، حەیدەر عەبادی و حەشدی شەعبی "عێراقی"، لاهور و پاڤیلی "بەناو کورد"، چ شتیک کۆیاندەکاتەوە، جگە لە بەرژەوەندیی هاوبەش، بەدبەختی کورد و لەناوبردنی خەونی سەربەخۆیی، لەگەڵ غەدری سیستەمی نادادپەوەری جیهانی نەبێت؟! سیستەمی جیهانی سیستەمێکی نادا دپەروەرە بەسەر مافی کەمە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. بۆ نموونە کورد. ڕ ۆژێک عێراق، ڕۆژێک ئێران، ڕۆژێک تورکیا، ڕۆژێک داعش، ڕۆژێک حەشدی شەعبی ....تد کوردستان وێران و تـ ۆپباران دەکەن، کورد دەکوژن و دەربەدەری دەکەن. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش تەنیا تەماشا دەکەن. بەڵێ ئەوەیە نادا دپەروەریی سیستەمی جیهانی، هەندێک دەبێت بمرن، تاوەکو هەندێک خۆش بژین. ئار استەکردنی موشەکێک بۆ سەر سعودیە کە لە ئاسمانەوە تەقێندرایەوە، کردەوەیەکی تیرۆر لە شەقامێکی میسر، یان تورکیا.... تد، بەسە بۆ ئەوەی وڵاتانی زلهێزی جیهـ ان بینە سەرخەت و باسی پشتگیری و هاوکاری بکەن، بەڵام داگیرکردنی کەرکوک، خورماتو و شەنگال، کوشتن و بریندار بوونی سەدان کورد، سوتاندن و تەقاندنەوەی ماڵ و دەربەدەربوونی سەدان هەزار خەڵکی کورد هیچ هەڵ وەستەیەکی بەو وڵاتانە نەکرد، کەس ئامادەیی هاوکاری و پشتگیری پێشکەش نەکرد. ئەمە بۆ؟ چونکە سیستەمی جیها نی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی گەورەکان بوونیادنراوە، بۆ ئەمە ئەگەر گەلانی ژێردەست و کەمینەکان جینۆسایدیش بکرێن کێشە نییە..... دواجار من هاوڕام لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی کاتێک گوتی پێویستە لێکۆڵینەوە لە پەروەردەی بەشێکی ماڵباتی تاڵەبانی بکرێت، ئەوانەی بکەری ١٦ی ئۆکتۆبەرن.

٢- قوباد تاڵەبانی بە پێچەوانەی ئەو خابینانە هەڵوێستی وەرگرت. ناوبراو کە لە هەمانکاتدا جێگری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە گرتە ڤیدیۆیەکدا کە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکرایەوە، سەبارەت بەو خابینانە گوتی: **(فیرعەون هەن لە کوردستانا عەرز داگیر دەکەن، ڤیلا دروست دەکەن، قاچاخچییەتی دەکەن، خەڵک دەکوژن، ڕۆژنامەنوس دەکوژن، هەزار یەک ئیشی خراپ دەکەن، بەڵام ئە و جورئەتە نەبووە، ڕووبەڕوویان بوەستینەوە. بۆخۆشیان دەزانن، ئەوانە کێن؟ ڕۆژانە، هەر ئەو کەسانە زیاتر لە هەر کەسێکی تر لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن باسی گەندەڵیی دەکەن، خۆیان و کامیل بۆیاخیان دێنە سەر تەلەفزیۆن و کۆبوونەوە دەکەن، کۆڕ دەکەن و باسی گەندەڵیی دەکە ن، بەس خۆیان لە هەموو کەس گەندەڵترن. مەجموعە چەکدارێک لە خۆیان کۆ دەکەنەوە و سەرانە لە خەڵک وەردەگرن، پارە لە دوکاندار وەردەگرن، خەڵک تەهدید دەکەن، خەڵک ئیتیهام دەکەن، لە عەینی حالیشە خۆیان بە پاڵەوان دەزانن، کە لە کوردستانا قەومی، بەرەی جەنگ چۆڵ دەکەن و بـ ەرەکەیان بەجێدەهێڵن و بە ترس و لەرزەوە لە ساحەکە ڕادەکەن و ئەو چەک و تەقەمەنییەش کە لەگەڵ خۆیان دەیبەن، دەچن لە بازاڕی قاچاخ دەیانفرۆشن.)**

## پشتیوانی کردن لە کورد و ئەزموونەکەی

گوتم، ئاکامی شەڕەکانی پردێ، مەخمور، زومار، مەحمودیە، تلسقۆف و ڕەبیعە بەلانسی شەڕ و چارەسەرییەکانی بە قازانجی کورد گۆڕی. ولادیمیر پوتین سەرکۆماری ڕوسیا و کاربەدەستانی مۆسکۆ لە کۆمپانیای "ڕۆس نەوت" یەکەم دەوڵەت و وڵات بوون کە دوای ئەو شەڕانە و شکانی دوژمن تێیاندا، ڕایانگەیاند: (درێژە بە وەبەرهێنانی گاز و نەوت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەن و دەستی لێ هەڵناگرن.) هەروەها کۆمپانیای "ڕۆس نەوت" بەڵێنی بە حکومەتی هەرێم دا لە کێشانی لوولەکانی گواستنەوەی نەوت و زیادکردنی قەبارەی هەنارده کردنی.

وڵاتانی ئیسرائیل، فەرەنسا، سوید و دواتریش ئەمریکا و ئەڵمانیا لەگەڵ ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئینگلیز و کۆنگرێسمانی ئەمریکا هاتنە سەرخەت و پشتی کورد و ئەزموونەکەیان گرت و ڕایانگەیاند کورد بۆ ماوەی سێ ساڵان دژی تیرۆریستەکانی داعش، شەڕی هەموو دنیای کردوە و پێویستە بەغدا کێشەکانی لەگەڵ هەولێر بەئاشتی و بەگوێرەی مادەی ١٤٠ دەستوری عێراق چارەسەر بکات. ترێنت فرانکس، کۆنگرێسمانی ئەمریکا، کە دۆستێکی نزیکی کوردە، ڕەخنەی توندی لە برێت مەکگورک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش گرت. ناوبراو، کە سەر بە پارتی کۆمارییەکانی ئەمریکایە، لە زنجیرە تویتێکدا دەڵێت: **(پیاوەکانی ئۆباما، وەکو برێت مەکگورک، بە شێوەیەکی چالاک تەگەرە دەخەنە بەردەم هەڵوێستەکانی سەرۆک ترەمپ، لە دژی ئێران. ... برێت مەکگورک، کە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکایە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، یەکێک بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و پشتیوانیشی کرد لە ڕادەستکردنەوەی کەرکوک بە حەشدی شەعبی.)**

بەپێی ڕاگەیاندراوێکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، بەهۆی داگیرکاری میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و پاسدارانی ئێران، زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە کەرکوک، مەخمورو خورماتوو ئاوارەی ناوچەکانی

هەرێمی کوردستان بوون[١]. ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا ڕایگەیاند، دوای ئەوەی مام جەلال کۆچی دوایی کرد، ئێران هەلی ئەوەی قۆستەوە سوود لە بەشبەشبوونی هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە دیاریکراوی وەربگرێت.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٥، ڕاین دیلۆن وتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایگەیاند، هاوپەیمانان داوا لە پێشمەرگە و سوپا و میلیشیا عێراقییەکان دەکات "خۆیان لە دروستکردنی گرژیی زیاتر بپارێزن." ناوبراو، هەروەها گوتی: **(گفتوگۆ و دانوستاندن لە چوارچێوەی دەستوری عێراق باشترین بژاردەیە بۆچارەسەرکردنی ناکۆکیی و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. گوتەبێژی هاوپەیمانان جەختی لەوەش کردەوە، کە هاوپەیمانان دژی بەکارهێنانی توندوتیژین لەنێوان حکومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانن و داوایان لێ دەکەین سەقامگیریی بەرەی شەڕی دژی داعش تێک نەدەن[٢].)**

ڕیکس تیلەرسن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند: **(دەبێت میلیشیاکانی سەربە ئێران لە عێراق بچنە دەرەوە.)** ناوبراو، هۆشداری بە میلیشیا شیعەکانی سەربە ئێران لە عێراق دا و داوایکرد لە خاکی عێراق بچنەدەرەوە. ڕیکس تیلەرسن، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ عادل جوبێر وەزیری دەرەوەی سعودیە، دەربارەی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی تایبەت لە نێوان سعودیە و عێراق، ڕایگەیاند: **(بۆ سەقامگیری ناوچەکە پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە ئاسایی بکرێت...)**

ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٢، تەلەفزیۆنی ڕووداو دیمەنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هەشت کۆنگرێسمانی ئەمریکی لە واشنتنەوە گواستەوە. کۆنگرێسمانە ئەمریکییەکان لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیدا پشتیوانییان بۆ کوردستان ڕاگەیاند. ئەوەی خوارەوە دەقی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیە:

- مایکل پرێجنت، ئەفسەری پێشووی هەواڵگریی ئەمریکا: **(سوپاس کە لێرەم، دوای ئەوەی سەرۆک گوتارێکی زۆر توندی پێشکەشکرد لەسەر سوپای پاسدارانی ئێران و بەشێوەیەکی گشتی هەموو سوپاکەی دەستنیشانکرد لەبەرئەوەی پاڵپشتیی لە قاسم سلێمانی و هێزەکانی سوپای قودس دەکات، ١٦**

کاژێر دواتر، قاسم سلێمانی میلیشیاکانی سەر بە سوپای پاسدارانی لە دژی هاپەیمانەکەمان بەکارهێنان. ئێمە ئەوەمان بینی، بینیمان کە سەرۆکوەزیران عیبادی هەوڵیدا ئەم ئیستیفزازە کۆنترۆڵ بکات کە لەلایەن میلیشیا شیعەکان و هێزە ئەمنییەکانەوە دەکرا، ئەو سەرکەوتوو بوو لەوەی بە هێزە ئەمنییەکانی بڵێت هەندێک کار هەن مەیکەن، بەڵام ئەو سەرکەوتوو نەبوو لەوەی کە بە میلیشیا شیعەکانی حەشدی شەعبی بڵێت هەندێک کار مەکەن، ئەمەش لەبەرئەوە بوو هادی عامری، کە ئێوەش بە باشی دەناسن، گوتی ئەو وەڵامی حەیدەر عیبادی سەرۆکوەزیران ناداتەوە، بەڵکو وەڵامی قاسم سلێمانی دەداتەوە. ئێستا گەورەترین کێشە کە لەم شەڕەدا هەیە و پێشتریش ژەنەراڵ پترایۆس ئاماژەی بۆ کرد، ئەوەیە کە ئەم میلیشیایانە لە ڕاستیدا لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆدان، ئەوان لەژێر کۆنترۆڵ و فەرمانی وەزارەتی ناوخۆدان، بەڵام ئەبوو مەهدی موهەندیس کە لە لیستی تیرۆر دایە، ئەو فەرماندەی حەشدی شەعبییە، ئەو بڕیار دەدات پارە بە کێ بدرێت و هێزەکانی ئەو ٢٥%ی هێزەکانی حەشدی شەعبی پێکدێنن، بەڵام نزیکەی ٩٠%ی بودجەکە وەردەگرن، ئەوان کەرەستەکانی سەربازیی ئەمریکایان لەبەر دەستە و تانکی ئەمریکی بەکار دێنن. هەر سەربازێکی ئەمریکی کە پێشتر تانکی بەکار بردبێت ئەوە دەزانێت کە بەکار بردنی ئەم تانکانە لە مەیدانی شەڕدا پێویستی بە ڕاهێنان هەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن بەکار دەبرێت، تەنیا ڕێگایەکیش بۆ ئەوەی کە ئەم ڕاهێنانە وەربگریت ئەوەیە کە جلوبەرگی سەربازیی عێراق لەبەر بکەیت و ئەم میلیشیایانەش جلوبەرگیی سەربازیی هێزە ئەمنییەکانی عێراقیان لەبەر کردوە و بەوجۆرە کاریان کردوە، ئەمەش پێشێلکردنی یاسایە بەوەی کە چەک و پارە دابین بکرێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ، لەکاتێکدا ئەم میلیشیایانە کاری تێدا دەکەن. هەروەها پێشێلکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی کەرەستە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، پێویستە ڕاپۆرت لەسەر ئەم شتانە بدرێت؛ ئەگەر من ئەوەندە زانیاریی هەوڵگرییم هەبووایە وەک ئەوەی کە ژەنەراڵ دەیڤید پترایۆس ساڵی ٢٠٠٣ هەیبوو، ئەوا ئێمە هەموو ئەم کەسانەمان دوور دەخستەوە، ئەو ئێستا دەبێت

سەیری تیڤی بکات و ئەوە ببینێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت، سوپاس بۆ کاتەکە و هیواردم پەیامەکەم گەیاندبێت.)

ڕۆبەرت بارلێت، کۆنگرێسمانی ئەمریکا: (من لە شەڕی عێراق بەشداربووم، ئەنجامی ڕاستەوخۆی کاریگەرییەکانی ئێران لە ماوەی شەڕی عێراق و ئەوەش کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، چەند ساڵ نائارامیی و ژیانی سەخت و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر خەڵکە، ئەمە ڕاستییە. کاری ئێمە وەک ئەمریکییەکان هەمیشە شانازیی کردنە بە پابەندییەکانمانەوە، پابەندییەکانمان لە سیاسەت و ئەوەی کە ئێمە پاڵپشتی کێ دەکەین و پاڵپشتی کێ ناکەین، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە پاڵپشتیی لە ڕژێمی ئێران ناکەین؛ بۆ؟ چونکە ئەوان چالاکانە ئەمریکییەکان دەکوژن و بە ئاشکرا دەڵێن "بمرێ ئەمریکا"، و "مردن بۆ ئیسرائیل". هەر بۆیە پێویستە ئێمە هەمیشە دڵنیابین لەوەی کە ئەوەی ئێمە پاڵپشتی لێدەکەین، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیری بێت لە بەهاکانی ئێمە، دەستوری ئێمە و ئاڵای ئێمە و گەلی ئێمە، ئەمە شتێکی گرنگە، نەک ئەوەی کە بۆ ئێران بێت و ژمارەیەکی زیاتر ئەمریکی و ئەو کەسانە بکوژێت کە کار لەگەڵ ئێمە دەکەن وەک کورد. پێویستە بزانین چی ڕوو دەدات، بۆچی پارەکە دەچێت بۆ ڕژێمێک کە ئەمریکییەکان دەکوژێت، پێویستە ئێمە ئەمە بووەستێنین، سوپاس بۆ کاتەکەتان.)

ترێنت فرانکس، کۆنگرێسمانی ئەمریکا: (سەرەتا شانازییە بۆ من کە لێرە لەگەڵ ئێوە دەوەستم، سوپاس بۆ کۆمێنتەکان، ئاستەمە شتی زیادە بخەمە سەر گوتەکانی ئەوان، ئەوان لە بارودۆخەکەی ئەوێ دەگەن، ئێوە هەمووتان ئەو وێنانەتان بینیون کە ئاڵای حیزبوڵا لەسەر تانکی ئێم[1] هەیە، ئەوە گرنگە کە ئێمە وەک وڵات دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکەینەوە کە لە عێراقدا ڕوو دەدات. ئەم سەرۆکەی کە ئێستا لە سەر کارە زۆر بە کاریگەرییەوە کاردەکات و دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کە ئێمە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران پشتڕاست ناکەینەوە؛ من شانازی بەوەوە دەکەم و هیواداریشم ئەو گوێ لە دامەزراوەکان بگرێت سەرەڕای گوێگرتن لە یەکەکانی دی سی کاتێک کە بابەتەکە دێتە سەر ناسینی کاریگەرییەکانی ئێران لە عێراق. ئێران لەکاتی شۆڕشەکەیەوە

بەجۆرێک کاری بۆ ملکەچ کردنی هەموو جیهان کردوە، ئەوان ناتوانن بەبێ چەکی ئەتۆمی ئەوە بکەن و ئەوان بەردەوامن لە کارکردن بۆ ئەو ئامانجەیان بە هەر ڕێگایەک پێیان بکرێت، لە هەمانکاتدا ئەوان زۆرترین میلیشیایان دەوێت لەگەڵ کاریگەریی ترسناک لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێمە نابێت ڕێگە بدەین ئەوان هەر بەهێزتر و بەهێزتر بن لە عێراق، هەر بۆیە من داوا لە سەرۆک و داوا لە ئەمریکا دەکەم باش سەیری ئەمە بکەن و ببینن چۆن ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەرییەکانی خۆی زیاتر دەکات، چونکە ئەوان نەک هەر مردنیان بۆ ئەمریکا دەوێت، بەڵکو مردنیان بۆ هەموو کەسێک دەوێت کە لە چوارچێوەی دیدگای ئەواندا نەبێت. من پێشنیازی ئەوە بۆ ئێوە دەکەم کە تا ئەوکاتەی ڕژێم لە ئێران دەگۆڕێت و تا ئەو کاتەی ئێمە دڵنیا دەبینەوە لەوەی، ئێمە کۆتایی بە ئەمە پێدێنین، توانا ئەتۆمییەکانیان نەهێڵین و ڕێگە نەدەین ببنە وڵاتێکی ئەتۆمی، جا ئەمە بەهەر نرخێک بێت کە لەوانەیە تێی بچێت، باشترە بە بەراورد بەوەی ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئێرانێکی ئەتۆمیدا بکەین، ئێمە هەروەها پێویستە لە کاریگەرییەکانی میلیشیاکانیان تێبگەین و هیوادارم سەرۆکیش بە هەمان شێوە لەم بارەیەوە تێگەیشتنی هەبێت.)

لی زێلدین کۆنگرێسمانئەمریکا: (کاتی ئەوە هاتووە عیبادی کۆنترۆڵی حکومەتەکەی بکات دەمەوێت سوپاسی کۆنگرێسمان دێسانتس بکەم کە ئێمەی لێرە کۆکردوەتەوە بۆ ئەم دۆزە گرنگە لەم کاتەدا، بەتایبەتی کە ئێران بەردەوامە لە چالاکییە ناسەقامگیرییەکانی لە ڕێگەی هاوبەشە فەرمی و نافەرمییەکانییەوە. ئێستا جارێکی دیکە ئێمە وەبیرمان هاتووەتەوە بۆ ئەوەی بە هێز لە پشت ئەوانە بین کە هاوپەیمانی قارەمان و زیندووی ئێمەبوون لەم شەڕەدا، کوردەکانیش بەتایبەتی ئاستێکی بەرزیان پیشانداوە لە قارەمانەتی و ئازایەتی لە شەڕی دژ بە داعش، ئەوان سەرکردەبوون لەم دۆزەدا کە نەک تەنیا ماڵ و خێزان و کۆمەڵگەکانی خۆیان دەپارێزن، بەڵکو زۆرێک لە کارمەندانی سەربازیی ئێمەش لە زیان پێکەوتن دوور دەخەنەوە. هەروەها ئەوە بەرژەوەندی زیندووی ئەمیرکا دەپارێزێت، لەهەمووی گرنگتر، ژیانی

ئەمریکییەکان دەپارێزێت، بۆیە کاتێک کوردەکان دەنگیاندا بۆ سەربەخۆیی، دەستێوەردانێک هەیە بە پشتیوانی ئێران هەوڵدەدات کە زیانێکی گەورە بگەیەنێت، کوردەکان ناچار کراون ماڵەکانیان جێبهێڵن و لە شوێنی پارێزراوی دیکەدا بژین، ڕەنگە ئەو شوێنە هەر لەناو هەرێمەکەی خۆیاندا بێت، بەڵام ناو ماڵەکانی خۆیان نییە. کۆنگرێسمان دێسانتس کەسێکە کە دەزانێت پێویستە ئێمە پێکەوە بین وەک گەلێک لەم کاتە پێویستەدا، کوردەکان ئامادە بوون کاتێک ئەمریکا پشتی پێبەستن، لە ئەنجامی ئازایەتی زۆرێک لە کوردەکان، داعش پاڵی پێوەنرا بۆ دەرەوەی عێراق، هێزی دژەتیرۆری عێراق و یەکینەی دیکەش کە کارێکی گەورەیان کرد و هاوکاربوون بۆ وەدەرنانی داعش، بەڵام ئێران زیاتر لە پێگەیەکی لەناو حکومەتی عێراقدا بەدەستهێناوە. گرنگە عیبادی دەسەڵاتی زیاتری بەسەر حکومەتەکەی خۆیدا هەبێت بۆ ئەوەی ئەم هەژموونەی ئێران ڕەتبکاتەوە. ئێرانییەکان ناتوانن هاوکاری خۆیان بکەن بەڵام دەستتێوەردان لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە ڕێگەی چالاکییەکانی سوپای پاسدارانەوە، کە قاسم سلێمانی بە دیاریکراوی ئەو سەرکردایەتی ئەو هەوڵانە دەکات، بۆ پشتگیریکردنی حیزبوڵا و بەشار ئەسەدە لە سوریا. ئەوەی ئێستا لە عێراق دەیبینین، دەبێت لێی تێبگەین و بەرزی بنرخێنین کە ئەم ساتە لە ئەنجامی قوربانییەکانی بێ ژوماری سەربازانی ئەمریکا بەدیهاتووە، دارایییەکەی مەزنیش لەدەستچووە بەهەمان شێوە، ناکرێت ئەوە پێچەوانە بکرێتەوە بەوەی ڕێگە بە ئێران بدرێت کۆنترۆڵی دراوسێکانی بکات. بەشێک لەوەی ئێمە لێرەین بۆ ئەوەیە لەگەڵ کوردەکان بین و سوپاسیان بکەین بۆ قارەمانێتییان لە شەڕی داعش و هاوکارییان بۆ وەدەرنانیان لە عێراق، هەروەها بۆ ئەوەیە پەیامێکی توند بنێرین بۆ عیبادی کە کاتی ئەوە هاتووە کۆنترۆڵی حکومەتەکەی بکات....)

کۆنگرێسمان دۆنجان هەنتەر: (پێموانییە سەرۆک ترەمپ بزانێ چی ڕوودەدات. زۆر سوپاس ڕۆن.. دەمەوێت ئەوە بڵێم کە وێنەکە بەهای هەزار وشەی هەیە.. ئەمە وێنەی تانکی ئابرامزی ئێمەن بە ئاڵای حیزبوڵاوە، گوێ بەوە نادەم وەزارەتی دەرەوە چی دەڵێت، ناتوانن مشتومڕ لەسەر ئەمە بکەن،

لە باشترین حاڵەتدا وەزارەتی دەرەوە کەمتەرخەمە لە ئەرکەکانی، لە خراپترین حاڵەتیشدا وەزارەتی دەرەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستی هەبووە بۆ ئەوەی ڕێگە بە ئێرانییەکان بدات ئەوە ببەن کە من و زۆرێک لە برا و هاوشانەکانم شەڕمان بۆ کرد، ئەمریکا لە پشتی هاوپەیمانەکانی دەوەستێت و دووژمنەکانی دەکوژێت، وەک گەل ئێمە ئەوە دەکەین، ئەمە وێنەیەکی قاسم سلێمانییە لەگەڵ میلیشیا عێراقییەکان، لەگەڵ سەرکردەکانی میلیشیا عێراقییەکان، ئەمە فەرماندەی سوپای پاسدارانە لەگەڵ ئەو میلیشیایانەی کە ئێمە پڕچەکیان دەکەین و مەشقیان پێدەکەین و دەیاننێرین بۆ شەڕ، وێنای ئەوە بکە کە کوردەکان تەماشای باشور دەکەن و دەبینن هێزی عێراقی و ئێرانی بەرەو باکور دێن بە جبەخانەی ئەمریکییەوە، دێنە سەریان و دەبێت ئەوان



پاشەکشە بکەن، چونکە ئێمە شتی زۆر مەزن بۆ ئەو وڵاتە دەکەین، کە یەکێکیان پێدان چەک و مەشق پێکردنی خەڵکی هەڵەیە. کاتی ئەوەیە ئەمانە بەرز بکرێنەوە.

وەزارەتی دەرەوە یەک لە دوای یەک شکستی هێنا، عێراق سەرکەوتنێکی سەربازیی بوو کە لەلایەن سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوە لەدەست درا. ئەفغانستان، سەرکەوتنێکی سەربازیی بوو لە دەستچوو بەهۆی وەزارەتی دەرەوە و سیاسەتەکانی. وەزارەتی دەرەوە جارێکی دیکە عێراقمان لە دەست دەردێنێت، بە خراپترین شێوە، نەک تەنیا بۆ شەڕی ناوخۆ لە وڵاتەکە، بەڵام ئەمجارە بۆ ئێرانییەکان. ئەگەر ئەمە نەوەستێنین، ئەوە دەتوانیت تانکێکی ئابرامز لە ئێرانەوە لێ بخوڕیت تا سنوری ئیسرائیل لە باشوری دیمەشق. ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمەی ئەمریکییەکان لایەک هەڵبژێرین، لایەکەش ئازادی

و هاوپەیمانەکانمان و کوردەکانە، ئێمە لەگەڵتان دەبین.. گرنگترین خاڵ و یەکێک لە هۆکارەکان کە من لێرەم ئەمەیە، دەبێت ئەمە وەزارەتی دەرەوە تێپەڕێنێت، پێموانییە سەرۆک ترەمپ بزانیت چی ڕوودەدات، پێموانییە وێنەی ئەم تانکەی خۆی بینیبێت، وەک فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان، کە ئاڵایەکی حیزبوڵای لەسەرە. پێموانییە ژەنەڕاڵ ماتیس ئەم وێنەیەی بینیبێت، کە تانکە ئابرامزەکەی ئاڵایەکی حیزبوڵای لەسەرە.

من گەرەنتی ئەوە دەکەم کە وەزارەتی دەرەوە دەزانیت چی ڕوودەدات، کاتی ئەوەیە سەری خۆیان لەناو خۆڵ دەبهێنن یان ئەمە لە دەستیان دەربهێندرێت، چونکە ئەوان شکست لەدوای شکستیان هێنا و کاتی ئەوەیە ئێمە ئەوە چاک بکەین. زۆر سوپاس بۆ ئەم کارە و ڕێگەدان بەوەی ببمە بەشێک تێیدا، من دەستەوەستان ناوەستم لە کاتێکدا براکانم لە عێراقدا گیانی خۆیان بەختکرد بۆ ئازادی، من شەرم کرد لە عێراق بۆ ئازادی، ئێستاش لەم ساتەدا کە ئێمە لێرەن لەناو دەبردێن، دەبێت بیاوەستێنین... سوپاس.)

دیلمان عەبدولقادر: (سوپاس کۆنگرێسمان دیسانتس، من لە ڕاستیدا نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر لە کەرکوک بووم، ئەو کات لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو، کەرکوک ئارام و پارێزراو بوو، خاڵەکانی پشکنین لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا بوو، و هیچ هەڕەشەیەک نەبوو بۆ کەمینەی سوننە یان کەمینەی تورکمان، هەرچەندە کوردەکان زۆرینەن لەوێ، دەمتوانی ئازادانە لە سلێمانی و هەولێر هاتووچۆ بکەم لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان. کاتێک تەماشای دواوە دەکەم لە ساڵی ٢٠١١ کاتێک ڕژێمی ئەسەد لە دژی خەڵکی خۆی جەنگا، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئاوارەی سووریا ڕوویان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستان کرد و داوای پەنابەرییان کرد. لە ساڵی ٢٠١٤، کاتێک داعش لە موسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق سەیهەڵدا و سوپای عێراق هەڵات و چەکی ئەمریکی بەجێهێشت بۆ دەستی داعش، ئاوارەکانی عێراق هەڵاتن، ئەوان ڕوویان لە ئێران نەکرد، ڕوویان لە سوریا نەکرد، ڕوویان لە بەغداش نەکرد، ئەوان پەنایان بردە بەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە قەرزای

کورد و هێزی پێشمەرگەین کە لە شەڕی داعشدا زیاتر لە دوو هەزار قوربانییانداوە و نۆ هەزار کەسیان بریندار بوون، بۆیە داوا لە حکومەت و نوێنەران دەکەم لێرە بۆ ئەوەی پاڵپشتی کوردەکان بکەن، ئێران بیرۆکەی سەروەری نازانێت، هەر بۆیە ئەوان لە یەمەنن، لە عێراق و سوریان و هەوڵیش دەدەن بگەنە دەریای ناوەڕاست.) جگە لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە، ژمارەیەک کۆنگرێسمانی تریش بە تاک و بە ڕێگەی نوسینی نامە بۆ سەرکۆمار ترەمپ، پشتیوانیان لە کورد کرد و تەنانەت داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کرد و دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوان.

بۆریس جۆنسن وەزیری دەرەوەی بریتانیا، بۆ تاوتوێکردنی ناکۆکی و بارگرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، پێوەندی بە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە کرد. ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٧/١٠/٣٠، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: (بۆریس جۆنسن، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕۆژی یەکشەممە بۆ تاوتوێکردنی ناکۆکی و بارگرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پێوەندی بە نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و حەیدەر عیبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە کردوە.) وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ڕاگەیەندراوەکەیدا نوسی: (جۆنسن لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەیدا داوای لە هەردوولا کردوە بەخێرایی بە دوای چارەسەرییەکی ئاشتیانەدا لە چوارچێوەی دەستوری عێراق بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بگەڕێن.) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پشتیوانی بەریتانیای بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دووپات کردەوە. سەبارەت بە گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: (بۆریس جۆنسن، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بە هەردوو سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و عێراقی ڕاگەیاندوە، بەریتانیا پێشوازی لە خواستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان لەسەر بنچینەی دەستووری عێراق.)

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا، لەبارەی بەردەوام نەبوونی مەسعود بارزانی لە پۆستەکەیدا هاتووە: (ئێمە پێشوازی لەو دەرفەتە دەکەین کە

وادەکات ئەم سەرکردایەتییە بۆ نەوەی داهاتووی کورد بگوازرێتەوە، کە دەبێت کورد دامەزراوەی دیموکراسی بەهێز بنیاد بنێن و جیاوازییە مێژووییەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی دەستوردا چارەسەر بکەن، بەریتانیاش لەم بارەوە پشتیوانی تەواویان دەکات.) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند: (دەمەوێت ڕێزی خۆم بەرامبەر بە سەرۆکایەتی پێشووی سەرۆک بارزانی لە شەڕی دژ بە داعش، خزمەتکردنی کوردی عێراق و هەروەها ئەو ڕۆڵەی لە دامەزراندنی عێراقی نوێ گێڕاویەتی نیشان بدەم.)

هەروەها، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٣ ئیمانویل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێوەندی بە سەرۆک بارزانییەوە کرد. لەو پێوەندییە تەلەفۆنییەدا سەرۆک ماکرۆن نیگەرانیی خۆی لە بارودۆخ و گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نیشاندا و داوای ئەوەی کرد کە هەردوولا دان بەخۆیاندا بگرن و شەڕ و پێکدادان دروست نەبێ و جەختیشی لەوە کردەوە کە باشترین ڕێگە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان گفتوگۆ و دانوساندنە. هەر لەو پێوەندییەدا سەرۆک بارزانی بارودۆخ و ڕووداوەکانی ئەو دوایییەی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی بۆ سەرۆکی فەرەنسا شیکردەوە. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کە بڕیارە سەرۆکی فەرەنسا لەم بارەیەوە لە هەوڵی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی هەردوو لایەنی هەولێر و بەغدا، بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن. لە لایەکی ترەوە، ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئاسیا دەڵێت:

- **(مەسعود بارزانی هاوشێوەی نیلسۆن ماندێلا و شارل دیگۆڵە.)** ڕۆژنامەی ئاسیا تایمز، کە بە یەکێک لە بەربڵاوترین ڕۆژنامەکانی ئاسیا دەناسرێت و بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەکرێتەوە، لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە سەرۆک مەسعود بارزانی، دەڵێت: **(بارزانی بۆ کورد هاوشێوەی ڕێبەری کۆچکردووی باشوری ئەفریقا نیلسۆن ماندێلا و سەرکردەی بەناوبانگی فەرەنسا شارل دیگۆڵە.)** بە وتەی تەلەفزیۆنی کوردستان ٢٤، ڕۆژنامەکە نووسیویەتی: **(ملیۆنان کورد لە ژیانی خۆیاندا هیچ سەرکردەیەکیان لە نمونەی مەسعود بارزانی نەبینیوە، کە بۆ ئەوان وەکو هێمایەکی گەورە و دیاری دۆزەکەیانە.)** ئاسیا تایمز هەروەها

باس لەوە دەکات، کە بارزانی بە سەرکردەیەکی نەتەوەیی کورد دادەندرێت، کە هەوڵێکی زۆری بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەشی کردوە: (بارزانی سەرەڕای ئەوەی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام هەر لە هەولێر و کوردستان دەمێنێتەوە و وەکو باوکی نەتەوەیەک درێژە بە خەباتەکەی دەدات.)

لە جێیەکی تردا، دوکتۆر فریدریک تیسۆ Dr Féréderic tissot، دۆستی لەمێژینەی کورد ئەم بانگەوازەی لە لاپەرەکەی خۆی دا بلاوکردۆتەوە: (ئێمە ناهێلین بلێسەی مەشخەلی کوردستان لە ناودەروونمان دا بکوژێتەوە.)

کەسایەتیەکانی فەرانسەوی لەناویان دا، Anne Hidalgo et Bernard-Henri Lévy لە کۆبوونەوەیەکی جیهانی دا بێدەنگی زلهێزەکانی دیموکرات بەرامبەربە کارەساتی کوردان ئەو گەلەی کە دۆستی فەرانسەیە لە قاو دەدەن.

هەستێکی تاقەتبڕ و کین و ناداپەروەرییەکی لە ڕادەبەدەر دەروونمانی تەنیوە و ئەمرۆ لێرە ئێمەی کۆکردۆتەوە بۆ ڕاگەیاندنی ئەم بانگەوازە لە پاریس بۆ پشتگیری کردن لە کوردستان. ئەو میللەتە دۆستەی کە سەد ساڵ خەبات بە دژی سەرەڕۆیی تێپەراندوە. ئەو خەڵکەی کە سێ ساڵان بە تەنیا و لەسەر زەوی بە پانتایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی"داعش" بەربەرەکانی کردوە. ئەو ژن و پیاوانەی کە لە بە ملیۆن پەنابەری مەسیحی، ئێزدی و موسڵمانیان کە لە دۆزەخی داعشەکان ڕایان کردبوو، میوانداریان کردوە. ئەو گەلەی لە ٢٥ی سێپتمبەری ٢٠١٧ لە ڕێگای ڕێفراندۆمێکی دیموکراتیەوە بە ڕێژەیەکی ڕەها دەنگی خۆی بە قازانجی سەربەخۆیی کە خەونی لەمێژینەی بوو هەڵبڕی. ئەوان هەروەها ڕایانگەیاند ئامادەن بۆ قسەکردن لەگەڵ بەغدا ڕایانگەیاند و لە کاتی پێویست بۆ ڕاوێژکردن لەگەل هەموو نەتەوەکانی دانیشتوی عێراقی فیدراڵ لە پێناو چەسپاندنی داهاتویەکی گەش تەرخان دەکەن. بەڵام بەداخەوە دیتمان کە دەوڵەتە زلهێزە دیموکراتەکان هەر زوو ڕیفراندۆمیان بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق مەحکوم کرد، ئەوان بەڕواڵەت و بە شێوازێک کە تێگەیشتن لێی دژوارە دیانەوێ بۆ پاراستی پارسەنگی ئەم ناوچەیە

یەکپارچەیی ئەم وڵاتە بپارێزن کە لە ڕاستیدا وڵاتێکی پارچە پارچە و شێواو و ناتەبا و ئاڵۆزە. بێدەنگ بوونی کۆمەڵگای جیهانی و هەروەها مەحکوم کردنی کوردستان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی و دۆستی دوێنێیان و ولاتانی دراوسێ عێراق، ئێران و تورکیا کە پێیانوایە گەلی کورد مافی بوونی نیە، فەرمانی گەمارۆیان لە ڕێگای عەرز و ئاسمانەوە بۆ سەر کوردستان دەرکرد، هەروەها بە گەمارۆ دانی بە ملیۆن پەنابەر لەسەر سنورەکان و بەکارهێنانی چەکی ئەمریکی و بە پشتیوانی چەکدارانی شیعە و پاسدارانی ئێرانی هێرشیان کردە سەر کەرکوک و دەوروبەری و داگیریان کردو لەگەل هێزی پێشمەرگەش هەتا پەنجا کیلۆمەتری هەولێر کەوتنە شەڕ و پێکدادان.

کەس بە هانای کوردستانەوە نەهات. کەس ئەو هێرش و پەلامارەی هێزە دراوسێکانی مەحکوم نەکرد، هەربۆیە بێدەنگی چاوەڕوان نەکراوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەم هەلەی ڕەخساند کە کۆتایی بەم پروپاگەندە بەڕواڵەت دیموکراتییە بێنین کە دەڵێ بۆ نمونە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ لە ناوچەیەک کە ڕژیمە دیکتاتۆرەکان پەروەردە دەکات و کەمایەتیەکان دەچەوسێنێتەوە بوونی هەبێ. کەس ناتوانی حاشا لەوە بکات کە ئێران زیاتر لە هەمیشە عێراقی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆی و بە هاوکاریی بەشار ئەسەدی داڕماو بە مەبەستەکەی کە هەمان دامەزراندنی پشتێندی شیعەیە و ئارەزووی چوون بۆ لوبنان و بۆ بەحرێن دەکات کە خەونێکی لەمێژینەیەتی. دوای خەیانەتی ناوخۆیی و پشت تێکردنی دۆستانی دوێنێ، کوردەکان چ دەکەن؟ کوردەکان دەبێ ڕازی بەم چارەنووسە تاڵە بن؟

بگەڕێنەوە ژێردەسەلاتی عێراقییەکان و شەبەحی ئەو وڵاتەی کە دێوزەمەیەکی خوێنخورە؟ ببنەوە سێبەر و بگەڕێنەوە چیاکان کە کەس نەیتوانی هیچکات بەچۆکیاندا بێنێ؟

ئەو گەلەی بە شانازییەوە خەونی بە سەربەخۆیی و بە پێشکەوتنەوە دەدیت، کە بەشێوازی دیموکراتی دەژیا و نەفرەتی هەبوو لەوەی کە ناچار بێ چەک بە دژی دوژمنەکانی هەڵبگرێتەوە، دەبێ پەنا بۆ بلێسە بەرێتەوە و خەباتی سەدان ساڵەی خۆی بۆ ئازادیی دەست پێ بکاتەوە؟

ئـەو گەلـەی دۆسـتـی فـەرەنسـایـە و خـاوەنـی مێـژووی ئـازادی و سـەروەرییە، چەندین ساڵە پێزانین و ستایشی ئێمەیان پێکەیشتووە، کاتێک کە هەموولایەک پشتـی تێدەکـەن ئێمـە دەبـێ وەفـادار بـین بـەو مێـژوە پـڕ لـە ئـازادی و پـڕ لـە سـەروەریە. ئێمـەی فـەرەنسـی میراتگری Zola, Volaire, de Gambetta, Dreyfus, Jean Moulin. گـەلێکی نزیک لـە ئێمـە، کـە لـە ئێمـەی ئیلهـامی وەرگرتوە، مەشخەلی (بنیاتی دانیل میتران) Fondation Daniell Mitterrand کە بانگهێشتـی ئێمەی کردوە بۆ کۆبوونـەوەی ئـەمشۆ، کە لێرە ئـەویش شـاهیدی دەدات کە بەشێک لە ئێمە بووە کە بەشداری ئـەو مێژوویـەی کـردوە لـە لایـەن فەرەنسا و لەلایەن پاریسەوە.

ئێمە قەت ناهێڵین بلیسەی کوردستان لە دەروونی ئێمەدا بکوژێتەوە. ئێمە داوا دەکەین کە هێزە عێراقییەکان و هێزەچەکدارەکانی ئێرانی کە پشتیوانیان لێدەکەن بگەرێنەوە ئەو شوێنانەی کـە پێش ڕێفرانـدۆمی ٢٥ی سـپتێمبـەر لێـی بوون. داواکارین کە وێرانکاری، تاڵان و قەڵاچۆکردن و کوشتنی تاک و بەکۆمەڵ کـە لـە دوای داگیرکردنـی کـەرکوک و دەوروبـەری لـە لایـەن ملیشـاکانەوە بـە ڕادەیـەکی زۆر بینـدراوە کۆتـایی پـێ بێـت. پشـتگری بکـەین کـە هاوپـەیمانی ناودەوڵەتی کە بـە هاوکـاری سوپای عێـراق و هێـزی پێشـمەرگە شـان بەشـانی یەکتر داعشیان تێکشکاند، بۆ پێشگیریی کردن لـە شەڕێکی وێرانکەری هەمەگر دەوری خۆیان بۆ ناوبژیوانی بگێرن. واژۆکەرانی ئەم بانگەوازە بریتین لـە:

Caroline Fourest ڕۆژنامەنگار

Anne Hidalgo شارەداری پاریس

Bernard Kouchner وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا

Bernard-Henri Lévy فەیلسوف و ئەندامی ڕێبەریی چاوەدێری جیهان

Kendal Nezan سەرۆکی ئەنیستیتوی کورد لە پاریس

Manuel Valls سەرۆک وەزیرانی پێشووی فەرەنسا

لـە جێیەکی تردا، کۆنگرێسـی ئـەمریکی لـە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد کە پـرۆژە یاسـایەک دانـراوە بـۆ ئـەوەی ئـەو گروپـانە بخـرێنە لیسـتی تیـرۆر لـە ئـەمریکـا و لـە دانیشتنی داهـاتووی کۆنگرێسیش پـرۆژە یاساکە بڕیـاری لەسـەر

دەدرێت. لە بەیاننامەکەی کۆنگرێسدا ئەوەشی هاتووە کە بڕیارەکە لەسەر داوای ئەندامانی کۆنگرێس هەریەک لە "ترێنت فرانکس - برات شێرمان" و ژمارەیەک کۆنگرێسمانی دیکەی ئەو وڵاتە سزای توندی ئەو گروپە تیرۆرستیانە بدەن. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ئەبو مەهدی موهەندس جێگری سەرۆکی حەشدی شەعبیە و ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن ئەمریکاوە ناوی خراوەتە لیستی تیرۆرەوە بەهۆی ئەنجامدانی چەند کردەوەیەکی تیرۆرستی دژ بە ئەمریکا و هاوڵاتیانی سڤیلی ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەراست. هەر لەسەر هەمان پرس، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا "هیزەر ئاورت" لە ٢٨ی مانگی ڕابردوو ڕایگەیاند کە ئەبو مەهدی موهەندس تیرۆرستە و ئێستاش سەرکردایەتی هێزی میلیشیاکانی ئیران لە عیراق دەکات.

١- حەشدی شەعبی لە نزیکەی ٦٧ میلیشیای شیعەمەزهەبی عێراقی پێک دێت. بە فەتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دوای هەرەس پێهێنانی سوپای عێراق لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ لەلایەن چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، دروست بووە.

٢- پێشتر گوتم، بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٥، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا سێ پێشنیازی خستە بەردەم حکومەتی عێراق، کە بریتی بوون لە ڕاگرتنی شەڕ، سڕکردنی ئاکامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و دەست پێکردنی گفتوگۆی هەولێر و بەغدا بە گوێرەی دەستوری عێراق. کەچی تا نوسینی ئەم دێڕانە، کوردستان لە زەوی و ئاسمانەوە لە گەمارۆی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران دایە، لە دوو هەفتەی یەکەمدا، کۆماری ئیسلامی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخی کردەوە و ڕێگای بەغدا و سلێمانییش کراوەیە، بەڵام دەروازەی حاجی ئۆمەران داخراوە و بەغدا ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە گەمارۆ خستوە، بەڵام هاتوچۆ بە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلدا ئاساییە.

# دوا وته

خەیانەتی ئەم جارەی، بنەماڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا، تەنیا بەڕەکێش کردنی دوژمن بۆ نێوشاری کەرکوکو ناوچە کێشەلەسەرەکان بەکۆتا نەهات. بەڵکو لە پشت ئەو خەیانەتەدا، خەیانەتی گەورەتریش وەک: داگیرکردنی هەولێر، شەڕی براکوژی، دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسیی و یاسایی هەرێمی کوردستان لە ئارادا بوو، کە بە حیکمەت و زانایی و لەخۆبردوویی سەرکردایەتی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پلانەکان پوچەڵ کرانەوە. کاتێک پیلانی یەکەم تا سێیەم بەئەنجام نەگەیشت، دەستی بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئاستین هاتەدەر، تا بەڵکوو بە هاوکاریی کۆمەڵی ئیسلامی و باڵی خایینی نێو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بتوانن بە دامەزراندنی حکومەتێکی کارتۆنیی لەژێر ناوی **"حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی"**، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێننەوە کە ٣٤ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستان تێیدا بەشدارن بە گۆڕان و کۆمەڵیشەوە و زۆربەی هەرە زۆری گەلی کوردستانیش پشتیوانی لێ دەکەن. تابوری پێنجەم، لە کوردستاندا خەریکبوو ئەم پرۆژە بە ڕێگای فریو، و لەژێر ناوی خزمەت و ڕەکێشکردنی لایەنگرانیان و لاوانی کەمتەمەن و بە هەست بۆ سەر شەقامەکان و تێکدان و سوتانانی بارەگای حیزبەکان و دەزگا حکومییەکان، بەسەر گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بسەپێنن و باشوری کوردستان بگەڕێننەوە دۆخی سەردەمی سەدام حوسێن و کەرکوک و خورماتوو، و بەم جۆرە خواستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕژێمەکانی عێراق و تورکیا دەستەبەر بکەن، بەو واتایە، ئەو دەستکەوتە یاساییەی کورد لەنێو بەرن کە هێشتا هەیە و نوێنەرایەتی گەل دەکات. بەم بۆنەیەوە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ٢٠٧/١١/٥ بەبۆنەی ڕووداوەکانی ئەم دوایانە بڵاوی کردەوە، ئاماژەی بۆ نییەتی ئەو حیزبە کرد، بارزانی ڕایگەیاند:

(بە دڵنیاییەوە ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنین و پێویستە یەکڕیزی نێوخۆمان بپارێزین و ڕێگری لەو دەستانە بکەین، کە دەیانەوێت یەکڕیزیمان تێک بدات.) نێچیرڤان بارزانی گوتی: (داوای بزووتنەوەی گۆڕان بۆ حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی تەنیا لە ڕاگەیاندنەوە بیستوومانە و هێشتا ئەو لایەنانەی ئەو داوایەیان هەیە قسەیان لەگەڵ ئێمە نەکردوە و ئەگەر ئەوان بیانەوێت قسە بکەن، ئێمە ئامادەین گوێیان لێبگرین و بۆمان ڕوون بکەنەوە کە چیان دەوێت و ئەو پاساوانە چین کە پێویست دەکات ئێمە حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی دامەزرێنین کە حکومەتی هەموو لایەنەکانە هەیە و ئێستا زۆربەی لایەنەکان لەو حکومەتەدا بەشدارن.) سەبارەت بە بەغداش، نێچیرڤان بارزانی ڕوونی کردەوە: (پشتیوانی نێودەوڵەتی ئەوە دەڵێت کە لە چوارچێوەی عێراقدا و بە گوێرەی دەستوور کێشەکان چارەسەر بکرێن، ئێمەش هەر ئەوەمان گوتووە و ئەوانیش ئەوە دەڵێن و بە کردەوە تا ئێستا هەنگاوی جددی نەنراوە و چاوەڕێ دەکەین لە داهاتوودا هەوڵەکان ببینین.)

هەروەها ڕوونیشی کردەوە: (چاوەڕێی وەڵامی بەغداین بۆیە وادەی چوونی شاندی کوردستان دیار نییە.) سەبارەت بە ئاوارەکان، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: (تا ئێستا نزیکەی ١٥٠ هەزار کەس بەهۆی هێرشی حەشدی شەعبی لە کەرکوک و خورماتوو ئاوارە بوونە.) سەبارەت بە مووچە، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: (ڕاستە کێشە دروست بووە، بەڵام هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ چارەسەری ئەو کێشانە لە ماوەیەکی کەمدا و بە دڵنیاییەوە موچە دەدرێت.)

هەوڵی بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامیی و پاشماوەکانی خەیانەت بۆ هەڵوەشاندنی قەوارەی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەڕاندنەوەی پارێزگاکان بۆسەر بەغدا بەردەوامە. لەو بارەیەوە، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی گۆڕان و خزمی نەوشێروان مستەفا، لە لێدوانێکیدا ئەوەی پشتراست کردەوە، کە بودجەی ساڵی ٢٠١٨ی حکومەتی عێراق لەسەر بنەمایی پرۆژەی ئەوان، ئەو هەنگاوەی ناوە لەگەڵ پارێزگاکان مامەڵە بکات، ئەمەش پرۆژەی ئەوان بووە کە ساڵی ڕابردوودا دراوەتە پەرلەمانی و حکومەتی عێراق

که ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکان بکرێت، هەرێمی کوردستان هەڵوەشێندرێتەوە. لەم بارەیەوە، مەحمود ڕەزا ئەمین، ئەندامی پەرلەمانی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی پرۆژەکەیان دەڵێت:

**(ئەو پرۆژەی کە لە بودجە ساڵی ٢٠١٨ خراوەتە ڕوو، لەسەر بنەمایی پێشنیاری پارساڵی ئەوان بووە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان و ڕاستەوخۆ مامەڵەکردنی بەغدا لەگەڵ پارێزگاکانی کوردستان.)** و دەڵێت: **(ئەو پرۆژە بودجەیە لەسەر بنەمای پێشنیاری ئەوان بووە لە پار ساڵ کە گۆڕان دایە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.)** دەربارەی کەمکردنەوەی بودجەکەش دەڵێت: **(ئەمە دەرئەنجامی ڕیفراندۆمە.)** محمود ڕەزا ئەمین، هەروەها دەڵێت: **(ناکرێ ئێمە چیتر مامەڵە لەگەڵ هەولێر بکەین، چاوەڕێی ئەوان بین و دەکرێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکومەتی مەرگەزی بکەین، دەبێت کوردیش باجی ڕیفراندۆم بدات.)**

هەروەها، ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە گۆڕان و یەکێتی کار بۆ دوو ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکەن. لیستی گۆڕان و یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەیانەوێ بڕیاری مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆی سلێمانی لەگەڵ بەغدا و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان بدەن. بیانووشیان ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم هیچ سەرچاوەیەکی دارایی لەبەردەست نەماوەو ناتوانێت مووچە دابین بکات، بەڵام دوای دانیشتنی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ پارێزگای سلێمانی ئەو پرۆژەیە پوچەڵ بۆوە.

هاوکات، لەگەڵ ئەو هەوڵانە لەنێوخۆی کوردستاندا، ڕژێمی عێراق بڕیارێکی نایاسایی سەبارەت بە دەستگیر کردنی بەڕێزان کۆسرەت ڕەسوڵ و دوکتۆر نەجمەدین کەریم ڕاگەیاند کە بڕیارەکە لەلایەن ڕێزدار مەسعود بارزانییەوە ڕەتکرایەوە. ئەم جارەیان دەنگۆ داکەوت کە چواردە پەرلەمانتاری هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق کە دەنگیان بە "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان" دابوو لە گشتپرسی ٢٠١٧/٩/٢٥دا، مەترسی ئیعدام کردنیان لەسەرە. ئەمانە و کومەڵێک لێدوانی تووند و سووکایەتی کردن بە پێشمەرگە و کورد،

داواکاری گشتیی کوردستانی ناچارکرد دژی ١١ بەرپرسی عێراق سکاڵا تۆمار بکات. تەلەفزیۆنی ڕووداو دەقی سکاڵاکەی بڵاوکردەوە:

بەهۆی لێدوانی توند و سووکایەتی کردن بە پێشمەرگە و کورد، داواکاریی گشتیی هەرێمی کوردستان لە دادگای هەولێر سکاڵا دژی ١١ بەرپرسی عێراق و سەرکردەی حەشدی شەعبی تۆمار کرد، سکاڵاکە سزای زیندانی کردنی تا حەوت ساڵ تێدایە. لەو سکاڵایەی داواکاریی گشتیی هەرێمی کوردستان، لە دادگای هەولێر ناوی قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتیی عەسائیبی ئەهلی حەق، پەرلەمانتار حەنان فەتلاوی و حەسەن تۆران، گوتەبێژی بەرەی تورکمانی دەبیندرێن.

دادوەر جەواد فەتاح ئاغا، سەرۆکی داواکاری گشتی بە وەکالەت بە "تۆڕی میدیایی ڕووداو"ی ڕاگەیاند، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک بەڵگە کە بۆیان چووە، بەپێی ماددەی ٢٢٦ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، سکاڵای سزایان دژی ئەو بەرپرسانە جووڵاندوە. سەرۆکی داواکاری گشتی بە وەکالەت گوتی: **(بەپێی ئەو بەڵگانەی لەسەر سیدی بۆمان هاتووە، ئەو کەسانە دژی ئاسایشی وڵات قسەیان کردوە، یاخود بەشێوازی جۆراوجۆر سوکایەتیان بە پێشمەرگە و حکومەت کردوە، سزاکەیان بەوجۆرەیە کە یان سزای پێ بژاردن بدرێن، یاخود زیندانی بکرێن، بە جۆرێک لە ٧ ساڵ زیاتر نەبێت.)**

ڕووداو دەڵێت: **(هەر بەرپرسانی کورد نین حکومەتی عێراق بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێی سیاسیی فەرمانی دەستگیرکردنیان دەدات، بەڵکو دژی سوننەکانیش ئەو ڕێگەیە دەگرێتەبەر، تەنانەت لە سەردەمی حکومەتەکەی نوری مالیکی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ تاریق هاشمی، جێگری سەرۆککۆماریش دەرچوو.)**

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە، ڕێزدار مەسعود بارزانی پەیامێکی ڤیدیۆیی سەبارەت بە مێژووی کورد بڵاوکردەوە. ئەوەی خوارەوە دەقی وتارەکەی بارزانییە کە لە نوسینگەکەیەوە بڵاوکرایەوە، سەرۆک مەسعود بارزانی لە وتارەکەیدا بۆ گەلی کوردستان و ڕای گشتیی جیهان دووپاتی کردەوە:

- (قەت پێشبینی ئەو خەیانەتە گەورەیەی ١٦ی ئۆکتۆبەر نەدەکرا، کە لە کەرکوک کرا و لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە پێشمەرگە و کورد درا.)

سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: (ئەگەر ئەو خەیانەتە نەبوایە، ئێستە دۆخەکە شتێکی تر دەبوو.) گوتیشی: (بەغدا باوەڕی بە مافی کورد نیە.)

سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: ئەو هەر پێشمەرگە بووە کە بەرزترین پلەش لای ئەو پێشمەرگە بوونە. سەرۆک بارزانی هاوکات کوردستانیان دڵنیا کردەوە، کە دۆزی گەلی کوردستان ڕەوایە، هەر سەردەکەوێ. هاوکات داوایشی لە کوردستانیان کرد: (ڕێ بە هەوڵی ناحەزان بگرن کە دەیانەوێ ئیرادەیان بشکێنن و دەبێ یەکڕیز بن.)

سەرۆک بارزانی، هەروەها پەیامێکی بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد و ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٩ پەیامەکەی لە کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمانی کوردستاندا خوێندرایەوە. ناوبراو لە پەیامەکەیدا هاودەنگی لەگەڵ درێژکردنەوەی وادەی پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم نەکرد و ئامادەیی خۆیشی بۆ خزمەتکردنی گەل و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. سەعات ٨ی ئەمشەو گوتارێکی ڤیدیۆیی دا.

سەرۆک بارزانی لە گوتارەکەیدا ڕایگەیاند: (گەلی کوردستان داوای مافی خۆی دەکات و بە ڕێگای ئاشتیانە داوای مافی خۆی کردوە، کەچی سەرەڕای ئەوە تاوانبار دەکرێت.) گوتیشی: (جارێکی دەرکەوت کە خەڵکی کوردستان تەنیا خۆیانن و چیاکان دۆستیانن.) سەرۆک بارزانی، هەروەها بە گەڕانەوە بە مێژووی عێراق ڕایگەیاند:

(وامانزانی دوای ٢٠٠٣ دەرفەتێکی نوێ ڕەخساوە تا عێراقێکی دیموکراتی نوێ دابمەزرێنین کە هەموو لایەک ئەرک و مافی خۆی بزانێ، دەستور نوسرایەوە کە هەرچەندە دەستوری نوێ کەموکوڕی هەبوو بەڵام پەسند کرا، بەڵام دواتر دەرکەوت کە دەستور پێشێل دەکرێ و لاواز دەکرێ تا بەرەو نەمان چوو، عێراقیش کەوتەوە دەست یەکلایەن. سەرباری ئەوە زۆر هەوڵمان دا بگەڕێینەوە بۆ دەستور و ڕێککەوتنەکانی نێوانمان، بەڵام کەڵکی نەبووە.. لەگەڵ هاوپەیمانیی نێشتیمانیدا زۆر باسمان کرد کە دۆخەکە مەترسیدارە و

بەم شێوەیە ڕەنگە خوێن بڕژێ، گوتمان کە ناتوانین هاوبەشی ڕاستینە بین، با دراوسێی باش بین، ئەوکات هەڵوێستی باشیان نیشان دا، کەچی ئێستا بە سواری تانکەوە شەڕی کوردستانیان دەکەن.)

سەرۆک بارزانی وەبیر کوردستانیانی هێنایەوە: (لە ٣ی تەمووزی ٢٠١٤ەوە داوای لە پەرلەمانی کوردستان کردوە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، یاسایەکی بۆ دەربکرێ، ئەوکات دەیانگوت کورد یەک نین و ڕای جیایان هەیە، بەڵام لەوکاتەوە کار بۆ ڕاپرسی کراوە، پەرلەمان دواتر بڕیاری دامەزراندنی کۆمسیۆنی دا، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە شەڕی داعش لەسەر کوردستان فەرز کرا و بە بەرگریی لە هەرێمی کوردستان سەرقاڵ بوون، بابەتەکە دواخرا.)

سەرۆک بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: (گرفتی سەرەکی دەستەڵاتدارانی بەغدا لە مامەڵە لەگەڵ کوردستانیان، تازە نییە، پێوەندی بە داوای ڕەوای گەلی کوردستانەوە نییە بۆ سەربەخۆیی. ئێمە گوتمان سەربارى ڕاپرسی بە گفتوگۆ کێشەکانمان چارە بکەین، بەڵام دواتر دژایەتی و شەڕمان بینی، ڕێک پێچەوانەی هەڵوێستی جارانیان. خۆ ئەگەر مەبەستمان بایە ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی ڕابگەیەنین، ئەوکاتە دەمانکرد کە عێراق لە شەڕی داعش و دۆخی ئەمنیی زۆر خراپدا بوو، وێڕای ئەوە دەرکەوت ئەوان ئەقڵیەتیان ئەوەیە، بڕوایان بە مافەکانی گەلی کوردستان نەبێ.)

سەرۆک بارزانی جەختی کردەوە: (ئەوەی دەیبینین بەرنامە بۆ دارێژراوە و ڕاپرسییان کرد بە بیانوو، دەمێکیشە هێماکانی نیەت خراپییان دەرکەوتووە.)

سەرۆک ڕەخنەیشی لە وڵاتانی جیهان گرت و گوتی: (بە داخەوە لە کاتی پێویستدا وڵاتان گەڕانەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و مەبادئیان بیر چووەوە، ڕێک پێچەوانەی هەڵوێستی پێشوویان کە وایان نیشان دەدا، کە بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکەن و دوای شکاندنی داعش، پاداشتی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان بدەنەوە، بۆ بەغدایش هەمان شێوە، بەڵام بە داخەوە بینیمان لەوکاتەوە بەرنامەیان وابووە، کەڵک لەو دۆخە ببینن و تا گەیشتە شەڕی حەویجە تا لەوێ هێز کۆ بکەنەوە و پەلاماری کەرکوک بدەن.)

سەرۆک بارزانی هەروەها دەڵێت: (پێشتر گوتمان دەبێ پێشبینی گوشاری زۆر بکەین، چونکە ئازادی و سەربەخۆیی باجی دەوێ، بەڵام ئەوەی پێشبینی نەدەکرا و بە خەیاڵماندا نەدەهات، ئەوەبوو لە شەوی ١٥- ١٦ ئەو خیانەتە نەتەوەیی و نشتیمانییە بوو کە کەرکوک ڕادەست کرا و لە پشتەوە خەنجەر لە کوردستان درا. ئەگەر ئەو خیانەتە نەبایە دۆخەکە شێوەیەکی دیکە دەبوو.) سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند: (پێشتر پلانمان هەبوو کە چۆن بەرگری لە کەرکوک دەکرێ و دەمانزانی کە هەوڵێک بۆ لەباربردنی دۆخی کوردستان لە ئارادا بێ. بەڵام خەیانەتێکی گەورە لە شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی ئۆکتۆبەر کرا، ئەوەی هەرگیز پێشبینیمان نەدەکرد و بە خەیاڵیشماندا نەدەهات؛ ئەو خەیانەتە نیشتمانییە گەورەیە بوو کە لە کەرکوک ئەنجام درا، لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە پێشمەرگە و هەموو خەڵکی کوردستان درا.)

هاوکات ڕایگەیاند: (دەنگی سێ ملیۆن کەس بۆ سەربەخۆیی بە کەس ناسڕدرێتەوە.) ڕاشکاوانەش ڕەخنەی لە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ئەم دۆخە گرت و سەرۆک بارزانی گوتی: (ئەوەی ئەمریکا بە تیرۆریست ناویان دەبا، وا بە سواری تانکی ئەبرامز دێنە سەر کوردستان، ئێستا پرسیار ئەوەیە و دەبێ ئەمریکا لەو پلانە ئاگادار بووبێ، پلانێک کە دەیەوێ ئەنفال و جینۆسایدی دی بەسەر کوردستاندا بێننەوە؟.)

سەرۆک بارزانی گوتیشی: (زۆر هەوڵمان دا شەڕ نەبێ و هەر لەبەر ئەوە، پێشمەرگە لە هەندێ شوێن پاشەکشەی کرد تا خوێن نەڕژێ، بەڵام هێزەکانی حەشد هەر دەهاتنە پێش و دەیانەویست هەموو جێیەک بگرن، ناچار پێشمەرگە بەرگریی کرد، لە هەر کوێیش پێشمەرگە بەرگری کردبێ، حەشدی شەعبی و هێزەکانی دی نەیانتوانیوە بێنە پێشەوە.)

سەرۆک بارزانی چەندبارە ڕووی قسەکانی ئاراستەی بەغدا کردو ڕایگەیاند: (ئەوان باسی جێبەجێکردنی دەستور دەکەن، باشە با نیشانمان بدەن لە کوێی دەستور باس لە هێرشکاری بۆ سەر کوردستان کراوە، ئەگەر مەبەستیان شکاندنی شکۆ و هەیبەتی کوردستان نەبێ.)

هاوکات گوتی: (بە بڕیار بە دۆستانی بەغدا دەڵێین، ئەگەر دەتانەوێ چارەی کێشەکان بکەن، فەرموون ئێمە ئامادەین، بەڵام ئەگەر مەبەستتان شکاندنی هەرێم و گەلی کوردستان و خۆ فەرز کردنە، پێتان دەڵێین هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە بەرگری دەکەن و مردن هەڵدەبژێرین و ناهێڵین شکۆمان بشکێندرێ، ئەگەریش بە حەشدی شەعبی دەتانەوێ ناسنامەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بشێوێنن، خەیاڵتان خاوە.) سەرۆک بارزانی جەختیشی کردەوە: (ئێمە لەگەڵ نەتەوەکانی ناوچەکە براین، نابێ سیاسەتی حکومەتەکان برایەتیمان تێکبدات و گرفت بۆ پێوەندیمان دروست بکات.) بۆ جارێکی دی، شەڕی ئەم دواییەی هێنایەوە بەر باس و گوتی: (پێشمەرگە زۆر هەوڵی دا شەڕ ڕوو نەدا، بەڵام زێدەڕۆیی حەشد وایکرد خوێنێکی زۆر بڕژێ، سوپاس بۆ پێشمەرگە کە داستانی گەورەیان تۆمار کرد.) لە کۆتایی پەیامەکەیدا، سەرۆک بارزانی دووپاتی کردەوە: (من هەر پێشمەرگە و مەسعود بازانیم، بەرزترین پلەیش لای من پێشمەرگە بوونە.)

هەروەها ڕووی لە جەماوەری کوردستان کرد و گوتی: (دڵنیاتان دەکەمەوە من لەگەڵتان دەبم و پێشمەرگە دەمێنمەوە و سەرکەوتنیش بۆ ئێمە دەبێ. داواش لە کوردستانیان دەکەم یەکڕیز بن و ئیرادەیان بەهێز بێ، چونکە ناحەزان لە هەوڵی شکاندنی ئیرادەی کوردستان دان. دڵنیام کوردستانیان هەر سەردەکەون چونکە دۆزەکەیان ڕەوایە.)

لە هەمانکاتدا، دوای خەیانەتی بنەماڵەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی، ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٤ کۆبۆوە کە بە ڕووداوی کارەساتی ٢٠١٧/١٠/١٦ ڕابگات. سەرکردایەتی یەکێتی مەکتەبی سیاسییەکەی هەڵوەشاندەوە و بڕیاریدا بە سەرپەرەستیی کۆسرەت ڕەسوڵ، یازدە کەس بۆ مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێردرێت. بۆ ئەو مەبەستە دوای دوو ڕۆژ کۆبوونەوە، کۆبوونەوەکەیان کێشەی تێکەوت و بۆ کاتێکی نادیار دواخرا و ئێستا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مەکتەبی سیاسیی نییە. لەو بارەیەوە، لە سایتی خواکورک بڵاویکردەوە:

- (بەگوێرەی زانیاریەکانی دەستی خواکورک کەوتووە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەکار خست و سڕی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا بێگەرد تاڵەبانی لە ناو کۆبوونەوەکەی یەکێتیدا داوای دادگای کردنی ئەم کەسانەی کرد کە خەڵک و پێشمەرگە و کەرکوکیان فرۆشت، ماڵی مام جەلال و بەشێکی دی لە سەرکردایەتی ئامادە نەبوون ئەو داواکارییە قبووڵ بکەن، بۆیە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەتەواوی تێکچووە، هەر بەگوێرەی زانیاریەکانی دەستی خواکورک کەوتووە، سەرکردە سەربازییەکانی یەکێتی داوای دەست لە کار کێشانەوە دەکەن لە یەکێتی. هەر بەگوێرەی زانیارییەکانی ناو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی ئاسۆ ئەڵمانی لەناو سەرکردایەتی یەکێتی دا ڕایگەیاندوە: "ئەگەر هەڕەشەی دادگاییکردنمان بکەن، ئەوا دوو ئیدارەیی ڕادەگەیەنین." لە بەرامبەردا شێخ جەعفەر شێخ مستەفا بەجنێودان بە قاسم سلێمانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بەجێهێشتووە.)

پێشتر ئاماژەم بۆ گفتوگۆی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق و بەیاننامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە کرد. ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/٩/٢٥، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند هەولێر لەو ڕێککەوتنە پاشگەز بۆتەوە کە لە نێوان شاندێکی سوپای عیراق و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا ئەنجامدراوە. لەم بارەیەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند:

ڕایدەگەیەنین کە هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوانماندا واژۆ نەکراوە، تەنیا ڕەشنووسێکی ڕێککەوتن لەلایەن شاندی سەربازیی حکومەتی عیراقەوە پێشکەش کراوە و لە ڕۆژی دواتری کۆبوونەوەی نێوان هەردوو شاندی حکومەت و هەرێمی کوردستانیشدا، ڕەشنوسێکی جیا لەوەی یەکەم کە شاندی سەربازی پێشکەشی کردبوو، نێردراوە و وەڵامیشمان بۆ هەردوو ڕەشنووسەکە هەبووە. ئێمە چەند جارێک ئامادەیی خۆمان بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور نیشان داوە، بەڵام هەموو جارێک وەڵامی بەغدا نەرێنی بووە. ئاراستە کردنی ڕەوشی ئێستا بۆ شەڕ، لەوانەیە ببێتە هۆی

کارەساتێکی گەورە بۆ عیراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە. لە سۆنگەی باوەڕ بوونمان بە مافەکانمان هەروەک لە دەستووری عیراقدا هاتووە، ئێمە لەگەڵ ئاشتین و بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتیش، داوای گفتوگۆیەکی بونیاتنەر و ڕاشکاوانە دەکەین بەمەبەستی دروستکردنی پاشەڕۆژێکی پارێزراو بۆ نەوەکانی گەلی عیراق. داوا لە مەرجەعە گەورەکان و تەواوی پارتە عیراقییەکان و ڕێکخراوە سڤیلەکان و هەموو ئەو هێزانە دەکەین کە باوەڕیان بە دەستوور و ئاسایش و ئاشتی هەیە، دژی هەموو هەوڵێک بوەستنەوە کە دەبنە هۆی دروستکرنی فیتنە لە نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب، ڕێگری لەوەش بکەن بە توندوتیژی و شەڕ کێشەکان چارەسەر بکرێن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠١٧/١١/١

لە ڕەوتی خەیانەت و داگیرکاریی بەشێک لە ناوچە کێشەلەسەرەکانی کوردستان لە لایەن تیرۆریستەکانی حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران و حیزبوڵای لوبنان، دەرکەوت بێدەنگیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەموو ئەو ماوەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕێکخراوە، هاوکاری حەشەی شەعبی و سوپای پاسدرانی ئێران بووە. تەلەفزیۆنی ڕووداو لە ڕاپۆرتێکیدا لەژێر ناوی "سێ بەرپرسی پێشووی پەکەکە لە ئیدارەی شنگال دادەنرێن" سەبارەت بە شەنگال بڵاویکردەوە:



بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان حەشدی شەعبی و هێزەکانی سەربە پەکەکە لە شەنگال، پۆستەکانی ئەو قەزایە درانە چەند بەرپرسێکی پێشووی پەکەکە، لەوانەش پۆستی قایمقامی قەزاکە و دوو بەڕێوەبەری ناحیەی سەربە قەزاکە. بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی سنونێ دەڵێت: ئەوان ئیعتراف بە بەرپرسە تازەکانی شەنگال ناکەن و لە قەزای سێمێل دەوامی خۆیان دەکەن.

ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەر، حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بەبێ هیچ بەرەنگار بوونەوەیەک دەستیان بەسەر قەزای شەنگال و ناحیەی سنونێ و گرعوزێر و ڕەبیعەدا گرت. یەکەم کاریشیان لادانی بەرپرسانی ئیداریی ناوچەکە بوو. فەهد حامد لە شوێنی مەحما خەلیل کرایە قایمقامی قەزای شنگال. هەروەها خودێدا جوکێ لە شوێنی نایف سەیدۆ کرایە بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ، ملحەم ئیلیاسیش وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی گرعوزێر دەستنیشان کرا.

خودێدا جوکێ، بەڕێوەبەرە نوێیەکەی ناحیەی سنونێ بە "ڕووداو"ی ڕاگەیاند: **(ئەوانەی پێشتر لێرە بوون ئێرەیان چۆل کرد، هاوولاتیانی ئێرە پێویستیان بەوە هەبوو خزمەت بکرێن، بۆیە بە فەرمانی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، من وەکو بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ دەستنیشان کراوم، هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو.)** خودێدا جوکێ تاوەکو مانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شەنگال بوو کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان دروستکرابوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی حەشدی شەعبی بۆ ناوچەکانی باشوری شەنگال، خودێدا جوکێ چووە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی و لەوێ بەرپرسیاریەتی کەتیبەیەکی تایبەت بە ئێزدییەکانی وەرگرت. دوو بەرپرسەکەی دیکەش پێشتر بەرپرسایەتیان لەنێو ئەو هێزانەدا هەبوو کە پەکەکە لە شەنگال دروستی کردبوون. خودێدا هۆکاری وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی ڕوونکردەوە و گوتی:

**- (کە حەشد هات، بەرپرسەکانی ئێرە هەڵاتن بۆ دهۆک، ئامانجی ئێمەش خزمەتکردنی خەڵکە بوو، بۆیە ئەو پۆستەمان وەرگرت. ئێستاش بڕیارێکم دەرکردوە، هەر بەرپرسێکی ناحیەکە یان فەرمانبەرێک کە ناحیەی جێهێشتووە، ئەگەر نەگەڕێتەوە فەسڵی دەکەم.)** سەبارەت بە پێوەندیان لەگەڵ پەکەکە، خودێدا جوکێ دەڵێت: **(پێوەندیمان لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە زۆر باشە. پێش هاتنی ئێمە، هیچ کەس لە ئیدارەی پێشوو نەیدەتوانی بچێتە خانەسۆر و ناوچەکانی ژێردەسەلاتی پەکەکە، بەڵام ئێستا ئێمە دەچینە هەموو ناوچەیەک، تەنانەت پێش چەند ڕۆژێک لە خانەسۆر قوتابخانەیەکی نوێمان کردەوە، بۆ ئەوەی منداڵانی ئەوێ لە خوێندن بێبەش نەبن.)**

ڕووداو دەڵێت: **(بەپێی دەستوری عێراق، قەزای شەنگال ناوچەیەکی کێشەلەسەری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە. شەنگال کە ئێستا لە ڕووی ئیدارییەوە سەربە پارێزگای نەینەوایە، ٨٥%ی دانیشتووانی کوردی ئێزدین.)**

ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣، داعش پەلاماری قەزاکەیدا و داگیری کرد، دواتر قەزاکە لەلایەن پێشمەرگەوە ڕزگار کرایەوە، بەڵام هەر زوو ململانی لەسەر حوکمی شارەکە دەستی پێکرد، چەندین هێز چوونە نێو شارەکە، لەوانەش پێشمەرگە، چەند هێزێکی سەر بە پەکەکە و پۆلیسی عێراق. بەرپرسە ئیدارییەکانیشی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دانرانەوە. ئێستاش جگە لە حەشدی شەعبی و سوپا و پۆلیسی عێراق، هێزەکانی فەرماندەیی شەنگال و هێزی پاراستنی ئێزدخان کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن لە ناوچەکەن، لەگەڵ بەشێک لە هێزەکانی سەربە پەکەکە، لەوانە یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال، یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شەنگال و هێزەکانی پاراستنی گەل. جگە لەوانەش، پێشتر پەکەکە ئەنجوومەنێکی بەناوی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شنگال دروست کردبوو.

حەیدەر شەشۆ، فەرمانددەی پێشمەرگە لە شەنگال و بەرپرسی هێزی پاراستنی ئێزدخان بە ڕووداوی ڕاگەیاند: **(بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە بەهیچ شێوەیەک بۆچوونی ئێمە و سوپای عێراق وەرنەگیراوە. ئەوان "حەشدی شەعبی" کە سەرەتا هاتن گوتیان هەموو شتێک بەدڵی خەڵکی شەنگال دەبێ، بەڵام وا دەرنەچوو.)**

نایف سەیدۆ بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی سنونێ کە ئێستا لەگەڵ قایمقام و دوو بەڕێوەبەری ناحیەکانی دیکە لە قەزای سێمێلی سەر بە شاری دهۆک دەوام دەکەن، دەڵێت: **(ئێمە لێرە کاری خۆمان دەکەین، چونکە ٩٠%ی خەڵکی شەنگال ئاوارەن و ئێمە لێرە خزمەتیان دەکەین.)** سەبارەت بە هۆکاری نەگەڕانەوەیان بۆ شەنگال. سەیدۆ گوتی: **(ناوێرین بچینەوە شەنگال، چونکە بەردەوام هەڕەشەمان لێ دەکەن.)** سەیدۆ شنگالی سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، سەبارەت بەو

گۆڕانکاریانەی لە ئیدارەی شەنگال کراون، دەڵێت: **(ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریانە نین، نە ئێمە و نە پارێزگاری موسڵ مامەڵە لەگەڵ ئەو ئیدارەیە ناکەین، چونکە ناشەرعین، هەر گۆڕانکارییەک لە ئیدارە بکرێ لە ڕێگەی ئێمەوە دەکرێ، نەک حەشدی شەعبی و پەکەکەوە.)** بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، پارتی کرێکارانی کوردستان هاوشانی حەشدی شەعبی لە شەنگال و مەخمور خەریکی





کاروباری خۆیەتی. لە مەخمور، لە کەمپی شەهید ڕوستەم جودی کە کەمپی پەنابەرانی کوردی باکوری کوردستانە و کەوتووەتە دەست ڕژێمی عێراق، بە ئازادی یادی شەهیدان فەراشین زاگرۆس، گەریلای یەژاستار و ڕێزان بولوت و ئەحمەد کارا دەکاتەوە[1] و لە شەنگالیش خەریکی بەڕێوەبردنی خولی پەروەردە کردنی زاگرۆسە بە ئایدیۆلۆژی پەکەکەیە.

بەهەر حاڵ، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٧ لە پیرمام کۆبۆوە و هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی بۆ سەر کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و چەند بابەتی تری خستەبەرباس و ئەم ڕاگەیەندراوەی خوارەوەی بڵاوکردوە.

**پیرمام ٧/ ١١/ ٢٠١٧**

ڕاگەیاندراوی کۆبوونەوەی فراوانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و

ئامادەبوونی جێگری سەرۆک و هەڤاڵان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و یەدەک و بەرپرسی لق و مەکتەبەکان ک ۆبوونەوەی فراوانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەنجام درا. سەرەتا یادی کۆچی دوایی هەڤاڵ مامۆستا عەلی عەبدوللا, جێگری پێشووی سەرۆک و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتیمان کرایەوە. هەروەها سلاوی نارد بۆ گیانی پاکی هەڤاڵی شەهید وەحید باکۆزی، بەرپرسی لقی هەڤدەی پارتیمان و سەرجەم شەهیدانی ئەمدواییەی بەرگریکردن و، ئەم بابەتانەی خوارەوەی خستە بەرباس و گفتوگۆکردن:

یەکەم: هێرشی حەشدی شەعبی و سوپا بۆ کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە شەوی ١٦/١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بەهۆی خەیانەت و دەستکێشی و ڕێککەوتنی ژێربەژێری چەند کەسێک لەناو حزبێکی کوردستانی، هەروەکو لە بەیانەکانی بەرپرسانی ئەو حزبە بەراشکاوی ئاماژەیان پێ کردوە، کە بووە هۆی کارەسات بۆ شاری کەرکوک و چەندین ناوچەی دیکەو تا ئاوارەبوونی دەیان هەزار خێزانی کوردو عەرەب و تورکمان، هەروەها شەهیدو برینداربوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل بەتایبەتی لە شاری دوزخورماتوو، خانەقین، کەرکوک و دەوروبەریان.. ئەوەی کە بەخوێن و خەباتی چەندین ساڵە بەدەست هاتبوو بەچەند سەعاتێک خرایە بەر مەترسیی بەفیڕۆدان، هەرچەندە بەم پیلان و سیاسەتە ناسنامەی ئەو ناوچانە ناگۆڕدرێت و وەکو چۆن سیاسەتی تەعریب لە پێشوودا سەرکەوتوو نەبووە، لەمەودواش سەرکەوتوو نابێت. ئەم هەرزە ڕەفتارانە کە بە پشتیوانیی چەند لایەنێکی دەرەکی ئەنجام درا، بووە هۆی سەرەتایەک بۆ ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپا هێرش بکەنە سەر شوێن و شاری دیکەی کوردستان و دانیشتوانیان ئاوارە بکەن بەتایبەتی و، گوشار بخەنە سەر هەرێم لە هەموو ڕوویەکەوە بەگشتی. ئەو پیلان و هێرشانە، لەوە ناچێت لەرەنگدانەوەی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان بووبن، بەڵکو بە بەرنامەیەکی پێشوەختەی ئامادەکراو دەچێت کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئازادکردنی حەویجە دەستی پێکرد.

دووەم: هەوڵ و گوتارەکانی بەشێکی زۆر لە دەسەڵات بەدەستانی بەغدا دوورە لە پابەند بوون بە دەستوری عێراق کە ئیدعای جێبەجێکردنی دەکەن، هەروەکو چۆن لە ڕابردوو چەندین مادەی دەستوریی پێشێل کرابوون، ئەمجارەش چەندین مادەی دیکەیان پێشێلکردوە.

پێشتریش ڕامانگەیاندووە جێبەجێنەکردنی دەستور و تەفسیرکردنی مادەکانی بەگوێرەی بەرژەوەندیی تایبەتی و بەکارهێنانی ئینتیقائیانەی مادەکانی دیکە و بەکارهێنانی هێز لەبەرامبەر ململانێ و ڕای جیاواز و پشتگوێ خستنی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن بۆ چارەسەریی کێشەکان عێراق تووشی کێشەو گرفتی گەورە دەکات. ئەم عەقلیەت و بیرکردنەوانە لە ڕابردوو زۆر زیانی بەهەموو خەڵکی عێراق بە کوردو عەرەب و تورکمان و نەتەوەکانی دیکە گەیاندوە و بووەتە هۆی دواکەوتن لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و، لە ئاکامیشدا عێراق بەردەوام لە شەڕ و ناکۆکی ناوخۆیی و دەرەکیدا سەرقاڵ بووە. ئەم شێوازە بیرکردنەوانە یارمەتیدەر نابێت لە زەمینەسازیی بۆ دروستکردنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیانی سەردەمیانەی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان و، بەمەش زیانمەندی یەکەم، هەموو خەڵکی عێراقە و، سوودمەندەکانیش ئەوانە دەبن کە نایانەوێ لە عێراقدا سەقامگیریی هەبێت. کۆبوونەوە، جێبەجێکردنی دەستور و حوکمڕانیی بە تەوافوق و هاوسەنگ دووپات دەکاتەوەو بە چارەسەری کێشەکانی دەبینێ.

سێیەم: سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و پێوەندیی نیوان لایەنە سیاسیەکان، کۆبوونەوە هەڵسەنگاندنێکی واقعبینانەی بۆ بارودۆخی ئەم قۆناغەی کوردستان کرد و بەهەستیاری لە قەڵەم دا، بەپێویستیشی زانی تەواوی لایەنە سیاسی و نەتەوەییەکانی کوردستان لە ئاستی ئەم قۆناغە هەستیارەدابن و، کێشەو گرفتەکان بەلاوە بنێن و پێکەوە بەهەست بە مەسئوولیەتی نەتەوایەتی و نیشتمانی هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان بدەین و، بە هەمووولایەک نەهێڵین گرفت و کێشەکانی سەرشانی خەڵکی کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانەوە قورستربێت و، دەریچەی دەربازبوون و

سووک کردنی گرفتەکان بەرفرەوان بکەین و قۆناغەکەش دەرباز بکەین، هەروەها بەتەبایی و یەک هەڵوێستیی پاڵپشتی حکومەتی هەرێم بکەین وەکو لایەنی شەرعی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، هاوکات پشتیوانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بین بۆ چارەسەری کێشە ئابووری و سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستان.

چوارەم: کۆبوونەوە پاڵپشتیی خۆی بۆ هێزی پێشمەرگەو دەزگا ئەمنیەکان دەربڕی لە بەرگری و دابینکردنی سەقامگیری. هەروەکو کۆبوونەوە ڕای وایە کە چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای لەشکرکێشی و بەکارهێنانی چەک ناکرێت. پشتیوانی خۆیشی بۆ دیالۆگی سیاسیی هەمەلایەنە و جدی نیشاندا. بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەی شاندەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدرال بەتەنیا ڕێگە چارە دەزانرێ. هەروەها کۆبوونەوە وێڕای سڵاو، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو بەرگری و خۆراگرییەی پێشمەرگە کە لە دوای ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کردویەتی دەربڕی.

پێنجەم: سەبارەت بەو خوشک و برایانەی کە لە ئاکامی هێرشەکانی حەشدی شەعبی و سوپا لە ماڵ و شوێنی خۆیان ئاوارەبوون, بەپێویست دەزانرێ هەموو تواناکان لە حکومەتی هەرێم، بەهاوکاری جەماوەری دڵسۆزی کوردستان بخرێنە گەڕو بەشێک لە گرفت و پێداویستیەکانیان چارەسەر و دابین بکرێ و، بەهاوتەریبی ئەمانەش بەهەموو تواناوە هەوڵی جدی و هەمەلایەنە بدرێ بۆ هەرچی زووترە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و شوێنی خۆیان.

لە کۆتاییدا، کۆبوونەوە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات دەربڕی بۆ هەڵوێست و چالاکییان لە پاڵپشتیکردنی گەل و خاکی کوردستان.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٠١٧/١١/٧

لە کۆتایی کتێبەکەمدا بووم. باس لە کارەساتی خەیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و تاوانەکانی کەرکوک، خورماتوو، جلەولا، خانەقین و شەنگال، لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بەردەوام بوو. هەرکام لە خایینەکان و ئەو کەسانەی زانیارییان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خەیانەتەکە هەبوو، بە نوسین و بە

بەڵگە خەیانەتەکەیان لە قاو دەدا، بەڵام تا ئێستا یەکێتییە خەباتکارە بە ئەمەکەکانی کوردستان ڕیزی خۆیان لە ڕیزی خەیانەتکارەکان جیا نەکردۆتەوە و کۆسرەت ڕەسوڵیش بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستیی ڕەوانەی ئەڵمانیا کراوە و لەوێ لەژێر چاودێری پزیشکان دایە.

بەهەر حاڵ، هاوکات لەگەڵ ئەو باسانە، دادگای فیدراڵی عێراق ڕۆژی دوو شەممە ٢٠١٧/١١/٢٠، دەربارەی حەوت پرسی دەستووریی کۆبۆوە. چوار لەوانە سکاڵا بوون دژی گشتپرسیی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ی باشوری کوردستان کە ٩٢/٧%ی بەشداربووان بە بەڵێ دەنگیان بۆ جیابوونەوە کوردستان لە عێراق دابوو.

دوای کۆبوونەوەی دادگا، "ئیاس ساموک" وتەبێژی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ڕایگەیاند: **(دادگای فیدراڵی ئەمڕۆ بڕیاریدا گشتپرسیی ٢٠١٧/٩/٢٥ی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی، نادەستوورییە.)**

ئیاس ساموک لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: **(بەپێی بڕیارەکە ئەنجامی گشتپرسی و لێکەوتە و هەر دۆخێک بەهۆی ئەنجامی گشتپرسییەکەوە هاتووەتە ئاراوە هەڵوەشاوەیە.)**

پێشتر، لە ٢٠١٧/١١/٦دا، لەسەر داوای ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، دادگای فیدراڵی بڕیاری ژمارە ١٢٢ی دەرکرد سەبارەت بە ڕاڤە کردنی ماددەی یەکەم لە دەستووری عێراق و جەختی کردەوە کە بەپێی دەستوور هیچ پێکهاتەیەک بۆی نییە لە عێراق جیابێتەوە.

هەڵوەشاندنەوەی ڕێفراندۆمی کوردستان و بە نادەستووری زانینی لەلایەن دادگای فیدراڵیی عێراقەوە کە دادگایەکی کۆنی سەردەمی سەدام حوسێنە و بە میرات بۆ عێراق و کوردستان بەجێماوە، دوور لە چاوەڕوانی نەبوو. ئەو دادگایە، کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە وەک دەزگایەکی مردوو لە بەرامبەر پێشێکارییەکانی بەغدا دژی کورد تەنانەت یەک بڕیاری نەدابوو، و لە بەرامبەر ٥٥ پێشێلکاریی بەغدا دژی نەتەوەی کورد بێدەنگ مابۆوە، لەپڕ زیندوو بۆوە و بە بڕیارێکی سیاسیی، نەک یاسایی خواستی زیاتر لە سێ ملیۆن دەنگدەری لە ڕیفراندۆمدا نەبینی، بێئاگا لەوە کە گەل لە دادگا گەورەترە و



کورد هیچ کارێکی بێ یاسایی ئەنجام نەداوە و بە شێوەی دیموکراتی خواستی خۆی سەبارەی بە چۆنیەتی ژیان و مانەوەی لەگەڵ عێراق دەربڕیوە.

بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق کاردانەوەیەکی زۆری لە میدیاکانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لێکەوتەوە. سەرەتا سەرۆک بارزانی بە ڕاگەیەندراوێک بۆ ڕای گشتی هەڵوێستی خۆی لەسەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق دەربڕی و پاشان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، جگەلە خایینەکانی نێو بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانی. چەندان یاساناس، نوسەر و ڕۆژنامەنوس و کەسایەتی سیاسی هاتنە دەنگ. سەدان وتار و هەڵوێستی یاسایی و سیاسی لەسەر بڕیاری دادگای فیدراڵیی بڵاوکرایەوە. مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان ڕایگەیاند: **(ئەوەی پێویستی بە هەڵوەشاندنەوە هەیە دادگای ئیتیحادییە، نەک ڕیفراندۆم)**

دوکتۆر مەحمود عوسمان سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، لە لێدوانێکدا بۆ ڕای گشتی، ڕایگەیاند: **(بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق، بڕیارێکی سیاسییە بە سوودی حکومەتی عێراق دراوە، چونکە لە هیچ بەندێکی دەستووری عێراقدا باس لە ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم نەکراوە.)** نەدا مێرگەسۆری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: **(نەک دادگای فیدراڵی، بەڵکوو کەس ناتوانێت دەرئەنجامی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە تەنیا گەلی کوردستان دەتوانێت بڕیار لە بارەی چارەنووسی خۆی بدات، ئەویش بەوەی کە پرۆسەیەکی دیکەی ڕیفراندۆم بەڕێوەبچێت و گەلی کورد تێیدا دەنگ بە "نەخێر" بدات.)**

بۆ ڕوونبوونەوەی پتری ڕای گشتی سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق، دوو ڕاگەیەندراوی سەرۆک مەسعود بارزانیی و محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری گشتیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بڵاودەکەمەوە کە وەڵامێکن بۆ بڕیاری سیاسیی دادگایی فیدراڵیی عێراق:

ڕاگەیەندراوێک لە سەرۆک بارزانی بۆ ڕای گشتی لەبارەی بڕیاری دادگای فیدارڵی لە سەر ڕیفراندۆم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

لە هەر دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا ئاساییە کە دادگەیەکی فیدڕاڵی دەستووری هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ناکۆکییانەی دەکەوێتە نێوان هەرێمەکان و ناوەند. بەڵام کۆمەڵێک پرسیاری دەستووری و یاسایی جددی هەیە لەبارەی دادگەی فیدڕاڵیی عێراق و بڕیار و هەڵوێست و بێدەنگ بوونەکانی لە ماوەی ڕابردوودا. لەبارەی بڕیاری دادگەی فیدڕاڵیی عێراق لە بە نادەستووری زانینی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، پێویستە خەڵکی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی عێراق و گشت لایەک ئەوە بزانن، دادگەی فیدڕاڵی عێراق بەر لە پەسەندکردنی دەستووری عێراق دروست کراوە و دەبوایە لە دوای پەسەندکردنی دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، ئەو دادگەیەی ئێستا هەڵبوەشێتەوە و دادگەیەک بە پێی پێوەرە دەستوورییەکان کە لە ماددەی ٩٢ی دەستووردا هاتووە دابمەزرێت و یاسایەکی بۆ دەربچێت کە چی تا ئێستا یاسای بۆ دەرنەچووە، بەڵام لە ٢٠٠٥ەوە هەتا ئێستا ئەو دادگەیە بەبێ ئەوەی بنەمای دەستووری و یاسایی هەبێت لە کارەکانی بەردەوام بووە. هەر ئەوەیش وای کردوە بکەوێتە ژێر هەژموونی بارودۆخی سیاسی و ڕووداوەکان و لە ڕێڕەوە دەستوورییەکانی لا بدات و بە درێژایی کارکردنی دادگەیەکی سیاسیی بووە و بڕیارێکی وای نەداوە کە بێلایەنی پێوە دیار بێت.

ئەم دادگەیە لە ماوەی کارکردنیدا لە بەرانبەر هەموو پێشێلکارییەکی دەستووری کە حکوومەتەکانی عێراق ئەنجامیان داوە بێ دەنگی هەڵبژاردوە. لە بڕیاری بە نادەستووری زانینی ڕیفراندۆمیشدا بە حەزی سیاسییەکان جووڵاوەتەوە و هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ ئەو دەقە نەبووە کە لە دیباچەی

دەستووری عێراقدا هاتووە کە "ان التزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر شعبا و ارضا و سيادة ". ئەوە لە حاڵێکدایە کە زیاتر لە ٥٥ ماددەی دەستووری پێشێلکراوە و حکوومەتی عێراق پابەندی دەستوور نەبووە.

بۆچی ئەو دادگەیە لە پێکنەهێنانی ئەنجوومەنی ئیتحادی بێدەنگ بوو کە دەبوایە بەپێی ماددەی ٦٥ی دەستوور دامەزرابا و ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە بوونی هەبوایە دەستەڵاتی تەشریعی کامڵتر دەبوو و ڕێگەی لە تاکڕەوی و پێشێلکردنی مافی هەرێم دەگرت. بۆ چی ئەو دادگەیە لە بەرانبەر جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ بێدەنگ بوو کە دەبوایە لە کۆتایی ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرایە. خۆ هەموو لایەک دەزانن جێبەجێنەکردنی ئەو ماددەی سەرچاوەی زۆرێک لە کێشەکان و بێ متمانەییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بوو.

دادگەی فیدراڵی لە ماوەی کارکردنیدا لەو کردەوانە بێ دەنگ بووە کە لە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام دراوە. دەبێ ئەو دادگەیە ئەوەیش ڕوون بکاتەوە کە بەپێی کام ماددەی دەستوور هەر لە شوباتی ٢٠١٤ هەتا ئێستا کەسێک بە یەک ئیمزا بەشە بودجەی گەلی کوردستانی بڕیوە؟ کە بەپێی ماددەی ١٢١ بڕگەی سێ، گەلی کوردستان مافی ئەوەی هەیە بودجەی شایستە و دادپەروەرانەی هەبێت.

ئەو دادگەیە بۆ چی ڕێگەی لەوە نەگرتووە کە هێزی چەکدار لەدژی خەڵکی کوردستان و بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە سیاسیەکان لە لایەن حکوومەتی عێراق بەکار بێت کە خۆی لە خۆیدا پێشێل کردنی ئاشکرای ماددەی ٩ ی دەستوورە کە نابێ هێزی چەکدار بۆ سەرکوت کردنی گەلی عێراق بەکار بێت و دەست لە کاروباری سیاسی وەربدات. بۆچی دادگەی فیدراڵی هیچ بڕیار و هەڵوێستێکی نەبووە لە بەرانبەر کۆمەڵکوژکردن و ئازاردان و تۆقاندن و ئاوارەکردنی خەڵک لە کەرکوک و خورماتو و شوێنەکانی تر؟

بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵ بڕیارێکی تاکلایەنە و سیاسییە و دەقە دەستوورییەکانی لە بەرژەوەندیی هەندێ لایەنی سیاسیی تەفسیر کردوە و پێشێل کردنی ٥٥ ماددەی دەستووری لە لایەن حکوومەتی عێراقی نادیدە گرتووە کە هەر ئەو پێشێل کردنە بوو گەلی کوردستانی هان دا بە پشتبەستن

به دەستوور مافی ئاسایی و یاسایی خۆی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتی مومارەسە بکات. جگە لەوەیش پێویستە هەموو لایەک بزانن هیچ بنەمایەکی یاسایی و دەستووری نییە کە بتواندرێ دەنگی سێ ملیۆن مرۆڤ بە نادەستووری بزاندرێ چونکە دەنگی گەل خۆی سەرچاوەی شەرعییەت و دەستوور و یاسایە.

مسعود بارزانی ٢٠١٧/١١/٢٠

ئەوەش دەقی ڕاگەیاندنەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە ژێر ناوی: "بڕیاری یەکلانەی دادگای فیدرالی عێراق"

پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان، پرۆژەی ڕاپرسی بۆ هەرێمی کوردستانی خستە بەردەم دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان، تەواوی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان پشتگیریی سەرخستنی پرۆژەکەیان کرد و پەرلەمانی کوردستانیش بۆ ئەو مەسەلە چارەنووسسازە کردیە بڕیار و دەنگی ئەرێنی لەسەر دراو لە ٢٠١٧/٩/٢٥شدا کەرنەڤاڵی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێم سەرکەوتوانە ئەنجامدرا، ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەی هەرێم کاردانەوەی خێرای بەدوایی خۆیدا هێنا و بۆ دۆست و ناحەزانی کورد بووە مایەیی سەرنج، بەتایبەت بۆ حکومەتی عێراق کەوتە پیلانی دوژمنکارانە لەسەر پرۆژەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و جێبەجێ کردنی ئەجیندای سەربازی و هێرش و پەلاماردان و تەوق کردنی هەرێمی کوردستان بە گەمارۆدانی ئابوری و نەهێشتنی جوڵەی ئاسمانی بەداخستنی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، بە ڕووی گەشتیاران و هاووڵاتیانی هەرێم، تەنها و تەنها لە پێناوی ئەوەی کە میللەت داوای یاسایی و ئاسایی خۆی کردوە و دەیەوێ لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە ئاستی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی فیدرالی عێراق دا دیاری بکات، بەبێ خوێنڕشتن و کاولکاری، کێشەکانی سەدساڵی ڕابردووی کوردستان لەگەڵ عێراق دا بە ڕێگایەکی تەندروست و سەردەمیانە چارەسەری ڕیشەیی بۆ بکرێ، لە بەرامبەردا حکومەتی عێراقی نەک هەر ئامادەی وتوێژو دانوستاندن نەبوو لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی هەرێم بەڵکو بوو بە چاوساغ و دەرگای ئەو دەوڵەتەی کە خۆیان پێیان وایە دەبێ دەستور جێبەجێ بکرێ لە سەرتاسەری عێراق دا بە هەرێمی کوردستانیشە وە، بەڵام خۆیان دەستوریان پێشێلکرد و

پەنایان بۆ هێزی دەرەکی برد بۆ ناو عێراقی دەستوریەوە؟ بەبێ ئەوەی دادگای فیدراڵی عێراق ئەو تاوانە بکا بەدۆسیەی لێکۆڵینەوەکانی و بریاری یاسای و نیشتمانی لەسەر دەربکات، ئەبوایە دادگای فیدراڵی عێراقی بەدوای کوشتنی دەیان کەس لە کەرکوک و دوز و ئاوارەبوونی خەڵکی ئەوناوچانە بروٚشتایە، یاخود تەسلیم کردنی شاری موسڵی دووەم گەورەترین شاری عێراق بە هێزی تیرۆریستی وەک داعش، بەمەرجێ چەندین لیوای سەربازی و هێزی پیادەو تۆپخانەو پولیسی فیدراڵی و هێزی موکافەحەی ئیرهاب لە موسڵدا بوون، بەسانایی و بێ شەڕ ڕایان کردو چەک و جبەخانەکانی سوپای عێراقی مەشق پێکراو بە ڕاهێنەرانی ولاتانی تەحالفی ئەمریکی بەدیاری بدەن بەدەست هێزی چەکدارانی داعش، دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر فرۆشتنی شارێکی مێژوویی ولاتەکەی بە هێزی بێگانە، نەهاتە سەرخەت و سەرانی گەورە بەرپرسی سوپا و بەرپرسی یەکەمی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەوتاوانە نیشتمانیە بداتە دادگاکەی بەناوی مەحکەمەی فیدرالیەوە؟

کاتێ خەڵکی کوردستان دەیەوێ ڕای خۆی ئازادانە بڵێ لە پرۆسەیەکدا لەبەرچاوی دنیاوە، دادگای فیدراڵی عێراق بەناوی تانەدان لە پرسی ڕاپرسی هەرێم دێت ئیرادەی میللەتێک پێشێل بکات کە زیاتر لە **سێ** ملیۆن دەنگی داوە کۆمەڵێ بریاری نابەرپرسانە دەر دەکا بەبێ ئەوەی پشت ئەستور بووبێ بەبنەما دەستورییەکان لە عێراقدا و ڕاپرسیی کوردستان بە ناشەرعی و نا دەستوری ناو دەبات. لەکاتێکدا لە دەستوری نوێی عێراقی فیدراڵدا هاتوە عێراق دوو گەلی سەرەکی تیدا دەژی کورو عەرەبە کە پێویستە زمانی فەرمی لە عێراقدا بەو دوو زمانە بێ، واتە لە عێراقدا ژیانی ئەو دوو گەلە لە باشترین حاڵەتیدا پێکەوە ژیانیان ئیختیاری دەبێ بۆ مانەوەو جیابونەوە لە عێراقی یەکگرتوودا؟ بەلام دادگای فیدراڵی عێراق یەکلایەنە دەکەوێتە ژێر فشاری سیاسی و شۆڤینی عەرەبی و ئەو بریارە نایاسایی و نادەستوریە دەردەکات لە دژی میللەتێ، کە بەدرێژایی مێژووی دروستکردنی عێراق، هەمیشە کورد باجی ئەو بندەستییەی داوە و بەردەوام لە حوکمڕانی یەک لەدوای یەکی عێراق گەورەترین تاوانی جینۆسایدو کیمیایی و ڕەشەکوژی لە

دژی کورد ئەنجام داوە کە کورد بە وتەی خۆیان هاووڵاتی پلە یەکی عێراق بووە؟ لە سەروبەندی عێراقی نوێشدا، دەسەڵاتدارانی عێراق وەک پیشەی لە پێشینەیان، نەک هەر ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ وادەو بەڵێنەکانیان لەگەڵ کورد، کاتێ شتێ نەمابوو بەناوی عێراقەوە، کورد خاوەنی کیانی ئیداری خۆی بوو وەک ئەمری واقیع، لەکاتی هاتنی داعش و داگیرکردنی شارو ناوچەکانی سوننەنشین، جارێکی تر کورد لەسەر هەڵوێستی نیشتمانیانەی پەیگیر بوو بەداخەوە ئەوان بەدوای ئەوەدا دەگەڕان لە پشتەوە خەنجەری ژەهراویان لە کورد بدەن وەک چۆن لە کەرکوک دایان؟

ئێستاش دادگای فیدراڵی عێراق کە ئێمە بە بێلایەنی نازانین بە چ پێوەرو یاساو بنەمایەک دێت دەنگی تەواوی دەنگ دەرانی خەڵکی کوردستان دەخاتە خانەی ناشەرعی بوونەوە کە خۆی لەخۆیدا بەپێی دەستور ڕیفراندۆم یاساییە؟

ڕفراندۆم نە بە دادگای فیدراڵی عێراق و نەبەپشت تێکردنی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی وەک ئەمریکاش ناتوانێ هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو ڕیفرانۆم بووبە تاپۆیەکی ڕەش بۆ خەڵکی کوردستان تەنها جەماوەری کوردستان دەتوانێت ئەنجامی ڕاپرسی هەڵبوەشێنێتەوە، گەر نەیار و ناحەزانی جەماوەری کوردستان بە دادگای فیدراڵی عێراقەوە، توانیبێتیان، پرۆسەکە دوور بخەنەوە لە جێبەجێ کردنی ئەوا بەدڵنیایەوە ڕیفراندۆم بووبە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی هەرێمی کوردستان، تەنانەت حکومەتی عێراق و هیچ کەس و لایەنێک و ناحەزێک پێی خۆش بێ یا نا، هەر دەچەسپێ.

محمد حاجی محمود

---

١- دەرسیم ئاتالای بە نازناوی فەراشین زاگرۆس، ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ٢٠١٧ لە ئەنجامی هێرشێکی ئاسمانیی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا شەهیدبوو، و ڕێزان بولوت ڕۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، لە ئەنجامی هێرشیکی ئاسمانی سوپای تورکیا، لە ناوچەی بەستا شەهید بوو، و ئەحمەد کاراش ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەر بە هەمان شێوە شەهید کرا.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.
٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.
٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.
٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.
٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زاراوەی کرمانجی سەرو نوسراوەتەوە.
٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.
٩- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.
١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.
١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. کراوە بە فارسی.
١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.
١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.
١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. کراوە بە فارسی.
١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.
٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.
٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم.
٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی دووەم.
٢٣- ئەحمەد تۆفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا.
٢٤- کوردی ئێزدی لە مێژوو کوردستان دا.
٢٥- پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک.
٢٦- قازی محەمەد- پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان.
٢٧- لە نۆروێژەوە بۆ کوردستان، گەشتێکی ڕۆژنامەوانی بۆ کوردستان (بە وێنە)، لە ١٩٧٥دا، ئامادەکردنی: بەدرەدین ساڵح، من پێشەکیم بۆ نوسیوە.
٢٨- مستەفا بارزانی- پێشمەرگە و سەرۆک
٢٩- ٥٦ ساڵ خەیانەت لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە تا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد
٣٠- گەڕان بە دوای ڕاستییەکان دا، هێشتا بڵاونەکراوەتەوە

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع. چاپی دووەم.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم.
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.
٨- خەبات بۆ ئازادی: نوسینی ئیڤان ئیفریمۆڤ.
٩- گەڕان بە دوای ئاگر دا: نوسینی جەک لەندەن لەگەڵ چەند کورتە چیرۆکی تر لە جەک لەندەن و عەزیز نەسین.

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حەسەن ماوەڕانی.
٢- سراب توطئەها بر ضد ملت کرد: حەسەن ماوەڕانی.